پێشەکییەکی پێویست

خوێنەری ئازیز...

نووسینەوەی بیرەوەری دوو جۆرە، یا ئەوەتا خاوەن بیرەورییەکە لە رێگەی چەند دیدارێکــەوە یــەکێ تــر دەینووســێتەوەو بــە شــێوازی خــۆی دایدەرێــژێ، وەك نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی جوبران خەلیل جوبران لەلایەن میخایل نعیمەوە، یا ئەوەتا نووسەر خۆی بەشێوازی خۆی دەینووسێتەوە، لێرەدا جیاوازیی نێوان ئـەم دوو جۆرە لەوەدایە کە شێوازی یەکەم، شێوازی خودی خاوەن بەرهەم نییەو، ئەو گەرموگوڕییەی تیانییە، کە بە تەواوی تـەعبیر لەشـێوازی کەسـایەتی خـاوەن بیرەوەرییەکە بکات، کـە رەنگـە خـودی خـاوەن بیرەوەرییەکـە لـەرووی زمـانو دەبڕینەوە لەو ئاستەدا نەبێ کە بۆی نووسراوتەوە، جگە لەوەی ئەگەر لە رێگەی پەیڤین بێ یاخود وەرگێڕانی لە زمانێکەوە بۆ زمـانێکی تـر بـێ، لـە هـەردوو حاڵەتدا خاوەن بەرهەم ئەگەر بە قەڵەمی خـۆی بابەتەکـەی نەنووسـیبێ، دوور نییە زۆر شتی لەبیرچووبێو، مافی تەواوی نەدابێتە بیرەوەرییەکانی.

بـەلاّم جـۆری دووەم بەشـێوازێك نووسـراوە کـە تـەعبیر لـە رۆح و شـێوازی دارِشتنی خـاوەن بیرەوەرییەکـە دەکـات، قوولّبوونـەوەو زینـدەگی تێـدا بـەدی دەکرێ‌و، وردتر دەچێتە ناو ژیانی خۆی‌و دەوروبەری‌و، دەستپاکی ئـەدەبی زیـاتر تێدایە لەوەی کە یەکێکی تر بۆی بنووسـێتەوە، یـاخود پێیـدا بـچێتەوە. یـان دیداری لەگەڵدا بکات، نموونەمان بیرەوەرییەکانی (رەوشەن بەدرخان)ە بـەناوی (یادەوەرییەکانی فێرکارێك، مذکرات معلمة). بۆیە کە سەیری (یادداشتەکانی فوئاد عارف — مذکرات عـارف — الجـزء الاول) دەکـەین کـە دکتـۆر کـەمال مەزهەر ئەحمەد پێشەکی بۆ نووسیوەو لـە یادداشـتەکانیدا دوواوە دەبیـنین زۆر روونکردنەوەی تێدایە. ئەمە لەلایەك‌و لەلایـەکی تـرەوە خـاوەن بیرەوەرییـەکان سوپاسی دکتۆر عەبدولستار تاهیر شەریف‌و دکتۆر بەدرخان‌و شـوکر مـستەفا دەکات کە یارمەتیان داوەو دیداریان لەگەڵـدا کـردووەو لـە کۆتاییـدا شـوکر مستەفا دایرشتۆتەوە.

لەم روانگەیەوە ئەم یادەوەرییانەی فوئاد عارف لـە رووی شـێوازی نووسـین‌و دارشتنەوە ئاستی زمانی ئەو بەرجەستە ناکەن‌و بە زمانێـك نووسـراوەتەوە کـە عەرەبییەو هەڵبەت خودی خاوەن بیرەوەرییـەکان بـە کـوردی قـسەی کـردووەو کراوەتە عـەرەبی‌و پێداچوونەوەی زمانـەوانی بـۆ کـراوە، ئەگـەر بـە عـەرەبیش نووسرابێ ئەوا گۆڕانکاریی دارشتنەوەی بەسەردا هاتووە.

بەلاّم کە (بیرەوەرییە هـەرگیز لەبیرنـەکراوەکانی مـن) دەخوێنێتـەوە، کـە گەلاوێژ خۆی نووسیوەتی، هەست بە نەفەسی ئەو دەکەین بـە حـوکمی ئـەوەی خۆی دایرِۆشتووەو دووای بیرکردنـەوەو بـەکارهێنانی مێـشك وردەکـاری زۆری خستۆتە روو، کە روونـاکی زۆری خستۆتە سەر رابـردووی بنەماڵەکـەیان‌و لـە

کەسایەتییەکان دەدوێو هەڵسوکەوتو کارو رەفتارو رەوشتو خوویان شی دەکاتەوەو ویستوویەتی بە زمانێك بنووسێ، کە خۆی حەزی لێ دەکاتو، هیچ نووسەرێکیش پێیدا نەچۆتەوە کە مۆرکی ئەو نووسەرەی پێوەدیاربێ، یاخود بەشێوەیەك لە شێوەکان زمانەکەی بۆ چاککردبێ، یاخود لە پەراوێزدا هەندێ مەسەلەو رووداوی بۆ روونکردبێتەوە..).

لە راستیدا کە نووسەری ئەم بەرهەمە داوای لە من کرد لەسەر کاغەزێکی جوانو دڵکێش بۆی چاپ بکەم، ئەرکی من تەنیا چاپکردن بوو و چیتر، بەڵام لەبەرئەوەی کە پێشتر چەند بەرهەمێکی ئەم نووسەرەم خوێندبۆوە، بەتایبەتی لە لەندەن لە مانگی ئەیلوولی ۲۰۰۸دا، کە نزیکەی (۱۸۳۵) لاپەڕەم لە بەرهەمەکانی خوێندبۆوەو، چەند بەرهەمێکی تری لەدوای گەڕانەوەمدا، هەستم کرد کە بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانیو بەشەکانی تر هەوێنی نووسینی (۱۱) رۆمانن کە تا ئێستا بە کوردی بڵاوی کردۆتەوەو هەندێکیانە کراونەتە عەرەبیو چاپکراون، بۆیە وەك سەیرم کرد بەرلەوەی دەست بە خوێندنەوەی بکەم بەر لە هەموو شتێ بەرگەکەیو دیزایینی ناوەیەمم بەدڵ نەبوو، کە کەوتمە سەر خوێندنەوەی کە گوایە بۆتە کتێبو ئامادەیە بۆ چاپ، بۆم روونبۆوە کە تا بڵێی هەڵەی چاپی زۆر تیایەو ئەو وشەو رستانەی کە لە رەوتی نووسینەکەدا هاتوون فۆنتەکانیان چاك نەکراونو هەڵەی زمانەوانیشیان تێکەوتووە، کە خودی نووسەر لێیان بەرپرس نییە، بۆیە هەستم کرد کە ئەرکی من تەنیا چاپکردنی کتێبەکە نییە وەك چۆن ئامادەکراوە، بەڵکو چاپکردنیەتی بە فۆرمێکی وا کە لەگەڵ ناوەرۆکی بەرهەمەکە بگونجێو سەرنجی خوێنەر

رابکێشێ بۆ ئەوەی بیخوێنێتەوەو لەگەڵ نووسـەردا ئاوڕێـك لـە رابردوویـەکی گەش‌و رووناك‌و شکۆدار بداتەوە.

ژنەکوردێك، دووای ئەو هەموو بەرهەمە بـەپێزو جوانـەی چـۆن ژیننامـەی خۆی بێ رتووش‌و خۆهەڵکێشان‌و پێ لێ هـەڵبڕین، وێنەیـەکی راسـتو رەوان‌و راستگۆیی بێ پێچ‌و پەناو بوێرانە دەخاتە بەردەم خوێنەر.

لە راستیدا گرنگیی ئەم بەرهەمە لە چـەند رووییێکـەوە سەرچـاوە دەگـرێ‌و شیاوی نرخاندن‌و بەهادارییە.

گەلاوێژی نووسەری رۆمان‌و چیرۆك، گەلاوێژی وەرگێـڕو زمـانزانی کـوردی‌و عەرەبی‌و فارسی، گەلاوێژی خاوەن بەهرەو سەلیقە کە دەتوانم بەراشکاوی بڵـێم لە پێشەوەی ئافرەتانی کورد دەوەستێ لـە بـواری دەرهـەمی هەمـەجۆردا، ئـەو نووسەرە نییە کە خاوەن بڕوانامـەی بـەرز بێـت، بـەڵکو خـۆی، خـودی خـۆی پێگەیاندووە، تا پۆلی یەکەمی ناوەندی خوێندووە، تا ئەو کاتـەی لـە تەمـەنی ١٧ ساڵیدا شووی کردووە، هەربە دیالێکتی کرمانجی سـەروو قـسەی کـردووە، باردودۆخی ژیانی دەربەردەری‌و ژیـانی پێـشمەرگایەتی خـۆی‌و هاوسـەرەکەی‌و کەسوکاری‌و خۆشاردنەوەو، ئەم شارو ئەو شارو، ئەم گوندو ئەو گونـد کردنـەی کوردستان، پەنابردنە بەر وڵاتێکی وەکو بریتانیاو ژیـان لەوێـدا وەك کۆچـەر، دەرفەتیان بۆ نەڕەخـساندووە کـە تـا پلەیـەکی بـالاّ بخـوێنێ، بۆیـە یەکـەمین مامۆستای ئەم نووسەرە (ژیان) بووە، کە خـودی خـۆی لـە دایـك بـووە خاڵـە محەمەدی حەزی کردووە ناوی (ژیان) بێ، بەڵام بارودۆخی دوورخـستنەوەیان بـۆ باکووری عێـراق وایکـردووە نـای بنـرێ سـاجیدەو، لـەدووای شـووکردنی بـە مامۆستای نەمر (ئیبراهیم ئەحمەد) کە ناوی ناوە گەلاوێژ، ئەو گەلاوێـژەی کـە

لە ساڵی ١٩٤٧ شووی پێکردووە، لە بنەماڵەیەکی رۆشنبیری تێکۆشەر چاوی هەڵهێناوە، کە تێکۆشەری ناوداری کورد مامۆستای نەمر هەمزە عەبدوڵڵایەکە دەکاتە خاڵی یەکەم رابەری ژیانی بووە، ئەم بنەماڵەی کوردی کوردستانی باکوور وەك جۆگەیەکی سازگار، تێکەڵ بە بنەماڵەیەکی تری رۆشنبیرێکی ناوداری وەك نووسەرێکی بەهرەدارو سەرکردەیەکی دیاری سیاسەتمەداری تێکۆشەری کوردستانی باشوور مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) بووە، ئەم دوو جۆگەیە رووبارێکیان پێکهێناوە کە مێژوویەکی شکۆداری تەژی لە ئەدەبو رۆشنبیریو خەباتی نەتەوەییو نیشتمانیان هەیەو، ئەم بیرەوەرییانەی نووسەر زادەی ئەو مێژووەنو نووسینەکانی لەو مێژووە هەڵقولاونو، ئەو ژیانە پڕ مەینەتیو ئەشکەنجەو ئێشو ئازارو، جاروبار شادیو بەختەوەری، قوتابخانەی راستەقینەو مامۆستای ئەون، بڕوانامەکەی بڕوانامەی ئەو ژیانەیە، کە لێی فێربووەو، ژیانیش چاکترین خوێندنگەی مرۆڤە.

نووسەر کە ژیننامەی خۆی نووسیوەتەوە، لە هیچ شتێك سڵی نەکردووە، لەگەڵ خۆی راستگۆیەو بوێرەو راشکاوانە رووداوەکانی نووسیوە، پەردە لەسەر رووە دەمامکراوەکان هەڵدەداتەوە، راستییە شاراوەکان وەك هەندێ یادداشتنووس پەردەپۆشی ناکات، کە لە ژیانی خۆی دەدوێ بە دەستپاکیو بەویژدانەوە باس دەکات، ئەوانەی کە باسیان لێوە دەکات چۆنی دیون، چۆنی ناسیون، بە گۆشتو خوێنو ئیسقانەوە دەیانخاتە روو، گوێ بەملاو بەولا نادات ئێستا چۆن سەیریان دەکەنو یاخود بڵێین بەجۆرێکی تر ئارایش کراونو کەموکووڕیو ترسنۆکیو ناپاکییان بۆ داپۆشراون، هەر کەسە لە چوارچێوەی ئەو کاتەی تێیدا ژیاون بەرجەستە دەکات، بۆیە دەتوانم بڵێم بە عەقڵێکی

کراوەی ئەورووپیانە ڕووداوەکانو کەسەکان دەخاتەڕوو، بۆ هیچ لایەنێكو بۆ هیچ مەبەستێك ڕاستی پێشێڵ ناکات، بەڵکو بێ سازشکردن، لاپەڕە ڕەشو سپییەکانی مێژوو هەڵدەداتەوە، بەقەد ئەوەی لە نزیکەوە ئاگادارەو، لەناو ڕووداوەکاندا ژیاوە، بۆ هیچ کەسو هیچ لایەنێك داناتاشێ، ڕەنگو ڕووخسارە دزێوەکان جوان ناکاتو ناپاکی لەگەڵ ویژدانی خۆیدا ناکات، ئەگەر پێ لە جەرگی خۆشی بنێ، ئەوەی دیویەتیو لەکاتی خۆیدا ئاوابووە، بێ دوودڵی دەریبڕیوە، بۆیە ئەم بیرەوەرییانەی گەلاوێژی نووسەر شیاوی خوێندنەوەیە کە لەناو باردودۆخی خەباتی سیاسی ئاشکراو نهێنی، خەباتی ئاشتیخوازانەو شۆڕشگێڕانە، زۆر مەسەلەو بابەت دەورووژێنێو پرێسکەی دڵی خۆی دەکاتەوە، کە ڕەنگە زۆر کەس ئاگاداری مێژووەکەو جۆری پەیوەندییە بێگەردەکانی ئەو دوو بنەماڵەو، هەڤالانو دۆستو ئاشنایان نەبن، کە دەتوانم بڵێم لە هەندێ شوێندا سەرەداوێکمان بەدەستەوە دەدا، کە دەکرێ بەدوای رایەڵەکەدا بچینو زانیاریی باشمان دەست بکەوێ، کە ئێستا هەندێك لەوانە لەبەر هەر هۆیەك بێت بوونەتە (سەربازی ون) کە ڕۆڵی بەرزو بالاو پڕشنگیان هەبووە لە مەیدانی خەباتو قوربانیدانو، جوامێریو خۆڕاگریو ڕاستگۆییو پاکیو بوێری... بەڵام بەداخەوە شتێکیان لەسەر نەنووسراوە کە شیاوبن، ئەم هەوڵەی نووسەر دەستپێشخەرییەکی باشە بۆ بەدوواگەڕانی ئەو جوامێرانە وەك لا لێکردنەوەو ئاوڕلێدانەوە، لە کارو ڕەفتاریان، لە ڕۆڵی بەرچاویان لەپێناوی ئازادیو بەختەوەری گەلەکەیاندا.

ئەوەی کە لەم بەرهەمەدا لام ڕوونبۆوە، ئەوەیە کە ڕۆڵی مامۆستا برایم لە پێگەیاندنو ڕێخۆشکردنی بۆ پێشکەوتنو دەرکەوتنی گەلاوێژی نووسەر لەو

هێزە سیحراوییە دایە، کە لە مامۆستا برایمی بەدیکردووە، ئەوخۆشەویستییە توندوتۆڵەی نێوانیان، لە خۆشیو ناخۆشیدا بۆتە یەك گیان لەنێو دوو جەستەدا، هەرچەندە خودی نووسەر ئەو ئامادەباشییەی هەبووە، کە بە رێگەیەکی تر ئەو کەلێنو کەلەبەرانە پڕ بکاتەوە، کە رێگربوون لەبەردەم خوێندنیدا، ئەویش ئەو نووسینە بەردەوامەیە کە بەرهەمێکی زۆری خستۆتە سەر خەرمانی ئەدەبی کوردی لە رێگەی چەندین رۆمانو چیرۆك بۆ منداڵانو مێردمنداڵانو بابەتی وەرگێڕان.

ئەم خۆشەویستییەی نووسەر بۆ مامۆستا برایمو سەرسامبوونی بە کەسایەتیی جیاکراوەیو کارو رەفتاریو دڵسۆزیو وەفاداریو قوربانیدانی لەپێناو کوردو کوردستانداو، ئەو ئاستە بەرزە ئەدەبیو رۆشنبیرییەی وەك شاعیرو چیرۆکنووس، وەرگێڕو داهێنەرو داکۆکیکردنی لە هەژارو ستەمدیدە، بەتایبەتی جووتیاران، هەر هەموویان تێکڕا جۆرە سەرسامییەکیان لای گەلاوێژی نووسەر رەخساندووە کە حاڵەتێکی دەروونی لا بخوڵقێنی کە لە بنچینەوە بەندە بەسۆزی خۆشەویستی کە لە ئافرەتدا بەرجەستە دەبیو خۆشەویستی هەروەك دانتی دەڵێ: (خۆرو ئەستێرە دەجوڵێنێ)بۆیە لێرەدا دەتوانم بڵێم کە ئەم خۆشەویستییە پاكو بێگەردە، گەلاوێژی نووسەری بکێش کردووە بەرەو جیهانی ئەدەب، جیهانی نووسینی رۆمانو چیرۆك بۆ منداڵانو نووسینەوەی یادداشتەکانی جگە لە حەقایەتی بەرئاگردانەدا لە تەمەنی منداڵی بە شێوازێك رەنگە لە هی نووسەری تری جیابکاتەوە، بەتایبەتی نووسینی ژنانی کورد کە وەك ئەو بەو شێوە فراوانە نەچنە بنجو بنەوانی ژیانی خێزانیو کۆڕی خەباتی سیاسیو، بەم جۆرەش تەعبیر لە واقیعی رابردوودا وا

بە راشكاوی نەكەن، كە مۆركی تایبەتی بـەخۆوە بگـرێو دەنگێكـی بەسـۆزو بوێری ژنانی كوردبن، لە رۆژگارێكدا كە زۆر نهێنی پەردەپۆش دەكرێنو، لەبەر هەندێ بەرژەوەندیی تایبەتی راستی دەخرێتە ژێـر لێـوەوەو، نـاكرێ لـە دەرگـا داخراوەكانیان بدرێ.

لە كۆتاییدا دەستخۆشیو ئافەرین لە نووسەری ئەم بابەتە بـەپێزو رەسـەنو دڵگیرەو، بەرەو بەرگی دووەمی بیرەوەرییەكانی لە ئایندەیەكی نزیكدا.

كەمال غەمبار

هەولێر: ٢٥/١١/٢٠٠٨

پێشەکی نووسەر

دەمێك بوو لەدڵمدابوو کە هەندێ بیرەوەرییە لەبیرنەچووەکانی خۆم بنووسم لەگەڵ چەند کەسێکی زۆر بەنرخو خۆشەویستمدا، کە کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە لەسەر ژیانو ڕەوشتو خوو و کردەوەکانمەوە.

یەکەمیان، کە لە تەمەنی پێنج شەش ساڵییەوە ڕایهێنابووم لەگەڵ ڕاستیو پاکیو نەفرەت لەدرۆو پێچو پەناو لەهەمان کاتیشدا ئاشنای کردبووم بە وشەو ناوی میللەتپەرستیو خەباتکردنو ناوی حەپسخانەو بەندیخانەو گرتنو ماڵپشکنین، ئەم یەکەم کەسە خاڵی خۆشەویستم بوو، هەمزە عەبدوڵڵای نەمرو سەربەرز.

دووەم کەسیش، خاڵی خۆشەویستو کەم وێنە، خاڵە گەورەکەم، (محەمەد عەبدوڵڵا) یە. ئەم خاڵەم ژیانی خستە سەر ژیانی منو دایکمو خوشکم، ژنیشی نەهێناو بەبێ نەوە مایەوەو هەر ئیمڕۆ بەسبەینێی ئەکرد بۆ ژنهێنانو

ئەیگوت: نـەوەکا ژن بێـنمو لەگـەڵ خوشـكو خوشـكەزاکانمدا بـاش نـەبێتو بکەوێتە بۆڵەبۆڵ، دواییش تەگەرەو گیرگرفتمان بۆ دروست بیٚ.

ئەم خاڵە خۆشەویستو بیٚ وێنەیەم وای بەخێو ئەکردینو وای بۆ ئەکردین، کە بەدرێژایی ژیانمو منالٚیم تاوەکو شووم کردووەو گەیشتوومەتە ئەو تەمەنـە، هەسـتم نـەکردووە قـەت لـەباوکم دوورم، دوور لـە بـاوکم پێـوە دیـار نـەبووە هەرچەندە من کەم باوکمم دیوەو لەگەڵی ژیـاوم، چـونکە هـەر لەکۆرپەییـەوە لەباوەشی بەسۆزی نـەنکم (دایکـی دایکـم) گـەورەبوومو هەمیـشە بەڕێگـەی بەغداو مووسڵەوە بووین لەبـەر خاڵـەکانمو خوێنـدنو زانکـۆو کۆلێجـەکانی بەغدا، کە خاڵە گەورەکەم دەرچووی کۆلێجی عەسکەری بوو، خاڵە هەمزەشـم دەرچـووی کـۆلێجی حقـوق بـوو لەبەغـدا. هەرچـەندە باسـی ئـەم دوو خاڵـە خۆشەویستانەم بکەم هێشتا هەر کەمە.

هەرچەندە باوکم، ساڵح فەتاح، پیاوێکی زۆر لێهـاتوو بـووو لەعەشـیرەتی قوچەبەگی رەسەنو بـەناوبانگ بـوو. زۆر پیـاوێکی میهرەبـانو بـەڕەحم بـوو، بەجۆرێك کە حەزی ئەکرد پاروەکەی دەمی خۆشی بدا بەلێقەوماوان.

هەروەها زۆریش خۆشەویستبوو لەلای هەموومان بەتایبەتی لای خاڵەکانمو نەنکم، ، بەڵام لەبەر فەرقی تەمەن کە باوکم ژنی تری هەبووو هـەر ئـامۆزای خۆی بووو زۆر ژنێکی بەحورمـەتو فیـداکاربوو، هـەروەها بـاوکم منالٚیـشی هەبوو کەدایکمی هێنا، دایکم زۆر منالٚکاربوو، بۆیە دایکم رێنەکەوت لەگـەڵ بـاوکم، رۆژێـك لـەماڵی خـۆی ئـەبوو، رۆژێـك لـەماڵی دایکـیو براکـانی، لەبەرئەوەی کە خاڵە محەمەدم نەفی کراو دوورخرایەوە بـۆ خـوارووی عێـراق بـۆ (سەحرای عفكو دیوانیـە) دایکـم بەتـەواوی لـەباوکم دوورکەوتـەوەو لەگـەڵ

براکانیو دایکی رۆیشت بۆ خوارووی عێراق، بەلاّم بەبێ تەلاّقدان. لەبەرئەوەی باوکم ئەیگوت: ئەگەر مەحکەمەو حکومەت زمانیان بڕیووم تەلاّق نایەتە سەرزمانم، چونکە دایکمی زۆر خۆشدەویست، هەروەها ناوی تەلاّقیش ئەو کاتانە شەرمو ناشرین بوو.

کەسی سێیەمی لەبیرنەچووی من، نەنکە شیرینەکەم بوو، (دایکی دایکم) کە لەباوەشی بەسۆزی ئەودا گەورەبووم.

لەو تەمەنە بچووکەمدا لای من جێی سەرسوڕمان بوو، کە نەنکم خوێندەواربوو، دایکم نەخوێندەواربوو، ئەویش چونکە نەنکم خەڵکی شاری (وان) ی کوردستانی تورکیا بوو.

کچی زانایەکی گەورەبوو ناوی (سەید سلێمانی سری) بوو، باپیری سەید سلێمانی کوڕی شێخ محەمەدی نەوەی شێخ موسای بەرزنجەیی بوو. دایکم ئەو کاتەی هاتبوون بۆ زاخۆ، مەکتەبی کچانی لێ نەبوو، تەنیا مەکتەبی کوڕان هەبوو.

چوارەم کەسیش، ئەوە دایکە شیرینە بێ وێنەکەمە، کە ئەوەندە ژنێکی باشو میهرەبانو دڵسۆزو ماندوونەناس بوو، کە هەر بەباسکردنو دێڕو لاپەڕەنووسین دوایی نایە. دایکم زۆری ژیانی هەر لەناڕەحەتیو تەگەرەدابوو، لەبەر زروفی نالەباری خاڵەکانم بەدەست گرتنو بەدواوە بوونی حکومەتە دوابڕاوەکانی ئەوسای عێراقەوە، کە هەر لەباسکردن نایەن، ئەوەندە دایکم ئەزیەتو ئازاری ئەبینیو ئەچێشت، کاتێ خاڵەکانم ئەخرانە ژێرچاودێرییو ئەگیرانو دوورئەخرانەوەو نەفی ئەکران.

دایکە خۆشەویستەکەم دایکێکی زۆر کـەم وێنـەبوو زۆر هونەرمەنـدێکی دەستو پەنجە ڕەنگـین بـوو، هـەر لـەڕووی درووومـانو نـەقشو چـنینو زەوقـی ڕێکخستنی مالّـەوە تـاوەکو کـەیبانووی دەسـتپوختی ڕەنگینـەوە، کـە نـانو چێشتەکانی زۆر بەناوبانگو بەلەزەت بوون، ئێمـەش لەسـایەی ئـەوەوە فێـری چێشت لێنانی خۆش بووین. بۆیە خۆمو هەندێ لەکچەکانم، زۆرجار تەگـەرەمان هەیە لەگەلّ نانو چێشت خۆشیو ناخۆشی، سەرەڕای ئەمانە دایکم دەنگیـشی زۆر خۆشبوو.

پێنجـەم خۆشەویـستم کـە هەمیـشە یـادو ڕەنـگو شـێوە جوانەکـەیو قسەخۆشەکانی لەبەرچاومنو لەگوێـچکەمدا ئەزرنگێتـەوەو لـەناو دەروونمـدا هەرتازە ئەبنەوە، ئەویش هاوسەری نەمرو بێ وێنە (مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد) ی باوکی هێرۆیە. باوکی هێرۆ بەدرێژایی ژیانو پەیوەندیمان پێکـەوە هەمیـشە ئەسپ سوارەکەی خەوخەیالّ بوو لەلای من، نـەك هـەر کـاتی گـەنجی، بگـرە لەهەمووکاتو بە درێژایی تەمەنی هەروابووە لـەلام. مـووی سـپیو لاجـانگی سپیو لەدواییشدا سەری سپی، جوانترین دیمەنو خۆشەویسترین بینینم بوو.

بـاوکی هێـرۆ، هـەروەك ئـەو چـەند دێـڕەم بـۆ نووسـیبوو،کاتێ یـەکێك لەکتێبەکانم پێشکەش کردبوو پێم گوتبوو:

ئەم چەند دێڕانەت پێشکەش:

بـــە یەکـــەم وشـــەی دلّـــداری کـــاتی جـــوانیم
بۆئـــــاوازی بەســـــۆزی هــــــەموو لاوێتـــــیم
بــــۆ دلّـــــسۆزیو بـــــێ وێنـــــەی تەمـــــەنم.

بـــــۆ دوادێـــــڕی عەشـــــق‌و خۆشەویـــــستیم
بۆ ئەوەی لەناو ئەشکەوت‌و سەرشاخەکانا هاودەمم بوو.
لەغـــــــەریبی‌و دەربەدەریـــــــدا ولاتم بـــــوو.
بۆئـــەوەی لـــەپاکی، پـــاکترو لەڕاســـتی، راســـتربوو
قـــــەلای بـــــەرزی هیـــــواو ئـــــاواتم بـــــوو.
بۆئـــەوەی شـــەیدای روخـــسارو شـــێتی شـــۆریم بـــوو.
دەریـــــای بـــێ ســـنووری بـــڕواو نـــازم بـــوو.
ئێـــستە چـــۆن بـــێ ئـــەو بـــژیم‌و چـــۆن بـــڕوا بکـــەم
کـــەوا لەچـــاوتروکانێکدا ئـــیتر لـــێم ونبـــوو؟

وابزانم ئەم چەند دێڕانە دەری ئەخەن کە باوکی هێرۆ چ مرۆڤێـك بـووەو چ دڵسۆزێك‌و پەیوەندیمان لەگەڵ یەك چۆن بووە. بۆیە باسـی بـاوکی هێـرۆ هـەر ئەوەندە ئەنووسم.

خوێنـەرانی بـەڕێزو خۆشەویـست لـێم ببـوورن کـە ئەگـەر نووسـینی بیرەوەرییەکانم هەندێ پشت‌و پێش کەوتوون بەسادەیی‌و کوردی پەتیم نووسیووە. بەڕاستی خۆم حـەز بـەو شـێوە نووسـینە ئەکـەم کـەوەکو لەپێـشەکی بـەرەو ئەشکەوتی دلێرانم نوسیبووم کە حەزئەکەم فاتە..و خولـەو ئامـەو عـەدولیش لەم نووسینانە تێبگەن.

لەڕاستیدا خۆشم قەت حەز لە زۆری ئەم وشەو زاراوە تازانە ناکەم کە بـووە بەعەلمۆدەی ئەم کاتە، بێ ئەوەی بزانین ئەم وشـەو کەلیمـە تازەبابەتانـە چـین‌و لەکوێوە هاتوون‌و لە چ قاموسێك دەرهاتوون کەوا سەر لە خوێنەر ئەشـێوێنن‌و

تەنیا ئەم چینە بەسەزمانە منالأنە پێئەگەیەنین کە لەو جۆرە وشەو کەلیمە سەیروسەمەرانە تێبگەنو فێری بن، بەڕاستی ئەمە تەعەدایە لەزەوقو زمانی کوردی رەسەن ئەکرێت. من خۆم نەلێیان تێئەگەمو نەحەزیش ئەکەم قەت لێیان تێبگەم .

گەلاوێژ

٢٠٠٨/٧/١٤ سلێمانی

باپیرم عەبدوڵڵا، خەڵکی زۆزانی کوردستانی تورکیایە. نەنکم دایکی دایکم کەناوی ئامینەیە خەڵکی شاری (وانە) لەکوردستانی تورکیا. کچی سەید سلێمانی سریە کە کوڕەزاو نەوەی شێخ محەمەدی نەوەی شێخ مووسای بەرزنجەیە.

بێجگە لەوەش سەید سلێمانی سری زانایەکی گەورە بوو، ئێستەش کتێبو دەست وخەتیمان هەیە، لەگەڵ قورئانێك کە بەخەتی دەستخەتی ئەو نووسراوە. بە عەرەبیو فارسیو تورکی کتێبی هەیە کە خۆی نووسیوون .

بێجگە لەوەش مامۆستای کولیەی عەسکەری عوسمانلی بووە لەشاری وان. هەر بۆیەش ڕازی بووە کە کچەکەی خۆی نەنکم (ئامینە) ، بدات بە باپیرم عەبدوڵڵا، کاتێ مامۆستای بوو کە بووە بەئەفسەر (زابت) ، لەبەرئەوەی شارەزای ڕەوشتو خوی باپیرم بووەو زۆری خۆشویستوە لەبەرئەوە کە هاتوون داوای ئامینەیان بۆ عەبدوڵڵا کردووە ڕازی بووەو پێی خۆش بووە. ئەگەرچی جیاوازییەکی زۆر لەنێوان خێزانەکەی سەید سلێمانی سریو باپیرم عەبدوڵڵادا هەبووە ئەویش چونکە خێزانو ماڵی باپیرم عەشایەر بوونو کۆچەربوونو

گەرمیانو کوێستانیان کردووەو خاوەن ئـاژەڵو مـەڕومالاتو ڕەشـەوڵاخ بـوون. خانەوادەی نەنکیشم سەید سلێمانی سری شارستانیو خوێندەوارو خاوەن عیلمو پێـشکەوتنو خـاوەنی قەڵـەمو کاغـەزبوون. بۆیـە جیـاوازیی زۆر هـەبووە لەبەینیاندا، لەگەڵ ئەوەشدا عەبدوڵڵای باپیرم نێراوە بۆ خوێندن بۆ شاری وان.

کـە بـاپیرم عەبـدوڵڵا، نـەنکم ئـەهێنێتو بـەینێکی بەسـەردا ئەچـێت حەزئەکات بچێتەوە بۆ ماڵی خۆیانو ژنەکەشی ببات لەگەڵ خۆیو ئیتر لـەوێ بمێنێتەوە چونکە ئیشی ئیتر لەوێ تەواو ئەبێت.

سەید سلێمانو نەنە حەلیمە کە دایکی ئامینەی نەنکمە کە گوێیان لـەوە ئەبێت کە ئەبێت ئیتر ئامینە لەگەڵ مێردەکەی بێت بـۆ هـەر کوێیـەك چـوو، زۆریان پێ ناخۆش ئەبێت لەدڵا، وەکو لەبانێکیان بەردەیتـەوە خـوارێ چـونکە ئامینەی کچیان نۆبەرەیان بـوو، زۆر خۆشەویـستیان بـووە چـۆن وا بەئاسـانی ئێستە ئەبێ لێیان جیابێتەوەو دوورکەوێتەوە. بۆیە دایـكو بـاوکی سـەریان لێ ئەشێوێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە کچێکی لەو منالتریان هەبووە لەگـەڵ کوڕێـك، کچەکە ناوی سندس بوو کوڕەکەش ناوی زهنی، بەڵام وەکو پێـشینان گوتـەنی: دیارە هەرپەنجەیەك خوێنی خۆی لێ دێ .

ئاخری کاتی ڕۆیـشتنی دێـت، دایکـی نـەنکم (نەنـە حەلیمـە) لەگـەڵ مێردەکەی تەگبیر ئەکەن کە ئەبێ لەگەڵ کچەی بـڕوات تـاوەکو هـیچ نـەبێت بزانن جێگاو ڕێگای چۆنە. ئیتر ئەکەونە ڕێ بەرەو زۆزانو شاخو کوێـستان. کـە ئەگەنە جێو خێـزانو عەشـرەتەکەی بـاپیرم (عەشـرەتی شـەرەفانی) ئـەبینن سەریان سوڕ ئەمێنێت. دایکـی نـەنکم زۆر نارەحـەت ئـەبێتو ئەچـێت بەگـژ باپیرمداو ئەڵێت ئێوە بۆ نەتان گوتوە کە ئێوە وانو کۆچەرن ئێـستە مـن ئـەم

کچەم چـۆن ئـەتوانێت لـەناو گۆلـكو مانگـاو مـەڕو بزنـدا بـژێت. بێجگـە لەهەمووشی تۆ ژنی ترت هەیە.

نەنە ئەیکات بەهەراو عاجز ئەبێتو ئەتۆرێتو نان نـاخوات. بـاپیرم هـەر دەستی ماچ ئەکاتو لێی ئەپاڕێتەوەو خێزانەکەی باپیرم کە لە ژمارە نەئەهات هەموویان لەژێر چاودێری باپیرم دابوون. بەڵام قسەی دایکـی، (قـەنتار خـان) بەسەر هەموویاندا ڕۆیوەو کەس نەیتوانیوە لەقسەی دەرچـێت هـەروەها بـاپیرم خوشکێکی زۆر زیرەكو ئاقڵیشی هەبووە ناوی مریەم بووە. ئەوە هـەر لـەدوانزە سیانزە سـاڵیدا بـێ ئـەوەی خوێنـدەواریش بێـت کـردەوەو قـسەو ڕەفتـاری زۆر لەبەرچاو بووەو هەموو بۆیان دەرکەوتوە کە مریەم لەهەموو دەوروپشتی خـۆی جیاوازترە بگرە بەو منالییە زۆر شتیان بـە قـسە کـردووە، ئەوەنـدە قـسەکانی ڕێـكو بەبـەهابوون. ئـیتر مریـەمیش گـەورە ئـەبێتو بـیرو بۆچـوونە هەڵکەوتووەکانیشی لەگەڵی گەورەتر ئەبن.

ئەوکاتە نەنکم (ئامینە) و نەنە حەلیمەی دایکی کـە ئەچـنە لای خێڵـی باپیرم شەو ئەبێت، نەنە تووڕە ئەبێت کە باپیرم باسی خۆیانی بۆ نەگێڕابوونـەوە کە ئەوان کۆچەرنو عەشایرنو گەرمیان وکوێستان ئەکەن. ئەوکاتە ئامینـەی دایکی دایکم شانزە ساڵ ئەبێتو ئەو خوشکە زیرەکەی بـاپیرم مریـەم بیـستو پێنج ساڵێك ئەبێت،بۆیە هەر زوو خۆی ئەگەیەنێتە ئامینـەو دڵـی ئەداتـەوەو زۆر بەدەوریان دێت لەگەڵ هەموو خێڵ، ئیتر نەنکم ئەوەندە وەکو دایکی تووڕەو ناڕازی نابێت بە پێچەوانەوە لەدایکی ئەپاڕێتەوەو ئەڵێت: دایە گیان قەی چـی ئەکات ئەمان وانو لەژێر ڕەشماڵدانو مەڕومالاتو حـەیوانیان هەیـە، ئـەبینی

چەند خەڵکی باشن چەند ئێمەیان خۆش ئەوێتو چەند ڕێزو قـەدرمان ئـەگرن. قەی چی ئەکات ڕەفتارو ژیانیانم زۆر بەدڵەو زۆر لەلام خۆشە.

نەنەش تووڕە ئەبێتو ئەڵێت: چۆن عەبدوڵلا ئەم کارەو ئەوحاڵەی خۆیـانی پێ نەگوتووین؟ سەرباقی دەردان ژنێکی تریشی هەیەو کوڕو کچی هەیە.

هەر نەنە ئاشت نابێتەوە ئیتر لەئاخریا دڵـی ئـەویش چـاك ئـەبێت، سـێ بەشی بە هەوڵدانو تێکەڵ بوونی مریەم لەگەڵیان. مریەمیان خـۆش ئـەوێتو ئەبێتە دڵسۆزێکی زۆر نزیكو باوەڕپێکراوی ئامینەی نەنکم.

نەنە ئەگەڕێتەوە دوای ئەوەی دڵنیا ئەبێت لەحاڵی کـچەکەی کـە هـەموو خۆشیان ئەوێت تاوەکو ژنی باپیریشم کەناوی (شەمـسە) بـووەو ئەوەنـدە ژنـی چاكو بەحورمەتو دڵپاك بووە، زۆر گەنجێکی ڕەوشتو خوو بەرز بووە هـەروەها کچە دەوڵەمەندیش بووە. ئەویش هەر دڵی نەنەو ئامینەی کچی داوەتەوە.

ئیتر نەنە ئەگەڕێتـەوە بـۆ شـاری وانو ئـەو بـاسو خەبەرانـە بـۆ سـەید سلێمانی مێردی ئەگێڕێتەوە.

دوای بەینێك نەنە ئەچێتەوە بۆ لای نەنکم چونکە خـەریکی منـاڵ بـوون ئەبێت. چەند جارێك لەهاتوچۆدا ئەبن کە ئیتر شەڕی جیهانی یەکەم دەست پێ ئەکاتو باپیرم ئەچێت بۆ جەبهـەو نـاو شـەڕو خێڵەکـەی ئەکەونـە ڕێ بـەرەو عێراقو مووسڵو زاخۆ. نەنەش کە تا ئەوسا کچەکەی تریشی (سندس) دابـوو بەشوو بە کابرایەکی ناودارو خانەدان کە ناوی مستەفا ئەفەندی شێخ ئیـسلام ئۆغرلی بوو خەڵکی شاری وان بوو.

ئیتر نەنە دڵنیا ئەبێت لەشوێنو ژیانی کچەکەی تریو شەڕیش دەست پـێ ئەکات ناچار نەنەماڵو حـاڵو هـەموو ڕەزو بـاخو مـوڵکی بـەجێ ئـەهێڵێت

دەستی (زهنی) کوڕی ئەگرێت. دیارە ئەوکاتە هەردوای شووکردنی سندسی کچی سەید سلێمانی مێردیشی ئەمری خوا ئەکات، بۆیە شوێن ئامینەی کچیو ماڵو منالی ئەکەوێت.

دایکم ئەیگێڕێتەوە کە نەنە لەڕێگاو کاتی ڕاکردن لەشەڕ، متیلو چەرچەفی نوێنی ئەدڕاندو لەقاچی منالو خێزانەکەیەوە ئەپێچا، لەبەرئەوەی لەڕێگای سەختو دوورو درێژ پێلاویان لەپێدا نەمابوو دڕابوو بۆیە نەنە وای بۆ ئەکردن. هەرچەندە پێیان نەکرابوو کەهیچ دەرکەنو هیچ بێنن لەگەڵ خۆیانو خەڵك وای بەسەرهاتبوو شتی زۆر بەبەهاو گرنگی خۆی فڕێ ئەداو لەکۆڵ خۆی ئەکردەوە، هەروەك ژنێك کە خەریك بووبوو دوو منالەکەی بەجێ بهێڵێت لەسەر ڕێگاکە چونکە خۆی نەخۆش بوو، ئەبوو منالەکانیشی هەڵگرێتو بە پێ بڕوات. ئیتر لێ قەومانەکە یەکجار سەختو ناخۆش بووە بۆیە ماڵو خێڵی باپیریشم هەر هیچیان پێ دەرنەکراوە لەمتیلو بەرگەنوێنو هەندێ جل زیاتر.

هەروەها دوو مانگای چاکیش کە شیری زۆریان هەبوو لەگەڵ گۆلکەکانیان. دوو مانگاکە هیچ نەبێت هەندێ بووخچە جلی بخەنە سەرپشت. هەروەها منالەکانیش بەپێ بڕۆنو بەنۆرە سواری پشتی مانگاکان بن بێجگە لەوەی کە شیرەکەشیان بخۆنەوە.

وەکو نەنکمو نەنەش ئەیانگێڕایەوە بۆمان کەچۆن نەنکم هەندێ پیالەی جوانو سەماوەرێکی نایابی خۆی هێنابوو بەلاّم لەنیوەی ڕێگا سەماوەرەکەیان فڕێ داوە لەبەر قورسی، بە تایبەتی کە نەخۆشی تاعوونیش بلاّوبووبووەوەو زۆری خەڵك لەڕێگا نەخۆش کەوتوونو مردوون.

لەڕێگا ئەبن کە خەبەریان بۆ دێت بـاپیرم شـەهید بـووەو ئـەبێ کەسـێك بنێرن ئەسپو کەلوپەلەکانی وەرگرێت. ئیتر بێجگە لەوەی کە چیان بەسەردێت بەو خەبەرە، ئەکەونە بیرکردن کە کێ بنێرن تاوەکو ئەسپو کەلو پـەلی بـاپیرم وەرگرێت، لەگەڵ بەڵگەو فەرمانی تەقاویتی کە بچن ئەوکارە جێ بـەجێ کـەن لەمووسڵو پارەکەیان بۆ وەرگرن.

مریەم، ئەو خوشکە ئاقڵەی باپیرم کە ئەبێتە پووری دایکـم ئـەڵێت: مـن ئەچم. هەموو ئەڵێن کچێ تۆ چۆن ئەچیت بەناو ئەو هـەموو تـرسو کوشـتنو بڕینانەدا؟ ئەڵێت هەر مـن ئەچـم. خوشکەزایەکیـشی ئـەبێت هـەرزەکارێکی بەهیمەت ئەبێت ئەڵێت: منو قاسم ئەچینو کوڕی نەنەش (خاڵی دایکـم) کـە ناوی (زهنی) یە عومری هەژدە ساڵە.

ئیتر ئەکەوێتە ڕێو خۆی ئەپێچێتەوەو لەگەڵ قـاسمی خوشـکەزایو زهنـی برای نەنکم (خاڵی دایکم) .

نازانم شوێنەکە کوێ ئەبێت ئەچێتو ئەسپو شتەکانی بـاپیرم وەردەگرێـت لەگەڵ کاغەزو بەڵگـەکانی. تـا ئەگەڕێنـەوە نیـوەی خێڵەکـەیان مـردوون یـا نەخۆش کەوتوون.

لەوانەی مردوون دایکی بوو(قەنتار) و خوشکێکی کە ناوی زەینەب بـووو کەیبانوووەیەکی زۆر ئازاو دەستو پەنجە پوختـو زیـڕین بـوو. هـەروەها خـاڵم ئەحمەد کە نۆبەرەی نەنکم بوو، ئەوکاتەی ئـەمری خـوای کردبـوو عـومری دە ساڵان بوو ئەو تاعەونی هێنابووە ناو خێڵەکە، کە چووبووە شوێنێکی زۆر نزیك شوێنەکەیان کە پێیان ئەگوت مەزاری شێخ عەبدولعەزیزی ئاکرەیی. ئـەوانیش لەدەوروبەری ئاکرێ بوون. ئەڵێن ئەو خاڵەم هەر حەزی کردووە بـچێت بـۆ ئـەو

ناوە کەلەویّ بەفریان ئەفرۆشت، بچن ئێواران بەفر بکڕن لەگەڵ خەڵکی تر. ئەڵێن زۆر حەزی کردووە هەموو جارێك بچێت کە ئەگەڕایەوە لەڕێگا گۆرانی ئەگوت، ئەڵێن دەنگی زۆر خۆش بووە. ئینجا جارێك کە ئەگەڕێتەوە بەدەم لەرزەوەو باسی ڕەشماڵو مردووەکان ئەکات. ئیتر ئەوانی تریش لێی ئەگرنەوەو زۆریان ئەمرنو خۆشی هەر ئەمریّ. بۆیە کە مریەم بەسەر ئەو کارەساتو خەمەدا ئەگەڕێتەوە، بێجگە لەخەمی برا شەهیدەکەی، ئیتر مریەم ئەبێتە هەموو شتێکی ئەو خێڵو خێزانەو بە پێی ئەقڵو تەگبیری ئەو ئەڕۆن بەڕێوە.

سەرباقی دەردانیش چەتەو دزو پیاوکوژیش لەو ڕێگاوبانەو لەو ناوچەنەدا زۆر ئەبن. وەکو نەنکم بۆی ئەگێڕاینەوە، هەروەها مریەمی پووری دایکم خۆشی کە لەدواییداو لەکاتی منالّی ئێمە پێمان ئەگوت (مامۆ) ،کە شەوێکیان مانگەشەوێکی خۆش ئەبێت بەڕێوە ئەبن چەتە دێتە سەریانو پەلاماری هەردوو مانگاکە ئەدەن بە بووخچەو جلەکانەوە ئەیانفڕێننو ئەیبەن. هەرچەندە مریەم شوێنیان ئەکەوێت فایدەی نابێت. بۆ بەیانی ئەیکات بەهەراو ئەکەوێتە پرسو پرسیار کە ئەم چەتانە کێنو سەربەکێن ئاخری ئەزانن کە ئەمانە سەر بەکابرایەکن بەناوی (ئۆغز بەگی هەرکیی) . ئیتر مریەم یا مامۆ دەستبەردار نابێتو ئەچێتە بنجو بناوانیو دێو ماڵی ئەدۆزێتەوەو ئەچێتە سەریو پێی ئەڵێت ئەوە تۆ شەرم ناکەیت چەتەکانت بەرئەدەیتە گیانی ئەو خەڵکە لێقەوماوو ماندوو بێچارانە کە دزیت بۆ بکەن. من بەباریّ منالّی هەتیوەوە هەمووی هەفتەیەکە برایەکم لەشەڕدا شەهید بووەو دایکمو نیوەی خێڵەکەمان لەڕێگا مردوون. منالّو گەورەم هەموو نەخۆشو بیّ حالّ، تۆ وا ئەکەیت.

ئۆغز بەگ ئەکەوێتە عوزر هێنانو ئەڵێت من نیمو پیاوی من نـینو مـن چۆن وا ئەکەم؟! مامۆش سەیری ئەکاتو پێـی ئـەڵێت: تـۆ نیـت؟ ئـەی ئـەم یەلەگو کراسەی لەبەرتایە هی کێیە؟

ئۆغز بەگ ئەشڵەژێو دەست بە سنگو بەرۆکی خۆیا ئـەهێنێتو ئـەڵێت: دیارە ئەوانە هی منن ئەی هی کێن.

مامۆ بەتەوسێکەوە سەیری ئەکاتو ئەڵێت: ئەمانە هی تۆن یـاخود هـی ئێمەن کەلەناو بووخچەو بارەکـەی سەرپـشتی مانگاکانمـدا بـووە لـەوەش دزی ئاشکراتر نابێ.

دوایی هەردوو مانگاو هەندێ کەلوپەلەکانی بۆ ناردبووەوە گوتبووی: وەڵڵا زۆر شەرمم کرد کە کچێك ئەوەندە ئازاو بەغیرەت بێتو ببێتە پیاوو لێپرساوی ئەو هەموو خێڵو خێزانەی خـۆی بـەو هـەموو ڕێگـا سـەختو ژیانـە دژوارەوە خەریکی پاراستنیان بێت.

ئـیتر خێڵـی نـەنکم وردە وردە گەیـشتبوونە دێهـاتو ئـاوایی تـاوەکو گەیشتبوونە مووسڵو لەویادا دائەمەزرێنو مـامۆ ئەکەوێتـە هەڵپـە هـەڵپی ئیشی تەقاعودی، بەینێکی پێ ئەچێت تاوەکو تەقاعودی ئەو هەموو کاتـەیان بۆ دەرئەچێت. ئێستەش دایکم تەقاعودی باوکی وەرئەگرێت. دایکمو مـامۆش دوایی بۆی ئەگێڕاینـەوە کـە دوو بەرگـە سـەرینی بردبـوو لەگـەڵ دوو پیـاوو شەمسەی باوەژنی دایکمو نەنکم کە هەردوو ژنـی بـاپیرم بـوونو پـڕ ئـەو دوو بەرگە سەرینە (بانکە نوت) یان وەرگرتبوو. دیارە پارەی ئـەو کاتـە بـێ نـرخو هەرزان بووە ئەگینا چوون ئەخرێتە بەرگو سەرینەوە .

ئەگەرچی کە دوایی زرووف باش بووبوو، شەڕ نەمابوو، حکومەتی تـورکی ناردبووی کـە ماڵـەکان بگەڕێنـەوە، بـەڵام مـاڵی نـەنکم خۆیـان دزیبـووەوەو نەچووبوون لەبەرئەوەی هەندێ ئاشنایان گەیشتبوونە زاخۆو پێیـان گوتبـوون‌و کەوتبوونە ژێریان کە بچن بۆ زاخۆو مەگەڕێنەوە. وەرنە زاخۆ لای ئێمە باشترە.

زۆرجار دایکم کە تووڕە ئەبوو ئەیگوت: ئۆهـ خۆزگە ئێمەش بگەڕاینایەوە، ئێستە منیش وەکو ناجیەخانی خوشکم خوێندەوار ئەبووم. (ناجیـە خـان) کـە ژنی ئەمین ڕەواندزیە، ڕەفیق‌و هاوڕێی دایکم بووە. لەو ڕێگاوبانەو لـە مووسـڵ خراونەتە خانوویەکەوە، دوایـی ناجیـەخان‌و نـەنکی گەڕاونەتـەوە تورکیـا کـە حکومەت ناردوویەتی بە دوایاندا. بەڵام مـاڵی دایکـم‌و ئـەوان نەڕۆیـشتوون‌و تەقاویتی خۆیان وەرگرتوەو چوونەتە زاخۆو خاڵەکانم کـە گەورەبوونـە مـامۆو دایکیان ناردویانن بۆ مەکتەب، بەڵام ئەوکاتە مەکتـەبی کـچان نـەبوو بۆیـە دایکم داخی ئەوەی لەدڵابوو کە بۆچـی نەچـوون تـاوەکو بـچوایەتە مەکتـەب. ئەگەرچی دایکم هەندێ خوێندن‌و نووسینی عەرەبی ئەزانی‌و ئێمـە لەدواییـدا فێرمان کردبوو.

ئینجا ئەمە بووە هۆی چوونی ماڵی نەنکم‌و خێڵەکـەیان بـۆ زاخـۆو ئـەو دەرەبەگە حەسودوو دواکەوتوانە بەخیلیان پێ ئەبردن کە گوایە ئەوان خـەڵکی ئەوێ نەبوون کەچی لەوان پێـشکەوتووترو خۆشەویـستتربوون لـەلای خـەڵکی زاخۆ.

مامۆ ئیتر ناو دەرئەکات‌و ئەبێتە (شەخصیەت) لەلای هەموو دەوروپشت‌و نزیك‌و تاوەکو حکومەتیش، بەهۆی ئەو کارانەوە کە چەند بـەغیرەت‌و مـەردوو ئازا ئەبێت.

هەروەك ئەوەی پێش دەرچوونی تەقاویتی باپیرم كە هەندێ زۆری پێ چووبوو مامۆ چووبوو ئیشێك بدۆزێتەوە تاوەكو بژین، بۆئەوەی منالەكانو خێزانەكەی برسیو موحتاج نەبن، كە ئینگلیز ویستویەتی ڕێگاوبانو شارەكان پێكەوە ببەستێت، مامۆ كراوە بەچاوشی عەمەلە لەبەینی ڕێگای زاخۆو ئامێدی كە ویستوویانە ئەوێ بكەن بەڕێگا. بەڵام ئەوەندە سەخت بووەو هەمووی شاخو داخ بووە هەموو جارێك بۆمبایان ئەتەقاند، تاوەكو یارمەتیان بداتو زۆر جاریش بۆمباكە خەڵكی دەكوشت خەڵكی پێوە بوو بوو.

مامۆ بەهۆی موهەندیسێكی ناسیاویان كە ناوی عەبدولكەریم مورداد بوو و ئینگلیزیشی زانیوە، ئەو هەوڵی بۆ مامۆ داوەو دایمەزراندوە بە چاوەشی عەمەلە بەمانگانەیەكی باش. هەروەها لێپرسراوانی ئەو ئیشە یارمەتیان دابوو كە زانیویانە ئەوەندە بە غیرەتەو ئەو كارو ئەزیەتە قبووڵ ئەكات لەبەر خاتری برازاو خێزانی، بۆیە چادرێكیان دابووێ. مامۆش ناردبووی نەنەو دایكم كە منالّ بوو چوار پێنج سالآن بوو، چووبوون بۆ لایو لەلای مابوونەوە تاوەكو ئیشەكە تەواو بووبوو.

مامۆ، كە هێشا نەگەیشتبوونە مووسڵو ئەو ناوەو هەر بەڕێوەبوونو هیچ نەمابوو بیخۆنو منالآن زۆریان برسی بوو، دەفێكی گرتبوو بە دەستیەوە چوو بووە ئەو دێهاتە نزیكانە گۆرانی دەروێشی بۆ گوتبوون، وەكو دەروێشو نانو خواردنی بۆ منالەكانی پەیداكردبوو.

من خۆم تاوەكو پۆلی یەكو دووی ئیبتدائی، وەمئەزانی مامۆ پیاوە، چونكە جلی پیاوانەی لەبەر ئەكرد، كراسی پیاوانەی ژێر چاكەتو یەلەكی دامێن درێژو سەریشی ئەبەست بە مشكی. كەچی مامۆ نەك ژن بوو بگرە

کچێکی زۆر خوێن شیرینش بوو، بەڵام ژیانو ڕوحو تەمەنی لەسەر ماڵو منالّی برای شەهیدی دانابوو بۆ حەوت باوكو حەوت پشت.

مامۆ ئەسپ سوارێکی زۆر ئازابوو، راوڕاوێنکەرێکی بەجەرگ بوو.

هەروەها مامۆ نیشان شکێنێکی زۆر چاکیش بوو. چەندەها جار گرەوی لەچەندین پیاو بردۆتەوە لەنیشان گرتنداو تێکەڵی ماڵی سەید تەهای نەهری بوو کەگرەوی لەگەڵ سەید تەهاو دەوروپشتی کردووە. کاتی گرەوکردن بۆ نیشان نانەوە گرەوی لەچەندەها پیاو بردۆتەوە. مامۆ ئەوە نییە کە بەم چەند دێرە باسی بکەم. مامۆ ئەگەر کوردێکی بێکەس نەبوایە ئێستە کتێبو فیلمی لەسەر دەرهاتبوو. بەڵام مامۆو هەزارەهای وەك مامۆی قارەمانو سەربەرزو ئازای کورد مردوون بەبێ ناونیشان. مامۆ زۆر زۆر شتی وای هەیە کە باسی بکەمو لەسەری بنووسمو ئەوە ئەهێنێت کە کتێبێکی تایبەتی لەسەر بنووسمو نیازم هەیە هەر بینووسم.

من ئەوەتەی هەستی ئەوەم پەیدا کردبوو، کە بخوێنمەوەو بنووسم. زۆر جار ئەهاتە خەیاڵم کە ئەوانەی پاڵەوانی چیرۆكو کتێبن کە باسیان ئەخوێنمەوە مامۆ هیچی لەوان کەمتر نییە ئەی، بۆچی باسی مامۆ نەکەمو کەس باسی نەزانێت. چونکە مامۆ کورد بووە؟ بۆیە کەس باسی ناکات.

زۆر ئاشکرایە ئەگەر مامۆ لە نەتەوەیەکی تر بوایە ئێستە چەندین کتێبی لەسەر نوسرابوو و باسی کرابوو. چەندەها کەسی وەکو مامۆ قارەمانیان کردووەو چەندەها کاری مەردانەیان کردووەو کەس پێی نەزانیوەو هەر باسیشیان نەکراوەو بۆ خۆیان مردوونو ئەو هەموو بیرو هەستو حەکایەتو رووداوانەشیان لەگەڵ خۆیان بردۆتە ژێر گڵەوە. کەچی هی واش هەن ئەگەر

جارێك شتێکی باشیان کردبێ‌و چەندەها جـار شـتی خراپیـان کردبـێ تـاوەکو خیانەت‌و جاسوسی بەسەر میللەتەکەیاندا کردبێ کەچی ئـەبینی دوای چـەند ساڵێك کتێبیان لەسەر دەرئەکەن‌و بە شان‌و باڵیاندا هەڵئەدەن لەوانەیە فلمـی سینەماییشیان لەسەر دەرکەن.

باوکم خەڵکی زاخۆیە نـاوی سـالح فەتاحـە لەعەشـرەتی (قوچـەبەگی) . قوچەبەگی لەعەشرەتە هـەرە کۆنـەکانی کـوردن. بەڕەگـەزیش لەکوردسـتانی تورکیاوە هاتوون.

باوکم پیاوێکی لێهاتووو دەست‌و دڵ بازو میهرەبـان بـوو. ئەگەرچـی مـن ئەوەندە لەگەڵی نەژیاوم بـەڵام ئـەوەی لـەدایکم‌و کـەس‌و کـارم باسـی کـۆنیم بیستووەو بۆیان باس کردوم من نـەنکم بـە خێـوی کـردوم لەگـەڵ خاڵـەکانم‌و نازداری سەر دڵی ئەوان بووم. تاوەکو زۆرجار خزم‌و خۆیش‌و کەسـوکارو ئاشـنا لەژێرەوە باسی خۆشەویستی‌و پەرۆشی نەنکمیان ئەکرد بەرامبەر بە مـن‌و کـە هەندێکیان بەیەك ئەگەیشتن ئەو باسەیان ئەکردو ئەیانگوت: دایکـم ئامینـە شەش جار نوێژ ئەکات پێنجی بۆ خواو یەکێکیـشی بـۆ کـچەزاکەی. دیـاربوو ئەوەش لەبەخاڵەتا وایان ئەگوت.

لەبەرئەوە کە ئێستە من نەوەم هەیە زۆر چاك ئـەزانم کـە نـەنکم چـەندی خۆش ویستوم کە ئاشناو کەس وایان پێ گوتوە. چونکە منیش ئێستە هـەروەك ئەوم ئاوهام بەتایبەتی بەرامبەر نەوەی یەکەمم کەوەك نۆبـەرە وایـە رۆحـم بـە تاڵێکی مووی سەرسەریەوە بەندە ئەوەندەم خۆش ئەوێت.

مووسڵم پێ خۆشە چونکە لەوێ لەدایك بووم‌و ناوم ساجدە بوو کـە گوایـە شەوی (لیلة المحیا) هاتوومەتە دنیاوە نازانم لیلـة المحیـا بـە کـوردی (کـام

شەو)ەیە. هەروەها خالە محەمەدم کە لەگەڵ هێزی سوپاکەی ئەوکاتە لەسلێمانیو دەوروبەری بوونە کە شەڕی بەردەرکی سەرا بووە بروسکەیان بۆ کردوە کە سەلیمەی خوشکی کچی بووەو ناویان ناوە ساجدە زۆری پێ خۆش ئەبێت بەڵام جوابیان بۆ ئەنێرێت ئەڵێت ساجدە بکەن بە ژیان. بەڵام هەر بە تێکەڵو پێکەڵی بانگم ئەکەنو زۆر کەس ئەڵێن ساجدەو هی کەش ئەڵێن ژیان چونکە ئەوانەی لەسەر دەستیان هاتومەتە دونیاوە مووسڵاوی بوونو دوو خوشك بوون ناویان حجیە بەیبوونەو حجیە خدیجە بووەو ئەوان چوونە منیان بەو ناوەوە تسجیل کردووە.

دایکم سلیمە عەبدوڵڵا خۆی بەمناڵی ئەیدەن بەشوو بە باوکم باوکم ژنی تری ئەبێت کچی مامی خۆی خاتونی ناو بوو چەند مناڵو کوڕو کچی هەبوو بگرە کچەکەی وەکو دایکم ئەبوو.

بەڵام باوکم شەیدای دایکم بووبوو بەقسەی کەسی نەکردبوو وەکو ئەڵێن گوتبووی کە سەری لەسەر دائەنێتو ئەکەوێتە بەرتیلو بەرتیل کاری بۆ خزمو کەسی خۆییو هانا ئەباتەبەر پیاوی ماقوڵ بچن ڕازییان کەن تاوەکو دایکمی بدەنێ.

مامۆی پووری لێیان تووڕە ئەبێتو ئەڵێت بابەگیان ئەوە منالەو هێشتا نەبووە بە چواردەساڵ من گوناحم ئەگات چۆن ئەو غەدرە ئەکەم: بەڵام هەر دەست بەردار نابێت ئاخری دایکمی ئەدەنێ دیارە فەرقی عمریان زۆر ئەبێت لەگەڵ ئەوەشا کە باوکم پیاوێکی لێهاتوو قۆزبووو هیچ تەمەنی پێوە دیار نەبووو خاڵەکانم زۆریان خۆش ئەویست بۆیە هەمووجارێك کە دایکم توشی ناڕەحەتیو تووڕەبوون ئەبوو ئەیگوت: بەخوا ئەم پیاوە نوشتەو جادوگەری

لەبراکانمو نەنکم کردووە چونکە نەنە حەلیمەش دایکی نەنکم لەگەڵ خاڵەکانم زۆریان خۆشەویستو حەزیان ئەکرد کە دایکمی بدەنێ. لەدوای کەشمەکەشێکی زۆر دایکمیان دابوویێ. دایکم منالە نۆبەرەکەی مردبوو دوای بەینێك منی ئەبێتو دوای سێ ساڵ ڕێسانی خوشکم لەبەرئەوە دایکم چەند ڕۆژێك لەماڵی خۆی ئەبووو چەند ڕۆژێك بە تۆراوی لەماڵی باوکیو ڕێ نەئەکەوت لەگەڵ باوکم.

کە خاڵە هەمزەم توشی ئەو گرتنو چاودێری حکومەتە بوو چەند جارگیرا ئیتر حکومەت گڕی خستە ژێر خاڵەمحەمەدیشمو کەوتنە بیانووگرتن لەوێش بیرم دێت خاڵە محەمەدم بەو لاویو تازە دەرچونەی دەستیان لەکاری ئەفسەری کێشایەوە ناردیانەوە ماڵی خۆی بە بیانووی پشتگیری کردنی لە (کودتایەك) کە درۆبوو ئەصلی نەبوو بە هیچ جۆرێك خاڵمی تیا نەبوو. کەلەو بەینە گوایە کۆمەڵێ لەسوپاو ویستبوویان کۆمەڵێکی تر بگرنو دەسەڵات بگرنە دەست خۆیان ئێمە لەزاخۆ بووین ئەوکاتە خاڵە هەمزەشم گیرابوو خاڵە محەمەدیشم هاتەوە دەستی لەکارکێشراوو بەو منالیە، هەستم ئەکرد کە چەند حاڵی دایکمو نەنکمو مامۆو نەنەو هەموو خزمەکانمان ناخۆشەو هەر ئەگرین لەبەر خاڵە هەمزە هەرچەندە خاڵە محەمەدیشم وایان بەسەر هێنابوو بەڵام هەر باشتر بوو بەس نەبوو نەگیرابوو لەزیندانا نەبوو ماڵمان پڕبوو لەخزمو کەسو کارو ئاشنا هەموو نارەحەتو غەمگین. باوکم لەلامان بوو چونکە لەبەر خاڵم دڵی نەئەهات بەو حاڵە بەجێی بهێڵێت هەروەها شەوان ئەچووەوە ماڵی خۆی. دایکم لای ئێمە بوو لەگەڵ ڕێسانی خوشکم کە منال بوو. بیرم دێت زۆرجار کە ماڵەکە هەندێ چۆڵ ئەبوو میوان سووك ئەبوون خاڵە محەمەدم بانگی

ئەکردینە لای خۆی یا ئەهات بۆ ژووری نەنکمو ژووری دانیشتن بانگی منی ئەکردو ئەیخستمە سەر باوەشیو بەرێسانی ئەگوت دەی تۆ برۆ شتەکانت کۆکەرەوەو برۆرەوە بۆ ماڵی خۆتان چونکە ئەو تێکرا ئەچوەوە ماڵی باوکم رێسانیش سێ چوار ساڵێك بوو پریاسکەیێکیان بۆ بەستبوو گوایە شتەکانی تیایە ئەچو پریاسکەکەی ئەدا بەکۆڵیاو ئەیگوت وا ئەڕۆم بەڵام شەوە ناوێرم ئیتر خاڵم زۆرپێی پێ‌ئەکەنی بەخۆیو پریاسکەکەی دوایی پەلاماری ئەداو ماچی ئەکردو ئەیگرتە باوەشیو ئەیگوت نەنە مەڕۆرەوە قەیناکە ئەهێڵین لێرە بیت خاڵم زۆر بە خۆیو پریاسکەکەی پێ ئەکەنیو ڕێسان زۆر قسەی خۆشی ئەکردو خرپنێکی قەڵەو بوو هەروەها باوکیشمی زۆر خۆشەویستو ئەگریا بە دوایا کە ئەڕۆیشتەوە ماڵی خۆی. بۆیە خاڵم وای پێ ئەگوت.

لەو زروفو وەزعە نالەبارەدا بووین کە ئەو ئێوارەیە ماڵی حازم بەگ شەمزین ئاغا هاتبوون بۆ ماڵی ئێمە حازم بەگ ژنەکەی ناوی (سەنیە خان) بوو دایکی خەڵکی مووسڵ بووو باوکی کورد بوو سەنیە خان خوشکی سامی فەتاح بوو کە لەزەمانی مەلیکدا بوو. کچەکەشی هاوتەمەنی من بوو ناوی (هەدار) بوو بەڵام وابزانم هەندێ لەمن گەورەتر بوو وەکو دایکم ئەڵێت هەرچۆنێك بێت عومرمان حەوت ساڵان بوو چونکە من تازە ناویان نووسی بووم بۆ مەکتەب بەڵام هەدار لەمەکتەب بوو لەسنفی یەك بوو. ئەو ئێوارەیە ئیتر لەگەڵ هەدار لەحەوشەکە ڕامان ئەکردو یاریمان ئەکرد کە لەپڕ زریکاندیو گوتی وای (شوکریە)مان بۆ هات. منیش قیڕاندمو ڕام کرد شوکریەی بەسەزمان ئەیانگوت کە پێش ئێمە لەم خانووەی ئێمەدا بوون باوکی مودیر المال بوو چەند کچێکی هەبوو یەکێکیان نەخۆش کەوتبوو مردبوو لەو خانووەدا

دوایی ڕۆیشتبوون خانووەکە خۆشو تازە بوو لەسەر جادەبوو جۆگە ئـاوێکی زۆر گەورە کە لەچەمی خاپوور جیا ئەبووەوە بەبەردەمیا تێ ئەپەڕی بەرامبەریشمان هــەمووی ڕەزو بــاخی زۆر جــوان بــوون ســەرووترمان مــاڵی حــاجی ئاغــای گێرەشێوێن بــوو خوارتریــشمان مــاڵی قائیمقــامو دکتــۆر بــوو. بۆیــە بەپەلــە هاتبووینە ئەوێ چونکە خانووی خۆمان کە لەلای گەڕەکی گاوران بــوو لەســەر بەرزاییێکی زۆر خۆش بوو کە ئەیڕوانیە سەر چەمە زلەکەی خــاپوور ڕێگــایێکی باریکی لەبەردەم بوو نازانم چۆن خەڵك ئــەیانوێرا بەوێــدا هاتوچــۆ بکــەن زۆر ترسی هەبوو من بەباشی بیرم دێتو لەوێ دابوو کــە هــاتن خاڵــە هــەمزەمیان گرتو من ئەم قیڕاندو ئەمگوت نــابێ بیبــەن ئینجــا ئــەو خــانووە خۆشــەمان کەوتەبەر جادەو کردیان بەشەقام کە ئوتۆمبێلی پیادا تێ ئەپەڕێت بۆ ناو زاخۆ (گوندك) .

بەڵام من هەر ئەوەنــدەم لــەبیرە کــە چــووبووینە ئــەو خــانووەی تــرەوە کــە شوکریەی تیا مردبوو. ئینجا هەدار بۆ وای گوتبوو چونکە ئێوارەبوو ژوورێکــی پڕدارمان بۆ بەکارهاتنی زستان هەبوو دەرگای کرابووەوە یەکێ لەحەمام یاخود سەرشۆرك، زاخۆو بادینان سەرشۆرکیان هەبوو حەزیان لەحەمامی گەرم نەبوو بیرم دێت لەشوێنێك دایکم وابزانم مووسڵ بوو برابوو بۆ حەمامی گەرم کەچــی بوورابووەوە.

بێینە سەرباسی ژووری دار یەکێ ســەری شــتبوو لفکەکــەی بەچــڵێ لــەو دارەوە هەڵواسیبوو تاوەکو وشك بێتەوە. جگە لەخــەڵکی شارســتانی دێهــاتیو کۆچەریش زۆر ئەهات بۆ لامان. بۆیە (هەدار) ویستی فێڵم لێ بکــات چــونکە شەیتانو زۆرزان بــوو وا قیژانــدیو ئیــشارەتی لیفکەکــەی بــۆ کــردمو گــوتی

شوکریەمان بۆ هات منیش قیڕاندم ڕام کردە ژووریّ لای میوانەکانو نەنکمو دایکمو ئەوان هەموو ڕاپەڕینو گوتیان چیە چونکە زۆر تێکچووبووم گوتم هەدار گوتی شوکریەمان بۆهات. سەنیە خانی دایکی بانگی کردو تووڕەبووو هەرچەندە دڵیان دامەوەو نەنکم ختمیە باوەشیەوەو خەریکم بوو، بەڵام فایدەی نەبوو هەر ئەو شەوە تام لێهات ئیتر نازانم لەبەر ئەو ترسە بوو یاخود چی تر بوو، چونکە شەو تام لیّ هات ئیتر ئەو سەرەی دام ناو تووشی تیفۆئید بووم بۆ چل شەوو چل ڕۆژ بیّ هۆش بووم دکتۆرێکی سووری دراوسێمان بوو دوو سیّ کچی جوانکەلەی هەبووو، ناوی دکتۆر فەرید بوو ئەو دکتۆرە ڕۆژی دووجار ئەهات بۆلام دیارە وەکو دایکمو ئەوان ئەیانگوت. سەیری ئەکردمو شتی پێویستی بۆ ئەکردمو لەگەڵ خاڵە محەمەدم قسەیان ئەکرد دوایی ئەچووەوە ماڵی خۆی. نزیکی چل ڕۆژ دکتۆر بە دزی دایکمو نەنکمو ئەوانەوە بە خاڵمی گوتبوو کە لەم چەند سەعاتەی ئیمڕۆ سبەینیّ یا دێتەوە هۆش یا ئەمرێت دکتۆرەکە زۆر دڵی لەلام بوو چونکە دراوسێمان بوو لەگەڵ کچەکانی پێکەوە زۆرجار ئەیبینیم کە یاریمان ئەکرد.

کە دکتۆر فەرید وای بە خاڵم گوتبوو کە لەم چەند سەعاتەدا یا بەهۆشی دێنم یا تەواو ئیتر ئەمرێت. خاڵم ئەکەوێتە مەراقێکی زۆرەوە بیّ ئەوەی کەس بزانێت لەخۆیو دکتۆر زیاتر ئەو شەوە خاڵم ئارامی لیّ هەڵەگیرێتو لەژوورەکەی خۆی هەر پیاسە ئەکاتو جارجار ئەچێتە ناو جێگاکەیەوە دێتەوە دەریّ ئیتر ماندوو ئەبێت خۆشی نازانێت کە چۆن چاوی ئەچێتە خەو.

منیش هەر لەعەینی حاڵدا ئەبمو لەدەوری جێگاکەم نەنکمو دایکمو مامۆو نەنە کە دایکی نەنکمە بە دانیشتنەوە هەندیّ بەپاڵ کەوتنەوە ئێشک

ئەگرن‌و بە دیارمەوە ئەبن کە بەهۆش دێمەوە ئێستەش لەبیرمە هەروەك لـەناو بیرێکی قوولّدا بووبم دەمم جولاّندەوەو بە دەنگێکی زۆر بێ تینــەوەو ئەســپایی‌و پچڕ پچڕ گوتم: (ئۆدا ئاڤێ) بە بادینی. مامۆ پوورە هەلّکەوتووەکەی دایکم کە گوێی لەم دەنگە ئەبێت‌و ئەحەپەسێت‌و لەدڵی خۆیدا ئەڵێت: تۆ بلّێیت خـەوم دیبێ کەچی جارێکی تریش وا بانگ ئەکەم ئیتر مــامۆ پـەلاماری هــەموویان ئەدات‌و ئەڵێت کچێ هەستن (ساجدە) داوای ئاو ئەکات.

نەنە ڕائەپەڕێت‌و ڕائەکاتە دەرێ‌و یەکسەر بۆ سەر ژووری خالّـە محەمــەدم. دونیا سارد‌و زستان کاتیش نزیکـی ســەعات چـواری بەرەبــەیان ئـەبێت نەنـە لەدەرگای خالّم ئەدات بەپەلە بانگ ئـەکات محەمــەد محەمــەد هەســتە. خـالّم فەقیرە ڕائەپەڕێت بە شڵەژاوی‌و لەدڵی خۆیدا ئەڵێت ئەرێ والله (چاچان) مــرد خالّم بەو ناوە بانگی ئەکردم. تا ئەگاتە لای دەرگا نەنە لــەو دیــوەوە ئــەقیڕێنێ ئەڵێت محەمەد ســاجدە قــسەی کــرد‌و داوای ئــاوی کــرد ئــیتر خــالّم ئــەقیڕێنێ بەسەریاو توورە ئەبێت‌و ئەڵێت خوا بتگرێ منت ترساند زراوت بــردم وامزانــی شتێکی لێ هاتبووە. ئیتر هەموو زۆر دلّیان خۆش ئەبێت‌و ئەیکەن بەهەرا.

بیرم دێت وەك هەیکەلی ئێسقانم لێ هاتبوو بەینێکی زۆر قاچم نەبوو دایکم یا نەنە ئەیانگرتمە کۆلّ‌و ئەیانبردمە حەوشەکە ئەگــەر ڕۆژەکــە هــەتاوو خــۆش بووایە.

پرچم هەمووی هەلّوەری‌و بەســەرینەکانەوە مــان ســەرم رووت رووت بــوو، بەلاّم وردە وردە لەبنەوە دەرچووەوە نەنکم‌و دایکم‌و ئەوان ئەترسان ئەو پرچــە پــڕە خورماییە جوانە ئیتر نەیەتەوەو ئەگەر هاتیشەوە بەکەمی‌و تەنکی بێــت بــەلاّم

بەپێچەوانەوە ئەوەندە چرو پرو هاتەوە کە بەڕاستی ئەو پرچە هەمیشە تەگەرەی بۆ دروست ئەکردم.

هێشتا پرچم بەحاڵ دەرچووبوو هەروەکو پرچو سەری تازە تاشراوی کوڕ وابوو خەبەر هات کە خاڵە محەمەدم گەڕایەوە شوێنەکەی و نەجمەو ئەستێرەکەی درایەوە بەڵام نەوەکو جاران لە معسکرو فرقەو ئەو شوێنانەی کە لێی بوو کرا بەزابت تەجنیدو فڕێیان دایە قەزای عفك سەر بە دیوانیە یا راستر سەحرای عفك چونکە عفك لایەکی بیابان بوو لایەکیشی نزیك چەمەکەو سەوزەو خورماو ڕەزو باخ بوون زۆر شوێنێکی سەرسوڕهێن بوو.

نەنکم و خێزانەکەمان کەوتنە خۆ کۆکردنەوە کە بچن بۆ عفك. هەروەها بەبێ دەنگی ئەو خەبەرەشمان بۆ هات کە خاڵە هەمزەم توانیوویەتی خۆی بگەیەنێتە کەرکوك بۆ لای جەنابی سەید ئەحمەدی خانقاە کاتێ کە بەریاندابوو. ئەویش بە دڵو پیاوانە گرتوویەتە خۆی و شاردویەتەوە لەخانەقاە دوایش ناردوویەتی بۆ دێهاتەکانی خۆی. جاران کە یەکێ ئەچوو بۆ سەفەرو شارێکی تر هەروەك بچوایە بۆ ئاخری دونیاو ئیتر تەواو. بیرمە ماڵی ئێمە شتی ناوماڵیان هی زیادە هەموویان دابەش کرد بەسەر خەڵك و ئاشنادا تاوەکو تاقمی قەنەفەی ژووری میوان درا بە حاجی ئاغا چونکە بەناو هاوڕێ و ڕەفیقی خاڵە محەمەدم بوو. کەوتنە ناو مس و مەنجەڵی مس و مەنجەڵی گەورەی ساوەر کولاندن هەموویان فرۆشت سەتڵو جامێکی مسی جوان و پیاڵەو بەر سەماوەر ئەوەیان لەگەڵ خۆیان برد بۆ زانین نەنکم زۆر حەزی لەسەماوەرو پیاڵەو شتی بەرسەماوەر بوو تاوەکو ماڵمان هەبوو لەخوارووی عێراق و ئێمەش گەورەبووین تاوەکو ١٩٧٤یش ئەو شتانە هەر مابوون لەبەر نەنکم زۆر خۆشەویست بوون

لەلام بەڵام کە لـەو بـەینو سـاڵە چـووین بـۆ شـاخو دیـسان زروفـی کـوردو حکومەت تێکچوو ماڵەکەمان بەجێ هێشت لەبەغدا ئـەو جـامو سـەتلە لـە ماڵەکەدا بەجێ مان.

خـزمو دراوسـێو ئاشـنا ئـەتگوت ئەچـین بـۆ جزیـرەی واق واق ئەوەنـدە کردبوویان بەگریانو هەرا لەگەڵ ماڵی ئێمە. کەچی ئێستە لەم کاتو زەمانـە خەڵك بە چەند سەعاتێك ئەچێت بۆ ئەمریکاو ئەشگەڕێتەوە.

هەرچۆنێك بوو لەمووسڵ لەماڵی پوورم بووین خوشکی دایکم کـە شـوی کردبوو بە پوورزاکەیو لەوێ ئەژیانو مێردەکەی لەوێ ئیشی ئـەکردو منـاڵی هەبوو حسێن کە بێجگە لەپوورزا براشمە چونکە هەردووکمان شـیری ژنێکمـان خواردووە ناوی خەمێ بوو ئەویش لەئاشناو هاوولاتی ماڵی نەنکم بوو. بێجگـە لە حسێن دوو کچیشی هەبوو خەدیجەو صـبیحە هـەمووی نـاوی مووسـلاوین. نەنکم سەرەتای نەخۆشی بوو لـە خەفـەتی خاڵـە هـەمزەم هـەر ئـەگریاو زۆر خەفەتی بۆ ئەخواردو دڵی لەلابوو. هەروەها ئەو نەخۆشیە قورسەی منیش چـل ڕۆژ بەبێ هۆشی ئەویش زۆر کاری تێ کردبوو ئیتر نەخۆش کەوت جگە لـەوەش مامۆش هەندێ نەخۆش کەوت چاوی خەریك بوو کـز ئـەبوو لەبەرئـەوە مـامۆ بەجێ ما لەماڵی پوورە فاتمە کە مێردەکەشی مەلا سمایـل خوشـکەزای مـامۆ بوو.

مامۆ بۆیە مایەوە لەوێ لەبەر چوونە سەر دکتۆر بۆ چارەسەری چـاوەکانی چونکە مووسڵ زۆر پێشکەوتوو و گەورە بوو چـەندەها جـۆر دکتـۆری گـەورەی باشی بە ناوبانگی تیابوو جگە لەوە کە هەموو شارەزای مووسـڵ بـوون لەبـەر ئەوەی بەشی هەرە زۆری کات ماڵمان لەمووسڵ بوو.

بیرم نیە بەچی گەیشتینە بەغدا وابزانم بەشەمەنەفەر لەبەغداش بۆ دیوانیە بەشەمەنەفەرو لەدیوانیەش بە ئۆتۆمبێل بۆ عفك.

خاڵمو پوورزایەکی زووتر چووبوونو ماڵو خانوویان بۆ ئامادە کردبووینو هاتبوون بەپیرمانەوە لەبەغداو دیوانیە.

عفك قەزاییێکی بچووك بوو خەڵکەکەی هەموو شیعە بوونو زۆر ئینسانی باش بوونو زۆر ئێمەیان خۆشەویست بە تایبەتی کە زانیان کوردینو حکومەت ناحەزە بەرامبەرمانو هەروەك جەزاو هەق لێ کردنەوە خاڵمیان ناردووە بۆ ئەوێ بۆیە هەموو بە دەوری خاڵما هاتن تاوەکو کابرای خاوەن ڕیزە خانووی تازە کە بۆ مەئموورەکان دروست کرابوون کە ئەویش دکتۆرو معاونی شورتەو ئێمەی تێدا بووینو لەسەرووی شارەوە دروست کرابوون لەبەرامبەر چەمەکەو ئەوبەر چەمەکەشی نادی مەئموورەکان بوو پشتی خانووەکان خانی گەنمو جۆو ئەو شتانەی خاوەن خانووەکان بوو. کابرا کەناوی (صلف) بوو خانەکەشی پێیان ئەگوت (سیف)و هەمیشە پڕ بوو لەحوشترو بەحوشتر کارەکانیان ئەکرد ئێمەشو منالی ئەو ناوە دائیم بە دیار حوشترەوە بووین لەبەرئەوەی حسابی جیایان بۆ ئێمە ئەکرد صلف لەتەنیشت ئەو سێ خانووە خانووێکی گەورەی خۆشی بۆ دروست کردین. لەسەر داخوازی ئێمەش ژوورو ئەو شتانەی دروست کردو سەربانێکی زۆر خۆشی لەدوسێ لاوە بالکۆنی گەورەو خۆشی لێ دروست کرد. سەرو ماڵەکەشمان ئیتر بە باخی خورما دەستی پێ ئەکرد.

ماڵی قایمقامو مەئمووری ترو خەستەخانە لەوبەری ئاوەکەو لەدەستپێکردنی شارەکە بوو وابزانم هەر ساڵێك بوو لەوێ بووین کە نەنکە خۆشەویستەکەم ئەمری خوای کرد لەحەسرەتو داخی خاڵە هەمزەم ئەوەندە زوو

ئەمری خوای کرد کە هێشتا لەخانووە کۆنەکە دابووین‌و خانووە تازەکـە تـەواو نەبووبوو بە مردنی نەنکم زۆر دڵتەنگ‌و چاو بەفرمێسك بووین بەتایبەتی مـن چونکە ئەو بەخێوی کردبووم پەیوەندیمان لەگەڵ یەك بێ وێنەبوو هـەر بـانگی ئەوم ئەکرد (ئۆدا) ئەو شەوەی ئەمری خوای کرد دەسڕو نەقش‌و دەزووی سەوزو سوری من لەژێر سەرینەکەیا بوو بـەو منالیـە کـە فێـری ئـەکردم خـۆی زۆر هونەرمەند بوو لەچنینی دانتێل‌و (ئۆیە) و سەرمێزو ئەو شـتانە. خوێنـدەوار بوو کە ئەهاتمەوە لەمەکتەب دایئەنام لای خۆی فێری خوێندن‌و دەرسی ئەکردم. زۆر دیمەنی سەیربوو دایکم نەخوێندەوار دایکی خوێندەوار. نـەنکم زۆر جـوان‌و هەڵکەوتوو بوو. بە تایبەتی کەلەخەفەتی خاڵە هەمزەشم‌و بە حەسرەت بینینی ئەو مرد. ئیتر ئازاری مردنەکەی ئەوەنەی تری چووە سەر. بە مردنی نـەنکم زۆر پەشۆکاین بەڵام خەڵکی عفکی پیاوو مـەرد شـەوو ڕۆژ بـە دیارمانـەوە بـوون خزمەتیان ئەکردین لەبیرمە هەمیشە دوو قۆری گـوڵی بـەیبوون‌و ئـەو جـۆرە شتانەیان لەسەر ئاگربوو ئەیانکوڵاندو بە زۆر ئەیاندا بە دایکم‌و نەنەو ئێمەش کە بیخۆینەوە تاوەکو هەندێ بێینەوە سەر خۆمان هەر ئاگامان لەنان خواردن‌و چێشت نەبوو هەمووی ئەوان بە لێشاو ئەیانهێناو ئەیانـدا بـە خـەڵك دوایـش ماڵەکەیان بۆ ئەکردین بە گوڵ. بەڕاستی قـەت ئـەو خەڵکـە باشـەمان لـەبیر ناچنەوە.

چەند ڕۆژێك بەسەر مردنی نەنکما تێپەڕی کە مامۆ لەموسڵەوە گەیشتە لامان زۆر بەبێ حاڵی‌و شپرزەیی لەتاو نەنکم هـەروەها نەنکیـشم زۆرجـار کـە ئەچووم بەسەرا چاوی خۆی ئەسڕیەوە لەبەر گریان. من ناڕەحەت ئـەبووم بـۆی‌و پەلامارم ئەداو ئەمگوت: چییە (ئۆدا) دیسان بۆ خاڵم ئەگری؟ ئـەیگوت واللە

زۆر بیری (مریەما) ئەکەم بە مامۆی ئەگوت (مریەما) یەعنی مریەم. بەلاَم بە داخەوە ئەویشی نەدیەوە مامۆ سندووقێکی هەبوو لەدار دروست کرابوو قفڵو کلیلیشی پێوەبوو هەموو شتە خۆشەویستو نازدارەکانی لەو سندووقەدا بوو سندووقەکە گەورەبوو بەقەد جانتایەکی سەفەری ناوەندی بوو. ڕێگای بەینی دیوانیەو عفك زۆر بیابان بوو لەبەرئەوەی شەمەنەفەر ئێواران ئەگەیشتە دیوانیە لەبەغداوە. بۆیە شەو بەڕێوە ئەبوو ئەو کەسەی ئەهات بۆ عفك مامۆش کەچووبوون بەپیریەوە پوورزاکەی دایکم صالحی ناوبوو برایێکی زۆر دڵسۆزی کەم وێنەبوو بۆ ئێمەو هەر لەمناڵیەوەو لەمەکتەب هاتەدەریۆو مەکتەبی تەواو نەکرد لەبەر خاڵمو ئێمەو بەدیارمانەوە بوو لەعفكو دیوانیەو ئەو ناوانە بۆیە مامۆ صالحی لەگەڵ بوو کە ئەهاتن بەرەو عفك بە ئۆتۆمبێل. کابرایەك ناوی (فلەییح) بوو ئۆتۆمبێلێکی تازەی کڕیبوو. ئۆتۆمبێلچی بوو دووسێ ئۆتۆمبێلی تریشی هەبوو خەڵکی لەسەر بوو وەکو تاکسی ئیشی پێ ئەکردن بەلاَم ئۆتۆمبێلە تازەکەی مەئموورەکان هاتوچۆیان پێ ئەکرد بۆ دیوانیەو شارانی تر بەکرێ ئینجا زۆرتری (فلەییح) وەك ئۆتۆمبێلچی خاڵە محەمەدی لێهاتبوو چونکە خاڵە محەمەدم ڕۆژانی جومعان ئەچوو بۆ ڕاوەئاسك لەوێ ئاسك زۆر بوون ئینجا کە ئەچوو بە ئۆتۆمبێلی (فلەییح) ئەچوو هەروەها دووسێ هاوڕێی لەدیوانیەشەوە ئەهاتن بۆلایو پێکەوە ئەچوون بیرم دێت ڕەفیقێکی موهەندیسی هەبوو دوو سێ کچیشی هەبوو حاڵیشی باش بوو چونکە ئۆتۆمبێلی هەبوو خۆی لێی ئەخوڕی هەرچەندە زۆر قەڵەویش بوو لەگەڵ ئەو مالەمهندیسە زۆر هاتوچۆی یەکتریمان ئەکرد ماڵی ئەوان ئەهاتن بۆ لامان بۆ عفك ئێمەش ئەچووینە لای ئەوان بۆ دیوانیە بۆ جلو شت کڕین.

مامۆ کە ئەو شەوە کەوتبووە ڕێ بە ئۆتۆمبێلی (فلەییح) دیارە شتی زۆر پێ بوو بۆمان وەکو پەنیری کوردستانو ساوەرو زەخیرە جاران جێگای بەستنی کەلو پەل هەبوو لەسەر پشتی ئۆتۆمبێلو سەر سندووقی پشتیش بۆیە وا دیارە ئەو سندووقە جوانە دارەی مامۆ لەو شوێنانە بەسترابوو بۆچی لەڕێگا لەئۆتۆمبێل بەرنابێتو ناکەوێتە خوارەوەی بێ ئەوەی ئاگایان لێ بێت.کە ئەگەنە ماڵەوەو کەلو پەل دائەگرن سندووقی دار نیە. مامۆ ئەگەرچی تا بەینێك لەتاو ئێمەو نەنکمو گریانو بەزم کەس هۆشی نەبوو بڵێت کوا سندووقە بۆرین ئاخری کە چوون بەلای شتەکانەوە مامۆ گوتی کوا سندووقەکەم. ئیتر کردی بەهەرا لەصالحو لەئۆتۆمبێلچیو بەو شەوە خالم گوتی ئێستە ئەبێ بچنەوە بۆی بێننو بیدۆزنەوە. چونکە خالم ئەیزانی مامۆ چی لێ دێت لەبەر کەلو پەلی ناو ئەو سندووقەی کە زۆری شتی کۆنو ڕەسمو وێنەی کۆنو قورئانو تەسبیحی زۆر نایابو کۆنی چەند ساڵەبوون. ئاخری بوو بە ڕۆژو چوونەوە بەو ڕێگایەدا سندووق دۆزایەوە بەربووبووەوەو کەوتبوو لەئۆتۆمبێلەکەو لاییکی عەزیەتی پێگەیشتبوو شکابوو کەل وپەلی مامۆ بەوناوەدا لەناو ئەو خۆڵو زیخی بیابانا بڵاوببوونەوە هەموویان دۆزرانەوە چونکە هێشتا هیچ ئۆتۆمبێلێك بەوێدا تێنەپەڕیبوو. بەڵام تەسبیحە نازدارەکەی مامۆ پچڕابوو دەنك دەنك دۆزیبوویانەوەو چەند دەنکێکیشی نەدۆزابووەوە بۆیان. داخی ئەو تەسبیحە لەدڵی من دایە تاوەکو مردن من هەر ئاخی بۆ هەڵەکێشم تەسبیحەکە دار بوو دارێکی وا نایاب بوو ئەتگوت لەشووشە دروست کراوە کە مامۆ لەناو لەپیا هەڵیەگلۆفی یەك بۆنی مسكو عەنبەری لێ بڵاوئەبووەوە لەداری عود دروست کرابوو لەزۆر منالییەوە ئاشناییم هەبوو لەگەڵ ئەو تەسبیحە جوانەی کە

تێکرا‌و هەمیشە بە دەست مامۆوە بوو لەدواییا کە گەورەبووم‌و بووم بەسیانزە چواردە ساڵ مامۆ پێی ئەگوتم ئەم قورئانە خۆشەویستەم‌و ئەم تەسبیحە نازدارەم ئەدەم بە تۆ کە گەورەبووی‌و من مردم چونکە زۆر بڕوام بە تۆیەو تۆ زۆر پاک‌و تەمیزو هێمنی دڵنیا ئەبم کە تۆ ئاگات لێیان ئەبێت‌و ئەیانپارێزی. ئیتر پێش مردنی دایمێ مامۆم خۆش ئەویست‌و بەشەخسێکی زۆر مەعروفی ئەفسانەیی ئەهاتە بەرچاوم زۆر بۆی گریام. ئێستەش قورئانەکەی هەر لەلامەو زۆر بەنازداری ئاگام لێیەتی کە چاوم پێ ئەکەوێت دڵنیایی‌و خۆشێکی زۆر ئەچێتە دڵمەوە بەڵام داخی گرانم تەسبیحەکە تاوەکو ١٩٥٦ لەلام بوو شتێکی خۆشەویست‌و هەرە گران‌و بەبەهای من بوو. لەکەرکوك بووین شووم کرد بوو خاوەن ماڵ‌و مناڵ بووم. ئەمجارە لەبەر باوکی هێرۆی خۆشەویستم حکومەت دەوری دابووین‌و زوو زوو ئەهاتنە سەرمان بۆ ماڵ پشکنین بۆ گرتن‌و زیندانی. لەو کاتەدا کە دیسان حکومەتی بەدناوی دوابڕاوی ئەوکاتە هاتبوونە ماڵەکەمان ئەگەڕان‌و باوکی هێرۆ گیرابوو سەماوەرەکەی نەنکم کە ئەویش یادگارێکی عەزیز بوو لەسەر دڵم لەتاقی ژوورەکەم بوو منیش تەسبیحەکەم هەڵگرت لەپەلەپەل‌و شپرزەییا خستمە ناو سەماوەرەکەوە چونکە زۆرجار کاغەزو شتی قەدەغەشمان بەپەلەفڕێ ئەدایە ناوی دیارە کاغەزێ شتێکم بەدەستەوەبوو ئەوکاتە چونکە ئەوجۆرە کاغەزانەمان فڕێ ئەدایە ئەو شوێنانەی وەکو مەنجەڵ‌و سەماوەرو ئەو شتانەوە ئیتر ئەوەبوو تەسبیحم خستە ناوی‌و لەشڵەژان‌و نارەحەتی‌و بەزمی ماڵ پشکنین‌و ئیتر بیرم چوو کە زوو دەری بێنمەوە چونکە دائم لەژێر سەرم بوو لەنزیکم بوو.

دوای دوو سێ رۆژ من ئەچم بۆ سەفەر یا چی ئـەبێت بەباشـی بـیرم نیـە بەڵام ئەوەم لەبیرەو تامردن لەدڵم دەرناچێت کە دایکـم چـووبوو سـەماوەرەکەی دابوو بە ماڵی خاڵە هەمزەم بێ ئـەوەی بزانێـت تەسـبیحەکەمی تێدایـەو یـا سەیرێکی بکات بۆیە تەسبیحەکەم ڕۆیشتو چوو نەمزانی چـی لێهـاتو کـێ بردی دوایی زانیم ئەویش دوای چەندەها ساڵ لـەدوای چـەند جـار دەربـەدەریو گەڕانەوەو ماڵ دانانو بەجێ هێشتنو ڕاکردن لەدەست حکومـەت کـە دابوویـان بە پیاوێکی خزمان لەزاخۆو هەرنەشی زانیبوو کەئەوە چیەو کەچەند بە نـرخو خۆشەویستە لەلام. ئێستەش لەدوای ئـەو هـەموو سـاڵانە کەدێتـە بـیرم بـۆی ئەگریم.

بەهاتنی مامۆ بۆ لامان بۆ عفك هەندێ دڵمان کرایەوەو ئـارام بووینـەوە. مامۆ قسەی گەلێ خۆش بوو گەلێ قسەی نەستەقی هـەبوو ئـەیزانیو ئینـسان کەلەلای دائەنیشت چەند دڵتەنگ بووایە. دڵی ئەکرایـەوەو گـورج ورەی بـەرز ئەبووەوەو ئەگۆڕاو بڕوای بـەخۆی ئـەکرد. مـامۆ زۆر گاڵتەچـی بـوو خـەڵکی ئەهێنایە پێکەنین. لەدوای نەمانی نەنکمو گەڕانەوەی بۆ لامـان بـۆ عفـك زۆر پێوەی نووساومو تێکڕا لەگەڵی ئـەبوومو گـوێم لەقـسە خۆشـەکانی ئـەگرتو سەرم ئـەکردە سـەری کـە حەکایـەتو چیرۆکم بـۆ بڵێـت. ئێـستە زۆری ئـەو چیرۆکانەم لەبیرەو هەنـدێکیان پاڵەوانـەکانیان گـۆرانی ئـەڵێن ئینجـا مـامۆ گۆرانیەکەی بۆ ئەگوتم دەنگیشی زۆر بەسۆزو خۆش بوو تێکڕا دایکمو خاڵەکانم دەنگیان زۆر خۆشبوو ئێستەش دایکم کە گۆرانی ئـەڵێت نـاتوانم خـۆم بگـرمو ئەگریم. وابزانم منیشو ڕێسانی خوشکیشم چووینەتە سەریان دەنگمان هەنـدێ خۆشە لەمەکتەب کاتی خـۆی لـەڕۆژی پێـنج شـەممە بـۆ (تحیـة العلـم) مـن

سرودەکەم ئەخوێندەوە. زۆرجار بیر لەچیرۆکەکانی مامۆ ئەکەمەوەو ئەڵێم بۆچی بۆ منالآنی نەنووسم؟ دیارە چیرۆکەکانی لەجۆرە کۆنەکانی کە فۆلکلۆری کوردی بوون کە چین بۆ چین بەردەوام ئەبێت من خۆم چیرۆکەکانی مامۆم بۆ منالەکانی خۆمم ئەگێڕایەوە هەروەها دایکیشم چیرۆکی بۆ ئەگێڕانەوەو گۆرانیەکانیشی بۆ ئەگوتن. هەروەها بۆ نەوەکانیشم ئەو چیرۆکانەم گێڕاوەتەوە.

پێنج شەش ساڵ لەعفك ماینەوە چەندەها قائیمقامو مەئموور هاتنو ڕۆیشتنو گوێزرانەوە بەڵام ئێمە هەر لەجێی خۆمان ماینەوە بەبێ گۆڕینو گواستنەوە بۆ شارێکی تر بە جۆرێك کە زۆر زۆر بێزار بووبووین چونکە عفك قەزایەکی بچووکی دواکەوتوو بوو لەهەموو ڕابواردنو خۆشییەكو چوونە سینەماو گەڕانێك ئەبوو شەوو ڕۆژ ئاگامان لە تەقەو یەکتر کوشتنی خەڵکی ئەوێ بوایە کە جاری وا هەبوو لەسەر بستێ ئەرز یا کامیان زیاتر ئاوەکەی بەرداوەتە سەر زەراعەتو ڕەزو باخەکانی ئیتر شەو ئەوە حاڵیان بوو. دوای ئۆتۆمبێلی پۆلیس ئەکەوتە ڕێو تەرمی کوژراوەکانی ئەهێناو ئەوانەی ڕاشیان کردبوو بەکەلەپچەوە ئەخرانە ئۆتۆمبێلی ترەوەو ئەهێنران بۆ زیندانی ناو سەرا. کە تەرمەکان ئەگەیشتن هەرچی منالە وردکە هەیە کۆئەبوونەوەو ئەچوون بۆ سەیری دیارە منو ڕەفیقەکانمو خوشکم لەگەڵیان ئیتر دەوری ئەو تەرمە کوژراوەمان ئەدا تاوەکو دکتۆر سەیری ئەکردو پۆلیس (طبع اصابع)ی ئەگرت جاری واش هەبوو لەکاتێکا تەرمەکان ئەگەیشتن کە (مستوصف) داخرابوو بۆیە تەرمەکان لەبەردەرکی ماڵی دکتۆر دائەبەزێنرانو هەروا هەڵیان ئەدانە سەر ئەو ئەرزە. جاری وا هەبوو تا تەرمەکان ئەگەیشتن ئەئاوسان کەچی بەو حاڵەو بەو دیمەنە ترسەوە ئێمە کۆئەبووینەوەو سەیرمان

ئەکردن. جگە لەوەش بەڕۆژیش مردویان ئەهێنایە سەر چەمەکە بۆ شتن. ئەگەر پارەدار بوایە لەشوێنێکی تر ئەشۆراو ئەخرایە سندووقی دارەوەو ئەگـەر فـەقیر بوایەو لەدانیشتووی کوخەکان بوایە کـە زۆری عفـك هـەر کـوخ بـوون ئـەوە ئەهێنرانە سەر چەمەکە ئەشۆرانو ئەخرانە ناو پەڕۆی سـپیو لـەناو حەسـیراو لول ئەدرانو پارەی بۆ کۆئەکرایەوەو ئەبرا بۆ نەجـەف جـاری وا هـەبوو پێیـان ئەگوت (ئامانەت) گوایە بە ئامانەت ئەخرایە قەبرێکەوە دوایی کە پارەیان بۆ کۆئەکردەوە ئەبرانە نەجف لەگەڵ ئەوەشا کە نـەجف ئەوەنـدە دوور نـەبوو کـە پارەی زۆری بویستایە بەڵام نازانم بۆچی وایان ئەکرد. بۆیـە هـەموو ڕابـواردنی عفك سەیری مردوو و کوژراوو محرمو لەخۆدانو تەعزیەو خۆکوشتنی محرم بـوو کە بەلای ئێمەوە زۆر ترسناكو دڵ تەنگکەر بوو چونکە نەمانـدیبوو هـەمووی هەر جلی ڕەش بوو تاوەکو منالـەکانیش هـەر ڕەشو عەبابەسـەر بـوون بـەڵام ئێمەو کچە مأموری تر وەکو خۆمان بووینو کەس هەقی نەبوو بەسـەرمانەوە. جلی مۆدەی کورتو قۆڵ کورتو سەر ڕووت. دیارە منـاڵ بـووین بـەڵام تـاوەکو منــاڵی عــومری ئێمــەش دەو یــانزە ســاڵ رۆب یــان عەبابەســەر بــوون. عەباکانیشیان بەنو خوری بوو هی عادیشیان هەبوو.

عفك ئەلەکتریکی نەبوو ئەوکاتە بەڵام چرا هەڵەواسرا بۆ شەو بە درێـژایی چەمەکەی لەبەردەمی ماڵکەمان دارچرا هەبوو هەروەك دار ئەلەکتریکی ئێستا ئێواران پیاوێك ئەهات بەتەنەکە نەوتـەوە یەکەیەکـە شوشـەی چـراکانی پـاك ئەکردەوەو نەوتی تێ ئەکردنو ئەیخستنە سەر دارەکـە کـە وەکـو قووتوویـەکی شووشە بوو سەرەکەی جـێ چـراکە بـوو ئینجـا دەرکـی قووتـووە شووشـەکەی دائەخستو ئەچووە ئەویتریان من ئەوکارەم زۆر زۆر لاخۆش بوو چاوەڕێی ئێوارانم

ئەکرد کە پیاوەکە بێتو لەسەر عەرەبانەیێکی دەستی نەوتو شتەکانی دائـەنا پیاوەکـە پیرەمێردێکـی زۆر بەهیمـەتو گـورجو گـۆڵ بـوو ڕائەوەسـتام کـە ئەگەیشتە نزیك ماڵەکەمان ئەچووم خواردنو شتم بۆ ئەهێنا بۆیە زۆری ئێمـە خۆشەویست. تـاوەکو ئێـستە ئـەو دیمـەنی چـراو فانۆسـەکانی ئـەو ئێوارانـە جوانترینو دڵگیرترین دیمەنن لەلام ئێواران لەسەر ئەو چـەمە جـاری وا هـەبوو بارانیش ئەباری کە زستان ئەبوو. ئەگەر وێنەکێش بوومایـە زۆرم لـەو دیمـەنو تابلۆیانەم دروست ئـەکردو ئەکێـشا بـەڵام وێنـەکێش دەرنەچـووم منالـّەکانم هەندێکیان یەکجار وێنەکێشی هونەرمەندن بەتایبەتی هەڵۆو هاوڕێی کـوڕمو شانازو هێڤی کچم.

ئێستەش ئەگەر لەشوێنێك چراێکی نەوتی ببینم حەزی لێ ئەکەمو ئەگەر هی فرۆشتن بێت ئەیکڕم. ئێستە جێ مـۆمێکی زەردی قورسـی کـۆنی مـۆمم هەیە کە قۆری چای لەسەر دەم ئەدەم لەلەندن ئێوارانی زستان کە دونیا هەورو تاریکە مۆمەکـەمی تیـا دائەگیرسـێنمو قـۆری چـایەکەمی ئەخەمـە سـەرو دائەنیشم بەدیاریەوە کتێبو چیرۆکەکانم ئەنووسم بـەو دیمەنـە جوانـە هـەموو هەستو بیرو ناو دەروونم ئەوروژێنو چالاك ئەبنو ئەکەومە نووسین.

ئاخری شەش ساڵیشمان تەواوکرد لەعفكو حکومەت ئەیویست هەر لەوێ بمێنینەوە.

کە لەوێ بووین سوپا (جیش) کاغەزی بۆ خالە محەمەدم نارد کە وەرە فلان رۆژ بۆ بەغدا ئیمتیحان ئەکرێیت لەگەڵ هاودەستەی دەرچوونی خۆت خالێـشم فەقیرە هەستا چوو بۆ بەغـدا وابـزانم دە ڕۆژێـك لـەوێ مایـەوە تاقیکردنـەوەو ئیمتیحانەکەی داو گەڕایەوە بۆ لامان دوایی کاغەزی تاقیکردنەوەو دەرچـوونی

بۆ هات لەسەری نووسرابوو (ممتاز) ئێستەش ئـەو کاغـەزەمان لەلایـە کەچـی نەجمەو ئەستێرەکەیان کە ئەبوو ئەسـتێرەی سـێهەمی بـدەنێ بـەڵام ئێـستەش نەیاندایـە. بەڕاسـتی ئـەو حکومەتـە عێراقییـە دوابڕاوانـە زۆر خـراپ بـوون لەگەڵمانو زۆر ئەزیەتمان کێشاوە بە دەستیانەوە.

هەموو ژیانم لەمناڵییەوە تاوەکو ئێستە کە گەیشتوومەتە ئـەم تەمـەنو عومرە لەژیانما هیچ کات خۆشییەکمان نەدیووە لەئازاردانو نائارامی زیاتر بـە دەست ئەو حکومەتە عێراقییە بەدناوانەوە جگـە لەیـەك دوو سـاڵی شۆڕشـی تەمووزی زەعیم عەبدولکەریم قاسم کە ئەویش دوای ئەوەی دڵیـان پـیس کـرد لەکورد یاخود جێی خۆی گرتو لەخۆی بایی بوو بە کوردیەوەدا وەکو هـەنگی لێهات کە بەکوردیەوەدا خۆشی مرد.

هەرچۆنێك بێت دوایی دێینـە سـەر ئـەو باسـە هـەروەك کـە ئـەو ڕۆژەی عەبدولکەریم کودەتای لێ کراو کـوژرا لـەڕادیۆی پاریـسی عەرەبیـەوە یـەکێ قسەی کردو گوتی: لو کان عبدالکريم قاسم قد عالج قضية الآكراد بتعقـل لمـا كان الآن من عداد الأموات. زۆر جێ سەرسـوڕمانە کـە سـەیری دەوروپـشتو ناسیاوو ئاشنا ئەکەم هەریەکێك لەو کەسانە کاتو زەمـانو زروفێکیـان بـووە کە هیچ نەبێت ماوەیەك بە خۆشی ژیابن بەهۆی وەزیفەو کاریانەوە یان بـەهۆی تیجارەتو کاسبییەوە لەگەڵ هەموو ئەو جۆرە حکومـەتانە هـەر بـەینێك بـۆی لواوەو بەباشی ژیاوەو کاسبیی خۆی کردووەو کەسیش نەهاتووە بەلایـەوە بگـرە ئاشناشی هەبووە لەناو حکومـەتەکانو خۆشی سەربەوان بـووە یـاخود ئەوانـەی لەوەزیفەو کاری حکومەتدا بـوون هـەر بەخۆشـی ژیـاون ڕەنگـە هەنـدێکیان لەماوەیەکا تووشی ناڕەحەتی بووبن بەدەست ئەو جۆرە حکومـەتانەوە بەڵام هـەر

هیچ کەس باوەڕناکەم وەکو خاڵەکانم بێبەش‌و بەشخوراوو مەحروم‌و مەزلوم بووبن‌و لەهیچ کات‌و لەهیچ گۆڕینێك هەقی خۆیان دەست کەوتبێ لەسزادان‌و ئازاردان زیاتر.

بێینەوە سەرباسی عفك هەر لەوێ ماینەوە وەکو لەوەوپێش باسم کرد بۆ شەش ساڵ زیاتر دوایی خاڵم هەندێ پێوەندی کرد بە ئاشناو رەفیقیەوە لەوێدا بەختی هەبوو کە مدیر تجنیدێکی کورد گوێزرایەوە بۆ دیوانیە عفکیش سەر بە دیوانیە بوو ناوی مدیر تجنید ئەحمەد فەخری بوو خەڵکی سلێمانی بوو دیارە ئەویش حکومەت زۆر خۆشی نەئەویست بۆیە ناردبوویە دیوانیە چونکە زابتی دەرچووی کولیەی عەسکەری ئەگەر ئەکرا بە تجنید ئەوە لەپلەی کەم ئەکرایەوە وە خاڵم لەبەرئەوەی هەر کاك ئەحمەد فەخری گەیشتە دیوانیە خاڵە محەمەدمی هەر زوو گواستەوە بۆ لای خۆی بۆ دیوانیە دیارە دیوانیە لیوا بوو، واتە (پارێزگا) بوو شارێکی گەورەو خۆش بوو بازاڕی ئاوەدانی بوو. کە لەعفك بووین هەمیشە بۆ جەژنان ئەبوو بچین بۆ دیوانیە تاوەکو جلی جەژنمان بۆ بکڕن‌و کەل‌و پەل‌و پێویستی جەژن بکڕن دوکانی چاکی لێبوو بۆ جل وکوتاڵ‌و قوماشی چاکی ئینگلیزی‌و فرەنسی‌و خەیاتی جوولەکەی یەجگار هونەرمەندو چاك‌و پێڵاوی چاکی لەندنی‌و باتا. شتی وا نایاب هەبوو جاران، کە وێنەیان نیە ئێستە.

گەیشتینە دیوانیە دامەزراین هەرچەندە شارەزای بووین لەبەر هاتوچۆی شت کڕین‌و سەردانی ماڵە ئاشنامان، ئەم جارە ماڵەکەمان لەدەستپێکردنی شارەکە بوو ئەم بەری چەمەکە بوو دراوسێمان‌و بەرامبەر بە ماڵمان ماڵی مدیرەی مەکتەبی کچان بوو ناوی ست راحیل بوو گاوری مووسڵ بوو مدیرەی

مەکتەبێکی زۆر گـەورەبوو کـە ڕەوزەو سـەرەتایی‌و (متوسـطة) بـوو یـەجگار مەکتەبێکی گەورەو بەرین‌و چەند لابوو خەڵك لەناویا بـزر ئـەبوو بـەڵام هـەر بەشە ژوورو حەوشەی بەرینی خۆی هەبوو ست راحیل مدیرەی ئەو مەکتەبە بوو مەکتەبەکەش لەو بەر جادەکە بوو یەعنی لەماڵی ئێمەوە دیار بوو. ست راحیل پیرەژنێکی قەڵەوی هەندێ ناشرین بوو خوشـکێکی کـە هـەر وەك خـۆی بـووو برازایەکی لەگەڵ بوو ناوی ادیبە بوو تەلەبەی ناوەندی ئەو مەکتەبە بوو راحیل خەڵکی مووسڵ بوو بۆیە زۆر ئێمەیان خۆشویست کە هەم کورد بـووین‌و هـەم خەڵکی بادینان‌و زاخۆین کە لەگـەڵ مووسـڵ زۆر تێکـەڵ بـوون. لەتەنیـشت ماڵەکەمان دیوار بە دیوارەوە ماڵی مودیرێکی مەکتەبی تەقاویت بـوو. خـوار ماڵەکەمان لەسەرجادە گشتییەکە کە ئەوپەڕی مەکتەبەکە بوو مـاڵی محـامی عبدالهادی البچاری بوو کە ئەویش بەهۆی کولیەی حقوق‌و خاڵـە هەمزەمـەوە ئاشنایەتی لەگەڵ خاڵە محەمەدم هەبوو. ماڵی عبدالهادی البچاری زۆر جیـاواز بوو لەخانوو و ماڵەکانی ئەوناوە خانووەکە لەچـاو خانووەکـانی تـر وەك قەسـر وابوو گەورە بە دیرەگی سپی مەڕمەڕەوە دوو سێ چین بوو. هەرزوو ماڵیان هاتن بۆ لامان‌و مەنجەلە چێشتیان بۆ نـاردین کـە تـازە هـاتبووین. لەیەکـەم رۆژی چوونی مەکتەبم بۆ ئەو مەکتەبە گەورەیە کە گەورە بووبووم گەیشتبوومە پۆلی پێنجی سەرەتایی‌و ڕێسانی خوشـکم بـۆ سـنفی سـێ لەیەکـەم رۆژەوە تووشـی هەندێ نارەحەتی بووم ئەویش هەروەك هەموو تەلەبـەو منـاڵێـك کـە ئەچـێتە مەکتەبێکی تازەوە تەلەبە کۆنەکان دەورو خولی ئەدەن‌و هەندێ جار شەڕی پـێ ئەفرۆشن. منیش تووشی ئەوە بووم دیوانیـە زۆر گـەورەو لیـوا (محافـەزە) بـوو سوپای عەسکەری لێبوو، چەندەها کچ‌و مناڵی مەئموورو کاربەدەستی لێبووو

لەهەمەموو جۆر سپی قژ کاڵ جوانو ناشرین بەڵام تێکرا خەڵکی ئەو ناوە هەندێ ڕەشو دێز بوون بۆیە کە منالێك یا کە سێك هەندێ جوان بوایە زۆر لەبەرچاو ئەبوو لەبەرئەوە ئەو رۆژە کەست راحیل بردنیو ناوی نووسین ئیتر ئێمەش تێکەڵاوی تەلەبە بووین. سەیرم کرد وردە وردە کۆمەڵێك کچی هاو عمرم بگرە گەورەتریش ئەهاتنو ئەچونو سەیریان ئەکردمو لەژێرەوە چپە چپیان ئەبوو. منیش ئەوسا کە نەخۆش بوومو توشی تیفۆ بووبووم پرچم هەمووی وەری بوو بەڵام لەپێنج ساڵ زیاتر لەعفك پرچم هەمووی هاتەوەو گەلێ جوانترو زۆرتر لەجاران هەروەها بەو پێنج شەش ساڵەش وا فێری عەرەبی معیدیانە بووبووین هەر ئەتگوت لەوانین. هەرچەندە زانیبوویان ئێمە کوردین بەڵام هەر وەك ئەوان قسەمان ئەکرد هەرچۆنێك بوو ئەو کۆمەڵە کچە بە دەورما ئەهاتنو ئەچوون منیش راوەستابووم کەسم نەئەناسی. یەکێکیان هاتە نزیکمو گوتی وای پرچت چەند جوانە لەگەڵ ئەو قسەیەی دەستی دایە پرچە هۆنراوەکەمو پڕی پیاکردو توند ڕایکێشا ئەوانی تریش دەستیان کرد بە پێکەنینو هەراو ڕایان کرد. ئەوەندەمان نەمابوو بۆ چوونە ماڵەوە، منیش سەرم ئێشاو نارەحەت بوومو بەئەسپایش گریام بەڵام قسەم نەکردو چووینە ماڵێ دایکمو نەنەو هەموو هاتن بە پیرمانەوە کە چۆن بوو مەکتەبەکەتان؟ پێتان خۆش بوو؟ ئەوان وایان گوت دامە هارەی گریانو گوتم کە کۆمەڵێ کچ هاتنو شەڕیان پێ فرۆشتمو پرچیان ڕاکێشام. وسەرم زۆر دێشێت خاڵە محەمەدم لەماڵ بوو هات بەسەراو کەدی ئەگریم بەپەرۆشەوە هاتو پرسی کە بۆچی ئەگریمو وا نارەحەتم منیش بۆم گێڕایەوە کە کە چیان لێ کردووم. دڵی دامەوەو دەستی گرتم وگوتی وەرە قسەت لەگەڵ بکەم. ئیتر کە چووین دانیشتین پێی گوتم: سبەینێ کە هاتن کە

ئەزانم هەر دێنەوە هیچ قسە مەکە تاوەکو نزیکت ئەکەون ئەوەی وای لێ کـردی بچۆرە نزیکیو پەلاماری پرچی بدەو مەترسەو خۆت قایم پیشان دەو پێی بڵـێ پرچی تۆش چەند جوانەو ئیتر هەقی خۆتی لێ بکەوەو تێرو پڕی لێدەو مەترسە. بۆ بەیانی چووین بۆ مەکتەب دیسان هەر عـەینی کۆمـەڵ هـاتنو لـەدوورەوە دەرکەوتن کە هاتن بەرەو لای من هەرچەندە ڕێسانی خوشکیشم تێرو پڕ لێیـان دابوو بەڵام ئەو لەلای من نەبوو لەبەشە سنفەکەی خۆی بوو کـچەکان هـاتنو هێشتا بەڕێوە بوون خۆمم گەیاندنێو لەپڕ پەلاماری کچەکەم دا کە دوێنێ وای لێ کردبووم پرچیم ڕاکێشا. ئەوەندە لـەپڕ بـوو کـچەکە حەپەسـاو هیـچی پـێ نەکراو پرچی بەدەستمەوە بوو کەوتمە لێدانی تێرو پڕ لێمدا کچەکانی لەگـەڵی بوون هەموو رایانکردو کچەیان بەجێ هێـشت کـچەش بەپەشـۆکاوی قـژو دەم وچاوی ڕنراوەوە شوێنیان کەوت بـەگریانو جنێودانـەوە کـە بۆچـی لەسـەریان نەکردەوەو بۆچی بەجێیان هێشت.

قسەکەی خاڵم زۆر ڕاست دەرچوو لەو ڕۆژەوە ئیتر یەك کـەس نـەیوێرا بـێ بەلامەوەو شەڕم پێ بفرۆشن ئەم قسەو نەسیحەتەی خاڵم ئیتر بوو بە قاعیدە کە گەورە بوومو خۆشم بووم بە خاوەن مناڵو مناڵەکانم کـە یەکـەم جـار ئەچـوونە مەکتەب ئەو نەسیحەتەم ئەکردن کە هەرکەسێك شەڕی پێ فرۆشـتنو غـەدری لێ کردن نەترسنو هەقی خۆتانیان بە چاکی لێ بکەنەوە ئـیتر کـەس ناوێرێـت بێت بەلاتانەوە بـەڵام قـسەتان نـەکردو خۆتـان کزۆڵـەکرد پێتـان فێـر ئـەبن مناڵەکانم نەوەکانم هـەروایان کـردووەو کـەس پێیـان نـەوێراوە کـە چـەندەها مەکتەبیشیان گۆریوەو بۆ چەند شارو وڵاتیش چوونە.

لەدیوانیە ئەوبەر چەمەکە معەسکەری لیبوو ماڵی ئەحمەد فەخری مدیری تجنیدو ماڵی عوسمان فایق وابزانم برا یا خوشکەزای ماجد مستەفا بووو چەند ماڵێکی تری کوردی لیبوو لەگەڵ مهندسەکەی ئاشنای خاڵم کە لەگەڵی ئەچوو بۆڕاوە ئاسك بۆیە زۆریان لەخاڵم کرد کە ئەبێ بگوێزینەوە بەری ئەوان هەرچەند مەکتەبەکەمان زۆر دورکەوتەوە ئەو مەکتەبە چاکەش‌و ست راحیل یش کە ئێمەی زۆر خۆش ئەویست هەموو چوار پێنج مانگێك بوو هاتبووین ئیتر گواستمانەوە بۆ ئەوبەرو نزیك بە ماڵی ئاشنا کوردەکانمان. شەڕی عالەمی دووهەمیش دەستی پێکردبوو وەکو ئەمان بیست‌و باسیان ئەکرد بەلاّم ئێمە هیچ شەڕمان نەدیت هەر ئەوەبوو فیلمی شەڕیان دەرئەخست کە ئەچووینە سینەما وەکو دیعایەی پێش فیلم‌و کوشتن‌و بڕین‌و دەبابەو تۆپ ئەو چەشنە شتانە بەلاّم ئێمەو هاوتەمەنەکانمان ئەوەندەمان گوێ نەئەدایێ بەتایبەتی کە وەکو ئێستە تەلەفزیۆن‌و کۆمپیوتەرو ئیمێڵ‌و ئەو شتانە نەبوو لەڕادیۆ زیاتر ئەویش کەم کەس هەیبوو زۆری خەڵك لەچایخانەکان گوێیان لەو دەنگ‌وباسەی ڕادیۆ ئەبوو یاخود ڕۆژنامەیان ئەخوێندەوە (تێبینین) من لەتەمەنێکی زۆر کەمەوە توانیبووم ڕۆژنامە بخوێنمەوە هەروەها کتێبی چیرۆك‌و شتی واش کە زۆر لە وشەو کەلیماتی تێ نەئەگەیشتم بەلاّم هەر لەمناڵییەوە زۆرم حەز لەقەڵەم‌و کاغەزو کتێب ئەکرد.

دیوانیەمان پێ خۆش بوو بەتایبەتی کە ئاشنای زۆرمان هەبوو لەعەرەب‌و کوردیش‌و هەروەها پوورێکیشم لەوێ بوو لەگەڵ مێردی‌و سێ مناڵی پوورم خوشکی باوکم بوو مێردەکەی نائب زابت بوو لەسوپاو مەعەسکەر. ئەو پوورەم زوو زوزش ئەهاتە لامان بۆ عفك هەرچەندە قەڵەو بوو بەلاّم زۆر جوان‌و زۆر

قسە خۆش بوو ئەو کەسەی لەلای دانیشتایە سکی خۆی ئـەگرت بەقـسەکانی ئەیکوشت لەبـەر پێکـەنین تـاوەکو لـەڕووداوی نـاخۆشو تـاریکیش خـەڵکی ئەهێنایە پێکەنین زۆر بەرەحمو دەستو دڵ باز بوو هەرچـەندە خۆشـی ئەوەنـدە حاڵی باش نەبوو بەڵام هەر چاوێکی لـەخۆی حـاڵ خـراپتر بـوو هـەروەها دائـم ئامادە بوو بۆ یارمەتیدانی نەخۆشو بێکەس زۆرجار بەدزییەوە ئەچـوو سـەری پیرێژنی بێ کەسو سەقەتی ئەشتو یارمـەتی ئەدان ئەگەر پێی بزانیایـە بۆیـە هەمیشە لەگەڵ مێردەکەی لەمشتو مڕو قڕەقڕدا بوون. مێردەکەی زۆزانی بوو لەدەربەدەرەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی بوو بۆیە زۆر عەشایریو ڕەفتار تونـد بوو بەرامبەر ئەو ڕەفتارانەی پوورمو ئەیگوت بۆچی ئەچـیت خزمـەتی ئەوانـە ئەکەیت خۆیان کەسی خۆیان هەیەو تۆ هـەقت چـیە دایکـمو مـاڵی ئێمـەش ئەچوون بەگژیا کە بۆچی وا ئەکەیت خێر ئەکەیت پـارووی دەمـی منداڵـەکانت ئەبەخشی قەیناکە بەڵام بەم جۆرە سەرشتنو کردنە کوڵ؟

ئەویش دائەنیشت باسی ئەکردنو ئەحواڵی ئەگێڕانەوەو وای ئەکرد لەوانـە بوو دایکیشم بچێت وایان بۆ بکات.

نەنەشی ئەهێنایە گریان بۆیـە هـەر گـورج لـەجیاتی تووڕەبـوونو لۆمـە ئەکەوتنە دەستخۆشیو یاڕەبی خێرت بنووسێتو لەم جۆرە قسانە.

هەرچـەندە گواسـتبومانەوە ئەوبـەری چـەمەکەو پردەکـەی شـار بـەڵام مەکتەبەکەمان هەر لەشوێنی خۆی بوو نەمان گواستەوە بـۆ مەکتـەبێکی تـر لەبەر دووری بە عەرەبانە ئەیانبردین بەڵام بە پێ ئەگەڕاینەوە چونکە خۆش بوو لەڕێگا زۆری لەگەڵ تەلەبە ئەهاتینەوەو بازاڕو دوکانیش لـەڕێگامان زۆر بـوو هەندێك جار نەنە ئەهات بە دوامانا. جاری واش هەبوو صالحی خزمان. لەگـەڵ

مەکتەبەکە ڕاهاتبووین‌و هاوڕێمان پەیداکردبوو ئەگەرچی زۆریش هەبوون کە ناحەزمان بوون‌و ڕقیان لێمان بوو.

جارێکیان هەندێکم پێ فێربوون بە کۆمەڵ ڕائەوەستان چەپڵەیان لێ ئەداو گۆرانییان ئەگوت گۆرانییەکەش ئەوە بوو: (انا کوردی ولابس عمامە. انا کوردی فۆگ راسی عمامە) یەعنی گاڵتەیان پێ ئەکردین کە ئێمە من‌و ڕێسانی خوشکم کوردین‌و کورد مێزەر لەسەرە.

منیش بیرم لێ کردەوەو بۆ سبەینێ گۆرانییێکم بۆ گوتن‌و بەدەوریانا هاتم‌و چووم‌و بەچەپڵەوە گوتم: (انا عربی ماعندی لباس. امشی حافی واگول یاناس ماعندی لباس): (من عەرەبم دەرپێم نییە، پێم پەتییەو هاوار ئەکەم خەڵکینە دەرپێم نییە) ئیتر هەندێکیان شوێنم کەوتن‌و هەندێکی تریان دایانە قاقای پێکەنین. تێکڕا لەم بەزم‌و ڕەزمانەی باسی کوردو عەرەب زۆرمان هەبوو، بەلام من هەروەك خاڵم فێری کردبووم‌و هەمیشە کوردایەتی کردبوو بە ناوێکی پیرۆزو مقدس لەلامان بۆیە قەت قەت سەرم دانەئەنواندو ئەوەی ناوی کوردی بە خراپە ببردایە وەك درندەی کێو تێیان بەر ئەبووم. هەروەها هەر زوو کە هێشتا لەصەحرای عفك بووین ڕۆژێك خاڵم هاتەوە بەسەرا کە لەگەڵ ڕێسانی خوشکم بە عەرەبی قسەمان ئەکرد هەڕەشەی لێ کردین کە ئەگەر جارێکی تر لەناوماڵ بە عەرەبی قسە بکەین زمانمان ئەبڕێت. چونکە ئەوسا کوردی خۆمانمان لەبیر ئەچێتەوە. ئیتر ئەو قسەیە چووە مێشکمانەوە بۆیە لەدوای یانزە ساڵ لەناو عەرەب‌و ژیان لەگەڵ عەرەب‌و صحراو شاری عەرەب کوردیەکەمان لەبیر نەچوو هەروەك خۆی مابووەوە کە گەڕاینەوە کوردستان‌و خزمەکانمان ئەهاتن بۆلامان سەریان سوڕئەما کە چۆن وا بەجوانی بەکوردی قسە ئەکەین‌و

کوردیمان لەبیرماوە بەپێی ئەو تەمەنو عمرەی کوردستانمان بەجێ هێشتبوو کە منالْ بووینو لەصەحرای عفك چووبووین بۆ مەکتەب بۆ یەکەم جار.

ئەو کەسانە سەریان سوڕئەماو ئەیانگوت کە زۆری ئەو کوردانەی لەمووسڵ ئەژیان نەك منالْیان گەورەکانیش کوردیو عەرەبی مووسلاوی تێکەڵ یەك ئەکەن کە ئەو کوردانەی لەمووسڵ ئەژین دائمو هەمیشە ئەوەندە لەگەڵ کوردو هاتوچۆکەری دهۆكو زاخۆ تێکەڵن کە هەر ئەڵێی لەو شارانە دانیشتوون بەتایبەتی کە ئەوەندە ئەو شوێنانە لەمووسڵەوە نزیکن.

چەند مانگێك بوو گواستبوومانە خانووە تازەکەی ئەم بەر شاری دیوانیە کە ڕۆژێك خاڵە محەمەدم بەڕوویێکی خۆشو هەراسانو شپرزەییەوە هاتەوە ماڵێو هەمووومانی بانگ کردو گوتی: وەرن قسەیەکتان بۆ بگێڕمەوە، بەڵام بێ دەنگ بنو مەیکەن بە هەرا. دایکم. مامۆ. نەنەو ئێمەو ئەوانەی لەگەڵمان بوون هەموو وەك بتمان لێ هاتو چاومان زەق بوو ترساین کە ئەمە ئەبێ چی بێو ئەبێ باسی خاڵە هەمزە بێ؟ ئەبێ چی بەسەرهاتبێ؟ بەڵام ڕووی خۆشی خاڵە محەمەدم بەدەم ئەو شپرزەییەوە سەرنجی بۆ کاری خراپ نەبردین خاڵە محەمەدم کاغەزی لەگیرفانی دەرهێناو گوتی: نامەی هەمزەیە. عەفوی بۆ دەرچووەو ئێستە لەبەغدایەو چەند ڕۆژێکی تر دێت بۆلامان!!

خاڵە هەمزەی بەسەزمانم لەوساوە کە من منالْ بوومو هاتن گرتیانو بردیان بۆ مووسڵ ئیتر چاومان پێ نەکەوتبووەوە لەیەك دووجاری ترو بۆ ماوەیەکی کورت کورت ئێستە لەدوای ئەم هەموو ساڵە. عەفوی بۆ دەرچوو بەرەڵابوو. ئەویش حکومەت گۆڕا بوو چەند وەزیرێکی کوردو کاربەست

خرابوونە حکومەتی بەغداوەو یەکەم کار وایان کرد بوو کە خالە هەمزەم رزگارکەن لەو حالەی کە تێیدا بوو.

خالە هەمزەم تا ئەوکاتە هەر لەژێر چاودێریو پاراستنی جەنابی سەید ئەحمەد خانەقا دابوو. زۆرجار حکومەت ئەیزانی کە لەلای ئەوەو ئەیپارێزێ بەڵام زاتیان نەبوو نەیانئەتوانی پۆلیسو مۆلیس بنێرنە سەر خانەقاو ئەو شوێنانەی شکیان لێ ئەکرد لەبەر گەورەییو حورمەتو ناوبانگی سید ئەحمەدی خانەقا. هەرچۆنێك بوو چەند رۆژێکی بەسەر نامە ناردنی خالە هەمزەم تێ پەڕی کرد خالە هەمزەم گەیشتە لامان بۆ دیوانیە دیارە پێش هەموو شتێك گریا بوو دڵ تەنگ بوو بۆ نەنکم کە ئەمری خوای کردبوو لەعفكو ئەیزانی کە زۆری لەحەسرەت ئەودا مردو هەمیشە چاوی بەفرمێسك بوو لەبەرئەوو چاوی لەڕێی بوو بۆی.

هەر بەجارێك سەرمان لێ شێواو نەمان ئەزانی چی بکەینو چۆن رەفتار لەگەڵ خالم بکەین خاڵیشم هەروەها لەدوای ئەو هەموو دووریەو لەدوای ئەوەی بە منالی بە جێی هێشتبووین وا ئێستە منو خوشکم گەورە بووینو خۆمان هەلڕشتوەو جوان کەلەبووین دڵی پێمان خۆش بوو. ئیتر میوانو ئاشنا دەستی پێکرد لەئاشناو خەلکی دیوانیەی ناسیاومان تاوەکو ناسیاوی عەفەکیشمان دەستیان کرد بە هاتن بۆ لامان بۆ چاو رونیو خۆشی دەربڕین بە تایبەتی کە ئەیانزانی چەند داخ لەدڵو چاو بە فرمێسكو بەپەرۆش بووین بۆ خالم.

خالە هەمزەم دە رۆژێك مایەوە لەلامانو گوتی ئەبێ زوو بگەڕێمەوە چونکە لەژێر چاودێریدامو نابێ بچم بۆ ئەملاو ئەولا بەتایبەتی بۆ شارەکانی کوردستانو ئەبێ هەر لەبەغدابمو ئەم هاتنەم بۆلاتان هاوڕێ وەزیرە کوردەکان

هەوڵیان دا تاوەکو هێشتیان بێم. هـەروەها نـاهێڵین ئیـشی محامـاتیش بکـەمو ئەبێ ئیشی تر بکەم.

خـالّم گەڕایـەوە بەغـداو هـەر زوو لەشـەریکەی کـاك عـەلی کمـال خوالێخۆشـبوو دامـەزرا کـە پێیـان ئـەگوت شـرکە (الغـزلو النـسیج) ئـەو کۆمپانیایە جلو چاکەتو ئەو جۆرە شتانەی دروست ئەکرد .

ئەوەندەی پێ نەچـوو بـە گەڕانـەوەی خاڵـە هـەمزەم کـە خاڵـە محەمـەدم گوێزرایەوە بۆ شارۆچکەی قوڕنەی سـەر بەبەسـرە لەدیوانیـەوە بەشـەمەنەفەر چووین بۆ بەسرە لەوێشەوە بە ئۆتۆمبێل بۆ قوڕنە.

قوڕنە خۆش بوو لەلامان زۆری لەبەر ئەو دوو چەمە شیرینە کە ئەڕژانە ناو یەکەوە. قوڕنە هەمووی سەوز بوو هەمووی تاوەکو چاو بڕی کردایە دارخورمـاو میوەو سەوزی جوان بوو خەڵکی بۆ زۆر شـوێن لـەجیاتی ئۆتۆمبێـل بەبەلـەم هاتوچۆی شوێنانیانو دێهاتانو یەکتری ئەکرد بەلەمیان ناوی مەشـحوف بـوو هەر خـەڵکی وەکـو ئێمـە زراوی لێ ئەچـو چـونکە زۆر پـەلو بـچووك بـوونو هەمیشە بە دەو بیست بەسەر ئاوەوە بوونو پڕ لەخەڵكو مەڕو ماڵات کە خەڵك لەبەسـرەوە ئەگەیـشتە قوڕنـە یەکـەم جـار مـاڵی قائیمقـام بـوو دوایـی ئەوماڵەمعەسکەری دەریایی عێراقی بـوو کـە صـالح زەکـی توفیـق کوردبـوو رەفیقی خاڵە محەمەدم بوو سەرکردەی ئەو هێزە دەریاییـە بـوو ئینجـا دەشـتو ساحەیەکی بچووك بوو کە دوو سێ درەختی کۆنی لێ بوو پێیان ئەگوت درەختی (ابراهیم الخلیل) ئەوە زۆر پیرۆزو بەبەهابوو لای خەڵکی شارۆچکەکەی قوڕنە.

ئەو ڕیزە خانووەی لەدرەختەکانەوە دەستی پێ ئـەکرد دیوارەکانیـان لـەناو چەمی دجلەدا بوونو ئاو تاوەکو خوار پەنجەرەکانی خانووەکان بـوو بـەڵام ڕیـزە

خانووی ئەوبەر کە جادە گشتیەکەیان لەبەین بوو ئەو خانووانە تازەتر بوون.و هەموو ئەو ڕیزە خانووی کابرایێکی کوردبوو کە پێیان ئەگوت ناصر خەڵکی عمارە بوو بەڵام ڕەگو ڕیشەو ئاجدادو ئابایی کورد بوون.

ئێمە ئەو خانووەمان بەرکەوت کە هەر ڕاست بەرامبەر ئەو درەختانەی ابراهیم الخلیل بوو یەعنی درەختەکان هەر لەبەر دەرگاکەمان بوون.و ئێمە یەکەم خانوو بووین بۆیە دەرگاکەمان لەسەر ئاوەکە بوو بێجگەلەهەموو خانووەکە کە دیواری لەناو ئاوابوو تا نیوە لەگەڵ هەموو ئەو خانووانەی تری ئەو ڕیزە. بەشەو کە ئەنووستین لەبەر شڵپو هوڕی شەپۆلی ئاو خەبەرمان ئەبووەوە کە ئەیدا لەدیوارەکان بەقایمی بە تایبەتی ئەگەر پاپۆڕی هێزی دەریایی تێپەڕی کردایە بەویدا کە زۆر بەخێرایی ئەڕۆیشت پێیان ئەگوت (مەنوەڕ) پاپۆڕی عەسکەری. ئەوەندە خێرابوو ئەو چەمە زلەی ئەقڵیشاندەوەو شەپۆلی زۆر توندوتیژی بە دوای خۆیدا بەجێ ئەهێشت کە پەلاماری دیوارو پەنجەرەکانمانی ئەدا لەدوای یەك دوو مانگ ئەو دەنگو ئەو شڵپەی شەپۆلانە ئەوەندە خۆش بوون لەلامان ئەتگوت خۆشترین مۆسیقاو لای لایمان بۆ ئەکراو کە لەسەر ئەو دەنگە بەخەبەر ئەهاتین گورج خەومان لێ ئەکەوتەوە. قوڕنە ئەوەندە مێش.و مەگەزی هەبوو کەلەناو ژووریشا کوللەمان هەبوو بۆ نووستن هەرکەسە (کوللەی) سپی برنجۆك بەسەر کورسی نووستنەکەیەوە بوو. دیارە زۆریش گەرم بوو بە هاوینان.و زستانی وەك بەهاری خۆمان بوو. ئەوێمان زۆر پێ خۆشبوو ئاشناو هاوڕێی زۆرمان پەیدا کرد ماڵی ناصری خاوەن ئەو هەموو موڵکە ناصر کوردبوو خەڵکی عمارە بوو زۆر دڵیان بە ئێمە خۆش بوو کە ئێمە کوردین ژنەکەی ناوی نەزیمە بوو زۆر جوان بوو ئەویش کورد بوو خزمی

خۆی بوو ئیتر ئەوانە لەدایكو باوكو خوشكو برا زیاتر ئاگایان لێمان بوو هــەر ئەوەندەت زانی دەبە شیرو سەتلەماستی ماڵی ناصر هات کە گەیشتینە قورنــە هەر زوو ژنێکیان بۆ دۆزینەوە ناوی (باشیە) بوو کوڕێکی شەش حەوت ســاڵەی هەبوو ناوی حەسەن بوو مێردەکـەی مردبـوو (باشـیە) بـوو بەیـەکێ لەهــەرە دڵسۆزو خۆشەویستەکانمانو خۆیو کوڕەکـەی ئـیتر لـەلامان بـوون ئێـستەش دیمەنو رەسمی لەبەر چـاومە مـامۆ قـسەی گاڵتـەو نیکتـەی لەسـەر باشـیە دەرکردبوو چونکە مامۆی خۆشەویستو زوو ڕایـەکرد بەدەنگیـەوە کـە بـانگی ئەکرد مامۆ ئەیگوت ئەو رۆژەی پەنجا فلسێك بخەمـە دەسـتی باشـیەوە مـامۆ پێی ئەگوت (باشیکێ) ئینجا ئەیگوت ئەو رۆژەی پارەی بدەمێ کە بانگم کرد ڕائەکات بەپەلەو ئەڵێت: ها عمە وئەو رۆژەی هیچم نەدابێتێ کە بانگی ئەکەم بەئەسپاییو ئەڵێیت لەبیرێکی قوڵدایە دەنگی دێتو لەسـەر خـۆ ئـەڵێت هـا عمە مامۆ بەرەبەرە چاوی کز بووبوو هەروەها زۆریش بەو گەرمایـە سـەغڵەت بوو بەو حەشەراتو مێشولەیە بۆیە زۆرجار بەو دەنگە خۆشەی گۆرانی بێـزاری ئەگوت هەر زوو من ئەگریام بۆی هەمیشە ناڕەحەتو بۆڵەی بوو جنێوی ئەداو ئەیگوت دایکم من خەڵکی زۆزانم چۆن ئەتوانم لێرە بژیم زۆرجاریش قسەی وای بۆ ئەکردین فرمێسك لەچاومان دەرئەپەڕی لەبەر پێکەنین کە مـیوان ئـەهاتن بۆلای دایکم لەبەر گەرما لەحەوشە دائەنیشتین مامۆش لەسوچێکی تر ئینجـا ژنەکان زۆر قسەیان ئەکردو هەر نەیان ئەبڕیەوە مامۆش کە عـەرەبی نەئـەزانی دەستی ئەخستە سەرسەری خۆیو سەیری ئەکردنو ئەیگوت (دادێ رائـو رائـو گێژبووم) . هەرچەندە پێمـان ئـەگوت ئـاخر مـامۆ گیـان تـۆ بـۆ وائـەڵێیت میوانەکان تەریق بوونەوە ئەیگوت قیروسیا ئەوان ئەگەر تەریقی بزانن ئەوەنـدە

قسەناکەنو درەنگە ئەبێ بڕۆنەوە ماڵەکانیان. ئەو هەموو ساڵانە لەو خوارووی عێراقەو لەناو ئەو هەموو عەرەبە ماینەوە نەنە تەنیا فێری یەك دوو کەلیمەی عەرەبی بوو ئەویش کە ئەیگوت: (روح روح) ئەمەش بە سواڵکەرەکانی ئەگوت کە ئەهاتنە بەر دەرگا. ئەچوین بەگژیاو ئەمانگوت ئاخر نەنەگیان گوناحە سواڵکەر دەرئەکەیت ئەیگوت سواڵکەری عەرەب هەر دەرئەکەم داخی عەرەبم لەدڵدایە ئینجا دەستی پێ ئەکردو بۆی ئەگێڕاینەوە بۆ جاری سەدەمین جاریو ئەیگوت: عەرەب دزن من کە ئەو ساڵە چووبوومە لای سوندسی کچم لەحەلەبو کە گەڕامەوە بۆ مووسڵ لەڕێگا عەرەبی بەدوی ڕێگرو چەتە ڕێگایان بە ئۆتومبیلەکەمان گرتو هەر بەچاو تروکاندنێك یەك بارو یەك پریاسکەو یەك شتمان لەسەر پشتی پاسەکەو لەناو دەستی خۆمان نەما هی هەموو ڕێبوارەکان هەموویان لێ دزین ئیتر چۆن من خێر بەعەرەب بکەم.

ئێمەش پێکەنینو بەدزییەوە ئەچووین شتمان ئەدا بە سواڵکەرەکان. نەنە بە سواڵکەرەکانی ئەگوت (روح روح خوا بدا) هەروەها مامۆش هەر دوو سێ کەلیمەی عەرەبی ئەزانیو فێر بووبوو. بەڵام دایکم عەرەبی مووسڵی ئەزانیو زۆر بەزەحمەت فێری عەرەبی تر بوو ئێمەش منو ڕێسان بە هەموویان پێئەکەنین، چونکە ئێمە بە منالی چووبووینە ناویان هەر ئەتگوت معێدی تەواوین.

قورنە دیمەنی یەکجار جوانی هەبوو ئەو ڕیزە ماڵانەی دیواریان لەناو ئاودا بوو هەموو پەنجەرەی دوو دەروازەی وەك دەرگایان هەبوو لەژوورەکان کە ئەیڕوانیە سەر چەمەکەی دجلە هەموو ڕۆژێك دوای بەربوونی مەکتەبو گەڕانەوەی مەئموورو کاربەدەست دوای نان خواردن زیقەی پەنجەرەو دەرگا

ئەهاتو هەر ماڵە دەرگاو پەنجەرەی ئەخستە سەرپشتو قـولاپو پارچـە نـانو وردە گۆشتو شتی وای دائەنا لەتەنیشتی لەجامێکاو قـولاپ هەڵەدرایـە نـاو دجلەوەو ئەکەوتنە ماسی گرتن منیش وەکو ئەوان قـولاپو کەرەسـەی ماسـی گرتنم دەرئەهێناو قولاپم هەڵ ئەدا.

سێ ژوورمان لەسەر چەمەکە بوو ژووری میوانو نووستنی خاڵە محەمەدمو ژووری نووســتنی خـۆمو دایکـمو ڕێـسان مــن لــەژووری نووســتنی خۆمانــەوە ئەکەوتمە قولاپ هەڵـدان دراوسـێکانمان ئـەبوو بەقریـشكو هوڕیـانو ماسـی گەورەو بچووکیان ئـەگرت، بـەڵام مــن هــەر ماسـی ئـەهاتن نـانو خـواردنی قولاپەکەمیان ئەخواردو لێیان ئەکردەوەو ئەڕۆیشتنو پێوەی نەئەبوون بەڵام هەر وازم نەئەهێناو هەر خەریك ئەبووم هەندێ جار دایکیشم ئەهاتو ئەیگوت تـۆ نازانی بیدەرە دەستم کەچی ئەویش هەر بۆی نەئەبوو ڕێسانیش ئەهات ئـەویش خەریك ئەبوو بەڵام ئەو منداڵتربوو ئەوەندە گوێی نەئەدایێو خەریکی شـتی تـر ئەبوو.

هەرچەندە یەك دوو جار بۆم هەڵکەوتو یەك دوو ماسیم گرت جـارێکیش شتێکی وەکو ماسی بوو پێیان ئەگوت (کوسەج) ئەوە زۆرجار خەڵك ئەترسـان بچنە ناو ئاو ئەیانگوت کۆسەجی لێیە قاچمان لێ ئەکاتەوە پشتی ڕیزێ دڕکـی پێوە بوو وەك پشتی ماسی، بەڵام زۆر تیژو ڕەق یەکسەر قاچی خەڵکی ئـەبڕیو برینداری ئەکرد زۆر دڵم خۆش بوو کە گرتم بەڵام بیرم نیە چیمان لێ کرد.

لەخوار ماڵەکەمانەوە کە لێمان دیار بوو زۆرتـر نزیـك جێنـشینی هێـزی دەریاکەی بەرامبەرمان بوو کە لە دەستەچـەپەوە چـەمی فـورات ئەگەیـشتو تێکەڵی دجلە ئەبوو لەوێ شوێنێکی ترسـناکیان دروسـت ئـەکرد کـە پێیـان

ئەگوت (الخورە) لەوێش ئاوەکە هەر لوولی ئەخواردەوە بەلەمو مەشحوف تاوەکو سەفینەی گەورەش لەو ناوچە لوول خواردووە خۆیان لائـەداو ئەترسـا نوقمیـان کات. دجلە لێڵ بوو فرات روونو صاف تاوەکو ئەگەیشتینە بەسرە ئەو ئاوە بـە تێکەڵاویش وابوو بەتایبەتی لەقەراغەکانی ئەوبەریـشمان نـاوی (موحەمـەرە) بوو ئێرانی بوو.

قوڕنە لەبەر زۆری خورمـا. زەردەواڵـەی بـێ ئەنـدازەی هـەبوو رۆژ نـەبوو هەریەکەمان یەك دوانێکی پێوەی نەدایە زۆرجار ئەچوونە ناو پێڵاوەوە ئیتر کـە لەپێمان ئەکرد قریشکەمان لێ هەڵستا بە تایبەتی نەنە زوو زوو لەهەموومان زیاتر زەردەواڵە پێوەی ئەدا.

خورمای زۆر نایاب هەبوو چـەندەها جـۆر لـەناو تەنەکـەو دۆشـاو پێیـان ئەگوت معسل بێجگە لەهی ناو حەسیر هی وشك دەیـان ناویـان هـەبوو بـرِیم. خەستاوی. زهدی. خضراوي، قوڕنـەش وەکـو عفـك زۆری کـوخ بـوون خـانووی زۆریشی تیابوو چەند جۆر مەکتەبیش بەڵام هەر بازاڕو دوکـانی وای لێ نـەبوو بۆیە بۆ جەژنانو ئەو جۆرە ڕووداوانە ئەچووین بۆ بەسرە بۆ شـت کـڕین بەسـرە زۆر جوانو خۆش بوو کەل وپەلی چاکی لێبوو چونکە شەڕی دووهەمی جیهـانی بوو ئینگلیزو ئەمریکیشی لێبـوو حەماڵـەکانی بەسـرە هـەموو ئینگلیزییـان ئەزانی.

شەوێکی زسـتان کـردی بـەباو تـۆفو هەڵایـە زۆر ئەلـەکتریك کوژایـەوە شەپۆلی ئاو خەریك ئەبوو لەپەنجەرەوە بێتە ژوورەوە ئێمە هـەر وشـك بووبـووین لەترسانا منو ڕێسان باوەشمان کردبوو بەدایکمو نەنەو مامۆداو ئەگریاین خاڵم لەماڵ نەبوو لەنادی هێزی دەریایی بوو لەگەڵ هاوڕێیەکەی صالح زەکی تۆفیـق

دڵمان لای ئەویش بووکە لەپڕ بـەحاڵ گوێمـان لـەهاوار هاوارێـك بـوو لـەناو چەمەکەدا. هاوارەکە ئەیگوت: لەڕێی خوادا فریامان کەون ئێرە کوێیە نـازانین بۆ کویٚ ئەچین خەریکین نوقم ئەبین منالّو ژنی زۆرمان لەگەڵە هاوار فریامـان کەون. دیارە ئەم قسانە بەعەرەبی بوون. هەر ئەوەندەمان زانی دایکم پـەلاماری چرای دەستی دا کە پێیان ئەگوت چـرای ئینگلیـزیو ڕای کـرد بـەرەو دەرکـی حەوشەو ئێمە بە هاوارو گریانەوە ڕامان ئەکێشاو ئـەمانگوت چـی ئەکـەیت؟ ئێـستە تۆفانەکـە فڕێـت ئەداتـە چـەمەکەوە. ئـەویش خـۆی ڕائەپـسکاند لەدەستمانو ئەیگوت ئەچم چراکە پیشانی ئـەو خەڵکـەی نـاو ئاوەکـە ئـەدەم تاوەکو بزانن ئێرە شارەو ئەمەوێت بقیڕێنم بەشکم خەڵك بێت بەلایانەوە. نەنـەو مامۆ پێیان ئەگوت کچیٚ چرا لەم تۆفانـە چـۆن ناکوژێتـەوەو دەنگـت بـەکێ ئەگات بەڵام دایکم هەر گوێی نەئەداینیٚو بەپەلە کراسـی دا بەسـەر چـراکەوە خۆی گەیاندە بەر دەرگاو توند بەدەسـتێکی تـر خـۆی گـرت بـە درەختـەکانی ئیبراهیم خەلیلەوەو هاواری بۆ ئەبرد کە فریای ئەو سەفینە نەگبەتـە بکـەوێت هەر ئەوەندە دایکمو چراکەی چووە دەریٚ عەسکەری هێـزی دەریـایی بـەجارێك ڕژانە ئەو ناوەو پەلاماری گوریسو بەلـەمو کـەلو پـەلی دەریـایی خۆیـان داو فریای خەڵکەکە کەوتنو رزگاریان کردن بۆیە هەر زوو دایکمیـان کـردە ژووریٚ ئیتر بەرەبەرە ڕۆژ دەرکەوتو دەرکـەوت کـە چـۆن زیـان بەشـارەکە گەیـشتوەو چەندەها دارەخورما شکابوونو دیرەگی ئەلەکتریك هـەمووی ڕوخـاوو شـکابوو چەندەها کوخ تێکشکاو ڕوخابوون ئیتر زۆر تۆفانێکی سـەیر بـوو بـۆ بـەیانیو دونیا هێمن بووەوە بەیانی زوو عەسکەر هاتن سوپاسی دایکمیان کردو گوتیان ئێمە گوێمان لەهیچ نەبوو ئەگەر چـراکەی تـۆ نەبوایـە نـەمان ئـەزانیو ئـەو

هەموو خەڵکە ئەمردن چونکە سەرباقی تۆفانو ئەو شەپۆلە تونـدو دژوارانـە لەبەر بای قایم سەفینەکە گەیشتبووە نزیـك شـوێنە خەتەرناکەکـە کـە لـولی ئـەخوارد دوای عەسـکەرەکانو هەنـدێ کەسـی ئـەو سـەفینەیەش هـاتن بـۆ بەردەرگامانو گوتیان ئەوکەسە کێ بوو کـە ئیمـشەو گیـانی زیـاتر لەبیـست منداڵو ژنو کەسی ڕزگارکردوە ئەمانەوێت بیبیـنینو دەسـتی مـاچ کـەین دوو بەرخیشیان بۆ هێنابوو. دایکیشم هاتە دەرەوەو خۆشحاڵی خۆی بۆ دەربڕین کـە سەلامەت دەرچوونو بەرخەکانیشی لێ وەرنەگرتنو گوتی بیدەن بـەو منـاڵانـەی ئیمشەو لەناو سەفینەکەدا بوونو ترسابوونو لەمردن ڕزگاریان بوو. ئیتر دایکم ناوی دەرکرد کە ئیمشەو چی کردووەو چەند لەپیاوان بەغیرەت تـر بـووە. خـاڵم زۆری پێ خۆش بووو زۆر مەتحی کردو سوپاسی کردو هـەروەها دەرو دراوسـێش هاتن بـۆ لایو خۆشـحاڵی خۆیـان بـۆ دەربـڕی. تەنیـشت ماڵەکـەمان دیـوار بەدیوارەوە ماڵی حاکم بوو. حـاکم خـەڵکی بەغـدا بـوو خـۆیو دایکـی بـوون دایکێکـی قەڵـەوی سـپی خرپنـی هـەبوو ئـەهات بـۆ لای دایکـم لەگـەڵ دراوسێیەکانی تر منو ڕێسان زۆر لاسایمان ئـەکردەوە کـاتێ باسـی ڕەزو بـاخی خۆیانی بۆ دراوسێیەکانی ئەگێڕایەوە.

ڕەزو باخی زۆریان لە(شەهرەبان) هەبوو ئینجا مەتحی هەنارەکانی ئـەکرد هـەردوو لـەپی دەسـتی نزیـك یـەك ئـەکردەوەو بەهەناسـەبڕکێی قەڵەویـەوە ئەیگوت: (کل رمانە هەلگـەد) هـەر هـەنارە ئەوەنـدە ئـەبێتو هـەر لیمـۆو پرتەقاڵە ئەوەندە ئەبێت. کە دایکی حـاکم ئەچـووەوە بـەلای بـاخو ماڵەکـەیاو حاکم بەتەنیا ئەمایەوە لەقوڕنە ژنێك ئەهات لەگەڵی ئـەژیا ئـەیانگوت ژنـی حاکم هی کەش ئەبوو بەچرپە چرپیان ئەیانگوت ئەمە ژنی نیە لەگەڵی ئـەژی

(قەپاتمەیەتی) ئیتر نازانم ئەو ناوە چی بوو بەلاّم وایان پــێ ئــەگوت بەتایبــەتی نەزیمەی ژنی ناسری ئاشنامان هەموو باسی ئەو خەڵکەی ئــەزانی لەگــەڵ پــیرە کچێکی خوشکەزای ناسر ناوی (ئەمونــە) بــوو ئــەوە ڕیپۆرتــەرو تەلگرافــچی گەڕەك‌و شاریش بوو.

ژنی حاکم زۆر جوان‌و سەرنج راکێش بوو لەناو ئەو هەموو ژنــە مــەئموورو کچە مەئموورو دەوروبەرە شتی وەکو ئەو نــەبوو مەگــەر بازیگــەرانی ســینەما ئەویش هەرە جوانەکان سەیر ئەوەیە هاتوچۆی دراوسێیەکانیشی ئەکردو گــوێی نەئەدایە پرس‌و پرسیارو چرپەچرپی ئەوان.

چونکە ئەو کاتانەو لەو شارۆچکانە جێ ڕابواردن‌و هیچ نــەبوو بۆیــە ئــەو ماڵە مەئموورانە ڕۆژێ ئەچوونە ماڵی یەکێکیان‌و بۆخۆیان خۆشیان ڕائــەبوارد ناوی ئەو گەڕان‌و چوونە ماڵانەش (قبووڵ) بوو بۆیە دائــم ئــەهات بــۆ قبــووڵ. ئێمە کە منالّی ئەو ماڵانە بووین سەیرمان ئەکردن‌و لەشوێنی جیا دائەنیشتین لەگەڵ هاوتەمەنی خۆمان. ڕێکەوتێکی زۆر خۆشمان هەبوو ئــەویش کــە کــاتێ لــەعفك بــووین مــاڵی معــاونێکی (شــورتە) لــەوێ بــوون پیــان ئــەگوت عەبدولکەریم زاهیر السبع سێ چــوار کــچی هــەبوو کــچی ســێهەمی کــە لــە مــناڵەکە گەورەتر بوو ناوی ناجحە بوو لەعفك زۆر دراوسێ‌و هاوڕێی یەك بووین کەچی کە هاتینە قوڕنە ئەوانیش لەوێ بوون ئــیتر زۆر زۆر دڵمــان خــۆش بــوو لەگەڵ ناجحە لەخوشك زیاتر بووین ڕێسانیش لەگــەڵ بەشــیرەی خوشــکی کــە مــناڵەکەیان بوو هاوعومری ڕێسان بوو. لەبەرئەوە دائەنیشتین بەو میوانانەمان رائەبواردو لەژێرەوە گاڵتەشمان پێ ئەکردن.

ناجحه زۆر کچی چاكو ئاقڵو بەحورمەت بوو زۆریش قسەخۆشو گاڵتەچی بوو. بە دزییەوە گاڵتەمان بە مدیرەو موعەلیمەکانمان ئەکرد. مودیرەکەمان ناوی ست خیریە بوو خەڵکی مووسڵ بوو نەگبەتە دایكو باوكو دوو خوشکی زەبەلاحی پیرە کچو برایەکی لەئەستۆدا بوو ئەو بەو معاشەی بەخێوی ئەکردن بۆیە حاڵیان زۆر شڕ بوو ست خیریە تەنیا یەك دەستە جلی هەبوو هاوینو زستان بۆ مەکتەب بۆ گەڕانو حەفلە هەر ئەوانەی لەبەردابوو کراسێکی شینی ڕەنگ چویتیو چاکەتێکی ڕەش کە ئەوەندە شۆڕابوو قۆڵی گەیشتبوونە لای ئانیشکی پرچی کورتو لول بوو سنگی زۆر گەورە بوو بۆ نەگبەتیو لەو کراسە سواوە تەسکەدا پێشیان خواردبوو. ئێمەش لەجیاتی بەزەییمان پیادا بێت هەر بەوەدا ئەگەیشتین گاڵتەی پێبکەینو لاسایی بکەینەوە من بەباشی ئەمتوانی لاسایی خەڵك بکەمەوە هەروەها وەکو ئەوانیش قسە بکەم. دیارە ئەوە هەر ئەو هونەرە بووە لەناو دەروونما کە گەورەبووم. بووم بە نووسەرو ڕۆمانو چیرۆکنووس. ئەو تەمەنەی منو ناجحەو هاوڕێیەکانی ترمان هی ئەوە نەبوو بیر لەبەزەیی (حقوقی انسان) بکرێتەوە بۆیە گوێمان نەئەدایێ. هەروەها موعلیمەیەکی تریشمان هەبوو ناوی ست دیزێ بوو گاور بوو براکەی مرافقی عەبدولئیلای خاڵی مەلیك فەیسەلی بچووك بوو زۆر زابتێکی لەپێش بوو بۆیە هەر چەند لەگەڵ وصی عەبدوڵڵا ئەچوو بۆ ئەوروپاو شوێنان قاتو پێڵاوو جلی یەکجار جوانی بۆ ست دیزێ خوشکی ئەهێنا بەڵام فایدەی چی دیزێ پیرە کچێکی زۆر گەورە بوو بە تەمەن. درێژێکی ناوەندی بوو لەقەڵەویو زەعیفیدا دەموچاوی ساردو سڕبوو ناوچەوانی زۆر پانو قۆقزو دەرپەڕیو بوو دائیم بریقەی ئەهات پرچێکی تەنکی دووتاڵی کاڵی بەسەرەوە بوو سەرباقی دەردان زمانیشی

هەندێ لاڵ بوو نەیەتوانی حەرفی (ڕ) (R) لەفزكات موعەلیمـەی حیـسابو هەندەسەمان بوو ئێمە گەیشتبووینە سـنفی شەشـی سـەرەتایی دیـارە ئـەبوو ئیمتیحانی بەكەلۆریمان هەبێت سەری ساڵ ئینجا وەرە لەگـەڵ دیـزێ بتوانیـت تەلەبە بە چاكی ئاگای لەدەرسو دەورو حیـسابو هەندەسـە بوایـە لەبەرئـەوە هەموو ڕۆژێك دەرسی ئەو هەر قیژەو شاتەو كولیچەو گاڵ گاڵی خـواردن بـوو. هەموو تەلەبەكان لەكاتی پشوودا شتیان ئەكرِی كە لەسنفی ئەو بەسەزمانەدا بیانخواردایە. دیـزێ زۆر زۆر زیـرەك بـوو هـەر بڵیمـەت بـوو لەعیلمـدا بـەڵام عیلمەكەی بێ فایدەبوو چونكە تەلەبـەی ئـەو تەمەنـە دوانـزە سـیانزە سـاڵە نەیانئەتوانی خۆیان ڕابگرنو پێی پێ نەكەنن. بەتایبەتی جۆری تەلەبـەكانیش تێكەڵاوێكی سەیر بوو هەر لە معیدی عەبابەسەری خوریەوە بوو تـاوەكو تـازە پیاكەوتوو تازە دەوڵەمەنـد چـونكە شـەڕ بـوو شـەڕی جیهـانی دووهـەم بـوو دەوڵەمەنـدی (حـرب) زۆر پـەیا بووبـوون هـەروەها كـوڕو كـچی مـەئموورى جۆراوجۆری وەكو ئێمەش هەبوو.

زۆر سەیرە ئەوانەی باسیان ئەكەم پیرە كچەكان هەموویان تەمەنیان سەروو چلو بگرە پەنجا بوو بێجگە لەخوشكەكانی سـت خەیریـە كـە ئـەوان هەنـدێ كەمتر بوونو خەیریەی خوشكیان پەنجا ساڵ زیاتر بوو هێشتا شووی نـەكردبوو كە لەناو عەرەبەكانا هەر زوو كچیان ئەدا بەشـوو لـەعومری چـواردە سـیانزە ساڵیدا كەچی نازانم ئەوانە بۆچی تا ئەوكاتە شوویان نەكردبوو.

ست خەیریە لەڕیزی ماڵە مەئموورەكان نەبوو ماڵەكەی هەندێ دوورتربوو نزیك بازاڕ بوو بەڵام ست دیزێ لەڕیزی ماڵەكەمان بوو لەگەڵ دوو موعلیمـەی تـری مەكتەبەكـەمان پێكـەوە لـەخانووێكا ئـەژیان دوو موعلیمەكـەی تـر

یەکێکیان ماری ناوبوو گاور بوو زۆر جوان بوو لـەئاڤا گـاردنری - بازیگـەری سینەما ئەچوو. خاڵە محەمەدم حەزی ئەکرد ئەگەر شـووی پـێ بکردایـە بـەڵام دایکی ماری قبووڵی نەکرد کە ماری شوو بکات بە ئیسلام.

خاڵە محەمەدم زۆر پیاوو لاوێکی شیرین‌و ڕەزا سوک‌و ئـازاو بـەغیرەت بـوو بۆیە دائم کچە مەئموورو موعەلیمـە هـەر بـە ئاشـکرا ماسـتاوی دایکمیـان ئەکرد کـە بەشـکەم خاڵـە محەمـەدم یـەکێکیان بهێنێـت‌و ئێمـەش زۆر لێـی ئەپاڕاینەوە بیرمە هەندێ جار دایکم سـەرینێکی بـچووکی ئەخـستە باوەشـم‌و سەرپۆشێکی پیا ئەداو ئـەیگوت بـڕۆ بـەخاڵت بڵـێ: هـا خـاڵۆ گیـان ئـەوە کوڕەکەتـە دایکـم‌و هـەموویان وایـان پـێ ئـەگوتم ئـەیانگوت چـونکە تـۆی خۆشەوێت بەشکەم بەقسەت بکات. خاڵم خاڵ‌و باوك‌و بـراو هـەموو کەسـێکی کەم وێنە بوو هیچ کات‌و هیچ ڕۆژێك هەستم بـەوە نەئـەکرد کـە بـاوکم نیـەو باوکم لەگەڵم نیە لەبەر ئەو خاڵە میهرەبان‌و کەم وێنەیەم بۆیە ژنی نەهێنا کە لێی ئەپاڕاینەوە پێ ئەکەنی‌و ئەیگوت من ژن بێنم لچ لەخوشـکم‌و کـچەکانی شۆڕکات‌و لێیان تووڕە بێت بەخوا ببـێ بە دایکی حەوت کوڕی پەلکـە زێـڕین تەڵاقی ئەدەم ئینجا بۆ کچی خەڵك بهێنم‌و سەر لەخۆشمان بـشێوێنم. بـەڵام بـۆ ماری حەزی ئەکردو ئەیگوت ئەو گاورە ڕەنگە باش بێت‌و ئەوەنـدە خۆپەرسـت نەبێت. کەچی دایکی ماری ڕازی نەبوو کە زۆریـش تێکـەڵ بـووین لەگـەڵیان هەمیشە کە ئەچـووین بـۆ بەسـرە لـەماڵی مـاری دائەبـەزین زۆر خزمـەتیان ئەکردین زۆر سەیرە ئەو جۆرە کەسانەی گاورو جوولەکە کە ئەوسا جوولەکـەش زۆر بوون‌و زۆر ئاشنامان بوون لەگەڵمان زوو ڕێك ئەکەوتن چونکە کوردبـووین زۆرجار سکاڵاو ناڕەزاییان هەبووایە لەکەسێك ئەهاتن بەخاڵمیان ئـەگوت. لـە

عفکیش موعەلیمەیەکی جوولەکەمان هەبوو خەڵکی بەغدا بـوو نـاوی سـت نجیبە بوو زۆر هونەرمەندو عاقڵو زیرەك بوو تاوەکو ئەم دوا ساڵانەش بەیادگار نەقش‌و چنینی دەست‌و پەنجەی زێڕینیمان لەلابوو بەڵام لەڕاکردن‌و مـاڵ بـەجێ هێشتن‌و کەوتنە شاخ‌و دەربەدەری گەلێ شتی یادگارو بەبەهامان لەناوچوو.

لەگەڵ ست ماری‌و دیزیۆ موعلیمەیەکی تریش هەبوو نـاوی صـبریە بـوو خەڵکی ابو الخصیب بوو ئەسمەرێکی ئێسك سووکی زۆر خۆشەویست بـوو ئـەو دووانە ماری‌و صبریە زۆر تێکەڵاومان بوون دایکم هیچ خواردنێکی خۆشی بـێ ئـەوان نەئـەخوارد هـەروەها لەمەکتـەبیش تەلەبـە خۆشـیان ئەویـستن بـۆ دەرسەکانیان خۆمان ئامادە ئەکرد تاوەکو تووڕەیان نەکەین بەڵام سـت خیریـەی مودیرو ست دیزیی باڵابەرزی بەدبەخت کـەس بەقـسەی نەئـەکردن‌و لێـشیان نەئەترسان.

لەڕیزە خانووەکانی دیوارەکانی ناو ئاو دوای ماڵی حاکم ماڵی مودیر المـال بوو. ئەو ماڵە زۆر ماڵێکی بەحورمەت‌و سەیرو سەرنجڕاکێش بوون. مودیر المال خەڵکی مەندلی بوو لەگەڵ ژنەکەی حەوت کـچی هـەبوو کـوڕی نـەبوو. سـێ برازای هەتیویشی بەسەرا کەوتبوو برازاکانی یەکێکیان کوڕ بـوو یـەعنی نـۆ کچیان هەبوو لەگەڵ کوڕێك. مودیر المال پیاوێکی قەڵەوی هەندێ کورتـە بنـە بوو زۆر بەحورمەت‌و پاك بوو چونکە مـەئموور لـەو شارۆچـکانە زۆر دزییـان ئەکردو بەرتیلیان وەرئەگرت بەتایبەتی کـە ئـەم مـودیرو المـالیش بـوو بـەڵام حاڵیان زۆر شڕو فەقیر بوون هەر ئەیتوانی ورگی منداڵـەکانی پڕکـات‌و تێریـان کات بەو معاشە. هەرچەندە ژنەکـەی زۆر بـەجوانی نەیـدەزانی عـەرەبی قـسە بکات‌و زۆر لەکورد ئەچوون بەڵام نەیان ئەگوت کە کوردین.

ژنەکەی دایکی کچەکان دەستێکی سەقەت بوو ئەتگوت کاتی خۆی سوتابوو لەبەرئەوە ئەوەندە نەیئەتوانی ئیش بکات کەیبانووو ماڵدارو سەلارو گوڵی ماڵەکەیان کچە نۆبەرەکەیان بوو ناوی فتحیە بوو حەڤدە ساڵ ئەبوو کچێکی هەندێ خرپنی ئێسك سووکی خۆشەویست بوو دوو پرچی درێژی هەبوو کە ئەیهۆندەوە ئەم کچە ئەو هەموو منداڵو ماڵو خێزانەی بەخێو ئەکردو ئیدارەی ئەکرد باوکی لەگیانی خۆی خۆشتری ئەویست چونکە ئەگەر تەگبیرو ژیری فتحیە نەبووایە حاڵیان شڕئەبوو بە پێچەوانەی فتحیە خوشکێکی لەخۆی بچووکتری هەبوو ناوی وەفیقە بوو ئەو ئەوەندە ئاژاوەچیو قڕەقڕکەرو هار بوو بیستو چوار سەعات هەر شاتەی ئەهات چونکە ماڵەکانیش هەموو بەتەنیشتی یەکەوە بوون بۆیە هەموو ئاگاداری حاڵی یەکتر بوون. وەفیقە هەمیشە ئالۆی کەوتبوو قوڕگی ئەیەشاو کە قسەی ئەکرد ئەتگوت کفتەی لەقوڕگا عاسێ بووە. هەموو رۆژێك دوای گەڕانەوەمان لەمەکتەب لەماڵی مودیر المال حەربو جەنگی وەفیقە دەستی پێ ئەکردو برنجو شلە ئەکرا بەسەر یەکتریا.

وەفیقە بەسەر فتحیەدا ئەی نەڕاندو ئەیگوت: ئەمە تۆ چێشتت بۆ لێناوین ئەم برنجە پەلۆلەیەو ئەم شلەدەریاو بەحرە مەگەر مەلەوانێکی زۆر ئازا بتوانێت لەناو ئەم شلەیە تا دەنکە پەتاتە یا کوتە گۆشتێك بدۆزێتەوە. من ئەوە ناخۆم فەتحیەی بەسەزمانیش ئەیقیڕاند بەسەریاو ئەیگوت: ناخۆی چاوت دەربێ، باوکی قوڕبەسەرمان هەر ئەوەندەی هەیە. ئەوە لەکوێ بۆ جەنابت برنجی دانار دانارو کوتە ماسولکەو سنگی مریشك بێنمو پەیداکەم.

فتحیە بەو تەمەنەوە کە گەورەبوو لەچاو تەلەبەی تەمــەنی ئێمـە کەچـی موعلیمەو خەڵك ئەوەندەیان خۆشەویست لەبەر کردەوەو ڕەوشتی ئەیانهێڵا بێت بۆ مەکتەب بخوێنێت ئەگەرچی ئێمــە هــەمووما‌ن هــەرە گەورەکــەمان دوانــزە سیانزە ساڵ ئەبووین کەچی ئەو بەعومری حەڤدە بگرە هــەژدە ســاڵەوە ئــەهات لەناومان دائەنیشتو دەرسی وەردەگرت چونکە لەبەر زروفی ماڵەوەیانو دایکی دەست سەقەتیو باوکی کۆڵنەدەری، مەکتەب ئەو پاداشتەیان دابووەوە کە قەی ناکات بێت بخوێنێت. لەهەمووی سەیرتر لەکاتی دوا فرصەدا ئیزنی وەرنەگرت کە بچێت برنجەکە لێبنێت یا نیسکێنەکە ڕۆنو پیازی پیاکات چـونکە ئێـستە ئەو هەموو منالانە ئەچنەوە مــاڵێو هــیچ نیــە بیخـۆن. مەکتەبەکــەشمان زۆر نزیکمان بــوو ڕیــزە خانووەکــانی ناصــری کــورد کــە شــەقام ئەکەوتــە بــەینی ماڵەکانمانو ڕیزە خانووەکانی ئەو.

ئەو پایزو زستانە لەو ماڵەمانماینەوە کە دیوارەکانی لەناو ئاودا بـوون. بــەرەو بــەهار گواســتمانەوە بــۆ خانووەکــانی ڕیــزی بەرامبــەرمان ئەوپــەڕی شەقامەکە کە خانووەکانی ناصر بوون. ئەو ڕیزە بەم جۆرە دەســتی پــێ ئــەکرد. یەکەم مەکتەبەکەمان کە خانوویەکی زۆر گەورەبوو. دووهەم ماڵی ناصر خـۆی بوو سێهەم ماڵی ئێمە بوو. چوارەم ژنو پیاوێك بوو کە کوڕە شێخێکی گــەورەی ئال سعدونیان بەخێو ئەکردو بەدیاریەوە بوون کوڕەکە چواردە پانزە ساڵ ئــەبوو لەمەکتەبی ناوەندی بوو ئیتر نازانم بۆچی لــەوێ بــوو دیــاربوو لای شــوێنەکەی باوکی مەکتەبی وای لێ نەبوو.

تەنیشت ئەوان ماڵی ژنە کۆنەکەی ناصر بوو کە خەڵکی قوڕنــە بــوو دوو سێ کچی هەرزەکاری گەورەی هەبوو کە بەرۆژ هــەر لــەماڵی باوکیــان بــوونو

خزمەتی نەزیمەی ژنیو منالەکانیان ئەکرد ، نەزیمە زۆر زاڵ بوو بەسەریانەوەو کچەکان لێی ئەترسان هەروەها خوشکێکی پیرە کچی نەزیمەش بەسەر ماڵەکەوە بوو بەڵام ئەو لەگەڵ کچەکانی ناصر زۆر رێك بوو لەژێرەوە زۆر زۆر شتی ئەدانێو ئاگای لێیان بوو زۆرجار لەگەڵ نەزیمەی خوشکی ئەبوو بەشەڕیان لەسەر ئەو کچانە بەڵام نەزیمە دەرەقەتی خوشکەکەی نەئەهات.

ئەوەندە نەبوو چووبووینە خانووە تازەکەوە وابزانم لەساڵێك کەمتر بوو کە دەنگ بلاوبووەوە لەماڵی ناصری کوردی ئاشنامانەوە کە وەکو لەوەوپێش گوتم کە نەزیمەی ژنیو ئەمونی خوشکەزای تەلگرافو رۆیتەری هەموو قوڕنە بوون. ئەمون ئیشو کاری نەبوو هەر ئەچووە ئەم ماڵو ئەو ماڵو ئەم گەڕەك ئەو گەڕەك بۆ دەنگوباس هێنان بۆ نەزیمەی خالۆژنی کە خالۆژنی لەخۆی منالتر بوو. بۆیە لەو ماڵە دەنگ بلاوبووەوە کە خالە محەمەدم تەقاعود کراوە کەچی هێشتا ئێمە نەمانبیستبوو. ئەویش دیار بوو خالم نەیویستبوو پێمان بلێتو ویستبووی تاوەکو بکرێت ئەو هەواڵەمان لێ بشارێتەوە بۆ ئەوەی خەفەت نەخۆین ئیتر ئەو رۆژە کە هاتەوە ماڵێ نیوەڕۆ دایکم پێی گوت کە ئەو هەواڵە چیە ئەوە ڕاستە؟ خالم سەری سوڕماو گوتی ئەوە چ زوو زانیتانو کێ پێی گوتن. هەرچۆنێك بێ دایکمو نەنەو مامۆو هەروەها هەموومان خۆمان ناڕەحەت پیشان نەداو گوتمان هەر تۆ خۆش بیت بۆمان هەموو دونیا ئەهێنێت دەبا تقاعدت کەن وەزیفەو کاریان سەریان بخوات خۆ ئەمە یەکەم جار نیە. خالێشم گوتی: گوێ مەدەنێ پەکمان ناکەوێت لەئێستەوە رەفیقو هاوڕێیەکانم ئیشیان بۆدۆزیمەوەو ئێستە شەڕی جیهانیو زەخیرە دابەشکردنە بە بلیتو کارت رەفیقەکانم توجاری ئەو کارەن هەر گورج گوتیان ئەتکەینە شەریك هەروەها

ناصـری خـاوەن خانووەکـەشمان هاتــە دائـیرە لـەلامو گـوتی هـەموو خـانوو و مولّکەکانم ئەخەمە بەردەستت تەنیا نارەحەت مەبە ناصـرو دوو سـێ هـاورێی خالّم کە لەبەسرە بوون دەولّەمەندو خـاوەن مولّـك بـوون هەرچـی ڕەزو بـاخی دەوروپشتی قورنە هی ئەوان بوو ئەوانیش زۆر پیاوانە هاتنە پێـشەوە لـەخالّمو دەوریان داو ئامادەیی خۆیـان دەرخـست. بەڕاسـتی پـەکمان نەئەکـەوت بگـرە چەندەها جار حالّمان لەوسای وەزیفە باشتر بوو.

بەلاّم چەند هەفتەیەکی بەسەردا نەچوو کە گورج خالّە هـەمزەم کـە هـەر لەبەغدا بوو لەژێر چاودێری حکومەتدا بوو لەشـەریکەی کـاك کمـال ئیـشی ئەکرد وەزیرە کوردەکان پاراستبوویان گەیشتە لامان بۆ قورنـە لـەدوای ئـەوەی خالّە محەمەدم جوابی بۆ ناردبووکە تقاعد کراوە.

خالّە هـەمزەم هـەر گەیـشت گـوتی دەی خۆتـان کۆکەنـەوە ئـەبێ لێـرە نەمێنینو بڕۆین بۆ کەرکوك، ولاّتی خۆمان ئیتر بەسە غەریبی. بەتایبـەتی کـە وەزیرە کوردەکانو هەندێ عەرەبی ئاشناو باشی حکومەتیان ڕازی کـردووە کـە بگەڕێنەوە بۆ کەرکوك. سید ئەحمەدی خانەقاە ئەویش فەرموویـەتی کـە بنێـرە بێنەوەو وا جیّو خانووشی بۆ حازرکردون. هەرچەند خالّە محەمەدم گـوتی دەتـۆ جارێ ڕاوەستە ئاخر ئەو هەموو هاوڕیانەم دەوریان داومو ئیـشەکەم لەگـەڵیان. خالّە هەمزەم ڕازی نـەبوو گـوتی بـۆ دوو سـێ مـانگیش ڕازی نـابم کـە لێـرە بمێنینەوە. خالّە هەمزەم گەڕایـەوەو گـوتی ئەچـم لەبەغـدا چـاوەڕێتان ئەکـەم تاوەکو لەگەڵتان بیێم بۆ کەرکوك.

ئێمە هێشتا خۆمان کۆئەکردەوە بۆ گەڕانەوە کە هەوالّمان پێگەیـشت کـە خالّە هەمزەم دیسان ئەمری گرتنی بۆ دەرچوو ئەویش خۆی ون کـردووە وا بـۆی

ئەگەڕێین بەڵام ئێمە هەر ئەبێ بڕۆین بە شپرزەییو دڵێکی شکاوو پڕ مەراق خۆمان کۆکردەوەو کەوتینە ڕێ بەرەو بەسرە لەوێشەوە بەشەمەنەفەر بۆ بەغدا. چەند ڕۆژێك لەبەغدا ماینەوە لە ماڵی خزمێکمان زۆرتری بۆ هەواڵ پرسینی خاڵە هەمزەم چونکە ئەو خزمانەمان لەگەڵی بوونو ئاگایان لەهەموو کارێکی بوو. دوای دە ڕۆژێك دیسان بەشەمەنەفەر گەیشتینە کەرکوك یەکەم جار بوو کەرکوك ببینین لەماڵی جەنابی زۆر بەڕێزو زۆر گەورەو موحتەرم سەید ئەحمەدی خانەقا دابەزین خانوویێکی زۆر گەورەو بەرینی دوو چینە بوو حەوشێکی زۆر زۆر گەورەیان هەبوو هەر ڕاست بەرامبەر بەخانەقا بوو ئێستەش ئەو خانووو خانقایە ماوە لەکەرکوك لەنزیك مەکتەبە گشتییەکەی کەرکوکە. خانەقا جێ میوان بوو کە خەڵکێکی زۆر ئەهاتن بۆلای جەنابی سەید ئەحمەدی هەروەها سێ ژەمەش فەقیری کەرکوك لەوێ کۆئەبوونەوە بۆ نانخواردن سەید ئەحمەدی خانەقا ئەو فەقیرو هەژارانەی بەخێو ئەکردو سێ ژەمە مەنجەڵی گەورە گەورە لەسەر ئاگردانی لەخشت دروست کراو ئەکولاَنو شۆرباو خواردن بۆ فەقیر دروست ئەکرا. سەید ئەحمەدی خانەقاە شەخصێکی زۆر گەورەو بەڕێزو محترم بوو تاوەکو تورکمانی کەرکوکیش وەکو کەسێکی پایە بڵندو موقەدەسیان سەیر ئەکردو خۆشیانئەویست ئەویش هەروەها زۆری خۆشەویستن.

سەید ئەحمەد کچێکی هەبوو گەورەی ماڵو هەموو لایەك بوو ناوی مریەم خان بوو مریەم خان هەر بەڕاستی شازادەیەك بوو بۆ خۆی گەنم ڕەنگێکی باڵابەرزی شیرینی زۆر خۆشەویستەنی بوو زۆر عاقڵو سەلارو خوێندەوار بوو ژوورو تاقی هەمووی کتێبی جۆراوجۆر بوو بێجگە لەکوردی، عەرەبی زۆرچاكو فارسیشی ئەزانی بە خوێندنو نووسین هەروەها سەید ئەحمەد سێ کوڕیشی

هــەبوو ســید عوبــدولقادر کــە وەفــاتی کردبــوو دوو کــوڕو کــچێکی لــەپاش بەجێمابوو دوو کوڕەکەی کە ناویان عەزیزو صەمەد بــوو دایکیــان عەتیــەخان بەڵام کچەکە کە ناوی نەصرت بوو دوایی بوو بــە نەســرین هــەر لەمناڵییــەوە دایکی ئەمری خوای کردبوو زۆر نازدارو عەزیز بوو لەلای‌و هــەروەها لای بابــە گەورەشی کە جەنابی سەید ئەحمەدی خانقاە بوو نەسرین هــاوعومری مــن بــوو بۆیە کە چووین‌و یەکترمان دیت‌و بۆ چەند ڕۆژێك لــەماڵیان ماینــەوە تــاوەکو خانووو جیێ‌و ڕێیان بۆ ڕێکخستین هەر زوو بووین بــە هــاوڕێ‌و هــەڤاڵی یــەك‌و تاوەکو ئێستەش خۆشەویسترین هاوڕێ‌و هەڤاڵمە، نەسرین هــەر بەڕاســتی وەك گوڵەباخ‌و گوڵی تر وابوو تاوەکو ئەم تەمەنەم کەم کەسم دیوەو بەرچاو کەوتووە بەقەد نەسرین جوان بووبن تاوەکو بازیگەرانی زۆر جــوانی ســینەماش هێــشتا نەئەگەیشتنە نەسرین.

مــاڵی سەید ئەحمەد دائم‌و هەمیشە جمەی ئەهات لەخەڵك‌و میوان‌و فەقیرو هەرچی لەدێهات‌و دەوری شارو بگرە ناو شاریش ئەگەر شتێکیان بەسەربهاتایە ڕایان ئەکردە لای سەیدو هانایان بۆ ئەوو مریەم خان ئەهێنا.

خاڵە هەمزەم کە خۆی شاردبووەوە دیسان گەڕابووەوە خانەقاو ژێر هیمــەتی سەید ئەحمەدو هەر دەست بەجێ پاراستبووی‌و لەحکومەتی شاردبوویەوە. بۆیە کە ئێمە گەیشتینە کەرکوك‌و دامەزراین‌و چووینە ماڵەکەمانــەوە. ئــیتر خاڵــە هەمزەم زوو زوو بەشەوان بەدزییەوە ئەهات بۆ لامان ســەری ئــەداین جــاری وا هەبوو شەوێکیش لەلامان ئەمایەوە ئێمــەش زۆرمــان پــێ خــۆش بــوو دڵمــان کرابووەوەو ئاواتمان هاتبووە دیی بەنزیکیمان لەخاڵە هەمزەم چونکە ئەو ژیــان‌و بارودۆخەکە وای لێ کردبووین کە هەمیشە چاومان لەدووی بێت‌و دائم لــەدڵ‌و

دەروونمانا بێت‌و تێکڕا چاو بە فرمێسك بین بۆی بۆیە خاڵە هەمزەم هەر بووبوو بە شەخصێکی ئەفسانەیی گران‌و ناوی بووبوو بەناوێکی جادوویی بەرز بەرز کە هەمیشە ئاواتەخوازو لەئارەزووی ئەوە دابووین کە بەشکەم هەر بێتە خەومان نەك لەنزیکەوە بیبینین.

خاڵە محەمەدیشم هەروا بێ ئیش‌و بێ کار مابووەوە بەڵام لەکەرکوك هاوڕێ‌و ڕەفیقی زۆری هەبوو. هەر لەو برادەرانەی کە پێکەوە لەسوپاو کۆلێجەوە پێکەوە بوون تاوەکو برادەرو ناسیاوی کوردی دڵسۆز تاوەکو برادەرێکی زۆر خۆشەویستی هەبوو ناوی ڕەئوفی دەلاك بوو دوکانی دەلاکخانەی هەبوو و زۆر قسەخۆش بوو بیرمە چەند جارێك هاتە ماڵەوەمان پرچی دایکمی لول کرد ئەوسا پرچی لول مۆدەی بوو. خاڵە محەمەدم زۆر دڵی بە وەستا ڕەئوف خۆش بوو زۆر بەقسە خۆشەکانی پێ ئەکەنی دیار بوو لەدەمێکەوە وەستا ڕەئوفی ئەناسی لەوکاتەوە کە تازە دەرچوو بوو بە ئەفسەرو ڕەوانەی سلێمانی‌و دەوروبەری کرابوو لەبەر شەڕی بەردەرکی سەرا ئیتر بەڕاستی بە تەواوی نازانم لەکوێ‌و لەکەیەوە ئەیناسی بەڵام کە گەیشتینە کەرکوك خاڵم وەستا ڕەئوفی دەلاکی دۆزیەوە زۆری پێ خۆش بوو.

ساڵێك بوو کە گەیشتبووینە کەرکوك‌و خاڵە هەمزەم حکومەت بە دوایا ئەگەڕا کە بیگرن زۆرجار بە ئاشکرا ئەیانزانی کە لە خانەقایە حکومەت زاتی ئەوەی نەبوو کە بچن خانقا بگەڕێن‌و بپشکنن بۆیە زۆرجار کەمین‌و بۆسەیان بۆ دائەنا کە بەشکەم کە هاتەلامان لەڕێگا بیگرن. زۆرجاریش ئەچوونە دێیەکانی سەید ئەحمەد بۆی ئەگەڕان. وەکو سەرگەڵوو دێهاتی تر کە لە پەنجا دێ زیاتری هەبوو شەوێکیان خاڵە محەمەدم درەنگ لەنادی گەڕایەوە زستان بوو کە دایکم

دەرگای بۆ کردەوە پێش ئەوەی بێتــە ژووریٚ لــەدایکم پاڕایــەوەو گــوتی توخــوا سەلیمە گیان لەرێگا کە ئەهاتمە ماڵیٚ ئەم سەگە بچووکەم شوێن کەوت بهێڵە بێتە ژوورەوە گوناحە لەحەوشــەکە لەپــەناییێك جێگــای بــۆ ئەکــەین. بۆیــە وا لەدایکم پاڕایەوە چونکە ئەیزانی دایکمو مامۆو نەنە هەموو نوێژکەرنو چـۆن ئەهێڵن سەگ لەناو قاچو قولیان لەماڵەکە بێت.

ماڵمان لەشاترلوو بوو خانووی تورکمانێك بوو ناوی محەمەد بەگ بوو. دوای ئەوە محەمەد بەگ زۆر بەکەڵکمان هات لەدواییا باسی ئەکەم.

دایکیشم لەبەر دڵی خــاڵم گــوتی قــەیناکا بابێــتو تووتکــە ســەگەکەی هێنایە ژووریٚ. لەناو حەوشەکەمان کە خــانووییێکی قــەدیمی ســەرگومەزەکانی کەرکوکی شیرین بوو لەناوەڕاستی حەوشە خۆشــەکەی بــاخێکی چوارگۆشــەیی تیابوو قەراغ باخەکەشی شورەکرا بوو بەدار بۆیە ســەگەکەیان لــەناو باخەکــە داناو هەر بەو شەوە شوێنێکی وەك پەنایان بۆ دروست کرد لەبەر باران.

لەگەڵ سەگەکە ڕاهاتین منو رێسانی خوشکم ناومان نا چاکی ئــیتر نــانو خواردنو شتمان ئەدایە چــاکی وردە وردە گــەورەبوو بــوو بەســەگێکی قــاوەیی جوانی خرپن بەڵام لەسەگە بچووکەکان بوو لەسەگە زلەکان نەبوو. هــەموومان زۆرمان خۆشەویستو لەگەڵی ڕاهاتین.

لەگەڵ ماڵی ئەمین ڕەواندوزی دوو خانوومان بەین بوو ناجیــە خــانی ژنــی رەفیق دەستە خوشکی دایکم بوو کاتی منــاڵیو دەربــەدەری کــە لــە تورکیــاوە ڕایانکردبوو لەبەر شەڕی عالەمی یەکەم بۆیە زۆر رێکەوتێکی خـۆش بــوو بــۆ دایکمو ناجیەخان زۆر دڵیان بەیەك خۆش بوو بۆیە زۆر هاتوچۆی یەکیان ئەکرد بەتایبەتی خاڵە محەمەدمو ئەمین ڕەوانــدوزی دراوســیٚ هەنــدێك لەســەرومانەوە

ماڵی عەلی عەبدولعەزیز بوو برای شەهید عیزەت عەبدولعەزیز بوو کە لەگەڵ سێ ئەفسەری هاوڕێی حکومەتی بەدناوی عێراق لەسێدارەی دان. کە پێمان ئەگوت خاڵە عەلی ئەوانیش زۆر تێکەڵ بوون لەگەڵ دایکمو خاڵم، ژنێکی ئێسك سووکی هەبوو ناوی عەتیە خان بوو دایکی ناوی صافیە خان بوو. بووكو خەسووو لەگەڵ یەك ڕێك نەبوون زوو زوو صافیە خان ئەهات بۆلامان لەگەڵ مامۆو دایکمو ئەوان ئەکەوتە باسی بووکەکەیو ناڕەزایی خۆی دەربڕی مامۆش ئەکەوتە دڵدانەوەیو خاوی ئەکردەوەو دڵی چاك ئەبوو ئەچووەوە ماڵێ ئەوەندەی پێ نەچوو عەتیەخانی بووکی ئەهات کە لە کچە خانەدانەکانی ئامێدی بوو ئەویش ئەکەوتە گلەییو بۆڵەبۆڵ لەخەسووی کە چەند دەستگیرەو چەند ڕەزیلەو ئەم ناتوانێت ئەو کردەوانەی قبووڵ کات. ئینجا دایکمو مامۆ ئەکەوتنە خاوکردنەوەی ئەمیشو دڵیان ئەدایەوەو ئەچووەوە ماڵ ئیشکەرێکیشیان هەبوو ناوی ئامۆ بوو ئەویش هەر بەوا ئەگەیشت بێریڤانی کچی عەتیەخان کە منالێکی ئێسك سووکی دوو سێ ساڵەبوو ئەیدا بەکۆڵیاو ئەیهێنایە لامان.

ڕۆژێکیان خاڵە محەمەدم لەدەرەوە بوو هاتەوە ماڵێو گوتی حکومەت دایانمەزراندوم بە مەئمووری (تموین) تموین بەو دەزگایەیان ئەگوت کە لەبەر زروفی شەڕی دووهەمی جیهانیو کەم بوونی دەرامەت بە بلیت، خواردنو کەلوپەل بدەن بە هاولاتی. بۆیە ئەو دەزگایە لەهەموو شارێك هەبوو.

دیسان دیارە کوردە دەست ڕۆیشتووە باشەکان کە لە بەغدا بوون سەریان کردبووە سەر حکومەتو وا خاڵە محەمەدیان دامەزراند بوو کە بچێت بۆ ناحیەی قەرەتەپە بۆیە خاڵە محەمەدم ڕۆیشت بۆ قەرەتەپە نەنەش چوو لەگەڵی

کە ئاگای لێ بێتو بەدیاریەوە بێت. قەرەتەپە نزیکی کەرکوك بوو بۆیــە خاڵــە محەمەدم هەموو پێنج شەممەو جومعە سەری ئــەداین. مــاڵی ســەید ئەحمــەدی خانقای بەڕێزو جوامێر هەر زوو کە هاتبووین بــۆ کــەرکوك ژنو کــوڕێکی بــۆ ناردین کوڕەکە عومری دە ساڵ ئەبوو ناوی ئەنوەر بوو دایکیشی ناوی فاتمە بوو. بەڵام هەر لەچاو خۆمان بە تــەنیا ماینــەوە هەرچــەندە خاڵــە هــەمزەم زوو زوو بەشەو بە دزییەوە سەری ئەداینو هــەروەها دوو کــوڕی خزمیــشمان کــە هــەر بەدوای خاڵە هەمزەوە بوونو لە لاشمان بــوون لەگــەڵ کــوڕێکی تــر کــە نــاوی حەمید باتاس بوو ئەو دوانە دەستو یاریدەدەری خاڵم بوون هەروەها ئاگاشــیان لەئێمە بوو.

لەو بەینە لــەپڕ خاڵــە هــەمزەم دیارنــەما ئــیتر نــەهات ســەرمان بــدات هەرچەندە ناردمان پرسیمان لــەهاوڕێو برادەرانــی کــە ئــەمانزانی پەیوەنــدی پێیانەوە هەیە کەس هیچی پێ نەگوتینو هەروا بێ ئــارامو ناڕەحــەت ماینــەوە. خاڵە محەمەد هات سەری داین کە هەواڵی خاڵــە هــەمزەمان لێ پرســی گــوتی شکور سەلامەتەو ناڕەحەت مەبن چووە بۆ سەفەرێك دیارە ئەو ئــەیزانی بــەڵام ڕاستییەکەی پێ نەگوتین هەر ئەوەندە دڵنیای کردین.

حکومەتو پۆلیسو ئەمن سەریان کــردە ســەرمان لەبــەر خاڵــە هــەمزەم دەوری ماڵیان داینو هەر لەو ناوانە بوون کە هێشتا خاڵە هەمزەم لەکــەرکوك بوو گواستمانەوە بۆ خانووێکی تر هەر لەو گەڕەکە لەشاترلووو هەندێ سەرووی خانووە کۆنەکەمان ئەمیان هەر زۆر خۆش بوو باخێکی زۆر گەورەی هەبوو کــە دەرکی ماڵەکەی لەسەر بوو دەرکی پشتەوە نەك هی حەوشە، باخەکــە هــەموو هەر درەختی زەیتون بوو جۆگە ئاوێکیش بەناویدا تێ ئەپەڕی لــەو دیــویش تــا

چاوبڕکات باخی سلقو خیارو دەلـو بیبـەرو سـەوزە جوانەکـەی کـەرکوك بـوو زۆرجار کە پێویستمان بەو شتانە ئەبوو لەپەنجەرەکـەوە یـاخود لەبالقۆنەکـەوە دایکم بانگی باخەوانەکەی ئەکرد کە ناوی یەکێکیان حەسەن بوو پێی ئـەگوت ئەوەندە دەسك سلقو ئەوەندە خەیار یا دەلو بیبەرمان بۆ بنێـرە زۆر خـۆش بـوو ئەو خانووە بەتایبەتی بۆ سەگە جوانەکەمان جاکی کە گەورە بووبوو لەخۆشیانا لەناو ئەو باخە خۆشە گەورەیە هەر رایئەکردو کەیفی ئەکرد.

ئەمنو پۆلیس بەو خانووەشمان فێر بوونو شەو ئێشکیان ئەگرت بەشـکەم خالمیان دەست کەوێت بەلام جاکی گەورە بووبوو بۆیان ئەچوو پێیـان ئـەوەڕیو ئەیکرد بە هەرا زۆرجار کە دایکم بەیانی ئەچووە باخەکە نان بدات بـە جـاکی سەیری ئەکرد لەسەر دیوارەکەوە لەکۆلانەوە نانو ئێسقانو کەبابیان بۆ جـاکی هەلداوە بەشکم بیخواتو پێیان نەوەڕێت.

بەلام جاکی دەمی بۆ نەئەبردو هەر پێیان ئەوەڕیو ئاشکرای ئەکردن.

خالە هەمزەم دیار نەماو ئیتر نەهات بۆ لامان ئێمـەش هەرچـەندە خالـە محەمەدم دلنیای کردبووین کە سەفەری کـردووەو سـیحەتی باشـە بـەلام هـەر لەمەراقا بووینو ئەترساینو خەفەتمان بۆ ئەخوارد ئاخری ناچار خالە محەمـەدم گوتی ئەبێ بێن لەگەلم بۆ قەرەتەپە هەرچەندە ناحیەیەو وەك لادێ وایـە بـەلام ئێمە بێ تاقەت بووبووینو حکومەتیش ئەوەندەی تر سەری کردبووە سـەرمانو دەوری مالیان دابووینو شەو رۆژ لەژێر چاودێری دابووین. بۆیە ئێمـەش پێمـان خۆش بوو کە لەگەل خالم برۆین بۆ ئەوێ هیچ نەبێت بۆ چەند مانگێك تـاوەکو بمانزانیایە کە دوای چی بکەین.

ماڵ کۆکرایەوەو خرایە ماڵی ئاشنایەکمان کە زۆر خاڵە هەمزەم هاتوچۆی ئەکردن‌و زۆری هاوڕێیـەکانی لـەو ماڵـە ئـەبینی هـەروەها ژنێکـی خـەڵکی دهۆکیش هەر هاتوچـۆی ئـەکردین نـاوی زەکیـە بـوو چـاوی سـەوز بـوو زۆر خۆشەویستەنی بوو ئەو باجی زەکیەیە هەمیشە ئەترساو تووشی گـریێ بووبـوو کاتی خـۆی لـەدهۆك ڕای کردبـوو چـونکە شـوی بـەکوڕێکی گـاور کردبـوو هەرچەندە بۆشی بووبوو بەئیسلام بەڵام کەسوکاری ویستبوویان بیکـوژن بۆیـە خۆی‌و مێردەکەی ڕایانکردبوو هاتبوون بۆ کەرکوك لەوێ ئیشیان ئەکردو خاڵە عەلی عەبدولعەزیز کە ئەویش لەسوپا ئەفسەر بوو ئاگای لێیان بوو هەڕەشەی لەکەس‌و کاری کردبوو ئیتر وازیان هێنابوو لەباجی زەکیەو عەبدوڵڵای مێردی. باجی زەکیە بووبوو بەدڵسۆزێکی زۆر خۆشەویستمان‌و مێردەکەی ئاشـنای ئـەو ماڵە بوون خاڵە هەمزەم لەوێ هاوڕێیەکانی ئەبینی باجی زەکیەو مێردەکەشـی یارمەتی خاڵە هەمزەیان ئەداو بەدزییەوە کارەکانیان بـۆ جـێ بـەجێ ئـەکردو دڵسۆزی بوون.

زۆری ئەو ڕۆمانانـەی تـا ئێـستە نووسـیومن زۆریـان لـەزروفی ئەوسـاوە هەڵقولاون بەتایبەتی لەدایك‌و کوڕا زۆری شێوەی حەمەی پاڵـەوانی ڕۆمانەکـە لـەزروفی بەسـەرهاتی خاڵــە هەمزەمــەوە هــەڵقولاوە هــەروەها ڕێبــوارێکی سەرگەردانیش زۆری لەزروفی خاڵە هەمزەمـەوە هـەڵقولاوە. بۆیـە ڕۆمانـەکانم هیچیان خەیاڵی‌و دوور نین هەر ئەوەیە من کەرەسـەیەکی زۆرم پەیـدا کـردووە لەو ژیانە نالەبارەی خۆمی تیا ژیاوم ئینجا هەر نووسەرە ئەو کەرەسـەیەی کـە پەیدا ئەبێت لەناو دەروونیا وەکو کەرەسەی بینا دروست کردن وا ئەبێت ئینجـا ئەوە ئەمێنێتە سەر نووسەرەکە خۆی‌و زەوق‌و لێزانینی بۆیە نووسەری وا هەیـە

بەو کەرەسەی بینایەی کۆشكو تەلاری پیێ دروست ئەکات هــی واش هــەن کــە تەویلەو ئاخوڕی پێ بینا ئەکەن کە بریتیی ئەبن لــەدرۆو دەلەســەو فــس فــس پاڵەوانیو خۆهەڵکێشان کە سەری مرۆڤی پــێ ســپی ئــەبێتو کــە ئــەو درۆو فیشاڵانە ئەخوێنێتەوە شاخی لێ دەڕوێت،

ئاخری ئامادەبووین بۆ سەفەر لەگەڵ خاڵم بۆ قەرەتەپە کەوتینــە گێــژاوی ئەوەوە کە جاکی گەورە بووبوو ئیتر نەئەبوو لەناو مــاڵا بێــت ئــەویش وەك لادێ وابوو دوایی وامان بەباش زانی کە بیدەن بە ماڵی خاڵە عەلیو کــە گەڕاینــەوە بماندەنەوە چونکە ئێمە بۆ ماوەیەکی کەم ئەچووین هەروەها ماڵی خاڵە عەلیش زۆر جاکیان خۆشەویستو دڵنیا بووین کە زۆر ئاگایان لــێ ئــەبێت هەرچــەندە زۆریش بۆی گریاین منو ڕێسان بگرە دایکیشم زۆری خۆشئەویست بەتەنگیــەوە بوو. نیوەڕۆیان لەباخەکەوە دەرکی باخەکە نزیك چێشتخانەکە بــوو کــە گــوێی لەدەنگی قاپو کەوچك و شت ئەبوو ئەیزانی کە خەریکی ســفرە دانــانین بۆیــە لەباخ ئەهاتە بەردەرگای هەیوانەکەو پیــا ئەکێــشاو خــۆی پیائــەداو ئــەیکرد بەهەرا هەروەك بڵێت (خەریکی نان خواردنن منیش برســیمە) دایکــم بەپەلــە قاپەکەی بۆ پڕ ئەکرد بەدەم قــسەی نــازو لاواندنــەوەوە بــۆی ئــەبردو ئەیخــستە بەردەمی.

هەروەها لەبەردەرکی حەوشەکەشمان لەکۆڵان ســەگێکی گــەورەی زلحــۆرتی زەعیفی لێ بوو زۆرجار دایکم بەزەیی پیا ئەهاتەوەو ئەچوو چێــشتو ئێــسقانو خواردنی بۆ ئەبردو بۆی دائەنا لەبەردیوارەکە لای دەرکی حەوشەکەمان ئەوەندە ئەو سەگە زەعیفو داماوو زلحۆر بوو دایکــم نــاوی نــابوو حــۆلان ئــیتر حــۆلان هەمیشە لەوبەر دەرگایەمانو لەو کۆڵانەمان بوو زۆرجار ئەگەر بچووینایە بــۆ

بازاڕو شوێنێك لەنیوەی ڕێگا سەیر ئەکەین حۆلان شوێنمان کـەوتووە ئێمـەش دەرمان ئـەکرد و لێـی تـووڕە ئـەبووین ئەترسـاین بکەوێتـە ژێـر ئۆتۆمبێـل‌و عـەرەبانەوە.

ڕۆژی سـەفەرمان هـات‌و هـەموو ئامـادەبووین خاڵـە محەمـەدم هـاتبوو بەدوامان لەگەڵ پیاوێك کە ئیشی بۆ ئەکرد هەروەها دوو کوڕەکەی خزمیشمان هەرچەندە حەمید باتاسی خزمـان نـەبوو بـەڵام لـەزۆر خزمـان خۆشەویـستترو دڵسۆزترمان بوو هەروەها خزمی ڕاستیشمان نـایف عەبـدوڵڵا کـە خزمێکـی دووری باوکم بوو خەڵکی زاخۆ بوو هەردووکیان یاریدەدەری خاڵە هەمزەم بوون‌و تێکڕا لەوانە بوو هەموو کاتێك تووشـی ڕووداوی پڕمەترسـی‌و گـرتن بوونایـە لەبەر خاڵە هەمزەم لەبەر ئێمە کە بەدیارمانەوە بوون. نـایف لەگـەڵمان هـات حەمید باتاسی لەکەرکوك مایـەوەو خـەریکی کـەل‌و پـەلی ماڵەکـەمان بـوو ئێوارەبوو کەوتینە ڕێ بەرەو ئێستگەی شەمەنەفەری کەرکوك دونیـا سـاردبوو باران ئەباری بەسێ عەرەبانە کەوتینە ڕێ چونکە ئەوسا زۆری هاتوچۆ لەجیاتی تاکسی ئیتر هەر بە عەرەبانە خۆشەکانی ئەوسا بـوون کـە دوو وڵاخ رایەکێـشا کەسێك ئەیتوانی لەلای عەرەبانچییەکە دانیشێت دیـارە ئـەبوو پیـاو بووایـەو چوار کەسیش لەپـشتەوە. بەڕاسـتی زۆر خـۆش بـوو بەتایبـەتی کـە لـەکاتی ڕۆیشتنا تەقەتەقی پێ‌و سم‌و ناڵی وڵاخـەکان بـە ئـاوازێکی خۆشـی تایبـەتی ئەهاتە بەر گوێی ڕێبواران.

گەیشتینە بەردەم ئێستگەی شەمەنەفەر کە پانایێکی پـان‌و خـۆش‌و پـاك ڕازاوە بوو بەفلکەو گوڵ‌و گوڵزار بەدەیان عەرەبانـەو ئۆتۆمبێـل‌و خـەڵك لـەو شـوێنە دائەبـەزین‌و هـەموو بـەجانتاو کـەل‌و پەلـەوە ئەچـوونە نـاو بینـای

ئێستگەکەوە بۆ بلیت برین‌و سوار بوون هەروەکو هـی فلـم‌و سـینەماکان بـوو ئێستە لەدوای پەنجا ساڵ زیاتر ئەو شوێنە رازاوەو خۆشـانە بوونـە بەزبڵخانـەو کەلاوەو کاولکەری بەعـسی دوابـڕاو لـەجیاتی ولات دوای ئـەو هـەموو سـاڵە خۆشترو ئاوەدانتر بوایە کەچی حاڵی بەم حاڵـە گەیـشتووە کـەرکوکی رەنگـین‌و شیرین ئەو کاتانە ئەتگوت شـاری گـوڵ‌و گـوڵزارو خۆشـی‌و جـوانی دونیایـە. ئاواتەخوازم دیسان وای لێبێتەوەو خۆشتریش بێتەوە.

هەرچۆنێك بوو ئێمەش هەموو دابەزین لەعەرەبانەکانمان‌و ئـەو کەل‌وپەلـە سـووکەلانەی کـە پێمـان بـوون پیاوەکـان پەلاماریانـدا کـە بیانبەنـە ژووری ئێستگەکە نەنەو مامۆو دایکم‌و من‌و رێسان بووین بێجگە لەخالم‌و سێ پیـاو بەنایفی خزماننەوە خەریکین برۆین کە سەیر ئەکەین سەگێك لەناو قاچ‌و قولمانا هەر دێت‌و ئەڕوات ئێمەش زۆر سەرنجمان نەداو هەر ئەرۆیـشتین بـەرەو بینـای ئێستگەکە نەنە تووڕەبوو گوتی ئەمە چیە ئەم سەگە بۆ وازمان لێ ناهێنێـت‌و هەندێ تووڕە بوو لێی لەپڕ دایکم بەشپرزەیی‌و دڵ پێوەبوونێکەوە بەدەنگی بەرز گـوتی وەی خـۆ ئەمـە حۆلانـە. تومـەز حـۆلان لەشـاترلووەوە شـوێنی عەرەبانەکەمان کەوتووە تاوەکو ئێستگەکە کە زۆر دوور بوو بەو شەوەو بارانەو لەسەر ئەو هەموو شەقام‌و جادانە رای کـردووە بـە دوامانـا. هـەر هـەموومان ناڕەحەت بووین بۆیە خاڵە محەمەدم گوتی بەخوا ئەگەر بەدزییەوە خـستوومەتە ناو ژووری فارغونەکەوە هەر ئەبێ بیبەین ئەگینا ئێمەش ناڕۆین زۆر دڵی بـۆی سوتا خاڵە محەمەدم زۆر سەگی خۆشەویست کە لـە بەغـداو معەسـکەرو نـاو لەشکریش بوو سەگی هەر هەبوو بۆیە پیاوەکان چوون بە لێپرسراوەکانی بلیـت برەکانیان گوت کە شتێکی وایەو ئـەبێ ئـەم سـەگە بـەرین لەگـەڵ خۆمـان.

حەزئەکەن بۆ ئەویش بلیت ئەبڕین. یەکەم جار هەندێ بۆلەبۆڵیان کردو گوتیان نابێت دوایی ڕازی بوونو گوتیان کەوا ژووری تایبــەتی خۆتــان هەیـە ئـەتوانن بیبەن.

گەیشتینە قەرەتەپە لەگەڵ حۆلان. حۆلان چونکە لەکۆڵان بوو فێری کۆڵان بوو بۆیـە زۆر بـە ئاسـانی توانیمـان چارەسـەری بکـەین ئـیتر حـۆلان لەبـەر دەرگاکەمان بوو لەقەرەتەپە ماڵەکەمان لە سـەرپەڕبوو خـانوویێکی گـەورەی قەدیمی بوو. خەڵکی قەرەتەپە زۆر زۆر خەڵکی باش بوون هەروەها خـەڵکی زۆر ئاشناو ناسراوی لێ بوو وەکو عائیلەی وەنداوی دوو سێ خێزانی بە ناوبانگی تـر لەو چەند مانگەی خاڵە محەمەدم لەوێ بوو بووبوون بە ئاشـناو ناسـیاویو زۆر بەتەنگیەوە بوون بەتایبەتی کە زانیان حکومەت چۆن دژایەتی ئەکاتو چـەند خـراپن لەگـەڵمانو باسـی خاڵـە هـەمزەیان ئـەزانی بەتایبـەتی هەنـدێ لـە وەنداوییەکان هاوڕێی خاڵە هەمزە بوون کاتێ کە تەلەبەی حقوق بوو لەبەغدا.

ئیتر هەموو ماڵەکان هاتن بۆ لامانو هەر خـەریکی چێـشتو دەعـوەتو سینی ناخواردن بوون مدیر ناحیەکەی ناوی ئەمین یا ملکی بوو زۆر پیـاوێکی فەقیرو بەحورمەتو باش بوو ژنەکەی ناوی فاتمە خان بـوو دوو کـچی گـەورەو سێ کوڕیان هەبوو. هەروەها مفەوەزی شورتەش کە نـاوی حەمەسـەعید قـازی بوو خەڵکی سلێمانی بوو ئەویش زۆر پیاوو دڵسۆزمان بوو کـاك حەمەسـەعید دوو ژنی هەبوو ژنێکی فاتمە خان بادینی بوو وابزانم خەڵکی دهـۆك بـوو ژنـی دووهەمیشی ناوی دوڵبەر خان بوو خەڵکی سلێمانی خوشـکی عـەزیزی مـیرزا صالح بوو. هەردوو ژن منالیان هەبوو پێیان خۆش بوو کـە چـووینو یـەکترمان دیت بەتایبەتی بادینییەکە هەر زۆر دڵی خۆش بـوو لەخۆشـیانا کـە ئێمـەش

بادینین‌و ئێمەی بەپشت‌و پەنای خۆی ئەزانی‌و ئەیگوت وائەزانم هەموو کەس‌و کارم هاتوون‌و پشتیان گرتووم.

ئەگەرچی کاك حەمەسەعید فەرقی نەئەکردن‌و زۆر ئاگای لەماڵ‌و منالی بوو. بەڵام ژنەکانی زۆر لێی ئەترسان چونکە زۆر شەڕی لەگەڵ ئەکردن‌و لەهەردووکیانی ئەدا.

بۆیە من ئەم روداوانە ئەزانم چونکە هەموویان ئەهاتن بۆلای دایکم‌و سکالآیان بۆ ئەو ئەکردو دایکم زۆر ژنێکی ڕووخۆش‌و دڵپاك‌و چاك‌و دەست‌و دڵباز بوو زۆریش بەتەنگ خەڵکەوە بوو زۆر بەپیر تەگەرەو نارەحەتییەوە ئەچوو لەگەڵ ئەوەشا کە ئەو ژیانی نائارامی‌و پڕ لەستەم‌و ئازاری لەژیانی هەموو ئەو کەسانەی تر ناخۆشتر بوو لەگەڵ ئەوەشا زۆر گوێی ئەدایە دڵراگرتنی‌و بەپیر تەگەرەو ناخۆشی کەسانێ کە هانایان بۆ ئەبرد ئەچوو. قەرەتەپە مەکتەبی کچانی لێ نەبوو تەنیا تاوەکو سنفی سێ‌و چواری سەرەتایی لێ بوو ئەویش تازەبوو یەك موعەلیمەی هەبوو ناوی ختام بوو خەڵکی مووسڵ بوو دایك‌و باوك‌و خوشك‌و براشی لەگەڵ بوو لەدوو ژووردا بوون لەناو مەکتەبەکە مەکتەبەکە تازەو خۆش بوو زۆر نزیکی ماڵی ئێمە بوو.

باوکی ختام ناوی خەسرەو بوو شتی زۆر بیر ئەچوو بازاڕەکەش زۆر نزیکیان بوو کە وەکو پێیان ئەگوت بڕۆ بۆ بازاڕ شتێك بۆ ماڵەکە بکڕە، کە ئەچوو لەبیری ئەچوو بۆچی هاتووە، ئەچوو لەجیاتی ئەوە لە چایخانەیەك دائەنیشت جاری وا هەبوو قوماریشی ئەکرد کە ئەگەڕایەوە یاخود کوڕەکەی ئەچوو بە دوایاو ئەیگوت ئەوە چیت لێهات لەماڵەوە چاوەڕێت ئەکەن کوا شت؟ وەکو گۆشت بێ یا چا ئیتر ئەو شتانەی ماڵ‌و خێزانی لەسەری ئەژیان‌و پێویستیان

پێ بوو هەڵەستاو ئـەیگوت: بـۆ شـتی چـی؟ واللە بـیرم نیـە جـاری واهـەبوو پارەکەشی ئەدۆڕاند لەقومارا خۆشیان فلسیان نـەبوو لەمعاشـی ئـەو ختامـە فەقیرە زیاتر، مامی ختام حاکمێکی بـەناوبانگ بـوو لەسـلێمانی نـاوی حـاکم شیت بوو، قەرەتەپە ئاوی زۆر نەبوو هەر ماڵە بیرێکی لەحەوشەدا هەبوو ئـاوی بیرەکەشی هەندێ سوێر بوو بۆیە ئـیش‌و کـارو جـل شـتن‌و سەرشـتن‌و هـەموو کارێکی تر بە ئاوی بیرەکە بوو تەنیا بۆ خواردنەوە پیاوێك بەتەنەکـە ئـاوی بـۆ ئەهێنـاین‌و ئەیخستە کوپەوە ئاوەکە زۆر لیڵ‌و قوڕاوی بـوو بۆیـە دایکـم پارچـە (شەب)ی تیا ئەتواندەوە تـاوەکو پـاك‌و ڕون بێـت شـەب تەعقیمیـشی ئـەکرد لەمیکرۆب‌و شتی وا.

ئێمە سەرپەڕ بووین دراوسێی دووهەمان ماڵی حاجییەك بوو مـاڵێکی بـە حورمـەت‌و دوو کچی گەورەی جوانکەڵەیان هەبوو هەموو جلی درێژو دەسـتوری ئەوێیان لەبەردابوو ماڵی سێهەم ماڵی جوولەکەیەك بوو ناوی مۆشێ بوو تاقە کچێك‌و دوو سێ کوڕی هەبوو هەر لەبەیانی زووەوە تاوەکو شەوێ کاتی نووسـتن ئەو ژنـە فـەقیرەی مۆشـێ دەنگـی ئـەهات‌و هـات‌و هـاواری ئـەبوو بەدەسـت منـاڵەکانیەوە.

هەر جنێوی پێ ئەدان‌و هەر دەنگی شتی فڕێدان‌و گرمەی دەرگـاو شـەقی دارو بەردو شت شکاندن بوو کە هەموو منـاڵەکانیشی گـەورەبوون مـۆشـی زۆر هاتوچۆی خاڵە محەمەدمی ئەکرد زۆرجار لەگـەڵ خۆشـی ئەیهێنایـە کـەرکوك ماڵی ئێمە ئەو پێنج شەمەو جومعەیەی کە ئەهات لەگەڵ خاڵم بۆلامـان کـە لەکەرکوك بووین زۆرجار کە مۆشێ ئەهات لەبەر خاڵم کە میوانی ئەوە ئـەبوو جێگاو ڕێگای باشی بۆ دانێن لەچینی سـەرێ ژوورێکـی میـوانی زۆر گـەورەو

خۆشمان هەبوو کە ئەیڕوانییە سەر ئەو باخە خۆشەی خۆمانو باخە گەورەکەی سەوزیمان لێ ئەکرێ دایکم لەو ژوورەوە جێگایان بۆ موشی دائەخستو نوێنی پاكو جوانو ڕێكو پێکەکانی دایکم کە زۆربە سەلیقەو یەکجار ئیشەکانی هونەرمەندانەو ڕێك وپێك بوون سەرجێگای جوانی بۆ بەسەرئەدا ئیتر کە بەیانیان ئەچوون نوێنەکانی هەڵگرن دایکم ئەکۆکیو ئەیقیڕاندو خەریك ئەبوو بڕشێتەوەو ئەیگوت هاوار وەرن بۆنی شوێنی قاچی موشێ ئاگر تێبەربوو بکەن بزانن چەند نوێنو لێفەو شتەکانی بۆگەن کردووە. دیارە کە مۆشێو خاڵم ئەگەڕانەوە ئیتر ئەبوو بەهەرایەو پێکەنینێك نەبێتەوە حەمید باتاسی ئەیگوت: بەخوا ئەم جارە بێت دەری ئەکەم بەڵام ئەی چۆن ئەوێرم لەبەر خاڵە محەمەد هیچی پێ بڵێم هیچ نەبێت پێی ئەڵێم گەماڵە زلە بڕۆ قاچە بۆگەنەکانت بشۆ.

موشی زۆر زلو قەڵەوو درێژ بوو جلی کەرکوکی لەبەر ئەکرد کەواو چاکەتو ئەو شتانە.

سەفەرێکیان کە هێشتا لەکەرکوك بووین خاڵم هاتەوە نەنەشی لەگەڵ خۆی هێنابووەوە نەنە دوای ئەوەی خاڵم چوو سەری بشواتو بنوێت هاتە لای دایکمو مامۆو ئێمەو بەئەسپایی گوتی: کچێ دایکم وەرن فریای محەمەد بکەون بەخوا موشی خەریکە کچەکەی بەسەردا ساغ ئەکاتەوە هەموو ماڵەکەمانو خواردنو هەرچیەکمان هەیە هەمووی ڕەوانەی ماڵی مۆشێ ئەکرێت کچەکەی مۆشێ ناوی نەعیمە بوو خرپنێکی ئێسك سووکی جوان بوو عومری بیست ساڵێك ئەبوو یا زیاتر بوو دایکیشم بەنەنەی گوت ئینجا قەی

چی ئەکات ئەگەر کچەکە جوانە با محەمەد بیهێنێت. نەنە ئەیگوت محەمەدیش وابزانم بەدڵیەتی.

ئیتر کە ئێمە چووین بۆ قەرەتەپە ئەوەندە پەیوەندییان لەگەڵ مۆشێ نــەما موشی کەم کەم ئەهات بۆلامان ژنەکەشــی هــەر قــیڕەی ئــەهات. بــەڵام خــاڵم بەسەزمانە لەبەرئەوەی دیسان حکومەتە دوابڕاوەکــە خــەیاڵی دایــێو دیــسان کەوتینە گێژاوەوە ئیتر کچی مۆشێو هیچ شــتێکی لەبیرنــەما. خاڵــە محەمــەدم هەر بەوەدا ئەگەیشت کە مدیری ناحیە ئەمین یاملکیو حەمەسەعید قازی کە مفەوەزی شورتە بوو بەدڵ پێوەبوونەوە بێنو بڵێن فەرمان هاتووە لەسـلێمانیەوە کە بچن لەوێ متصرف (محافز) ناردوویەتی بەدواتا کە بەپەلە بڕۆی بــۆ ئــەوێ بۆ لێپرسینەوەو (تحقیقات) متصرفی سلێمانی ناوی مەعروف جیــاوك بــوو زۆر زۆر هەڵوێستی خراپ بوو بەرامبەر بە خەباتکەرانی کورد.

بە پێچەوانەی هەندێ کاربەدەستی حکومەت کە کورد بــوونو بگــرە هــی عەرەبیش هەبوون کە لەبنەوە زۆر یارمەتی خەباتکەرانیان ئەدا کە یــەکێکیان سەعید قەزاز بوو کە (متصرفی) مووسڵ بوو کاتێ کە خاڵە هەمزەم جنسیەی عێراقی لێ سەندرایەوەو نەفی کرا بۆ تورکیاو توانی بەهۆی چەند پۆلیــسێکی دڵسۆز لەئاوی خاپوور بداتو بگەڕێتەوە زاخۆو مووسڵ سەعید قەزاز لەبنــەوە زۆر یارمەتی دابوو کەچی ئەم مەعروف جیاوکە دوو سێ هەفتە جارێك ئــەبوو خاڵم بچێت بۆ سلێمانیو ئەم خۆی (تحقیقاتی) لەگەڵ بکــات لەبابــەت خاڵــە هەمزەمەوە کە بۆ کوێ چووەو ئێستە لەکوێیە؟

زۆر باش بیرم دێت ساڵی ١٩٤٥ بوو. جارێکیــان کــە خــاڵم دیــسان خــۆی ئامادە ئەکرد بچێت بۆ سلێمانی چونکە (جەنابی متصرف) ناردبووی بە دوایا.

لەو کاتەی کە خاڵە محەمەدم ئەیویست بڕواتو خواحافیزی لەگەڵ کردین. دایکم لێی هاتە پێشەوەو گوتی: محەمەد ئەڵێن ڕۆنی سلێمانی زۆر خۆشە وەکو باسی ئەکەن بەشکەم تەنەکەیەکمان لەگەڵ خۆت بۆ بێنی. خاڵم پێکەنیو گوتی: عەزیز، زۆرجار خاڵە محەمەدم بەدایکمی ئەگوت عەزیز، چونکە زۆری خۆشەویست، خاڵم گوتی: عەزیز قسەکەت لەو حەکایەتە ئەچێت کە جارێك سوڵتان ئەنێرێت بە دووی پیاوێکاو ئەڵێن وەرە تۆ خەتایەکی گەورەت کردووەو چیت کردووەو سوڵتان زۆر تووڕەیە لەوانەیە لەسێدارەت بدات بۆیە دوعاخوازی لەماڵو منداڵت بکە. لەو کاتەدا کچە گەورەکەی کە دابوویان بەشوو ئەبوو چەند ڕۆژێکی تر بگوێزرێتەوە بۆ مێردەکەی، لەباوکی داماوی دێتە پێشەوەو ئەڵێت توخوا بابەگیان کراسێکی زۆر سورم بۆ بێنە لەگەڵ خۆت بیرت نەچێت. خاڵم کە نەیئەویست خەفەتمان بداتیو ڕاستی ئەم هاتوچۆیەمان پێ بڵێت کە چەند نارەحەتی ئەو مەعروف جیاوکەیە کە چەند سەردەکاتە سەری ئەوکات ئێمە هێشتا سلێمانیو ئەو ناوچانەمان نەدیبوو چونکە کە نەفیان کردین بۆ خواروی عێراقو بیابانی عفك هێشتا هیچ کوێمان نەدیبوو لەبەغداو مووسڵ زیاتر کە بەشێکی منالیم لەگەڵ نەنکمو خاڵەکانم کە لەکولیەی عەسکەریو حقوق بوون لەبەر ئەوان نەنکمو نەنە بەماڵەوە ئەچوون بۆ بەغدا هەروەها زۆریش لەمووسڵ بووین ئەویش لەبەر خاڵە محەمەدم کە بەینێك لەمعەسکەر غزلانی بوو پوورێکیشم لەمووسڵ بوو. بەشێکی کەمیش لەزاخۆ لەبەرئەوە نەمانئەزانی سلێمانی لەکوێیەو چۆنە بگرە کە بۆکەرکوکیش هاتین یەکەم جار بوو ئێمە کەرکوك ببینین بەڵام خاڵەکانم زۆریان دیبوو.

خاڵە محەمەدم کـە ئەچـووە سـلێمانی بـۆ پـرس‌و پرسـیارو دەستبەسـەری متصرف‌و دەزگاکانی حکومەت. لەسلێمانی خەباتکـەرانی کـورد بەتایبـەتی (مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی نەمر) زۆر ئاگایان لەخاڵـە محەمـەدم ئـەبوو زۆر لەژێرەوە بەپەرۆش ئەبوون بۆی بەتایبەتی کە (مامۆستا برایم ئەحمەد) هاوڕێ‌و هەڤاڵی خاڵە هەمزەم بوو لەکولیەی حقـوق‌و کـاتی خـۆی چـالاکییان هـەبوو پێکەوەو یەك دووجاریش پێکەوە گیرابوون‌و حەپس کرابـوون لەسـەر نامیلکـە دەرکردنێك بەباشی نـازانم لەسەرچـی گیرابـوون. کـام نامیلکـە بـوو؟ وابـزانم نامیلکەی (الاکراد والعرب) بوو.

قەرەتەپە وەکو لەوەوپێش گوتم دێیەکی زۆر دواکەوتوو بوو هەرچەندە ئـەو ماڵە خانەدانانەشی لێ بوون زۆری هەر باخ‌و باخات‌و موڵکی ئەو ماڵـە نـەبوو هەرکە گەیشینە ئەوێ ژنێکی زۆر باشـیان بـۆ هێنـاین کـە خـەڵکی دێهـاتی دەوروپشتی قەرەتەپە بوو کـوردی ئـەوناوە بـوو هـەروەها کوڕێکیـشی هـەبوو لەمەکتەب بوو تەمـەنی دەوری دە یـانزە سـاڵێك دەبـوو قەرەتەپـە مەکتـەبی کوڕانی لێ بوو تاوەکو (متوسطە) ناوەندی بەڵام کچان تەنیا تاوەکو سنفی سێی سەرەتایی بۆیە کوڕی ئەو ژنە کە ناوی رەحیم بوو هەموو رۆژێك ئـەبوو بـچێتە دێیەکەیان بۆ نووستن‌و بەیانیان لەو دێیەوە کە نزیك نەبوو بێت بۆ قەرەتەپە بۆ مەکتەب لەبەرئەوە کوڕەکەو دایکیان بۆ هێنـاین کە لەپێش ئێمەش هاتوچـۆی نەنەی ئەکرد. دایکی رەحـیم مێردەکـەی ئـەمری خـوای کـرد کـوڕی گـەورەو عەسکەری هەبوو کچی بەشووی هەبوو. دایکی رەحیم باڵابەرزێکی (رەشـیقی) خۆشەویستەنی بوو هەموو جارێك ئەو ئاوی بیرەکەی بۆ هەڵدەهێنجاین چـونکە ئاو هەڵهێنجان زۆر زەحمەت بوو دیمەنی دایکی رەحیم دڵگیر بـوو کـە خـەرەکی

سەر بیرەکەی بائەدا تاوەکو سەتلە ئاوەکەی لێ دەرئەهێنا ئینجا ئاوی سەتڵەکەی ئەڕشتە شوێنی ئامادەکراوەوە دوای ئەوە سەتڵەکەی بەبەتاڵی هەڵدەدایەوە ناو بیرەکەو جارێکی تر بەپڕی ئەیهێنایەوەو دایکم و هەموویان بە دایکی ڕەحیمان ئەگوت کە ئەو فێری ئەو ڕیازەیە بووە بۆیە ناوقەدباریك و (ڕەشیق) بوو بەو عومرو تەمەنەوە کە چەند کچی بەشوو و نەوەی هەبوو. ڕەحیم زۆر کوڕێکی خۆش و بەپێکەنین بوو لەگەڵ ڕێسانی خوشکم ئەچوون بۆ مەکتەب چونکە مەکتەبی کچان نەبوو ڕێسانیش گەیشتبووە شەشی سەرەتایی بۆیە ئەبوو بچێتە مەکتەبی کوڕان باش بوو ڕەحیمی لەگەڵ بوو ئەویش هەر لەو سنفە بوو. بەلاّم من کە هاتین بۆ کەرکوك ئیتر هەر نەچووم لەقوڕنە شەشم تەواو کردبوو دەرچووم بۆ یەکی ناوەندی بەلاّم ڕقم گرت و نەچووم و گوتم تاقەتم چوو هەموو ڕۆژێك مەکتەبێکمان پێ ئەگۆڕن و شارێکمان پێ ئەگۆڕن هەروەها زروفیشمان زۆر نالەبار بوو بەدەست حکومەتەوە. دائم دەست لەسەر دڵ و چاو بەفرمێسك بووین لەبەر خاڵەکانم. بۆیە ئەو ساڵ و نیوەی لەکەرکوك بووین نەچووم بۆ مەکتەب.

قەرەتەپە ئێستگەی شەمەنەفەری بەغدای لەسەر بوو بۆیە هەموو شەوێك نزیك سێ و چواری بەرەبەیان کە دەنگی پاسەکە ئەهات و بەکۆلاّنەکەدا تێپەڕیایە خەڵك ئەیزانی کە ئەوە ڕێبوارن لەئێستگەی شەمەنەفەرەوە هاتوون. یاخود ئەگەر کەسێك بیویستایە بچێتە کەرکوك ئەبوو پێش گەیشتنی شەمەنەفەر ئەم بگەیشتایەتە ئیستگەکە.

بۆچوونە بەغداش ئەبوو ئەوانەی لەقەرەتەپەن ئەوکاتە بڕۆن. دوو هەفتەیەك بوو خاڵە محەمەدم گەڕابووەوە لەتحقیقاتی سلێمانی کە شەوێك

هەموومان نووستبووین کاتی گەیشتنی پاسی ئێستگەیەکی شـەمەنەفەر بـوو لە دەنگی لێدانی دەرکی حەوشە ڕاپەڕین.

فەسڵ سەرەتای پایز بوو لەهـەیوانی چـینی سـەرەوە نووسـتبووین. تـەنیا مامۆ لەخوارێ بوو لەگەڵ نەنە چونکە مامۆش نەخۆش کەوتبوو چاویـشی زۆر کزبووبوو بۆیە نەنەش لەبەرئەو هەر لەخوارێ ئەنووسـت بۆیـە دایکـم بەپەلـە ڕاپەڕیو چووە خوارێ بەشپرزەییو ترسەوە هەروەها نەنەش پێش ئەو گەیشتبووە بەردەرگا هەرچەندە خاڵیشم هەستا چونکە ژوورەکەی لەنهۆمی سەرێ بوو خاڵم گەیشتە سەر پێپلیکەکان دایکم دەرکـەی کـردەوە ئەگەرچـی ئێمـە فێربـووین چـونکە زۆرجـار هەنـدێ خزمـان ئـەهاتن بۆلامـان بـەڵام ئـەو بەینـە زۆر پەشۆکابووین شپرزەبووین دەرگا کرایەوە کابرایێکی جل کوردی کردی بەماڵدا.

کابرا هەرهاتە ژوورێ بەپەلە دەرگاکەی داخستەوە لـەدوای خـۆیو گـوێی نەدایە حەپەسانو سەرسوڕمانی دایکمو خاڵمو نەنەش. کابرا ڕووی خۆی خـۆش کردو بەئەسپاییو بەچرپەوە گوتی بڕۆنە ژوورێ کاغەزی خۆشم بۆ هێناون. ئیتر خاڵم باوەشی کرد بەکابرادا لەخۆشیاناو بەبێ دەنگیو بەئەسپایی روویان کـردە ژوورەکەی خوارەوە کە ژوورێکی زۆر سەیرو گەورەبوو. ژوورەکـە دوو پـەنای وەك ژووری زەخیرەی تیابوو سەرووی ئەو ژوورە گەورەیەش وەك سـەکۆی نـوێنی زیـاد بوو شتی وایان لەسەر کەڵەکە ئەکردو متیل یا جاجمو شتی جوانیان پیا ئەدا. کابرا ئەتگوت هەموومان ئەناسێت کەچی یەکەم جاربوو بمان بینێتو ئێمـەش بیبینین کابرا سەری هێنایە پێشەوە لێمانو بە چرپەوە گوتی من ناوم مەسعودە لەلای کاکە هەمزەوە هاتووم کاك مەسعود دەستی دایە گیرفـانی بەرباخـەڵیو نامەیەکی دەرهێناو دایە دەست خاڵـە محەمـەدم. ئێمـەش لەخۆشـیانا خـەریك

بووین باڵ بگرینو خەریك بووین كاك مەسعود بکەینە کۆڵمانو دەستو جلو بەرگی هەموو ماچ کەین چونکە بەلای کەمەوە خەریك بوو ئەبوو بەساڵێك بەهیچ جۆرێك هەواڵی خاڵە هەمزەمان نەئەزانی تاوەکو خاڵە محەمەدیشم کە شتێکی لەسەفەرەکەی ئەزانی کەوتبووە مەراقەوەو مات بوو هەندێ جار نەخۆشیش ئەکەوتو قاچێکی بەگیر ئەوەستا دکتۆر لەکەرکوك پێیان گوتبوو کە نائارامو نارەحەتی بۆیە وات لێ دێت دەوری کاك مەسعودمان دا ئەویش کەوتە باسو هەواڵی خاڵم کە چەند دڵی لامانەو چەند مەراقی ئێمەیەتی بەتایبەتی کە زانیبووی هاتووین بۆ قەرەتەپە. کاك مەسعود پیاوێکی کەڵەگەتی درێژ بوو زۆر ڕووخۆشو دەم بە پێکەنین بوو.

كاك مەسعود پێش ئەوەی بچێت بنوێتو پشو بدات چونکە بەرەبەیان بوو دایکم جێگاو نوێنی بۆ ئامادەکرد پێش ئەوەی بچێت سەری هێنایە پێشەوە لێمانو وەك چرپە بەدایکمی گوت: ئەبێ خۆتان ئامادە بکەن تۆو هەردوو کچەکان کە بڕۆین بۆ لای کاکە هەمزە زۆرتان بیر ئەکات بەڵام پێی نەگوتین بۆ کوێ ئەبێ بچینو لەکوێیەو گوتیشی ئێوە نابێ هیچ پرسیارێکم لێ بکەن تەنیا خۆتان ئامادە بکەن ئەبێ بڕۆین. هەرچەندە خاڵە محەمەدم گوتی سبەینێ زۆر زووە تۆ زۆر ماندوو دیاری گوتی: نەخۆ ئەبێ سبەینێ بڕۆین.

کەوتینە خۆمان خۆمان کۆکردەوە بەپەلەپەل بەڵام کوڕەکەی لامان ڕەحیم کە زۆر ڕاهاتبوو لەگەڵمان هەروەها ئەوەندە باسی خاڵە هەمزەمان ئەکردو خەفەتمان ئەخوارد ئەویش وەکو ئێمەی لێهاتبوو لەبەرئەوە ئەویش دڵی زۆر خۆش بوو گوتی بەخوا من نەبەن یەکسەر خۆم ئەخەمە ناو ئەم بیرەوەو ناچار

بردمان چونکە وەکو یەکێ لەئێمەی لێهـاتبوو خـۆیو دایکـی زۆر دڵـسۆزمان بوون.

سبەینێ شەو کاتی گەیشتنی شەمەنەفەر خۆمان گەیاندبووە ئێـستگەکە بەترسو لەرزەوە ئەویش لەبەر ئەوەی چەند شەو لەوەپێش عەشـرەتێکی دەسـت رۆیشتوو سەر بەحکومەت پێیـان ئـەگوتن (آل عاصـی) هاتبوونـە لای خاڵـە محەمەدم داوای منیان کردبوو بۆ کوڕی شێخ ئێمە نەمان ئەزانی شـەوێك لـەپڕ لەبەر دەرگاکەمان بوو بەهەرا ئەو کاتەی خاڵـە محەمـەدم لـەنادی ئەگەڕایـەوە ماڵێ شەو نزیك دوانزە ئەبوو کە دایکم گوێی لەهەراو قسەی قەڵـەباڵغی بـوو ڕاپەڕیو بەترسەوە گوتی: ئەرێ واللە ئەمـە دەنگـی محەمـەدە تـووڕە بـووە کـە بەباشی گوێمان گرت خاڵە محەمەدم ئەیقیڕاند بە تووڕەبوونـەوە ئـەیگوت: مـن تاکە پێڵاوەکەی خوشکەزاکەمتان نادەمێ نەك خۆی سەرتان داوە لەبەرد.

بـەترسو لـەرزەوە ڕامـان کـردە خـوارێ دایکـم دەرگـای کـردەوە کـاك حەمەسەعیدی دڵسۆزو پیاو قۆڵی خاڵە محەمەدی گرتبوو هێنایـە ژووری ئـیتر کە خاڵم دی وا ئێمە شپرزەینو منو ڕێسان ئەلەرزین دەستی هێنا بەسەرماناو گـوتی: برۆنـە ژووری هـیچ نیـە، دوایـی دایکـم وازی لێ نـەهێنا چـونکە زۆر ناڕەحەتو نائارام بووین بەدایکمی گوت کەوا ئەو شێخی ئالی عاصیە هاتۆتـە سەرم ئەڵێت یا خوشکەزاکەت ئەدەی بەکوڕەکەم یاخراپتان بەسەر دێنینو هـەر ئەبێ بیرفێنین چونکە کوڕەکەم ئارامی لێ هەڵگیراوەو ئەیەوێت. ئەمە مانگێکە جوابم بۆ ئەنێرنو هەر دەریان ئەکەم ئـیتر وا ئێمـشەو بەچـەکدارەوە هاتونەتـە سەرمو دایان نابوو کە لەڕێگای گەڕانەوەی ماڵێ تەقـەم لێ بکـەنو بمکـوژن وا مدیر ناحیەو کاك حەمەسەعید پێیان زانی لەگەڵم هاتنو پۆلیسیشیان لەگەڵ

خۆیان هێنا ئیتر ئەوە بوو بە تەگەرە لێمان کە ئەمە ئەمانە لەکوێ منیان دیوە من هەر قەت نەئەچوومە دەرێ چونکە قەرەتەپە لادێیەکی ناخۆش بوو لەو دوو سێ ماڵە زیاتر کە هاتوچۆیان ئەکردین‌و جاربەجار لەگەڵ دایکم ئەچووم بۆلایان هەروەها خۆم بە تەبیعەت گۆشەگیرو حەز لەگەڕان‌و سەیران‌و دەرەوە ناکەم ئێستەش هەروام ئیتر نازانم ئەمە لەکوێ منی دیبوو یا کەسێ باسی بۆ کردبوون بەتەواوی نەمانئەزانی هەروەها ئەو ماڵەو عەشرەتە لەقەرەتەپەش نەبوون لەکفری‌و ئەو ناوە بوون دوای ئەوە منی منالّکارو خاوەن ئەو ژیانە نالەبارە ئینجا نۆرەی تەگەرەو تەشقەڵەی ئەمان بوو.

ترسێکی ترمان لەدڵا بوو لەبەر کاك مەسعود کە وەك قاچاغ وابوو لەحکومەت‌و سەرو سەکوتی زۆر پێچابوو هەم لەبەر ئەو عەشرەتە عەرەبەی هەڕەشەی لێ کردبووین دەستیشیان زۆر ئەڕۆیشت‌و حکومەتیان لەگەڵ بوو. هەروەها دوای ئەو، شەوێ خاڵم شەڕی لەگەڵ کردن‌و بوو بە قڕە لەبەر دەرگاکەمان بۆ شەوی دوایی ماڵەکەمانیان دایە بەر دەستڕێژو گوللە، بۆ بەیانی نەنەو دایکی ڕەحیم نیوە بێژنگێك گوللەیان لەحەوشەکە کۆکردەوە. دیارە پۆلیس‌و مدیری ناحیەش نەیانئەوێرا بێن بەلایانەوە چونکە کێیان بویستایە وەکو ئاو خواردنەوە ئەیانکوشت‌و لەناویان ئەبرد. ئاخری شەمەنەفەر گەیشت‌و سوار بووین‌و گەیشتینە کەرکوك بەیانی زوو بوو دابەزین کاك مەسعود یەکسەر سواری عەرەبانەی کردین‌و بردینی بۆ گەراجی ئوتۆمبیل.

ئێمەش لەگەڵ دایکم هەر سەیری یەکترمان ئەکرد کاك مەسعودیش هەر بەئەسپایی ئەیگوت بێ دەنگ بن‌و پرسیار مەکەن، سواری ئوتۆمبیل بووین ئوتۆمبیل کەوتەڕێ سەیری یەکتر ئەکەین‌و بەچاو ئیشارەت‌و هەندێ جار بە

پێکەنینی بێ دەنگ ئەڵێین ئەمە ئەچین بۆ کوێ؟ ئێمە ئەم ڕێگایەمان نەدیوە. ئوتۆمبیلیش هەر ئەڕوات کاك مەسعود لەتەنیشت لێخوڕەکەوە ئێمەش لەگەڵ ڕەحیمو دایکم لەپشتەوە.

ئێمە تەگەرەیـەکی تریـشمان هـەبوو چـونکە لـەخوارووی عێـراق گـەورە بووبووینو فێری شەقامو ڕێگاو بانی ڕێكو ڕاست بووین بۆیە لەو ڕێگای بـەرزو نزمو پێچ پێچانە گێژ ئەبووینو دڵمان تێکەڵ ئەهاتو جاری وا هەبوو پـەکمان ئەکەوت ڕێگاکان وەکو ئێستە نەبوو زۆر ناڕێكو پێچ پێچ و ناخۆشو درێژ بوون بۆیە هەر زۆر ناڕەحەت بووبووین کـاك مەسـعودیش دڵـی پێمانـەوە بـوو کـە ئەڕشاینەوەو هەر هۆقە هۆقمان بوو بـەنۆرە بۆیـە لـەدوای بـەینێك ئـاوڕی لێ ئەدایەوەو گوتی: دەی تەحەملتان هەبێت ئەوەندەمان نەماوە هاکـە گەیـشتین، بەینێکی تری پێچوو لەدوای هەندێ چایخانە شارێکی بچوكو گردو شاخ لەسەر بەرزاییێك دەرکەوت دڵمان خۆش بوو کە ئیتر ئەوەندەمان نـەماوە دوای کـەمێك گەیشتینە ناو شار ئەو شارەی کـە هـەر نـەمان ئـەزانی کوێیـەو نـاوی چـیە ئوتۆمبیلەکەمان بەپێی ئامۆژگاری کاك مەسعود لەشەقامە گشتیەکە پێـچی کردەوە ناو شەقامێکی بچووکی قەڵەباڵغی پڕ هاتوچـۆکەرو دوکـانو بـازاڕەوە لەوێشەوە پێچی کردە دەستەچەپی کە ئەویش هەر عەینی ناوچە بوو چوو لەبەر دەرگایەك ڕاوەستا کاك مەسعود دابەزیو گوتی دەی دابەزن سـەفەر سـەلامەت دابەزین دوای پارەدانو ڕاگرتنـی ئوتۆمبیلەکـە، لـەدەرگای دا ئێمـەش سـەرو پۆتەلاك شێواوو تەپیو لەبەر دڵ تێکەڵاتنو بێ حاڵی. دەرگا کرایـەوە کردمـان بەژوورا کە خاڵە هەمزەم بە جلی کوردیەوە لەپشت دەرگاکەوە پەلاماری دایـنو دەستی کردە ملمانو خەڵکی ماڵەکەش هاتن بەپیرمانەوە. شارەکە تومەز شاری

سلێمانی خۆشەویست شاری هەڵمەتو قوربانی بوو. ماڵەکەش ماڵی مامۆستا برایم ئەحمەدی محامی بوو کە خوشكو براو خێزانێکی زۆر بوون.

ئەو خانووە بوو کە ئێستە کراوە بە (زاموا) دڵمان خۆش بوو. ماڵەکە هەر زوو بردیانینە سەریٚ لەهەیوانەکە جیٚو ڕێیان بۆ داخستبووین کە دانیشینو پشوو بدەین بەدەورمانا هاتن چایان بۆ هێناین، ئاوی لیمۆی بەسرەی کولاویان بۆ هێناین، پاڵکەوتین هەندیٚ هاتینەوە سەر خۆمانو بوژاینەوە. بەلاّم خاڵە هەمزە نەهاتە سەریٚو لەژووری پشت دەرگاکە مایەوە کە ژوورێکی گەورەی خۆشی میوان بوو دیار بوو خاڵە هەمزەم لەبەرچاو نەبوو شاراوەو قاچاغ بوو لەحکومەت بۆیە لەو ژوورە مایەوە نەبادا کەسێك بهاتایەو بیانبینیایە چونکە نەئەبوو خەڵك بیبینن. ماڵەکە قەڵەباڵغ بوون چوار خوشكو دوو برای بچووكو کچێك کە بەخێویان کردبوو ناوی مینا بوو هەروەها کوڕێکی هەندیٚ کوتوکوێر پێیان ئەگوت ڕەشەکوێر. چونکە یەکەم جاربوو بیان بینین بۆیە بەخەیاڵ لەدڵی خۆمدا ئەمگوت کە خوشکە گەورەکەیان کە نەمانئەزانی هەموو خوشکن وامانزانی کە دایکی ئەوانی ترە.

لای نیوەڕۆ ئەوەندەی پیٚ نەچوو کە خاوەن ماڵەکەش هاتەوە خۆیو جانتای محاماتی کە بەدەستیەوە بوو ئەو پیاوە (مامۆستا برایم ئەحمەد) بوو هاوڕێی خاڵە هەمزەم ئەویش زۆر بەگەرمی بەخێرهاتنی کردین ئێمە تەنیا بادینیمان ئەزانی بۆیە بەئاسانی لەیەکتری حاڵی نەئەبووین لەگەڵ ئەهلی ماڵەکە. چەند ڕۆژێك لەویٚ ماینەوە، دایکم خاڵە هەمزەمی ئاگادار کرد لەڕووداوی عەشرەتی (آل عاصی)ی عەرەب خاڵم زۆر ناڕەحەت بوو گوتی تۆ بڕۆ خۆتان بپێچنەوەو بەپەلە وەرنە سلێمانی بەلاّم گەلاوێژ نابێت بیبەیت من لیٚرەم با لەلام بێت.

دوای ڕۆیشتنی دایکم ئەبوو منیش بشارنەوە لەهاتوچۆکەر چەند کەسێکی زۆر بڕواپێکراو نەبێ وەکو پوورە فاتم کە پووری (مامۆستا برایم ئەحمـەد) بـوو کچەکەی کە ناوی ڕەحمە خان بوو. خاڵەحەسەن کە خاڵی مامۆستا برایم ئەحمەد بوو ژنەکەشی ناوی بەهێ خان بوو کچی پوورە فاتم بوو. هەر ئەمانـەم ئـەدیت کە ئەهاتن بەڵام بۆ خەڵکی تر دەبوایە وەکو خاڵە هەمزەم شاراوەبم.

خاڵــە هــەمزەم لەســەفەرەکەی گــەڕابووەوە ئــەو ســەفەرەی ســەری لێ شێواندبووین‌و دڵگیری کردبووین ئەگەرچی خاڵە هەمزەم هەر دووربوو لێمـان‌و هەموو جارێك لەچەند ڕۆژێك زیاتر نەمانئەبینی‌و هەمیـشە چـاو بەفرمێـسك بووین بۆیە نەنکیشم ئامینە کە دایکی بوو هەر بەو حەسرەت‌و داخـەوە چـاوی لێکناو مرد، کە لە عەفك بووین زۆر چاك بیرم دێت ئـەو شـەوەی کـە نـەنکم کەوت بەلایا چاوی هەر بەکراوەیی مایەوەو هەر چاوی ئـەگێڕا دایکـم ڕایکـرد بەگریان‌و سنگ کوتانەوە بۆ ژووری‌و بەپەلە گەڕایـەوە لای نـەنکم کـە دکتـۆر گەیشتبووە سەری دایکم چاکەتێکی بەدەستەوە بوو ختیە سەر سنگی نەنکم‌و گوتی ئەوە هەمزە هاتەوە ئەمە چاکەتەکەیەتی ئینجا ڕاست بوو ئەو چـاکەتەی هی خاڵە هەمزەم بوو لەلای نەنکم بـوو هـەڵیگرتبوو جاربـەجار ئەچـوو دەری ئەهێناو بۆنی ئەکردو ئەگریا، نەنکم هـەروەك چـاوەڕێی بـوونی خـاوەنی ئـەو چـاکەتەی ئـەکرد دوای دانـانی چـاکەت لەسـەر سـنگ‌و لای دەم‌و لـوتی هەناسەیەکی بچووکی هەڵکێشا ئیتر نەنکم چـاوی بەیـەکجاری لێکنـا. بۆیـە ئێمە بە درێژایی کات لەو حەسرەتەدا بووین بۆ خاڵە هەمزەم. بەڵام بەپێی توانا ئاگاداری ئەکردین‌و بەدزییەوە نامەی بۆ ئەناردین کـە لـەلای جـەنابی سـەید

ئەحمەدی خانەقا بوو لەکەرکوکو دێهاتەکانی بەڵام ئەم چەند ماوەیە کـە لـەپڕ دیار نەما زۆر کاری تێ کردبووین.

ئیتر چۆن لەخۆشیانا ئێستە دڵخۆش نەئەبووینو نەئەبووژاینەوە! کەوا ئیتر من لەگەڵی ئەبم تاوەکو دایکمو خاڵمو ماڵمان دێت بۆ سلێمانی، خاڵە هەمزەم کە لێمان ون بوو چووبوو بۆ ئێران لەگەڵ خەباتکەری تر بۆ لای شـەهید قـازی محەمەد کاتی کۆماری مەهاباد. هـەروەها ئـەو کاتـە خوالێخـۆش بـوو مـەلا مـستەفا بـارزانیش چـووبوو بـۆ ئـەوێ لـەدوای ئـەوەی لەدەسـت حکومـەتـە بەدناوەکانی ئەوکاتە هەڵهاتبوون. بۆیە خاڵە هـەمزەم گـەڕابووەوە کوردسـتانی عێراق کە خەریکی دامەزراندنی پارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بێـت لـەدوای ئەوەی لەگەڵ مەلامستەفای نەمر وایان دانابوو کە خاڵم بەدزییەوە بگەڕێتەوەو پارتی دامەزرێنێت مەلامستەفای نەمریش لەدوای ڕوخـانی کۆمـاری مهابـاد توانیبووی لەگەڵ چەند هاورێێکی خۆیان بگەیەنێتە ئیتحادی سۆڤێتی ئەوسا. بەو نیازە گەیشتە سلێمانی، ئەوەبوو خاڵمو خەباتکەران بەهانایـەوە چـووبوونو دەسـتی یارمـەتییان بـۆ درێـژ کردبـوو لەهـەموو ڕوێکـەوە بـە تایبـەتی خوالێخۆشبوو شێخ لەتیفی شێخ مەحمودو مامۆستا بـرایم ئەحمـەدی هـاوڕێی. شێخ لەتیف بردبووی بۆ سـیتەکو لـەوێ شـاردبوویەوەو هـەروەها لەشـوێنانی تریش ئەوە بوو کە مامۆستا برایم ئەحمەد بۆ ماوەیەك هێنابوویە ماڵی خـۆیو لەوێ شاردبوویەوەو هەروەها یارمەتیـشی ئـەدا بـۆ دروسـتکردنی حیزبەکـەی ئەگەرچی مامۆستا برایم ئەحمەد خۆی حیزبی (هیوا)یـان هـەبوو، بـەڵام هـەر پێیان خۆش بوو لەگەڵ شێخ لەتیفو برادەرانی تریان کە ئەو هـاتووە حزبێکـی تر دروست ئەکات ئیتر زۆریان یارمەتییان ئەدا.

ئەگەرچی مامۆستا برایم خۆشی هەر لەژێر چاودێری حکومەتدا بوو زۆری لێ ڕازی نەبوون‌و ئەیانزانی لەبنەوە خەریکی چیەو چەند کوردایـەتی ئـەکات‌و هەوڵی ئەوەیان ئەدا کە بەشکەم واز لەمحامات بێنێت وەزیفە وەرگرێت. ئەوەبوو کە کرابوو بە حاکم لەهەڵەبجە. لەبەرئەوە مامۆستا برایم ئەحمـەد ئەیویـست وا خۆی پیشانی دەستگاکانی حکومەت بدات کە ئەو خـەریکی سیاسـەت نیـەو خەریکی خواردنەوەو دەعوەت‌و کـەیف‌و سـەیرانە بۆیـە هەرچـەند ڕۆژ جارێـك دەعوەتێکی ئەکرد هەموو هاوڕێکانی ئەهاتن‌و بەزمی گۆرانی خوالێخۆشبووی ڕەشۆڵ‌و خولەی لەیلێ‌و بەزم‌و گۆرانی‌و پۆستەو ئیدارە مێزو خـوان ئەڕازانـەوە تاوەکو نیوەی شەوان ئەمـە بەشـەرتێك خاڵـە هـەمزەش لـەژوورێکی ماڵەکـە شاراوەبوو. لەو میوانانەی ئـەهاتن بـۆ ئـەو دەعوەتانـە وەکـو باسـیان ئـەکرد ئەمانەبوون شێخ لەتیفی شێخ مەحمود بـوو. قـادر ئاغـای ڕەئـیس بەلەدیـەی ئەوسا بوو. ڕەشید ئەفەندی فەتاح ئەفەندی ناوێك بوو. غەفور ئاغا. قادر ئاغا حاجی مەلا سەعید. ڕەئوفی شێخ صالح بوو دکتـۆر هاشـم دۆغرەمەچـی بـوو. دکتۆر عەبدولڕەحمان بوو خەڵکی تریش ناویـان نـازانم. ئـەم جـۆرە دەعوەتانـە شەوانی جومعان ئەکران هەر بۆ ئـەوەی حکومـەت بڵێـت کـە بـرایم ئەحمـەد خەریکی کـەیف‌و دەعـوەت‌و ڕابواردنـە نـە خـەریکی سیاسـەتەو نـە هـەمزە عەبدوڵلاش لەماڵی شاراوەتەوە.

لەقەرەتەپە خاڵە محەمەدم پەلـەی لـەدایکم‌و نەنـە کردبـوو کـە ماڵەکـە کۆکەنـــەوەو وەزیفـــەو کاریـــشی واز لێ هێنـــاو بـــە خێرایـــی قەرەتەپـــەیان بەجێهێشتبوو گەیشتبوونە کەرکوك لەوێشەوە کەلوپەلـەکانی کەرکوکیـشیان بارکردبوو هەموویان کەوتبوونە ڕێ بەرەو سلێمانی، لەسلێمانی خـانووی نـوری

مەلا حەکیممان بۆ ئامادەکرابوو کەهاتن بچنە ناوی کاك نوری مەلا حەکیمیش لەهاوڕێو خەباتکەرو دڵسۆزی میللەت بوو. خانووەکە لەئەسحابەسپییەوە نزیك بوو لەدەست پێکردنی کۆڵانی قەزازەکان بوو. لەو خانووە گەورەو قەدیمانەی شار بوو باخ و حەوشەیەکی زۆر دڵگیری هەبوو.

خاڵم و دایکم و ئەوان گەیشتن ماڵ دامەزرا هەموو دڵنیاو ئارام بووین منیش چومەوە ماڵی خۆمان خاڵە هەمزەشم گەڕایەوە بۆ سیتەك لەدوای ساڵێکیشی پێ نەچوو منیان دا بە (مامۆستا برایم ئەحمەد) دەنگو هەواڵ بڵاوبووەوە لەشار. هەندێ پێیان خۆش نەبوو ئەوانەی خۆیان بۆ (مامۆستا برایم ئەحمەد) دانابوو. کە منەتیشیان ئەخواست هەر ئاوڕیان لێ بداتەوە لەو کەسانە زۆر بوون بە تایبەتی کە مامۆستا برایم ئەحمەد نووسەرو ئەدیبو ناودارێکی زۆر خۆشەویستەنی بوو لەلای میللەتو کوردپەروەرو موحامییەکی زۆر پێشکەوتوو زیرەك و بەناوبانگ بوو کە زۆر لەسەر فەلاح و بێ دەسەڵاتو بەشخوراو ئەکاتەوەو هەروەها خاوەن گۆڤاری خۆشەویستو گەش و بەرزی گەلاوێژ بوو کە هەموو خوێندەوارو ڕۆشنبیرو خەڵکی کوردستان لەسەر ئاگر چاوەڕێی کاتی دەرچوونیان ئەکرد کە مانگی جارێك بوو ئەو گۆڤارە بەرزەی کە ناوەرۆکی پڕ بوو لەبەرهەمی دەستو پەنجەی زێڕینی مامۆستا برایم ئەحمەد هەر لەچیرۆك نووسینەوە تاوەکو وەرگێڕانی چیرۆك و نووسینی بەرهەمی ڕوناکبیرانەو بەکەڵکی ئینگلیزی لەهەموو جۆرێك تاوەکو شیعری بەرزو بەبەهای خۆی هەمووشی بەناوی ئاشکرای خۆیەوە نەئەنووسی یەك دوو حەرفی دائەنا لەژێریان. هەروەها زۆر نووسین و بابەتی نووسەرانی کوردی تریشی تیابوو لەگەڵ نووسینی (عەلائەدین سجادی) و لاپەڕەی بۆ پێکەنین. خەڵك کە ئەم

خواستانەی بیستو شەکراو پەخشکراو بڵاوبــووەوە ئــیتر زۆرکــەس لێیــان بــوو بەمەراق کە ئەبێ بچن ئەو کچە ببینن کە ئەمە کێیە کە ئەمە کێیە خــەڵکی شــاریش نیــە. ئەمە کێیە کەوا لەپڕ هاتو دڵی برایم ئەحمەدی چاو لەدووی چەندەها خەڵکی تری فڕاندو تیا جێگیر بوو ئەمە کێیە؟ بــە تایبــەتی ئەوانــەی نــەهاتبوون بــۆ شەکراو خواردنەوەو نیشانەکردنو منیان نەدیبوو. لەبەرئەوە لەدوای ئەو نیشان کردنو شەکراو خواردنەوەیە هەر دەرگاکــەمان بــوو لێ ئــەدراو ژنو کــچ بــوون ئەهاتنە ژووری بــە بیانوویەکــەوە. ئــەو ئــەیگوت واللە تــۆزێ ئاومــان ئــەوێت لەڕێگای دوورەوە هاتووین ئەو ئەیگوت خانوو و ژووری بەکرێتان نیــە. هــەبوو بیانووی تری ئەدۆزیەوە ئیتر هەر کەســە بــە بیانووێکــەوە منــیش زۆرجــار ڕام ئەکردە ژێرخانە گەورەکە کە ئەو شتانەی ماڵی کاك نوری مەلا حەکیمی تیابوو بەتایبەتی ئەگەر لەحەوشە بوومایە لەچینی سەرەوە نەبوومایە مــن زۆر تــووڕە ئەبوومو حەزم لەو چەشنە ڕەفتارانەی ئەو کەسانە نەئەکرد کە سەریان ئــەکردە سەرمان.

تا ئەوکاتەش بە مامۆستا برایم ئەگوت کاکە برایم من لــەکوێ ئــەمزانی خاڵە هەمزەمو ئەوان وا ڕێکەوتن کە من بدەن بــەوو خاڵــە هەمزەشم نەعیمــە خانی خوشکی بێنێت ئەگەرچی (مامۆستا برایم ئەحمەد) ئەوەی نەئــەزانی کــە وا ڕێکەوتوون باجی نەعیمەش شوبکات بە خاڵە هەمزە چونکە خاڵــە هــەمزە قاچاغو شاراوە بوو ئەو موعەلیمە بوو ئەو کارە خەتەرناك بوو بۆ هەموو لایەك بەڵام لەدواییدا مامۆستا برایمیش زانی. لەڕاستیدا خاڵمو باجی نەعیمــە پــێش داخــوازیو داواکردنــی مــن ڕێکــەوتبوون هەرچــەندە لەبەرئــەوە تووشــی زۆر کەشمەکەشو هەلا بووین لەبەر نالەباری زروفــی خــاڵم کــە خاڵــە محەمەدیــشم

بەدڵی نەبوو ئەیگوت جاریَ وەختی نیە بەڵام لەدواییدا هەمووکارێك ئاسان بوو. خاڵە محەمەدمو دایکمو هەموو ماڵی ئێمە مامۆستا برایمیان زۆر خۆشەویست چونکە شایستەی هەموو خۆشویستنێك بوو. زۆر کەسێکی بەحورمەتو قسە خۆشو ڕاستو بیَ پێچو پەنا بوو. ئاخری وایان قەراردا کە بڕۆین بۆ بەغدا بۆ جیازی کڕین بۆ من، دوو خوشکی مامۆستا برایم نەعیمە خانو حەمدی خانیش هاتن لەگەڵ پوورزاکەشی کە ناوی رەحمەخان بوو هەروەها منو دایکمو ڕێسانو رەحیمیش ئەوکاتە خاڵە هەمزەم بەقاچاغی گەیشتبووە بەغداو لەماڵی شەهید علی حەمدی یەکەم کۆنگرەی پارتی بەستبوو ئیتر نەگەڕابووەوەو لەبەغدا خانووێکیان بۆ بەکریَ گرتبوو بەناوی مهندسەوەو کوڕەکانی ئەوسای لەگەڵ بوو ئەوانی ئەنارد بۆ ئەملاو ئەولاو خۆشی لەژوورەوە خۆی شاردبۆوەوە ئێمەش چووین بۆلای بۆ ئەو ماڵەی بۆ جیازی کڕین بۆ من هەموو ڕۆژێك دوای بەرچایی هەموومان ئەوانەی هاتبوون لەگەڵمان ئەکەوتینە ڕیَ بەرەو بازاڕە ئاوەدانەکانی ئەوسای بەغدا کە جوانترینو باشترین کەلو پەلی لێبوو هەر ڕاست بازاڕو کەل وپەلی وەکو هی لەندنو ئەوروپا بوون قوماشو کوتاڵی لەباشترین قوماشی فرنسیو ئینگلیزی بوو جلی ئامادەو حازری مۆدە هەروەها هەمووی هەر فرنسیو ئیتالی بوو پێڵاو ئەوە هەر باسی ناکرێت. بێجگە لەچەند جووت پێڵاوی دروستکراوی بەغدا کە پێڵاویان یەکجار بەناوبانگ بوو یەکیَ لەو پێڵاو دروستکەرانەی زۆر بەناوبانگ بوو ناوی (گەرەبیت) بوو. ژووری نووستنو قەنەفەو شتی لەدار دروستکراو. ئەوە تاوەکو ئێستە کە چەند ساڵە لە لەندنو ئەوروپام ناوماڵی لەدار دروستکراوی وەکو ئەوانەی ئەوسای بەغدام نەدیوە.

بەغدا چەندەها دوکانو سوپەرمارکێتی وای تیابوو هەر ڕاست وەك لەندەن وابوون هەر لەئۆرزدی باگەوە تاوەکو حسواخوان الأفراح المقص الـذهبي دەیـانی تـریش هــەروەها ســوق الحرایـر. شــارع النهــرو چــەندەهای تـر بێجگەلـەبازاڕ زێڕنگەری هونەرمەند لەهەموو جۆرو باشترین ئاڵتوون هەموو جارێکیش یەکێ لـەکوڕەکان ئـەهاتن لەگـەڵمان نـایف یـا حەمیـد باتاسـی. تـاوەکو هــەموو کەلوپەلەکانمان کڕی تەنیا ژووری نووستنو شتی دارماوەیـان بـۆ دانـرا تـاوەکو تەواو ئەبن.

خاڵە هەمزەشم لەژوورەوە خەریکی کاری خۆیو بەیان دەرکردن بوو ئەوسـا مجەلەی ڕزگاریشی دەرئـەکرد هەمووشـی لـەژێرزەمینی ماڵەکـە بـوو ڕۆنیـۆو تایپو ئەو شتانە لەو کەسانەی زۆر هاتوچۆیان ئەکرد دکتۆر جەعفەر محەمـەد کریم عەلی عەبدوڵلا بوون ڕۆژێکیان خاڵە هەمزەم بانگی منو دایکمی کـردو گوتی: ئەبێ نیشانەو حەلقەو ئەو شتانەی برایم ئەحمـەد بـۆی بەریتـەوەو مـن گەلاوێژی نادەمێ.

خوشكو ئەوانەی لەگەڵمان هاتبوون گەڕابوونەوە چونکە ئێمـە ماوەیـەکی لێبووین ئەوان بۆ دوو هەفتەیەك هاتبوون.

دایکم سەری سوڕماو گوتی بۆ؟ ئەمە چ قسەیەکە؟ دیارە من هیچ قـسەم نەکردو نەئەبوو بەرامبەر بە خاڵمو خۆشەویستی خـاڵم هـیچ بڵـێمو هــەمووی ئەبوو قسەی ئەو بێت بەڵام لەدڵا وەکو شتێك حەپەسام کە ئەوە خاڵم بۆچـی وا ئەڵێت دایکم دیسان گوتی بۆچی وا ئەڵێیت چی قەوماوە؟ خاڵم تۆزێ لـەتووڕە ئەچوو دیاربوو خەبەرو نامەو شتی وای بۆ هـاتبوو. بۆیـە ڕووی کـردە دایکـمو گوتی: خەریکم پەشیمان ئەبمەوە گەلاوێژی نادەمێو ئـەبێ نیـشانەو ئـاڵتوونو

شتەکانی وەرگریو سواری شەمەنەفەر بیتو بڕۆیت بـۆ کـەرکوكو سـلێمانیو شتەکانی بدەیەوەو تاوەکو ئەم کاغەزەم بۆ ئیمزا نەکات من گەلاوێژی نـادەمێ. دایکم بە نارەحەتیەوە دیسان گوتی: ئێ بۆچی لەبەرچی سـەبەب چـیە؟ خالـە هەمزەم گوتی چونکە ئێستە گوێمان نـاداتیو هـیچ باسـی حیزبمـان ناکـاتو لەسەرمان ناکاتەوە. دایکم هەرچەندە پێی ناخۆش بوو دڵـی زۆر لەسـەر خالـە هەمزەم بوو نەیدەویست نارەحەتی کات بـەڵام هـەر نارەحـەتی خـۆی دەربـڕیو گوتی برایم پیاوی چاکەو هەموو خۆشمان ئەوێتو محەمەد زۆری خـۆش ئـەوێت ئێستە چۆن من بچم شتەکانی بۆ بەرمەوە. خاڵم گوتی هەر ئەبێ بچی.

دایکم گوتی باشە کاغەزی چیت بۆ ئیمزا بکات نابێ منیش بزانم هـەر وا لەخۆمەوە بڕۆمو شتەکانی بدەمەوە دەست؟ خالە هەمزەم گوتی ئەم کاغەزەم بۆ نووسیوە کە ئەبێ بە چاکی باسی پارتی بکاتو پڕوپاگەندەی باشی بۆ بکـاتو ئەبێ پشتمان بگرێت.

دایکم ناچار نیشانەکەی بردو ڕۆیی منیش لەلای خاڵم مامـەوە لەبەغـدا. دایکم ڕۆیشتو نیشانەکەی پێچایەوە منیش حەلەقەکەمم بـۆ داکەنـدو دامـە دەستی بەڵام لەدواییا نارەحەت بوومو لەدڵی خۆما گوتم ئەوە بۆ خاڵم وای کرد؟ عومرم شانزە ساڵ بوو ئەوکاتانە خەڵك وا بەرەڵاو زۆرزان نەبوون بەشەرمو حەیا بوون. بەتایبەتی من کـە کـچێکی بـێ دەنـگو لەسـەرخۆو ئـارام بـوومو زۆر خۆشەویستی خاڵەکانمو کەسو کارم بووم.

بۆیە بەو حاڵەشو بەو هێمنییەی کە لـە ڕەوشـتو خـوم دابـوو نارەحـەت بوومو ڕۆژێك کە هێشتا دایکم نەگەڕابووەوە بەخاڵم گوت.

خاڵەگیان ئەوە بۆ وات کرد بـرایم ئەحمـەدی هاورێت کـەی وا ناحـەزە وا کەوتیتە گلەیی‌و بۆلەبۆڵ لێی، خۆ ئەمـە ئیـشی گاڵتـە نیـە منـت داوە بـەو ئێستە منی لێ ئەسـێنیتەوە بـەخوا مـن زۆر عـاجز بـووم بـرایم ئەحمـەد زۆر ئینسانێکی باشەو چەند وەختە لەگەڵمانە خاڵم خەریك بوو تـووڕە بێـت بـەڵام قسەی نەکردو خۆی خافڵاند بە کاغەزو نووسراوەکانیەوە لـەدوای دوو سـێ ڕۆژ دایکی ماندوو بەسەزمانم هاتـەوە بەکاغـەزو ئیمـزاو ئاڵتوونەکانـەوە. دایکـم ناڕەحەت دیاربوو زۆر بۆ برایم وەکو پێی ئەگوت (ئیبراهیم) بـەبادینانی دڵگـیر بوو چوو کاغەزی دا بە خـاڵم کـە وەکـو ویـستبووی بـۆی ئیمـزا کردبـوو کـە لەمەودوا زۆر گوێ بداتە حیزبەکەی‌و لەسەری بکاتەوەو قسەی باشی بۆ بکات بۆ پەرەسەندنی، خاڵم دڵی خۆش بوو کرایەوە.

دایکم تا بەینێك هەر لەدڵا ناڕەحەت بوو چـونکە ئـەیگوت کەچـووە ئـەو هاتووە بۆلای‌و کەوای پێگوتووەو شتەکانی داوەتێ چی بەسـەر هـاتووەو چـەند تێکچووەو ناڕەحەت بووە هەروەها خاڵە محەمەدیـشم کـە زۆر مامۆسـتا بـرایم ئەحمەدی خۆشەویست لەو کردارەی خاڵە هەمزە تووڕەو ناڕەحەت بووە.

مامۆستا برایم ئەحمەد نامەیەکیشی بۆ من نووسی بوو دایکم دایە دەسـتم بەڵام من نەمەزانی کوردی بخوێنمەوە هەر عەرەبیم ئەزانی قسەکردنیشم زاراوەی بادینیم ئەزانی بەڵام بەو چەند ماوەیەی کە لە سلێمانی بووم مجەلـەی گەلاوێـژ ئەهات سەیرم ئەکردو حەزم ئەکرد بتوانم بیخوێنمەوە بە تایبەتی کە ئەمـدیت چۆن هەموو دەوروپشتم پەلاماری ئـەدەن‌و ئەیبێتـە شـەڕ لەسـەری بۆیـە هـەر نامەکەم ئەمدیوو ئەودیو ئەکردو هەندێ لەسەرو پۆتـەلاکی حـاڵی ئـەبووم و لەناو هەموو ئەو نامە درێژە توانیم ئەم دێـرەی لێ تێبگـەم‌و ئێـستەش لەبـەر

چاومەو بیرمە کە نووسیبووی بۆم (نەکەی بڕوا بکەیت هێز هەبێت لەم دونیایەدا بتوانێت دوورت بخاتەوە لێم) .

زۆر سەیرە ڕەنگە کەم کەس هەبێت ئەوە بزانێت کە ئەگەر ئەم ڕێکەوتن‌و ئیمزا کردن‌و پشتگیریەی مامۆستا برایم ئەحمەد نەبوایە ڕەنگە پارتی هەر دروست نەبوایەو ئێستە شتێکی تر بوایەو ناوێکی تری هەبوایە.

زۆر کەس وا ئەزانن مجەلەی گەلاوێژ بەناوی منەوە ناونراوە بە پێچەوانە من بەناوی گەلاوێژی خۆشەویستەوە ناونراوم. چونکە کە لە مووسڵ لەدایك بووبووم وەکو لەسەرەتاوە باسم کردووەو شەوی (ليلة المحيا) هاتبوومە دنیاوە کە ئەو شەوە هەموو هەر سوجدەو نوێژ بووە لای زۆرکەس بۆیە وایان ناونابووم ساجدە بەڵام دوایی خاڵە محەمەدم ڕازی نەبوو کردی بەژیان. دوایی کە نەفی کراین‌و دوورخراینەوە خوارووی عێراق من شەش حەوت ساڵ بووم‌و تازە چووبوومە مەکتەب لەبەرئەوەی لەو بیابانی عەفەکە کە شوێنێکی زۆر دواکەوتوو بوون‌و عەرەب نەیانئەزانی بڵێن ژیان‌و بەچەند جۆری تر بانگیان ئەکردم بۆیە ناوم گەڕایەوە سەر ساجدەی مووسڵ دواییش کە گەڕاینەوە لەنەفی دوای چەند ساڵ‌و بووم بەدەزگیرانی (برایم ئەحمەد) ناومی گۆڕی بە گەلاوێژو گوتی هەر کەسە بەوناوە بانگی نەکات ئەبێ دەفلس جەزا بدات قوتویەکی داناو گوتی هەرکەس گەلاوێژی بەساجدە بانگ کرد ئەبێ دەفلس بخاتە ئەم قوتوەوە، لەبەرئەوە زۆرجار ئەوانەی دەوروپشتم بیریان ئەچوو بەساجدە بانگیان ئەکردم‌و گورج دەمی خۆیان ئەگرت‌و ئەشڵەژان و ئەبوو دە فلس بدەن بەقوتوەکە پارەی قوتوەکەش هەموو جارێك ئەدرا بە فەقیر. ئیتر بووم بە

گەلاوێژو هەموو وایان بانگ ئەکردم تەنیا خاڵە محەمەدم نەبێت ئەو وەکو خۆی مایەوەو پێی ئەگوتم (چاچان).

تا خانوو تەواوبوو تا گوێزرامەوە عومرم بووبە ١٧ ساڵ لەو ماوەیــەدا زۆر شت ڕووی داو هەمیشە شار شڵۆق ئەبوو خۆپیشاندان بوو بەتایبەتی کە چـوار ئەفــسەرەکە شــەهید کــران محەمـــەد قدســیو مــستەفا خۆشــناوو عیــزت عەبدولعەزیزو خیراللە هەروەها لەو ماوەیــەدا جــەژنی نــەورۆز کـراو ئـەمڕۆژی ساڵی تازەی پیرەمێرد کە کرابوو بە سروود لــەو ڕۆژەدا یەکــەم جـاربوو خــەڵك گوێی لێ بێت لەلایەن ســاڵح دیلانــەوە ئــەو ڕۆژە جــەماوەرێکی زۆر چــوون بــۆ بەرپاکردنی ئەو جەژنە لەتووی مەلیك ئێمەش هــەموو چــووبووین زۆر خــۆش بوو وێنەم هەیە لەســەر بەرزاییەکــەوە وەکــو لــۆریو ســەکۆو شــتی وا وابــوو میکرۆفۆنیشی لەسەر بوو کورسیش ڕیزکرابوون بۆ دانیشتنی خەڵك زۆر دڵیان خۆش بوو لەپڕ بووبە قڕەو هەڵاییێك لەلایەکی تـرەوە خــەڵك شــڵەژانو هــەموو هەســتان بەناڕەحەتیــەوە کــە ئەمــە چــیە وەیــانزانی حکومــەت دای بەســەر زەماوەندەکەیا کەچی دوایی دەرکەوت ئەوە شیوعیە کوردەکانن کە ئەیانویــست ئەو زەماوەندە خۆشە تێك بدەن چــونکە ئــەوان بڕوایــان بــە کوردایــەتی نــەبوو زۆریش ڕقیان لەپارتی بوو. ئەوکاتــە مامۆســتا بــرایم هــەر تــەواو چــووە نــاو پارتییەوەو بووبوو بەپارتی بۆیە زۆرجار ئاگام لەتەگەرەو ناحــەزی شــیوعیەکان بوو وەکو باسیان ئەکرد کە چەند دژایەتی پارتییان ئــەکرد. لەهــەموو شــتێك سەیرتر شیوعی عەرەب وانەبوونو پەیوەندی خاڵە هــەمزەو مامۆســتا بــرایم ئەحمەد زۆر گەرم بوو لەگەڵ شیوعی عەرەب وەکو سلام عادل نزیهە الدلیمیو عزیز شریف. ڕەحیم شریف بەڵام شیوعی کــورد ڕەفتاریــان زۆر دوژمنانــە بــوو

لەگەڵیان ئەوە بوو دوای بەینێك كە هێرۆی كچم لەدایك بوو عـومری بـوو بـە شەش مـانگ باوکی گیرا. کتێبێك دەرچوو کـەناوی هـەموو خەباتکـەرانی تیـا نووسرابوو کتێبێکی هەندێك گەورەبوو بەتایبەتی باسی بـاوکی هێـرۆو خاڵـە هەمزەمی زۆر تیابوو کتێبەکە دائیرەی ئەمنی بەغدا دەری کرد بـوو هـەمووی (اعترافاتی) کوردێك بوو کە لەژێریا نووسیبووی: خادم العرش والوطن ڕەفیـق چالاك. خۆم ئەو کتێبەم خوێندەوە، ناوی کتێبەکەش (الموسـوعة الـسرية) بـوو ئێستەش ماومانە لە لەندەن دیارە لەمەراق‌و ترسا ئەمخوێندەوە کە بـزانم چـۆن چۆنی باسی باوکی هێرۆو خاڵم کراوە.

لەدوای دەرچوونی ئەو کتێبە بەماوەیەکی کەم هاتن باوکی هێرۆیان گـرت لەگەڵ جەلیل وشـیارو موعەلیمەیـەکی جوولەکـەی ژن‌و زۆر کەسـی تـریش. باوکی هێرۆ یەکسەر برا بۆ بەغـداو ئێمـە هـەموو سـەرمان لێ شـێواو شـار شـڵەژاو خـەڵك نارەحـەت بـوون، بـاوکی هێـرۆ بـەینێکی زۆر نەمانئـەزانی لەکوێیەو لەچ حەپسخانەیەکە دیـارە جـارێ برابـوون بـۆ تحقیقـات. تحقیقـاتی جینائی دەزگایەکی زۆر ترسناك‌و بەدناو بوو ئـەوەی کەوتـە بەردەسـتیان ئـیتر مەگەر بەنیوە گیان‌و یا بێ گیان لەدەستیان ڕزگاری ببوایە باوکی هێرۆ لـەوێ زۆر ئەشکەنجەو ئازار درابوو دوو دانیان شکاندبوو بە بۆکس باوکی هێـرۆ دەم‌و دانی زۆر چاك‌و جوان بوو ددانی سـاغ‌و سـپی‌و جـوانی هـەبوو. مامـە ڕەمـزی فەتاحی مـامی سەری دونیای لێهاتبووە یـەك چـونکە زۆر زۆر بـاوکی هێـرۆی خۆشەویست ئیتر کە گیرا هەر زوو چووە بەغداو هانابردن بۆ ئەم‌و ئەو کە هـەر بزانێت لەکوێیە. بەداخەوە مامە ڕەمزی بەو حاڵ‌و نارەحەتیە کەوتبوو دەستێکی شـکابوو زۆر ئەزیـەتی پێگەیـشتبوو بـەڵام هـیچ ئەزیـەت‌و دەسـت شـکان‌و

نەخۆشێك نەئەگەیشتە ئەوەی نەیـەزانی برازاکـەی چـی بەسـەرهاتووە ئـاخری زانـراو بلاوبـووەوە لـەدوای دوو مـانگ کـە ڕۆژی محاکەمـەی نیـشانە کـرا. مەحکەمەش عورفی بوو. هەموو لەسەر ئاگر چاوەڕێی محاکەمە بـووین (خـادم العرش والوطن)یش بانگ کرابوو بۆ محکەمە بـۆ شـاهیدی دان لەسـەر بـرایم ئەحمەد ئیتر بەکەیفی خۆی درۆی بۆ ڕیز کردبوو باوکی هێرۆ دوایی بـۆی بـاس ئەکردینو ئەیگوت جۆرە درۆو قسەی بۆ ڕێکخستبووم هەروا سـەرم سـوڕمابوو کە ئایا کراوە کەس هەبێت ئەم هەموو بوختانو درۆیانە بزانێت. ئاخری بـاوکی هێرۆ دوو ساڵ حوکم درا. دوو ساڵیش لەژێر چـاودێری پـۆلیس بـەلاّم نەئـەبوو لەسلێمانی بێتو لەشارێکی خواروو بێت ئەو دوو ساڵە.

دیسان ئەوەندەی تر پەشۆکاینو چاو بەفرمێسك بووین منو بـاوکی هێـرۆ پەیوەندیمان لەگەڵ یەك زۆر گەرمو بەهێز بوو ئەو ماوەیەی پێکـەوە بـووین زۆر بەیەکەوە بەسترابین هێرۆ ئەو کاتە شەش مانگان بوو کە ئەو گـیرا. مـن حـاڵی دەروونیم زۆر شێوا، میوانی زۆرمان ئەهاتە لا لەناسیاوی خـەڵکی شـار بگـرە لەشارەکانی تریشەوە هەر ئەهاتن بۆ دڵدانەوەمانو دەربڕینی دڵتەنگیان لەبـەر گرتنو حوکمدانی بـاوکی هێـرۆ چـونکە بەڕاسـتی زۆر خۆشەویـست بـوو لای هەمووکەس لەهەموو ڕوویێکەوە. پیـاوێکی یـەکجار پـاكو مرۆڤدۆسـتو دڵ گەورەو پڕ بەزەیی بوو. خاكو میللـەت پەرسـت بێجگـە لەئـەدەبو نووسـینو بەرهەمە کەم وێنە بەنرخەکانی. هەروەها بلیمەت بوو لەزیرکیدا مـن ئەوەنـدە لەدووری ئەو ناڕەحەت بووبووم چـەند جارێـك نـەخۆش کـەوتم هەمیـشە چـاو بەفرمێـسك بـووم بەتایبـەتی کـە کتێـبو شـتە تایبەتییـەکانیم ئـەبینی لەژوورەکەمان. وەکو گـوتم دوو ژوورمـان هـەبوو لەخانووەکـەمان کـە ئێـستە

زاموایە لەژووری پشتەوەمان ئەوەتی باوکی هێرۆ حوکم درا لەسەر دیواری ئەو ژوورە هەموو ڕۆژێ خەتێکم ئەکێشاو لەبیرم نەئەچوو کە ئەو خەتە بکێشم هەرچەندە سەرقاڵ بوومایە یاخود ئەو ڕۆژانەی لەلای دایکمو خاڵم بوومایە ماڵی دایکم ئەوکاتە لەماڵی نوری مەلا حەکیم بوو گواستیانەوە بۆ خانووییێکی سەروتریان پێیان ئەگوت خانووی (مامە عەبە) ئەو خانووە بچووکتر بوو لەچاو خانووەکەی کاك نوری مەلاحەکیم بۆیەش چۆڵیان کرد چونکە ماڵی کاك نوری لەلادێ بوون هاوینانو زستانان ئەگەڕانەوە ناو شار وابزانم ئەچوونە قەراغ هاوینان لەبەرئەوە بۆیان چۆڵ کردین. دایکمو خاڵەکانمو هەموو ماڵی ئێمە زۆر بەتەنگمەوە بوونو زۆری کات لەلایان ئەبوومو ڕێسانی خوشکم کە لە مەکتەبیش بوو منالکاریش بوو هەر بەدیارمەوە ئەبوو هەر خەریکی هێرۆ بوو هێرۆ بانگی ئەکرد باح یعنی صباح ئەوکاتە صباحی گۆرانیبێژ زۆر بەناوبانگ بوو ڕێسانیش گۆرانییەکانی بۆ هێرۆ ئەگوتو لاسایی ئەکردەوە ڕێسان دەنگی خۆش بوو. خاڵە هەمزەم هەر شاراوە بوو لەدەست حکومەت بەگەرمی بۆی ئەگەڕان کە بیگرن. ئەویش هەر خەریکی بەیان دەرکردنو کۆبوونەوەو کارەکانی حیزب بوو. هەندێ جار شەوان درەنگ ئەهات بەدزییەوە سەری ئەداین بەتایبەتی گەڕەکەکەمانو دراوسێکانمان زۆر ماڵی باش بوونو دڵیان لەگەڵمان بوو. ئەوکاتانە کەم کەس ئەیتوانی سیخوڕی بکات چونکە هەموو میللەت دڵی پڕبوو بەزۆری ئەو سیخوڕانە ئەناسرانو ڕسوا ئەکران ئەگەرچی هەندێکیان بەو حاڵەش کاری خراپەو بەدخویی خۆیان ئەکردو خەبەریان هەر ئەگەیاندە حکومەتو ئەمنەکەی بەڵام ئەو کەسانە تاوەکو منالەوردکەش شوێنیان ئەکەوتن بەبەردو گۆرانی وەکو گۆرانییەکیان

داهێنـابوو شـوێن پـۆلیس ئەکـەوتن‌و ئـەیانگوت (پۆلیـسەو پۆپنـە ڕیـسەو دەرنەفیسەو موغناتیسە) ئەگەرچی زۆر لەپۆلیـسی کـورد لـەژێرەوە لەگـەڵ حیزب‌و خەباتکەران بوون هەروەها چەندەها کاربەدەستی گەورەش‌و حاکم‌و ئـەو جۆرە کەسانە یارمەتی خەباتکەرانیان ئەدا لەژێرەوە خەبەرو هەواڵیان بۆ خاڵـە هـەمزەم‌و بـاوکی هێـرۆو برادەرانیـان ئـەناردو لـەرووداوو فـەرمانی گرتنـی هەندێکیان ئاگاداریان ئەکردن. باوکی هێرۆ حـوکم دراو گوێزرایـەوە (سـجنی مرکزی) بەغدا ئیتر کەوتە نامە ناردن بۆمان هـەروەها ئێمـەش کەوتینـە ڕێ بەرەو بەغدا سەری مانگان بـۆ ئـەوەی بـچین بـۆلای یـەکی هـەموو مانگێـك ئەتوانرا خەڵك بچێت بەندەکانی خۆیان ببینن. لەبەرئەوە تێکڕا سەری مانگـان ئەکەوتینە ڕێ بۆ بەغدا لەگەڵ دایکم یا هەندێ جار خوشکەکانی باوکی هێرۆ. هێرۆ بەرەبەرە گەورە ئـەبوو چـەندەها جـار لەسـەر قـۆڵی دایکـم بەگـەرمای تـەمووزو مانگـەکانی تـری بەغـدا خـەوی لێ ئەکـەوت کـە لەبـەر دەرگـا ڕائەوەستاین چاوەڕێی دەرگاکردنەوە ئەبووین کە بمانکەنـە ژوورەوە. مـاڵی کـاك قادر قەزاز لەبەغدا بوون لەگەڵ خوشکی بەڕێزی حەسیبە خـان زۆرجـار بگـرە هەمووجارێك ئەوان ئەهاتن لەگەڵمان بەمەنجەڵە یاپراغ‌و خواردنی خۆشەوە کە بۆ باوکی هێرۆیان ئەبرد. هەروەها سەنیەخانی ژنی دکتۆر هاشـم دۆغرەمـەچـی کە جەلیل وشیار برای بوو ئەوانیش ئەهاتن‌و بەمەنجەڵە یاپراغـەوەو چـەندەها جۆر خواردنی ترەوە ئینجا کە دەچـووینە ژووریَ بـۆ لای بـاوکی هێـرۆ جـەلیل وشـیارو ڕەحـیم شـەریف‌و کـوڕێکی خـەڵکی بەسـرە پێکـەوە بـوون‌و لەگـەڵ هەرسێکیان دائەنیشتین لەگەڵ ماڵەکانیان کە ئەهاتن بـەڵام بەسـراییەکە زۆر کەم ماڵەکەیان ئەهاتن بۆلای ئێمە تێکڕا لەماڵی عەلی حەمدی دائەبەزین کە

ئەچووین بۆ سەردانی باوکی هێرۆ. کاك عـەلی حەمـدی ئینـسانێکی یـەکجار دڵسۆزو هێمنو ئازابوو خۆیو ژنو خەسـووو ژن خوشـکی هەمیـشە لەگـەڕدا بوون بۆ نامە هێنانو نامە بردنو چالاکیەکانی پارتی هەروەها یەکەم کۆنگرەی پارتی لەبەغدا لەماڵی شەهید عەلی حەمدی گیرا کـە خـانوو و مـاڵێکی زۆر ئاساییو بچووكو فەقیرانەی هەبوو وابزانم لە محلە الـسنك بـوو شـەهید عـەلی حەمدی بۆ بەندیخانە نەئەهات لەگەڵمان چـونکە نەئـەبوو ئاشـکرا بێـت کـە پەیوەندی هەیە لەگەڵ باوکی هێرۆو کوردایەتی بۆئەوەی بتوانـێ بەسـەلامەتی چـالاکیەکانی بەڕێوەبـەرێ. شـەهید عـەلی حەمـدی کارمەنـد بـوو لەیـەکێ لەدائیرەکانی حکومەت بەڵام هەمیـشە بەرباخـەڵو گیرفانـەکانی بـایی دەجـار هەڵواسـینی نامـەی تیـابوو ئەگـەر بگیرایـە بەتایبـەتی ئەوکاتانـە چـەند شیوعیەکیان ئیعدام کردبوو وەکو فەهدو هاوڕێکانی بۆیـە حکومـەت زۆر بـە گەرمی بەدوای کەسانێکەوە بوون کە هەر بۆنی سیاسەتو خـەباتکردنیان لـێ بهاتایە. کچەکەی شەهید عەلی حەمدی نزیك دە ساڵ ئەبوو ناوی ڕوناهی بـوو لەگەڵ دوو کـوڕیش لـەو منـاڵتر بـوون. زۆرجـار ڕونـاهی لەبـەر دەرگاکـەیان دائەنیـشت کـە لـەکۆڵانێکی یـەکجار تەسـکابوونو لـەپڕ لەگـەڵ هاوڕێیـە مناڵەکانی ئەبوو بەشـەڕیانو لەیـەك هەڵـدان لەبەرئـەوەی ڕونـاهی گاڵتـەی بەوانی تر ئەکردو ئەیگوت ئێوە عەرەبی پێ پەتین ترسنۆکن من کـوردم ئـازام کورد ئێوە ئەکەن بە ژێرەوە هەروەها ئەیقیڕانـدو ئـەیگوت عمـی البرزانـی زۆر پیاوی باشە. ئەوانی تریش بۆی ئەهاتن. هەرچەندە ڕوناهیان ئەهێنایـە ژووریو لێی تووڕە ئەبوون کەچی فایدەی نەبوو بۆ سبەینێ وای ئەکردەوە.

مانگی ڕەمەزانی پیرۆز بوو هاوینێکی زۆر گەرم بوو دیسان سەری مانگ بوو چووبوووین بۆ بەغدا بۆ بینینی باوکی هێرۆ لە (السجن المركزي) دیسان هەر لەماڵی کاك عەلی حەمدی بووین. بۆ ڕۆژی دوایی کاتی گەڕانەوەی کاك عەلی حەمدی بۆ ماڵەوە سەیرمان کرد کاك عەلی زۆر پەشۆکاو نارەحەتو دڵگیرە هەرچەندە لەبەرچاوی ئێمە خۆی ڕوخۆش پیشان ئەدا بەڵام فایدەی نەبوو شپرزەییەکەی زۆر لەوە گەورەتر بوو بیتوانیایە بیشاردایەتەوە بۆیە کەوتینە مەراقەوە دایکم لێی پرسی کاك عەلی توخوا چیتە؟ گوتی نەخۆشم تۆزێ سەرم گێژە. ناهیدەخانی ژنیو نوورییەی ژن خوشکی کە کەیبانوو دەست پوختو تەگبیرکەری ماڵەکەبوون کردیانە سەریو گوتیان دەی زوو پێمان بڵێ چی قەوماوە. کاك عەلی هەرچەند لەژێرەوە ئیشارەتی ئەکردن کە بێ دەنگ بن بەڵام ئەوان تێ نەئەگەیشتن کەچی ئەڵێت. ئاخری چار نەبوو کاکە عەلی بەماتیو دڵ پێوە نەبوونەوە گوتی: کە ئیمشەو کاکە هەمزە لەسلێمانی گیراوە لەڕێگا گرتویانە کە ئەیویست بچێت بۆ ماڵی هاوڕێو برادەری بۆ کۆبوونەوەی حیزبی. هەروەها دەستی دایە ڕۆژنامەیەك دەری هێنا کە شاردبوویەوەو هەر زۆر بەداماویو شپرزەیی پەلامارم داو سەیرم کرد لەسەر لاپەڕەی یەکەم بە مانشێتی گەورە لەسەری سەرەوە نووسراوە ((قوات الأمن الباسلةفي السليمانية تلقي القبض على المجرم همزه عبدالله))

پێی ناوێت کە بزانرێت کە چیمان بەسەرهات. دایکم بەسەزمانە بەزمانی بەڕۆژو بەو نیوەڕۆ گەرمە وەکو شێت کاك عەلی ڕەحمەتی گەیاندیە ئێستگەی شەمەندەنەفەر بۆ ئەوەی خۆی بگەیەنەتە کەرکوكو سلێمانیو بزانێت ئەوە چی قەوماوە. من لەبەغدا مامەوە چونکە بۆ سبەینێ ڕۆژی چاوپێکەوتنی باوکی

هیرۆ بوو بۆیە نەیانهێشت منیش بگەڕێمەوە لەگەڵ هێرۆ کە زۆر منداڵ بوو هەروەها باجی زەکیەشمان لەگەڵ بوو هەمیشە بەدیارمانەوە بوو.

خاڵە هەمزەم هەر زوو ڕەوانەی مووسڵ کرابوو لەوێشەوە بۆسەر سنووری تورکیا کە بدرێتە دەست تورکەکان. ئیتر لەوێو هەر لەمووسڵەوە هەندێ پۆلیسی کوردو ئاشناو هەندێ خزم لەزاخۆ وایان ڕێکخستبوو کە لەگەڵی بنو بەدیاریەوە بن گوایە پۆلیسی حکومەتنو ئەو دەستبەسەرە لەلایان ئەمە ئەم کارە هەمووشی بەهۆی خزمێکی زۆر نزیکی دایکم بوو پوورزای بوو عەریف بوو لەپۆلیسی زاخۆو ئەو کارەی کردبوو ئەوەبوو کە خاڵە هەمزە پێش ئەوەی بگاتە دەست تورکەکان لەچەمی خاپووری دابوو لەگەڵ چەند کەسێك بەتایبەتی کە مەلەی زۆر باشی ئەزانی. تێکڕا هەموو خەڵکی زاخۆ مەلەوانی چاکن ئیتر خاڵە هەمزەم ڕزگاری بووبوو. حکومەت خاڵە هەمزەمیان بەو فێڵو تەگبیرە ناردبوو بۆ تورکیا گوایە لەئەصڵا خەڵکی ئەوێیەو باوکی ئەفسەری عوسمانلی بووەو دایکی خەڵکی وانەو خەڵکی ئەوێیە ئەبێ بنێررێتەوە بۆ ئەوێ هەروەها جنسیەی عێراقیشان لێ سەندبوو. لەڕاستیشا خۆیان زانیبوویان کەچی ئەکەنو کە گەیشتنە ناو دەستی تورکەکان چی لێ ئەکرا بەتایبەتی تورکو عێراق ئەوکاتانە هەر زۆر زۆر ڕێك بوون.

کە خاڵە هەمزەم گەیەنرابووە مووسڵ ئەوسا رۆمانی دایكو کوڕ لەو ڕووداوانەوە پێکهاتووەو زۆری ژیانی خاڵە هەمزەم دێنێتە بەرچاوو فیداکاریو ئازاییو قارەمانیەتی دایکی شیرینم بۆیە دایكو کوڕم پێشکەش بە دایکم کردووە. دوو ساڵ تەواو بوو باوکی هێرۆ بەربوو. ڕۆژی گەڕانەوەی بۆ سلێمانی نەڕێگاو بان بەرئەکەوت نە ئۆتۆمبێل بەجارێك شار تاوەکو لەدێهاتەکانیشەوە

خەڵك ئەهاتن تاوەكو بچن بە پیریەوە هی واش هەبوون لەچەند ڕۆژ لەوەوپێش گەیشتبوونە بەغداو لەوێ چاوەڕێیان ئەکرد بووبوو بە هەرایەك حکومەت چاوی زەق بووبوو حەپەسابوو کەس نەئەترساو گوێشیان نەئەدانێ. هەرچۆنێك بێت منو خەڵکی ماڵەکە نەمانتوانی ببینین لەبەر خەڵك تاوەکو زۆر درەنگە شەو تاوەکو ئیتر شارو ڕۆڵە نەبەزەکان هێمن بوونەوەو هەرکەسە چو بەلایەکا. دیارە من زۆر دڵم خۆش بوو لەچەند ڕۆژ لەوەوپێشەوە کە هێشتا بەر نەبووبوو شپرزە بووبووم چونکە منو باوکی هێرۆ پەیوەندیمان زۆر پتر بووبوو باوکی هێرۆ وەك مرۆڤێکی پێشکەوتووی پڕهەستو ئەدیبو شاعیرو قسە خۆشو ڕووخۆشو ڕەفتار جوانو قەدو قیافە خۆشەویستەنیو پاکو تەمیز زۆر کاری تێکردبووم و لەبەرچاوم وەك ئەسپ سوارەکەی خەوو خەیاڵی لێهاتبوو. بەڵام کە هێرۆ گەورە بووبوو خلەخل بە ماڵەکەدا ڕای ئەکرد بەجۆرێکی تر چوو بەپیریەوە ئەویش هەر سەیری ئەکردو ئەیزانی ئەوە باوکیەتیو ئەوە بلەیە کە هەموو سەری مانگێك ئەچووین بۆ بەغدا بۆ چاوپێکەوتنی بۆیە سەری سوڕمابوو کەوا هاتووەو ئێستە لەماڵەکەدا دێت ئەڕوات. لەژووری گەلەی دایکی دائەنیشێتو هەڵەسێت بۆیە بە تووڕەییەوە ڕوی تێکرد لەدوای یەك دوو ڕۆژ گوتی: (دەی دەی بلە کەچ کەچ بلۆلەوە ماڵی خۆت لەسجنی مەرکەزی) .

باوکی هێرۆ دوو ساڵیش لەژێر چاودێری پۆلیس حوکم درابوو بۆیە ئەبوو بینێرنە شارێکی تر ئەو دوو ساڵە لەسلێمانی نەبێت. دیسان ئاشنای دڵسۆزی ناودار لەبەغدا کەوتە هەڵپە هەڵپ تاوەکو ڕازی بوون کە لەکەرکوك بێت لەجیاتی شارەکانی خوارووی عێراق.

کاکە حەمەی دەرویش کەریم کە پوورزای باوکی هێرۆ بوو پیاوێکی زۆر نەجیبو دڵسۆزمان بوو هەر زوو کەوتە هەوڵدانو خانووێکی بۆ پەیداکردین لەنزیك ئوتێل شەهرزاد کە ئوتێلی ئەوبوو. گەڕەکێکی تازەیان لەنزیك ئوتێل شەهرزاد دروست کردبوو هەرچەندە ئەو ناوە زۆر چۆڵیش بوو بەڵام خانووەکە زۆر لەشەقامەوە دوور نەبوو ئەو ناوە هێشتا هەر خۆڵاوی بوو بۆیە لەخۆشی کەرکوکی دڵی کورد زۆرمان پێخۆش بوو کە ناچین بۆ منتفكو دیوانیە.

ئەو گەڕەکە دوورو تازانە هەندێ دزی تیا ئەکرا بیرمە بە ڕۆژی نیوەڕۆ پەردەی ژووری میوانەکەیان دزی کە پەنجەرەکە تەلیشی پێوەبوو تەلەکەیان بڕی بوو پەردەکانیان ڕاکێشابوو بۆیە هەندێ لەو گەڕەکە تازانە جێی مەترسی بوون.

لەبەرئەوە لەدوای پەردە دزینەکە کاکە حەمە هەوڵی خانووی تری بۆ داین خانوویێکی خۆشی باشمان دەست کەوت بەرامبەر بە ماڵی یەعقوبیەکانو نزیك خانەقاو ماڵی سەید ئەحمەدی بەڕێزوو خۆشەویست لەسەر جادەکەی کەرکوك هەولێر. پشتی ماڵەکەشمان مەکینەی دروست کردنی سەهۆڵ هەر هی کابرای خاوەن خانوو بوو کابرا دەوڵەمەندبوو تورکمانیش بوو. زۆر پیاوێکی باشو نەجیبو ئازا بوو چونکە زۆر کەس ئەترسان خانوو بدەن بە ماڵی برایم ئەحمەد. لەو خانووەدا زۆر ڕووداوی خۆشو ناخۆشمان دیی ئەویش بەدەست ماڵ پشکنینو هەڵکوتانە سەرەوە لەلایەن حکومەتەوە بەڵام کاربەدەستی زۆر ئازاو شەریف هەبوون لەکەرکوك چ کورد چ عەرەبو چ تورکمان کە زۆر لەبنەوە یارمەتییان ئەداین. بیرمە جارێکیان ئێوارەیەکی درەنگ بوو لەدەرگا درا کابرایەك

لەبەردەرگابوو نووسراوییێکی دا بەدەستمانو گوتی زوو بیدەن بە مامۆستا برایم ئەحمەد.

باوکی هێرۆ نامەکەی خوێندەوە هەندێ شپرزە بوو دایکمی بانگ کرد کە دایکمی زۆر خۆشەویستو ڕێزی لێ ئەگرت لەبەر ڕەفتارە کەم وێنەکانی لەدڵسۆزیو ئازایەتیدا بۆیە زۆر ڕاسپاردەو کارە نهێنییەکانی بەدایکم ئەگوت. ئیتر کە دایکمی بانگ کردو بردیە پەنایەکو پێی گوت ئێستە دێن ماڵەکەمان ئەپشکنن بەڵام تۆ ئەبێ بڕۆیت ماڵی مام جەلال بدۆزیتەوە. مام جەلال ئەوکاتە تەلەبەی دواناوەندی (ثانوي) بوو بەو منالیەش ناوی هاتبوو ناوی خۆیو چەند کەسێکی هاوڕێی تیابوو کە سبەینێ ئەچن بۆ مەکتەبەکەیان ئەیانگرن. دایکم بەپەلە چووە دەرێ لەماڵ درەنگ هاتەوەو گوتی ماڵەکەم دۆزیەوە لەقەڵاو بەمام جەلالم گوت مام جەلال گوتی بە مامۆستا بڵێ بچین بۆ مەکتەب باشترە چونکە ئەگەر نەچین ئەبێ ئیتر خۆمان بشارینەوە مەکتەبەکەمان لەکیس ئەچێتو لەم ڕۆژانە ئیمتیحانی زۆرمان هەیە.

ئیتر نازانم دوایی چیان کرد هەروەها هاتیشن ماڵەکەمان بەو ئێوارەیە گەڕانو حاکمەکەشیان لەگەڵدا بوو کە نامەکەی بەپەلە بۆ باوکی هێرۆ ناردبوو کە ئەگەر شتێکی قەدەغەت لەبەردەستە لایبەو لەناوی بەرە وا هاتین. ئاوها کاربەدەستو پیاوی مەردو دڵسۆز هەبوون لەناو ئەو جۆرە حکومەتە بەدناوانەدا. لەو خانووە هەڵۆی کوڕم لە ١/١٢/١٩٥٢ لەدایك بوو هەروەها لەو خانووەشدا توشی ڕووداوێك بووین هەر نازانم خوا چۆن نەی کوشتین ئەویش کە بەرەبەیان بە نووستویی مەکینەی سەهۆڵی پشت ماڵەکەمان تەقی غاز هەمووی بەسەر خانووەکەماندا داباریو بەپەلەپروزێو بەچاوی خەواڵو بەجلی

نووستنەوە هەموو ڕامان کردە سەرجادەو هەندێکمان بە بووراوەیی‌و بێ هۆشی ڕفێنرابنە سەرجادەکە من ئەوەی بیرم بێ ئەو بەیانییە زووە تاریك‌و ڕوونە لەخەو وەك شێت ڕاپەڕیم‌و پەلاماری هێرۆی کچم دا بە نووستویی هەڵۆش لە دایك نەبووبوو نەمئەتوانی باوەش بکەم بە هێرۆداو هەرچەند هێرۆ منداڵ بوو سێ ساڵان بوو بەڵام خرپن بوو گەیشتینە سەر جادە لەوانەی لەهۆش چووبوو باجی زەکیە بوو باجی زەکیە هەر ئەهاتەوە ژوورێ تاوەکو لەگەڵ دایکم‌و خاڵم‌و نەنەو ئەوانی کە لەماڵەکە ڕزگارکەن.

لەو خانووەدا بووین کە باوکی هێرۆ ماوەی ژێر چاودێری پۆلیسی تەواو بوو توانیمان بگەڕێینەوە سلێمانی، لەسلێمانی چووینە خانوویێکەوە لە ئەسحابەسپی چونکە ئەو خانووەی کە ئێستە زاموایە خوشکەکانی باوکی هێرۆی تیابوون‌و خێزانەکەمان زۆر بووبوو نەمانئەتوانی بچینە ئەوێ.

خانووەکەی چووینە ناوی دوایی فرۆشرا خاوەنەکانی ئەگەرچی ناویانم بیرنەماوە زوو زوو ئەهاتن سەریان ئەدابن‌و پێیان ئەگوتین: ئەیەرۆ پیرۆزی ئێوە بێت ئێمە ماڵمان بۆچیە بۆ ئێوە نەبێت هەر ئەوەیە تۆزێ شوێنەکەمان سەغڵەتە. ئینجا کە خاوەن ماڵەکە ئەڕۆیشتن دوای خواحافیزی. باجی فاتمەخانێکمان لەلابوو هەر خزمی باوکی هێرۆش بوو زۆر گاڵتەچی‌و قسە خۆش بوو کە دەرگاکەی لەدوای پێوە ئەدایەوە دەستی ئەدا بەیەکاو ئەیگوت بەخوا دایکم ئەوە بە فارسی گوتیان بەشکەم چۆڵی کەن بۆمان بەڵام پیرۆزتان بێت خانووەکە زۆر خۆش بوو کاریزێکی تیابوو ماڵەکە زۆرتری ئەترسان لەحکومەت کەنەبادا براکەیان بانگ کات یان بیخاتە بەندیخانەو بڵێت بۆچی خانووت داوە بە برایم ئەحمەد هەر ئەو تاقە برایەشیان هەبوو دیارە خۆ هەموو

کەس هەر قارەمانو ئـازا نـەبوون زۆر کەسـیش هـەبوون بەتایبـەتی ئەوانـەی حـاجیو کاسـب بـوون ئەترسـان لەخەباتکـەر، کـە خۆپیـشاندانو نـاڕەزایی بەرپائەبوو لەناوشار ئەوان ئەچوونە کونەوەو زۆر بۆڵەبۆڵیان ئەکرد کـە بۆچـی ئەم هەتیوو مەتیوانە دانانیشنو نایەڵن کاسبیەکەمان بکەین ئەمانە بەجارێك دونیایان شێواندوە دیارە ئەو قسانەیان لای یەکتری ئەکرد تاوەکو لای کوڕو کچو خێزانیشیان نەیانئەتوانی وابڵێن چونکە لەوانەبوو ئابڕوویان ببردنایـە هـەروەها ئـەو جـۆرە حـاجیو کاسـبانە بـە هـەموو جـۆرو توانایـان خـەریکی کـوڕو منالەکانیان ئەبوون کـە خۆیـان دوورخەنـەوە لەخـەباتکردنو بـە گژاچـوونی حکومەتدا بەڵام لەسەدا ڕەنگە چواریان بیانتوانیایە کوڕو کـچەکانیان لەسـەر ئەو ڕێگایە لابدەن زۆرجار کچو کوڕی ئەو جۆرە پولەکیو ترسنۆکانە لـەژێرەوەو بەدزی ئەوانەوە خەباتیان ئەکردو تێکەڵی هەموو چالاکییەك ئەبوون بێ ئەوەی باوکیان پێ بزانێت.

بۆ دوو ساڵێك ئەچوو کە لەسلێمانی بووین گواستمانەوە بۆ سـابوونکەران خانووی کاك بەهجەت عـەونی دەرو دراوسـێی زۆر زۆر چـاكو کوردپـەروەرمان هەبوو. باوکی هێرۆ وردە وردە دەسـتی کردبـوو بـەبینینی دەعواکـانی چـونکە فەلاح ئەوەندە خۆشیان ئەویست هەرچەند ئەگیرا یا بۆ مانگو دوو مانگ خۆی ئەشاردەوە لەکاتێکا کـە ئـەیزانی ئـەگیرێت فـەلاحو خەڵکەکـە دەعواکانیـان هەڵەگرت تاوەکو ئەگەڕایەوە بۆیە لەخانووی کـاك بەهجـەت عـەونی دەرگـای ژوورێکی هەندێ بچووکی بۆ خستە سەر شەقامەکەو کردی بە ژووری محامـات بەڵام بەناو ژووری محامات بوو چـونکە هەمیـشە کـاك نـوری ئەحمـەد تـەهای بەڕێوەبوو بە قووتوە قۆندەرەی دجلەوە ئەیهێناو ئـەیبرد هەمووشـی پڕپـڕ بـوو

لەکاغەزو نامەی قەدەغەو بەیانو ئەو جۆرە شتانە کاك نوری ئەحمەدی تەها دوکانی پێڵاوی دجلەی دانابوو ئەگەر یەکێکیشی پێ بگەیشتایە لەڕێگای نزیك ماڵەکەمان کە پێیان ئەگوت خێرە کاك نوری ئەوە بۆ کوێ ئەچیت بەو هەموو قووتوە دیجلانەوە؟ ئەویش پێی ئەگوتن ئەمە پێڵاون تازە هاتوون گەلاوێژخان داوای کردووە تاوەکو وای لێهات هەندێ ئاشناو خزمو کەس لێیان ئەپرسیم ئەرێ گەلاوێژ خان تۆ ئەو هەموو قۆندەرانەت بۆچیە؟

منیش جارێك تووڕە بوومو چوومە سەر باوکی هێرۆو گوتم: ئەوە چیە کاك نوری هەموو ڕۆژێك بە خەڵك ئەڵێت ئەمە ئەم پێڵاوو قۆندەرانە بۆ گەلاوێژخان ئەبەم باوکی هێرۆ پێکەنیو گوتی باشە پێی ئەڵێم ئیتر وا نەڵێت. کاك نوری هات باوکی هێرۆ پێی گوت ئەویش پێکەنیو گوتی باشە ئیتر وانالێمو چارێکی تر ئەدۆزمەوە.

بەینێك لەخانووەکەی کاك بەهجەت عەونی بۆ چەند مانگێك بێ تەگەرەو بەزمی حکومەت دانیشتین. باوکی هێرۆش سەری قاڵ بوو تێکڕاو زۆری بە نهێنیو لەژێرەوە بەکاری حزبیو سیاسەتەوەو بەئاشکراش هەمیشەو دائیم فەلاحە مەعمیلە لادێکانی بەڕێوەبوون بۆ دەعواو شکاتەکانیان لەدەرەبەگو زۆردار کە غەدریان لێ ئەکردنو هەقو مافیان لێ داگیر ئەکردن. فەصل زستان بوو بەفرێکی زۆر باری بوو. باوکی هێرۆ لەگەڵ چەند هاوڕێو ئاشنای ئەو ئێوارەیە چووبوو بۆ تەعزیەی مێردی خوشکی ژنی مامە ڕەمزی فەتاح ناوی عارف ئەفەندی بوو ئێمەش لەماڵەوە بووین. ماڵەکەمان زۆربەی کات قەڵەباڵغ بوو چەند کەسێکمان لەلابوون کە وەکو کوڕو کچی ماڵ وابوون. باجی زەکیە ئەوە سەرو هەموویان بوو هەمین کچێکی شانزە حەڤدەساڵەی خەڵکی ڕانیە

بوو باجی عیسمەت ئەو چێشتکەر بــوو زۆر ژنێکــی لێهــاتوو کــەیبانوویێکی دەست پوخت بوو چێشتو نانی بەناوبانگ بوو پێش تر لەماڵی شـێخ لـەتیفی شێخ مەحمود بوو هەروەها کوڕێکیشمان لەلابوو زۆر باوکی هێرۆی خۆشەویست هەروەك دەروێش وابوو ناوی مەحمود بــوو پێمــان ئــەگوت خولەشـێت خــەڵکی سەرگەلوو بوو بێجگە لەخولە، ڕەشە کوێریشمان هەبوو ئــەو لــەزووەوە لامــان بوو، ڕەشە کوێر زۆر ڕووداوی پێکەنینو قسەی پێکەنینی هــەبوو ئــەویش هــەر لەمناڵییەوە پوورێکی باوکی هێرۆ بەخێوی کردبوو.

هەروەها ئەو ماوەیە برایێکیشم لەزاخۆوە هاتبووە لامــان ئــەویش تووشــی تەگەرە بووبوو لەگەڵ دەرەبەگی زاخۆو لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی ڕایانکردبوو بۆ سلێمانی بۆلامان براکەم نــاوی ســەباح بــوو دیــارە لــەدایکم نــەبوو بــەڵام زۆر خۆشەویست بوو لەلامان هەروەها خوشكو برای باوکی هێرۆشمان لەگەڵ بوو کە باوکی هێرۆ گەڕابووەوە لەتەعزیەکە شەو لەدەرگا ئەدات سەباحی برامو ڕەئوفی برای باوکی هێرۆ ئەکەن بە شەڕە گاڵتە ئەو ئەڵێت من ئەچم ئەو ئــەڵێت مــن ئەچم دەرگا ئەکەمەوە لەژوورەوە. لەبەر دەرگاش کــە بــاوکی هێــرۆ لەدەرگاکــە ئەدات گــورج ڕوو وەرەگێڕێــت بــۆ کۆڵانەکــە لەوکاتــە یــەکێ بــە دەمولــوتی پێچراوەوە بۆی دێتە پێشەوەو تەقەی لێ ئەکات دوایی ڕائــەکات. بــاوکی هێــرۆ بریندار ئەبێت ئیتر ئەمانیش لەژوورەوە بە پێکەنینو گاڵتەو شەڕە شــەقەوە کــە دێنو دەرگا ئەکەنەوە باوکی هێرۆ بەکەوتوویی ئەبیننو دەست ئەکەن بە هاوار هاوار منیش ڕام کرد بزانم چیە کە ئەو دیمەنەی باوکی هێرۆم دیت ئیتر ئێــستە بەباشی بــیرم نیــە کــە چــیم کردبــوو هــەر ئەوەنــدەم لــەبیرە کــە هەڵبــەزیمو هەڵپەڕیمو خۆم ئەدا بەئەرزا ڕێکەوتێکی سەیر ئەو ئێوارەیە میوانمان هــەبوو

خۆم گۆڕی بوو مێخەکبەنیشم لەملابوو بۆیە لەگەڵ هەڵبەزینو خۆدان بەئەرزا خرنگو هوڕی مێخەکبەنەکەم ڕۆژە ڕێیەك ئەڕۆیشت وەکو مەسەلەکە گوتەنی دراوسێ دارڕژان بەسەرمانا باوکی هێرۆ گەیەنرایە خەستەخانە شار شێواو شڵەژا بەماوەی نیو سەعاتو سەعاتێك دیسان جادەو شەقام وەك ڕۆژی حەشرو تۆفانی لێهات لەبەر جەماوەرو خەڵکی دڵسۆزو بەشەرەفی شاری سلێمانی شاری هەڵمەتو قوربانی خۆشەویست باوکی هێرۆ عەمەلیات کرا ناوسکی هیچی بەرنەکەوتبوو گوللەیان پێ نەدۆزرایەوە کەلەخوار کەلەکەیەوە چووبووە ناو سکیەوە بۆیە بەخەڵك گوترا کە سەلامەتە حکومەتیش لەبەر خەڵكو ترسی ئەو دەریاو لافاوی جەماوەرە تووڕەیەی بەشەقامەکانەوە پۆلیسو ئۆتۆمبێلی پۆلیسی دەرکردو کەوتە گەڕانو پیاچوونو هاتنو چوونە خەستەخانە دوای ئەوەی باوکی هێرۆ بەهۆش هاتەوەو بەنج بەری دا چوون بۆ لای قسەیان لێ وەرگرت کە ئەمە کێ بوو شك ئەخاتە سەر کێ، باوکی هێرۆ گوتی شك ئەخەمە سەر (حەمە ئاغا) ئەگەرچی حکومەتیش لەخوای ئەویست ئەگەر برایم ئەحمەد ئەو شەوەو بەو گوللانە لەناو بچوایە بەڵام نە حکومەتو نە حەمە ئاغا بەختیان نەبوو برایم ئەحمەد هیچی لێ نەهات بەڵام حکومەت لەترسی خەڵك چوون حەمە ئاغایان گرتو خستیانە حەپسخانەوە چونکە ئەگەر نەیان گرتایە دوای ئەوەی جەماوەر زانیان لەوانەبوو بچونایەتە سەریو خراپیان بەسەر بهێنایەو هەروەك هەندێ کەس گوتیان کە ئەم گرتنە بەتەگبیری هەردوولا بوو حکومەتو حەمە ئاغا هەرچۆنێك حەمەئاغاش چەند ڕۆژێك حەپس بوو نانو چێشتو سفرەو سینی بۆ ڕەوانەی حەپسخانەکرا بۆیە خەڵکیش هەندێ ئارام بوونەوە هەرچەندە حەمە ئاغا کاتی خۆی لەگەڵ مامە

ڕەمزی مامی باوکی هێرۆ زۆر خەباتی کردبوو لەکاتی شەڕی بەردەرکی سـەراو ناوبانگی باشی بوو بەڵام نازانم بۆچی لـەو ئاخرانـە وەکـو دەرەبـەگێك غـەدری لەفەلاح ئەکرد باوکی هێرۆش لەسەر فەلاحی ئەکردەوە.

دوای دوو ڕۆژ چەند کەسـێکیان بـردە لای بـاوکی هێـرۆ لەخەسـتەخانەو ڕیزکران باوکی هێرۆ لەسەر کورسی چەرخی بەناویان تێپەڕیو سەیری کـردنو هەر گورج دەستی درێژکرد بۆ کابرایەكو گوتی: ئەمەبوو تەقەی لێکردم. هـەر ڕاست خۆی بوو بۆ سبەینێ گیرابوو هێنرا بـۆلای بـاوکی هێـرۆ لەگـەڵ چـەند کەسێکی ترو هەر زوو ناسیبوویەوە زەلامەکە چووبوولەئوتێلێکی ئەوقاف خۆی شاردبووەوە چەند هاوڕێیەکی لەگەڵ بووبوو ئەو شـەوە یـەکێ لەهاوڕێیـەکانی گیرابوو بەڕێکەوت ئەویش تووش بووبوو لەگەڵ شـەقاوەیەکی چـەقۆکێش، کـە ناوی فەرەج بوو.

کابرای گوناهبار کە باوکی هێرۆ ناسییەوە گیراو هەر زوو (اعتراف)ی کـرد کە حەمەئاغا ناردبووی برایم ئەحمەد بکوژێـتو پارەشـی پێـشەکی دابوویـەو دواییش هی کەی ئەدایە.

حەمەئاغا بۆیە ناردبووی برایم ئەحمەد بکوژێت چـونکە لەسـەر فـەلاحی ئەکردەوەو دەعوایەکی لەبەر دەست بوو هی فەلاحەکانی ئاوبارەو بەکرەجۆ بـوو کە لەگەڵ حەمە ئاغا بوو دەعواکەی لەبڕانـەوە بـوو بردبوویـەوەو فەلاحـەکان سەرکەوتبوون ئیتر ئەویش ناردبووی کە برایم ئەحمەد لەناو بەرێت تـاوەکو ئـیتر لەسەر فەلاحو جوتیار نەکاتـەوە ئـەم ڕووداوو برینداریـەی بـاوکی هێـرۆ بـوو بەمەسەل ئەگەر دوو کـەس لەسـەر کارێـك ببوایـە بـە دەمـەقاڵێیان خـاوەن حەقەکە بەوی تری ئەگوت: ئۆ خوایە هەقەکەم وەکو هەقەکەی بـرایم ئەحمـەد

لێبکەی وەکو ئەو هەقەکەم لەفلانە کەس بسێنی. چونکە ئەوەی بەسەر ئەو شەقاوەیە هات هەر بەسەر هیچ گوناهکارێك نەهاتووە. هەر دوای مانگێك حکومەت ویستبووی بیگوێزێتەوە بۆ حەپسخانەی هەڵەبجەو ئەو ناوە یا ڕاستتر بۆئەوەی بەڕەڵای کەنو بڵێن ڕای کرد لەڕێگا هەندێ قاچاغچی تەقە لەئۆتۆمبێلی پۆلیس ئەکەنو یەکسەر بەر ئەو شەقاوەیە ئەکەوێتو هەر پارچەیەکی مێشکی لەو ڕێگایە بەبەردێکەوە ئەنوسێت. حەمە ئاغاش هەر دوای چەند مانگێك کوڕێکی زۆر باشو چاك بوو لەهەموو کوڕەکانی تری باشترو خۆشەویستر بوو لەلای خەڵکیش بەباشی باسی ئەکرا، لەسەربان ئەبێت دەمانچەو تفەنگو شتی وای بە دەستەوە ئەبێت وابزانم گوتیان چەوری ئەکردنو پاکی ئەکردنەوە ئەوەیان بەباشی نازانم بەڵام دەمانچەکە لەدەستی دەرئەچێت یەکسەر بەر سەری ئەکەوێتو دەستبەجێ بۆ خۆی ئەمرێت. ئەگەرچی کوڕەکە گوناح بوو گوناحی ئەونەبوو بەڵام خوا حەقی براىم ئەحمەدی واکردەوە. بۆیە خەڵكو خاوەن هەقو شکات ڕوویان ئەکردە ئاسمانو ئەیانگوت: ئوە خوایە هەقەکەم بەهەقی برایم ئەحمەد بکەی.

باوکی هێرۆ بەرەو چاك بوونەوە ئەچوو برادەرە دڵسۆزەکانی دەوریان دابوو کاکە عومەر دەبابەی دلێرو خەباتکەری قارەمان هەر بەدیار باوکی هێرۆوە بوو شەوانیش لەخەستەخانەکە ئەنووست باوکی هێرۆ ئەوەندەی نەمابوو بێتە دەرێ لەخەستەخانە میوانی هاتبوو دانیشتبوو لەگەڵیان کە لەپڕ ئەڵێت ئەمە چیە شتێکی زۆر ڕەق لەلای ڕانمە زۆر ئەزیەتی دام کە دەستی بۆ بردو دکتۆر هاتن سەیر ئەکەن گوللەکەیە چووە لەوێ گیری خواردووە هەر ڕاست لەژێر پێستی ڕانیەوە بوو هەر بەچاو تروکانێك هێنایانە دەرێ گوللەکە نەتەقی بوو. باوکی

هێرۆ گەڕایەوە ماڵێ برادەران کەوتنە خۆیان لەپێش هەموو شتێکا چوون دوو پەنجەرەی ژووری نووستنیان هەڵچنی کە لەسەر کۆڵان بوو ئێستەش ئەو پەنجەرانە ماون لەخانووەکەی کاك بەهجەت عەونی لەسابوونکەران هەموو برادەران دەمانچەیان هەڵگرت لەگەڵ باوکی هێرۆش ئیتر وریابوونەوەو ئاگایان لەهاتوچۆو جوڵانەوەیان بوو ئەم هەموو کاتەو کاتی ئەو ڕوداوانەش خاڵە هەمزەم هەر شاراوەو قاچاغ بوو لەحکومەتو لەژێر زەمینانو لەدێهاتو ئەو شوێنانە ژیانی بەسەر ئەبردو خەریکی چالاکی بوو.

چەند مانگێك تێپەڕی کردبوو کە حکومەت قەرارێکی دەرکرد کە ئەندامانی پەرلەمان هەڵەبژێرن کوردەکانیش ئەتوانن و بۆیان هەیە نوێنەرانی خۆیان دەستنیشانکەنو هەڵیانبژێرن، گوایە حکومەت ئیتر نیازی باشەو حەز ئەکات دڵی هەموو کوردێك ڕاگرێت لەهەرچ لایەنو حیزبێکیش بن. ئەوکاتە باوکی هێرۆ بە سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێرابوو بۆیە پارتی ئەوی تەرشیح کرد هەروەها خوالێخۆش بوو مەعروف بەرزنجیش حیزبی شیوعی تەرشیحی کرد ئیتر خەڵك کەوتنە خۆیانو دڵیان خۆش بوو دەستیان کرد بە دیعایە نووسین لەسەر دارو بەردو دیوار تاوەکو پردەکەی قلیاسانیش کە ئەوکاتە ١٩٥٤ زۆر دەشتو چۆڵ بوو خەڵك لەسلێمانیەوە ئەچوون بۆ ئەوێو سەرچنار بۆ سەیران بە ئۆتۆمبێل هەروەك بچن بۆ شارێکی تر، ئێستەش لەپردە کۆنەکەی قلیاسان هەندێ لەنووسینەکە ماوە کە ئەڵێت (إنتخبوا إبراهيم احمد) لەگەڵ ئەو نووسینو دڵخۆشیەی خەڵك هەر دوای دوو سێ ڕۆژ برایم ئەحمەد گیراو بەکەلەپچەوە ڕەوانەی حەپسخانەی مووسڵ کرا هەروەها کاك مەعروف بەرزنجیش گیراو ڕەوانەی شوێنێکی تر کرا ئەمە بەخێرێ نوێنەری

میللەتن‌و میللەت هەڵیانئەبژێرێ کەچی خرانە حەپسخانەوە. ڕۆژی هەڵبـژاردن هات کە لە مزگەوتـەکانی سـلێمانی‌و شارۆچـکەکانی‌و لـە دێهـات شـوێنی دەنگدان ئامـادەکرابوو لـەژێر چـاودێری پـۆلیس‌و حکومـەت خـۆی، مـن زۆر دڵتەنگ‌و نارەحەت‌و چاو بەفرمێسك بووم لەبەر باوکی هێرۆ بۆیە ئەو بەیانیـە لەدایکم پاڕامەوەو گوتم توخوا دایەگیان ڕازی بە کە بچم منـیش سـەیری ئـەو دەنگدانە بکەم بزانم چۆنە؟ لەم مزگەوتەی نزیکمان (تێبینی تاوەکو بووبوومـە دایکی چوار پێنج منـاڵیش هێشتا بەبێ پرسی دایکم نەئەچـوومە هـیچ کـوێ هەروەها بۆ چوونە گەڕان‌و شایی‌و شتی واش پرسم پێ ئەکرد کەچی لەبەرکەم) من وابووم‌و بڕوام بە دایکم بوو. ئەوکاتە تەنیا هێرۆو هەڵۆم هـەبوو بۆیـە کـە دایکم ڕازی بوو بڕۆم ئەویش چونکە زۆرم لێکرد وەکو شتێك وەزعی دەروونیمـی ئەزانی بۆیە هێشتی بڕۆم لەگەڵ دوو سێ ژنی خزمان چـووینە نزیـك یـەك دوو مزگەوت خەڵکێکی زۆرو بێ ژمار لەشەقام‌و ناو مزگەوتەکانا بـوون گـوێم لێ ئەبوو ئەوانەی ئەچوونە ناو مزگەوتەکە لەو کەسانەیان ئەپرسـی کـە دەنگیـان دابوو ئەهاتنە دەرەوە ئەیانپرسی ها چـۆنن دەنـگ بـۆ کـێ ئـەدەن؟ ئـەوانیش بەخۆشی‌و سەرکەوتووانە وەرامیان ئەدانەوەو ئەیانگوت ئینجا لەبرایم ئەحمـەد زیاتر هەیە. هەمووی هەر برایم ئەحمەدە.

نوێنەری حکومەتیش کاك عەلی کەمالی خوالێخۆشبوو بوو. ئاخری ئێوارە داهات لای هەمـوو خـەڵکی شـار ئاشـکرا بـوو کـە بـرایم ئەحمـەد لەهـەموو لایەکەوە لەشارو لادێ‌و شارۆچکەکانی سەربە سـلێمانی هـەر ئـەو دەرچـووە چ دەرچونێکیش بە(تەزکیە) ئێوارە جادەو شەقام هێمن بوونەوەو خەڵك گەڕانـەوە ماڵەکانیان بۆ ڕۆژی دوایی هەموو بەر ڕادیۆکانیـان دانیـشتن، چـونکە ئـەبوو

لەگەڵ دەنگ‌وباسی ئێوارە ئەنجامی هەڵبژاردنەکەش بڵاوبکرێتەوە ڕادیۆ دەستی پێکــردو باســی هەڵبــژاردنی یەکــە یەکــە شــارەکانی عێراقــی کــردو نــاوی دەرچووەکانی ئەگوت دوایی گەیشتە سەر شارەکانی کوردستان گوێندەی ڕادیــۆ لەسەر قسەکانی ڕۆیشتو گوتی لەسلێمانی نوێنەری حکومەت عــەلی کــەمال بەتەزکیەو لەسەدا سەد بردیەوە، کاك عەلی کــەمال پیــاوێکی بــاش بــوو زۆر یارمەتی کوردی ئەدا لەژێرەوە بــەڵام نوێنــەری حکومــەت بــوو. هــەر ئەوەنــدە گوێندەی ڕادیۆ ئەو قسەیەی لەدەم هاتە دەرەوە خەڵك بەجارێ ورووژانو ڕاپەڕینو یەکسەر بۆ کۆڵان هەرکەسە بە دارێکەوە لەکۆڵانەکانەوە خەڵكو جــەماوەر وەك لافاو ڕژانە سەر شەقامەکانو بۆ بەر دەرکی سەرا بە خۆپیشاندانو بــە بڕوخــێ بڕوخێو ئیتر ئەوەی لەدەمیان ئەهاتە دەرەوە تاوەکو درەنگــە شــەو ئــەوە حــاڵی گەنجو پیرو ژنو پیاوی سلێمانی خۆشەویستو پاڵەوانو قارەمان بوو بۆ بــەیانی خۆیان ڕێکخستەوەو دیسان ڕژانەوە سەر شەقامەکانو بەرەو بــەردەرکی ســەرا. مامە ڕەمزی فەتاحی مامی بــاوکی هێــرۆ بــەیانی زوو هــات بۆلامــانو ڕووی تێکردم وگوتی نەچیتە دەرەوە هەر بۆ ئەوە هاتووم کە پێــت بڵــێم نەچــیتە نــاو خۆپیشاندان، منیش قسەم نەکرد تاوەکو مامە ڕەمــزی گەڕایــەوە زۆر نائــارامو پەشۆکابوو لەبەر زروفو وەزعەکە بۆیە هەر ئەو ڕۆیشتە دەرێ لەماڵەکە دوای ماوەیەکی کورت لەدەرگامان درا چووین بزانین کێیە لاوو پــیرو ژن بــوون هــەر ئەڕۆیشتن هەموو تێلاو شتێکیان پــێ بــوو هەنــدێکیان لەدەرگایانــدا گوتیــان دارتان هەیە. ئێمە کە دەرگا ئەکرایەوە داڵانێك بوو لەو داڵانە دارمان کەڵەکــە کردبوو بۆ بەکارهێنانی نانو چێشتو زستان، هێشتا نەمان گوتبوو دار هەیــە یا نیە پاڵیــان بــەدەرگاوە نــاو پــەلاماری دارەکانیانــدا، داریــش زۆری نارێــكو

ئەستوربوو بەڵام باشەکانیان هەڵبژاردو کەوتنە ڕێ لەگەڵ بـەقوربانو خواتـان لەسەر بێ خوا ئاگای لێتان بێی ئێمە.

لەبەرئەوە خۆمم پێ نەگیراو دیسان لەدایکم پاڕامەوەو گوتم بشمکوژن هەر ئەڕۆم، ئەگەرچی نامەوێت قسەی مامە ڕەمزی بشکێنم بـەڵام هـەر ئـەڕۆم تـا دایکم گوتی چۆنو چیو ئاخر چۆن ئەبێت من لەشەقامی سـابوونکەران بـووم لەگەڵ یەك دوو ژنی خزمو ئاشنا عەبام لەخۆم بەچاکی پێچابوو لەترسی مامە ڕەمزی نەوەکو تووشی بوومایە چونکە زۆرم ڕێـز لێ ئـەگرتو حـەزم نەئـەکرد قسەی بشکێنمو نەشئەکرا کە نەڕۆمە ناو ئەو هـەموو خەڵکـە خۆشەویـستو دڵسۆزو قارەمانە.

ئێستە کە ئەم باسە ئەنووسم دیمەنەکەم لەبەرچاوە لـەدوای ئـەو هـەموو ساڵە کە گەیـشتینێ چـیم دیـت؟ تەمـەنو عـومرم گەیـشتووە بـەم عـومرە نەلەفیلمی سینەمائیو نەلەهیچ ڕووداوو تۆفانێك شتی وەکو ئەو ڕۆژەم نەدیوە. زۆر کەسی خەڵکی شار ئەو ڕۆژەیـان چـاك لـەبیرە، دیـارە ئەوانـە لـەناو ئـەو ڕووداوانە بوون بە پێی تەمەنیان.

بەردەرکی سەرا وەك دەریایەکی شەپۆل بە ئاسماندا چووی تۆفانی لێهـاتبوو پیاوی حکومەتو جلی خاکیو جلی ڕەنگی بۆری جەماوەرو عەبای ڕەشی ژنانی بەشەرەفو قارەمان هـەموو تێکـەڵ یـەك بووبـوون جـار لافـاوو شـەپۆلەکان ئەیانشکاندەوە بەرەو سەرادا کـە حکومـەت ڕایـەکردە دواوە کـاتێ جـەماوەری پاڵەوان هێرشیان ئەکردە سەریانو پـەلاماریان ئـەدان بـەدارەوە ئەوەنـدەی پـێ نەچوو کە دەریاو شەپۆلە تووڕەکان بـەلای فولکـەو شـەقامی ئەسحابەسـپیدا هەڵگەڕایەوە کـاتێ حکومـەت ئەگەڕانـەوە سـەر جـەماوەر بـەتێڵاو قۆناغـە

تفەنگەوە لەپڕ یەکێ لەبرادەرانی باوکی هێـرۆ مـنـی دیـی نـازانم چـۆن مـنـی ناسیەوە چـونکە لەبـەر مامـە ڕەمـزی چـاك خـۆم پێـچابووەوە تـەنیا سوچـی دەموچاوم بەدەرەوە بوو هاتە لامەوەو گوتی: ئەوە بـۆ هـاتووی؟ بـڕۆرەوە مـاڵێ. گوتم بۆ حەز ئەکەم منیش لێرەبم بەپەلە گـوتی: نەنـە بـڕۆرەوە مـاڵێ ئێـستە پۆلیسێك دارێك ئەکێشێت بەسەرتا بەزمەکە قوولتڕو خراپتر ئەبێت. ناچار ملی ڕێگام گرتو گەڕامەوە ماڵێ بەرەو سابوونکەران سەرکەوتم کە گەیـشتمە نـاو کۆلانەکەمان یەکەم خانوو ماڵی مـیرزا عەبـدوڵلا بـوو، کـە فاتمـەخانی ژنـی خزمی باوکی هێرۆ بوو دوای ئەو خانووە هەر لەڕیزەکـەیان دووسـێ مـاڵی تـر بوون ئەوانیش یەکێکیان ناوی حاجی عەبدوڵلا بوو کـە هـەر ڕێـك بەرامبـەر ماڵەکەمان بوو تەنیشتمان ماڵی عەزیزی میرزا ساڵح بوو ژنەکەی سەبری خان بوو دایکی سۆلاڤـ، خێزانێکـی زۆربـوون لەتەنیـشتیان دوو خـانووی عـەونی ئەفەندی بوو کە کۆلانەکەم بڕیو نزیك ماڵەکەمان بوومەوە وشـك بـوومو سـڕ بووم چونکە ئەوەندە لەشکرو پۆلیسی سـوارە بـە وڵاخـەوە دەورەی ماڵەکـەیان دابووین کە لەژمار نەئەهاتن.

لەخوار ماڵەکەمانەوە خانووی تازەیان دروست ئەکرد لەبەرئەوە بـەردێکی زۆریان لەو نـاوە کەڵەکـە کردبـوو لەخواریـشەوە مەکینـەی ئەلـەکتریك بـوو هەروەها لەولاتریشەوە ماڵی حەمەسەعید خـەیات بـوو، مـاڵی پـوورە فـاتمی پووری باوکی هێرۆ بوو کـە زۆر پـوورێکی خۆشەویـستمان بـوو لەولاتریـشەوە ماڵی باوکی هونەرمەندی دەنگخۆشیو هەڵکەوتوو شەماڵ سائب بوو ئیتر کـە چاوم بەو هەمـوو پۆلیسو عەسکەرە کەوت شڵەژامو نەمزانی چی بکەم چونکە ئەو بەردانەی لەو ناوە کەڵەکە کرابوون بۆ خانوو دروست کردن هەر بەردەی دوو

سێ پۆلیسو ئەمنی بەسەرەوەبوو. چارم نەما بە پەشۆکاویو بەپەلە لە دەرگاکەمداو چوومە ژوورێ. دایکم هات بەگژماو گوتی: بەس نەبوو هیچیان پێ نەگوتیو هێشتیان بێیتە ژوورێ تۆزێ لەوەوپێش پوورە حەبێ کە ئەویش (پووری باوکی هێرۆ بوو) هات لەدەرگاکەشی دا نەیانهێشت بێتە ژوورێو بوو بەشەڕ، پوورە حەبێ تووڕە بووبوو جنێوی پێدان، ئەڵێن دوو سێ قۆناغە تفەنگیان کێشاوە بە شانو ملیا بەسەزمانەو ئێستە نازانین چی لێهاتووە؟ هەرچۆنێك بوو هەموو خزابوونە ژوورەوە دایکم خەریکی منداڵەکان بوو پوورە فاتمو باجی زەکیەو ئەوانی تر هەموو هەر بۆلەبۆڵیان بوو خەریکی جنێودانو دوعالێکردنی حکومەتە بەدناوەکەی ئەوکاتە بوون. بەڵام تەگەرەو موشکیلەی هەرە گەورەمان خولەشێتەکەمان بوو ئەو هەر بەجارێك شێت بووبوو چونکە زۆر تووڕەبووبوو لەو هێرشو هێزەی دەورەیان دابووینو کە نەشیان ئەهێشت بچینە دەرێو هەروەها دەمی خۆشی نەئەگرت ئەمانزانی خۆی ئێستە بەقەڵبەیەکدا ئەدات بۆیە سەرباقی دەردان دائم خەریکی ئەو بووینو ئەچووین بەگژیا کە دانیشێتو هەندێ تەحەمولی هەبێت ئاخری بەناچاری ڕاهاتین وەکو دیلو حەپس لەکونی ژوورەوە دانیشتین نە کەسیان ئەهێشت بێتە لامانو نە ئەبوو ئێمە بچینە دەرەوە بەهەرجۆرێك بووبێ ئەو شەوەشمان بەو حاڵە بردە سەر بێ ئەوەی هەر ئاگامان لەڕووداوی سەر شەقامو گرتنو برینی ئەو خەڵکە خۆشەویستە بێت ڕۆژ بووەوە خەریکی بەرچایی کردنو نان خواردن بووین کە وەکو شتێك خۆمان بەو کارانەوە ئەخلافاند ئەگینا کێ دڵیو ئیشتیهای هەبوو نان بخوات. لەهەمووشی ناخۆشتر خاڵە محەمەدم نەخۆش کەوتبوو چەند ڕۆژ لەوەوپێش هەموومان شپرزەی ئەویش بووین. خاڵە محەمەد لەگرتنو هەڵهاتنی

خاڵە هەمزەمو لەنەفیو ئەمبەرو ئەوبەرو دەست لەکارکێشانەوەی کە خۆی دەرچووی کولیەی عەسکەری بوو زۆر زیرەكو لێهاتوبوو، گەنج بوو. تا ئێستەش ئەوە نەبوو کە دانیشێت بێ ئیشو بێ کار بۆیە ئەو زروفە نالەبارە زۆر کاری تێکردبوو زوو زوو نەخۆش ئەکەوت بە تایبەتی کە باوکی هێرۆ تووشی گرتنو حەپسو تەگەرە ببووایە ئیتر ئەوە هەر بەجارێك نارەحەت ئەبوو نەخۆش ئەکەوت بۆیە لەو ماوەیە زۆر نەخۆش بوو. ئەو بەیانیە دوای بەرچاییو لای چێشتەنگاو سەعات ١١و ئەو دەورە لەپڕ گوێمان لەگرمەو تەقەو پیا کێشانی دەرگاو پەنجەرەبوو بێ ئەوەی بتوانین بزانین چیە. حەمامی ماڵەکە لەتەنیشت ژووری نووستنەکەمان لەسەر کۆڵان بوو پەنجەرەیەکی زۆر بەرزی بچووکی هەبوو منیش بەئەسپایی چووم کورسیەکم بردە حەمامەکەو چوومە سەریو چاوم نا بەو پەنجەرە بەرزە بچووکەوە، بەڵام چیم دیت؟؟ دیتم هەرچی ژنی دراوسێمانە بەجلی کوردی خۆیانەوە ڕژاونەتە کۆڵان بەتایبەتی ماڵی حاجی عەبدوڵلای بەرامبەرمانو ژنی زۆری تر بەبەرد لەپۆلیسەکان ئەدەنو بەردیان پیائەکێشنو ئەڵێن نەواللە ئەو جنێوانەی بە برایم ئەحمەدی ئەدەن بۆ نووری سەعیدو عەبدولئیلاه بێت.

نووری سەعید سەرۆك وەزیرانی عێراق بوو هەموو شتێکی حکومەت هەر ئەو بوو. عەبدولئیلاهیش خاڵی مەلیك فەیصەلی بچووك بوو وصی مەلیك بوو لەگەڵ نووری سەعید هەرچی بەدکاری دونیا هەبوو هەر ئەوان ئەیانکرد فەیصەلی هەتیوی منداڵی قوربەسەر هەر ئاگای لەهیچ نەبوو هەروەك دیکۆر وابوو. بۆیە ئەو ژنانە وایان ئەکردو وایان ئەگوت. تومەز کە پۆلیسو سەرباز پەنجەرەو دەرگاکەمانیان دابووە بەر دەستڕێژو پارچە تەنەکەکەی سەر ژووری

محاماتی باوکی هێرۆیان هەڵکەندبوو کە لەسەری نوسرابوو (المحامی ابراهیم احمد) ئەو پارچە تەنەکەیان دابووە بەر گوللەو شەق لەگەڵ جنێوی زۆر پیس‌و بێ ئابڕوانی بە دایك‌و ژن‌و خوشکی برایم ئەحمەد ئیتر ئەو ژنە قارەمان‌و کورد پەروەرانەیان بۆ دەرپەڕیونە دەرێ وبەبەردو جنێو تێیان بەربووبوون هەرچەند ژنەکان زۆریان دارو قۆناغە تفەنگیان بەرکەوتبوو ئازاریان زۆر پێ گەیشتبوو. ئینجا من لێرە راستییەك ڕوون ئەکەمەوە کە دراوسێکانمان بێجگە لەماڵی حاجی عەبدوڵلاّ ئەوانەی تر هەموو فەقیرو سادەکانی دەوروپشتی ماڵەکەمان بوون کە شەڕەکەیان ئەکرد لەگەڵ پۆلیسەکان وایان ئەکرد منیش هەروا بەحەپەساوی‌و ترسەوە سەیرم ئەکردو نەمزانی چی بکەم! کە پۆلیسێك بەسواری ولاّخەوە بەوێدا تێپەڕی کەچی گەڕایەوەو هاتە لای پەنجەرەکەوە کە من سەیرم ئەکرد لەوێوە بە ئەسپایی‌و بەپەلە گوتی: بڕۆرەوە ژووری زوو ئێستە بتبینن گوللەیەکت پێوە ئەنێن خێراکە زوو ئیتر نەیەیتەوە ئێرە. پۆلیسەکە لەپۆلیسە کوردە باشەکان بوو چونکە زۆر پۆلیسی کورد لەژێرەوە لەگەڵ حیزب بوون بەڵام دەسەڵاتیان نەبوو نەیانئەوێرا. چوار ڕۆژ بەو حاڵە ماینەوە بە جۆرێك ئیتر خەریك بوو نانمان نەمێنێت دوایی هەندێ دراوسێ بەدزییەوە لەسەربانەوە شتیان بۆ هێناین.

بۆ ڕۆژی چوارەم خولەشێت فرسەتی دیت‌و خۆی دزییەوە لێمان‌و چوو دەرکی حەوشەکەی کردەوە هەندێ زبڵ‌و توێکلەمیوەی پێ بوو زبڵیش ئەوسا ئەخرایە ناو بەرمیلی گەورەوە هەر ماڵە بەرمیلێکی لەبەردەرگا بوو یەکێ لەپۆلیسەکان خەڵکی سەرگەلوو بوو خولەی ئەناسی بۆیە پێی گوت یا شێخ ئەوە چی ئەکەیت خولەش ڕاوەستا توێکڵ‌و زبڵەکەی ڕشتە ناو بەرمیلەکەوەو

بەپێکەنینەوە گوتی ئـەوە هـاتووم خـواردنی نـووری سـەعیدو عەبـدولئیلاهم هێناوە بۆیان، خولە هێشتا قسەکەی لەدەمابوو کە پۆلیس ڕژانـە سـەری‌و بـە قۆناغــە تفــەنگ‌و بەشــەق وەك تــۆپ هەڵیانداپــە دەســت پــەك پۆلیــسە سەرگەڵوییەکە خۆی فڕێدایە سەردەست‌و قاچیان‌و بەهاوارو بەگریانەوە خولەی لــەژێر دەســت دەرهێنــان‌و گــوتی بــۆ خــاتری خــوا بــۆ وای لێ ئەکـەن ئەمـە شێتۆکەیەو لەخۆیەوە قسە ئەکات. بـەڵام خولـە لەخۆیـەوە قـسەی نەئـەکردو شێتیش نەبوو زۆر ئازابوو دڵی پڕ بوو ئیتر هات وای پێ گوتن.

خولە هاتەوە ژووری بە نیوە مردوویی بەدەم‌و لێوی شکاوو پڕ خوێنەوە بـە گەڵ‌و گیپاڵی تێکشکاوەوە هەموو تێی ئالاین‌و بۆی گریاین بەو حاڵەش چووین بەگژیا کە بۆ وای کردو بەقسەی نەکردین‌و خۆی نەگرت هێرۆو هـەڵۆ کـە زۆر مناڵ بوون‌و خولەیان زۆر خۆشەویست دەسـتیان کـرد بـەگریان‌و ترسـان ئـیتر وەزعێکی زۆر نالەبارو شێواوو دڵتەنگکەر بـوو. لـەپڕ ڕاپـەریم‌و دەسـتم کـرد بەگریان‌و ڕام کـرد بـۆ تەلەفۆنەکـەو بەبەدالـەم گـوت موتەصـەریفم بـدەرێ بەدالەش هەر خۆمانە بوو وەختـەبوو دڵـی دەربێـت لـەداخانا بۆیـە هـەر زوو موتەصریفی بۆ پەیدا کردم (موتەصریف محافزی ئێستەیە). بەعـەرەبی قـسەم لەگەڵ کردو گوتم من خێزانی فلانە کەسم ئەمـە چـوار ڕۆژە پـۆلیس‌و ئـەمن‌و هێزێ کە دەوری ماڵیان داویـن خـالم نەخۆشـە نایـەڵن دکتـۆر بێـت بـۆ لای نەکەسمان ئەتوانین بچینە دەرێ نەکەس ئەتوانێ بێت بۆلامان مناڵەکانم تۆقین‌و ئەترسن‌و کوڕی ماڵەکـەمانیان وابەسـەر هێنـا ئـیتر هـەموویم بـۆ گێڕایـەوە موتەصریف مـستەفا الیعقـوبی بـوو تورکمـان بـوو خـەڵکی کـەرکوك بـوو.

موتەصریف زۆر زۆر نارەحەت بوو دڵی دامەوەو گوتی من ئاگام لەم کارە نیە هەر ئێستە خەریك ئەبم منیش زۆر سوپاسم کرد.

دوای تەلەفونەکەم بە نزیك سەعاتێك یەك پۆلیسو ئەمن لەبەر دەرگاکەمان نەمان بگرە هەر لەکۆڵانو گەڕەکەکەش نەمان. موتەصریف زۆر پیاو دەرچوو قسەکانی ڕاست بوون بەڵام بەداخەوە لەدوای دوو هەفتە گواستیانەوە بۆ شوێنێکی تر دیارە لەبەر پیاوەتی ئەو کردەوە چاکەی بوو بۆیە لەسلێمانی لایانبرد ئێمەش کەوتینە خۆمان جاریێ دایکم وای بەباش زانی کە منو منالەکانم لەوێ نەمێنین بڕۆین بۆ بەغدا. بەینێك لەوەوپێش ڕێسانی خوشکم درابوو بەشوو بە دکتۆر صدیق ئەترووشیو ماڵیان لەبەغدا بوو بۆیە بەپەلە باجی زەکیەو منالەکان بە ئۆتۆمبێلێکی خۆمانەی دڵسۆزی سەر بەخۆمان کەوتینە ڕێ بەرەو بەغدا.

دایکیشم ماڵەکەی کۆکردەوە لەگەڵ خەڵکەکانی لامان بوونو کەلوپەلی ماڵی گواستەوە ماڵی فاتمەخانی عیزەت بەگی وەسمان پاشا دایکی ئومێد هەروەها خاڵمو نەنەشی لەوێ داناو خۆی گەیاندە کەرکوك کە خانووێکمان بۆ بگرێتو بمانگوێزێتەوە کەرکوك دایکم وای پێ باشتر بوو وەك لەسلێمانی بین ئەیویست لەکەرکوك وەکو شتێك لەبەرچاو نەبین، بەڵام خۆ حکومەت هەر هەمان حکومەت بوو بۆیە دایکم گەیشتبووە ماڵی کاك تایەر مستەفای پیاوی مەرد کاك تایەر برای کاك عومەر دەبابە بوو زۆر بەغیرەتو ئینسان بوو زۆر ئەرکو ئەزیەتی هەموولایەکی بەسەرەوە بوو لەگەڵ خێزانێکی زۆرو قەڵەباڵغو زۆر پڕ لەبەرئەوە هەر زوو دایکم لەگەڵ فاتمە خانی خوشکی کاك عومەرو خەڵکی تریش گەڕابوونو هەر زوو خانوویێکی باشیان بۆ پەیداکردبوو چووبوون

پاکیان کردبووەوەو ناردبووشی بەدوامانا کە بێینەوە لەبەغدا چونکە خانوومان پەیداکردو وا ئەچێت کەلو پەلەکان ئەگوێزێتەوە لەسلێمانی.

ئێوارە دایکمو فاتمەخانو ئەو کەسانەی لەگەڵیان دێنەوە ماڵێ کاك تایـەر بە سۆندەو گەسكو سەتڵو کەلو پەلی مـاڵ پاکردنـەوەو دائەنیـشن خـەریکی شیوکردن ئەبن کەلەدەرگا ئەدەن ئەچن ئەیکەنـەوە سـەیر ئەکـەن پیاوێـك بـە ترسو لەرزەوە ئەلێت بۆ خاتری خوا کلیلی ماڵەکـەمم بدەنـەوە نـاوێرم خـانوو نادەم بە ماڵی بـرایم ئەحمـەد حەپـسم ئەکـەن کـاك تایـەر ئەچـێتو دایکـمو هەموویان کوڕە بابە حەپسی چی ئەوە کێ وای گوتوە ماڵی برایم ئەحمەدی چـی ئەوە بۆ ماڵی زابت متقاعد محەمەد عەبدوڵڵایە دایکم دەفتەرو شتەکانی خاڵە محەمەدمی پیشان ئەدات بەڵام کابرا ڕازی نابێتو ئەڵێت نەنە بـەخوا ئەترسـم. ئیمڕۆ جاڕیان داوە لەبازاڕ کە کێ خانوو بدات بە خەباتکەر بەتایبـەتی مـاڵی برایم ئەحمەد گورج حەپس ئەکرێو سزا ئەدرێت کابرا کلیلی بردو ڕۆیشت.

بۆ بەیانی کەوتینە پرسو پرسیار دەرکەوت کـە کـەرکوك موتەصـرفێکی (محافز) هەبوو کوردیش بوو خەڵکی سلێمانی بوو ناوی ڕەشید نەجیب بوو ئەوە ئەو نەجیبە خەبەری بۆ هاتبوو دیارە لەلای دەزگاکانی خۆیانەوە کە ماڵی برایم ئەحمەد هاتوون بۆ کەرکوك، ئەو نەجیب زادەیە چووبوو ئەو ئەمرەی دەرکردبـوو ناردبووی جاڕیان دابوو لەناو بازاڕەکانی کەرکوك. بـەڵام دایکـمو کـاك تایـەرو ئەوان هەر دەستبەردار نەبوونو هەر گەڕان بۆ خانوو ئـەم جـارە ئـەو خـانووەی پاکیان کردبووەوە هـی تورکمانێـك بـوو بۆیـە ئـەویش دوای دوو ڕۆژ بەپەلـەو ترسەوە گوتبووی (بەبەم کلیلەگەتر) بۆ خاتری خوا. ئاخری دایکم چارێکی تری دۆزیەوە ئەویش چوو بۆلای محەمەد بەگ کە بـەهۆی جـەنابی سـەید ئەحمـەدی

خانەقاوە خانووی دابووینێ لەشاترلووو کاتێ کـە بـۆ خـواروی عێـراق نـەفی کرابووینو گەڕابووینەوە ئەگینا وامان بەسەر نەئەهات ئەوکاتە سەید ئەحمـەد وەفاتی کردبوو، دایکم مەسەلەکەی بۆ گێڕابووەوە محەمەد بـەگ تورکمـان بـوو بەدایکمی گوتبوو ئەگەرچی زۆریش ئەترسم بەڵام بەخوا هەر ئەبێ بێ خانووتان نەکەم بۆیە خانوویێکی داینێ کە لە تەنیشت ئەو خانووەوە بوو کە کاتی خـۆی لەناوی دابووین محەمەد بەگی پیاو خانووی داینێ دایکیشم گەڕایەوە سـلێمانی کەلو پەلەکانو خاڵمو ئەوان بێنێت. باشە کەلو پەل چۆن ئەکرێت بـەناو ئـەو هەموو پۆلیسو سەیتەرەی حکومەتدا تێپەڕێت؟ چ خـاوەن لۆریـەك ئـەیتوانی ئەو شتانە بارکات؟ ئەوەش بوو بەتەگەرەیەکی تر. ئاخری دایکم جوابی بۆ شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی نەمر نارد، چونکە زۆر تێکەڵ بـووین لەگـەڵیان شـێخ لەتیفی خوالێخۆشبوو گوتی خەمت نەبێت من لۆریم هەیە ئەچێت بۆ کەرکوك هەموو ڕۆژێك گەچم بۆ ئـەهێنێت بـۆ بیناکـەم بۆیـە بـەو لۆریـەی گەچـەکە شتەکان ئەنێرین. شتوومەك بارکرانو گەیشتنە کـەرکوك لەشـاترلووو لەبـەر دەرگای خانوو داگیران کەلو پەل هەموو گەچاویو سپی بووبوون.

بەڵام داخم ناچێت مەکتەبە بەنرخەکەی باوکی هێرۆ لەماڵی عیزەت بـەگ بـەجێمابوو، چـونکە نـەیانوێرابوو لـەو زروفـە بیگوێزنـەوە لای فاتمـەخانو بەجێمابوو، ئەو ئاگای لێ بوو بەڵام خزمێکیان لەجافەکان کە ناوی ئەفراسـیاو بەگ بوو بۆ خۆی چووبووە ناو کتێبەکانو بە هەوەسی دڵی خۆی کتێبی بردبـوو لەهەموو ئەو کتێبانەش کە زیاتر بۆی بەداخـەوە بـووین کەشـکۆڵی شـاعیری گەورەو بەناوبانگ فـایق بێکـەس بـوو کـە هـەمووی بەخـەتی دەسـتی خـۆی نوسیبووی یاداشتی ئەو ڕۆژەی لەسەر نووسیبوو لەهەندێ لاپەڕە نوسیبووی کە

ئیمڕۆ شێرکۆ لـەدایك بـوو، لەهەنـدێکی منالـەکانی تـری، ئـەو کەشـکۆلە بەبەهایە شەفیقەخانی خێزانی فایق بێکەسی نەمری خۆشەویست هێنابووی بۆ باوکی هێرۆ چونکە باوکی هێرۆ زۆری خۆشەویست هەروەها مـاڵو منالێـشی، شەفیقە خان هەروەك خوشکی ڕاستەقینەی بـاوکی هێـرۆ وابـوو خۆشەویـستی هەمووڕمان بوو لەگەڵ منالەکانی باوکی هێـرۆ ئەیویـست لەفرسـەتێکا بـۆی لەچاپ بدات کەچی ئەو بەگ زادەیە ئەو کەشکۆڵەشی دزی بوو. تا ئەو کاتـەی ئێمە خەریك بووین دائەمەزراین لەکەرکوك باوکی هێرۆ بەربووبوو بـەلام هـەر گـورج فـەرمانی گرتنـی بـۆ دەرچـووەوە کـە گوایـە چـووە بـۆ موئتەمـەری ئاشتیخوازان (انصار السلام)و هەڵبـژێراوە بـە ئەنـدامێکی بـەرزی بەرچـاوو کۆتری ئاشتی ئاڵتوونیشی دراوەتێ.

ئینجا با باسی ئەو کۆتری ئاشتییە بکـەم، ماوەیـەك دوای ئـەوەی بـاوکی هێرۆ بریندارکرا ئەم کۆنفرانسەی ئاشتیخوازان بەرپابوو باوکی هێرۆو هەندێك هاوڕێیەکانیشی ڕۆیشتبوون لەگەڵی کە گەڕانەوە ئـیتر بووبـە جـەژنی قوربـان ئەویش لەگەڵ کاك عومەر دەبابەی دڵسۆزو پیاو کردیان بە بیانووی جەژن کـە بڕۆن بۆ بادینان بەتایبەتی زاخۆ کە ماڵی باوکی منو هەر نیوەی زاخۆ هەموو خزمی منو گەڕەكو ناوچەی تایبەتیان هـەبوو کـە پێیـان ئـەگوت گـەڕەکی (قوچەبەگی) ئیتر بەو بیانووەوە کەوتینە ڕێ لەڕاستیشا باوکی هێرۆو برادەرانی ئیشو کۆبوونەوەی حزبی خۆیان هەبوو چەند ڕۆژێك لەزاخۆ مانەوەو ڕۆیشتن بۆ ئامێدیو دهۆكو ئەوناوە، بەلام من مامەوە لـەزاخۆ لای بـاوکمو خزمـەکانمان لەگەڵ باجی زەکیەو منالەکانم بەڕێکەوتین یەکێ لەو خزمانەمان منالیان بوو منیش جەژن بوو بازاڕو دوکان نەبوو زووش ئەگەڕاینەوە چووم یەکێ لەو کۆتری

ئاشتییە ئاڵتوونانەم دانیٚ‌و گوتم ئەمە بۆ منالّەکەتان کۆترێکی بچووکی جوان بوو قایم ئەکرا بەیەخەوە. ئیتر ئێمە گەڕاینەوەو هەر بیرمان نەمابوو بەتایبەتی کە ئەو بەزمانەمان بەسەرهات. ئەوەبوو دوایی حکومەت زانیبوویان‌و فەرمانی گرتنی بۆ ئەو کەسانە دەرکردبوو کە چووبوون بۆ کۆنفرانسی ئاشتیخوازان‌و تاوەکو چووبوون لەزاخۆ مالّی باوکیشم گەڕابوون باوکیشمیان گرتبوو بۆ نەگبەتی کە چووبوون مالّەکەیان پشکنیبوو کە خێزان‌و مالّی زۆر بوون ئەو کۆترەشیان دۆزیبووەوە بۆیە تا بەینێکی زۆر باوکم‌و چەند خزمان گیران لەبەر کۆتری ئاشتی‌و کە برایم ئەحمەد چووبوو بۆ مالّیان (ئۆدا خاتون) ئیتر ئەوەبوو کە باوکی هێرۆ لەسەر هەڵبژاردن گرتیان دوایی بەرەلاّیان کردبوو دەستبەجیٚ هاتن بیگرنەوە لەبەر کۆنفرانسی ئاشتیخوازان بۆیە لەگەڵ کاك عومەر دەبابە خۆیان شاردەوەو خۆیان ون کرد ئەوسا زۆرجار کە فەرمانی گرتن بۆ باوکی هێرۆ دەرئەچوو زۆرتر ئەیانگەیاندە بەغداو لەویٚ باشتر ئەشارایەوە هەروەها زۆرجار خالّە هەمزەشم لەبەغدا باشتر ئەیتوانی خۆی ون کات بەتایبەتی ئەو براکوردە فەیلییانەمان هەبوو کە زۆر دڵسۆزو بیٚ وێنە بوون زۆریشیان حالّیان زۆر باش بوو تێکڕا بازاڕی شۆرجە زۆری هی ئەوان بوو بەلاّم ئەوەندە پیاو بوون بەسەرو مالّەوە ئامادەبوون هەموو کارێکی خەتەرناك قبووڵ کەن بۆئەوەی بتوانن خەباتکەران بپارێزن‌و کارەکانیان ڕاپی‌و جێبەجیٚ کەن.

هەرچۆنێك بوو ئێمە دامەزراین لەکەرکوك‌و چووینە خانووەکەی محەمەد بەگی مەردو پیاو لەشاترلوو. لەگەڵ خانووەکەی خۆشی کە تیابوون خانووە گەورەکەمان بەین بوو کە کاتیٚ لەنەفی خوارووی عێراق گەڕاینەوە بە هۆی سەید ئەحمەدی خانەقای نەمرەوە ئەو خانووەمان بۆ گیرابوو.

ئینجا با باسی ئەوە بکەم کە بۆچی ئەم جارە وامان بەسەرهاتو خانوومان دەست نەکەوت کەس نەیەوێرا خانوومان بداتێ بەکرێ ئەویش چونکە جـەنابی سەید ئەحمەدی خانەقای نەمر نەمابوو وەفاتی کردبوو ئەگینا ئەو بمایە هەرگیز وامان بەسەر نەئەهات. هەر ڕاست ئەوبەر خانووەکەمان مزگـەوتێکی گـەورەو پاكو خۆش بوو هەروەها جۆگە ئاوێکیش بە درێژی ئـەو شـەقامە تێئەپـەڕیو لەبەری مزگەوتەکە بوو. مزگەوتەکە دوو دەرگـای هـەبوو ئەویکـەیان لەســەر شەقامێکی تر بوو. چەند ڕۆژێك بوو هەندێ بوژاینەوە کە بەیانیـەکیان خولـە دەرکی حەوشەی کردەوە کە بچێت کولێرە بکڕێت بۆ بەرچایی کەچی قیڕانـدیو بانگی کردو گـوتی وەرە (ئـۆدا) بـەدایکمی ئـەگوت ئـۆدا. وەرە سـەیری بـەر دەرگاکەمان کە چەند قەڵـەباڵغ بـووەو وا خـەریکی (قوڵـغ) دروسـت کـردنن (قولّغ بە ژووری حەرەسو پاسەوان ئەڵێن) .

دایکم چووە بەردەرگاکەمانو هـەموومان ڕامـانکرد چـووین بـزانین چـیە کەچی یەکێ لەو پیاوانەی لەوێ بوون پێکەنیو گوتی ئەوە ئەم شـوێنەمان بـۆ چاودێری ماڵەکـەتان دروسـت کـرد ئـەی حـەز ناکـەن ئـەم هـەموو زەلامـە پاسەوانتان بن؟ خولە شێت وەرامی دایەوەو گوتی نـەواللە سوپاسـتان ناکـەین پاسەوانیشمان ناوێت زەلامەکان هەندێکیان کوردی کاکەیی سمێڵ بـابڕ بـوونو هەموویان ئەمنی حکومەت بوونو ئەوە ڕەشید نەجیبی موتەصریف (محافز) و ئەمن ئەو کارەیان کرد بۆئـەوەی کـە بـرایم ئەحمـەد گەڕایـەوە مـاڵێ بیگـرن. قوڵغەکەیان لە تەنیشت دەرکی مزگەوتەکە دروست کرد لەسەر جۆگە ئاوەکـە هەر ڕاست بەرامبەر ماڵەکەمان شەقامەکەی بـەینی مزگـەوتو ماڵەکـەمان تەسك بوو بەڵام عەرەبانەی پیا تێئەپەڕی لەگەڵ ئۆتۆمبێلی قەمەرە.

ئیتر شەوو ڕۆژ چوار پاسەوان لەو قولْغەدا بوونو زوو زوو ئەگۆڕان بۆ کاتی نان خواردن.

خەڵکی گەڕەك ترسانو کە زانیان ئەمە لەبەر ماڵی ئێمەیە ئیتر ئەوەنە لێمان ترسان نەیانئەوێرا هەر بەوێشدا تێپەڕن ئیتر تەواو وەك دیلو حەپسمان لێهات چەند جارێك محەمەد بەگو تاقە کوڕەکەشیان بانگ کرد بۆ پرسو تحقیقات ئیتر یەك کەسو یەك بەشەرو خزمو ناسیاو نە لەسلێمانیو کەرکوكو نە لە هیچ کوێوە نەیانەوێرا هەر ناویشمان بەرن نەك بێن بۆلامان ئیتر زۆر دڵتەنگو ناڕەحەت بووین هەرچەندە ئەمانتوانی بڕۆین بۆ بازاڕو دەرەوە بەڵام کەس بە هیچ جۆرێك نەیەوێرا بێت بەلامانەوە زۆرجار دڵتەنگ ئەبووم کە گوێم لەزەنگی دەرگای دراوسێکانم ئەبوو یان خزمەکانیان ئەهاتن بۆ لایان بەتایبەتی ڕۆژی جومعان ئەبوو بە دەنگە دەنگیان. ئەمگوت ئۆە خوایە تۆ بڵێی ڕۆژێك لەڕۆژان ئێمەش یەکێ لەزەنگی دەرگاکەمان بدات؟ لەو هەموو خزمو کەسو ئاشنایەمان ئەهاتن بۆلامانو گوێیان نەئەدایە هیچو ئەوانەش نەمان. یەکەم کەس کە هەر بەین بەین ئەهات بۆلامانو گوێی نەئەدایە هیچ، شازادەی خۆشەویست مریەم خانی سەید ئەحمەدی خانەقا بوو.

دووهەم کەس ناهیدە خانی ژنی کاك ئەحمەد ڕەفیقی پیاو مەرد کە ئەوکاتە مدیری شەریکەی نەوتی کەرکوك بوو گوێی نەئەدایەو هەر چەند ڕۆژ جارێك ناهیدە خان (دایکی بەختیار) سواری ئۆتۆمبێلەکەی ئەبوو ئەهات لەبەر دەرگاکەمان ڕائەوەستاو ئەهاتە ژوورێ بۆ لامان بەدەستو دیاریەوە هەرچەندە پێمان ئەگوت کچێ دایکی بەختیار گیان ئەها ژمارەی ئۆتۆمبێلەکەتیان نووسیو ئێستە خەبەرتان لێ ئەدەن بە تووڕەییەوە ئەیگوت

چاویان دەربێ بەخوا هەر دێم ئەگەر چی بووە باوکی بەختیار قەیناکـە نایـەت بەڵام زۆر دڵی لاتانەو منیش هەروەها بۆیـە هـەر دێـم هەرچـیەك ئەقـەومێت بابێت.

سێهەم کەس کە ئەهات بۆلامان کاك تایەری برای کـاك عومــەر دەبابـەی دڵسۆزمان بوو کاك تایەر دائیرەکەی هەندێ نزیك گەڕەکی شاترلووو بوو، کـاك تایەر موهەندیس مساح بوو بۆیە هەموو نیوەڕۆیـەك کەبـەر ئـەبوونو دائـیرە تەواو ئـەبوو ڕۆژ نارۆژێـك یەکـسەر ئـەهات بۆلامــانو لـەدەرگای ئـەدا ئـیتر بەویشمان ئەگوت: توخوا کـاك تایـەر گیـان ئێـستە تـۆش ئـەگرن ئـەیگوت منەتیان نەبێت ئینجا لەچی بترسـم هـیچ مـاوە نەیکـەن ئـەم واوا لێکراوانـە ئەکەوتە جنێودان پێیانو قەت نەئەترسا.

چوارەم کەس کاکە حەمەی دەروێش کەریمی خزمی باوکی هێـرۆ بـوو کـە ئوتێل شەهرزادی هەبوو لەکەرکوك ئەو زۆر ئاگای لێمان بوو هەرچـەندە خـۆی نەئەهات بەڵام هەندێ جار فەیمەخانی ڕەحمەتی ژنی ئەهات هەروەها جاربـەجار شاگردێکی قەڵەوی پیاوچاکی هەبوو ناویم لەبیر نەماوە ئەینارد بۆلامان.

هەروەها پێنجەم کەس کاك عەزیز عەبدوڵلاَ محامی بوو کە دایکی خزمـی نزیکی باوکی هێرۆیەو باوکی هێرۆ لەگەڵ خۆی کاری محاماتی پێ ئـەکرد ئـەو تازە دەرچووبوو بۆیە کە باوکی هێرۆ گیرا دوایش خۆی شاردەوە دەعواکـان ئـەو بەسەریانەوە بوو لەسلێمانی بۆیە یەك دووجار کاك عەزیز هاتە لامان بەفـەردە برنجو هەندێ پارەوە. هەرچەندە چەند جـارێکیش گرتیـان بـەڵام هـەر ئـەهات لەسلێمانیەوە لەدەرگاکـەوە شـتەکانی ئەدایـە دەسـتمانو تـۆزێ دائەنیـشتو ئەگەڕایەوە، پووری باوکی هێرۆش پوورە فاتم کە بەبێ ئەنـدازە بـاوکی هێـرۆو

ئێمەی خۆشەویست هەرچەندە زۆر ترسنۆکیش بوو لەپۆلیس زۆر ئەترسا بەلام قەت بەرەڵای نەئەکردین ماڵو مێردو هەموویانی بەرەڵا ئەکردو ئەهات بەدیارمانەوە دائەنیشت. پوورێکی تریشی هەبوو ناوی پوورە حەبێ بوو ئەوەی پۆلیسەکان دارو قۆناغە تفەنگیان پیاکێشابوو زۆریان ئەزیەت دابوو ئەویش یەکجار هات بۆ کەرکوك بۆلامان هەروەها پوورێکیشم خوشکی باوکم ئەو هەر زۆر جار بەدیارمانەوە ئەما ئەویش ماڵەکەی لەگەڵ دایکم گواستەوە لەسلێمانیەوە بۆ کەرکوك ئیتر وەکو مەسەلەکە ئەڵێت ئاو بێنەو دەست بشۆ تەواو یەك کەس لەزەنگی ئەو دەرگایەمانی نەئەدا نەیانئەوێرا بێن بەلامانەوە.

سەرەڕای چاودێری ئەو پاسەوانە زلحۆرتە سمێڵ بابرانەش کەچی هەر دووسێ ڕۆژجارێك ئۆتۆمبێلی ئەمنو پۆلیش دائەڕژانە کۆلانەکەو ئەهاتن ماڵەکەمانیان ئەپشکنی دیسان ئەکەوتنە ئەم ژوورو ئەو ژوورو سەروو خواروو ژوور ئیتر لەگەڕەکەکە وەك گوڵمان لێهاتبوو کەس نەیەوێرا بەبەردەرگاکەشمانا تێپەڕێت. ڕۆژێکیان دیسان دایان لەدەرگاو وروژمی پۆلیسو ئەمن کردیان بەماڵا کابرایەکی جل گرانبەهاو ڕێکوپێکیان لەگەڵ بوو هەموو دەوریان دابوو لێی ئەسڵەمینەوەو ئەترسانو هەر سەیدی سەیدیان بۆ ئەکرد خولە شێتیش سەیرێکی کردنو هەندێ حەپەسا ئەوەندە ئەهاتن بۆ ماڵ پشکنین هەموویان شارەزای خولە بووبوون کە گوایە شێتۆکەیە تاوەکو ئەوانەی ناو قوڵغی دەرگاکەش لەگەڵ خولە ڕاهاتبوون زۆرجار کە قسەو توانجی تێ ئەگرتن لێیان نەئەگرتو پێی پێئەکەنین. بۆیە ئەو ڕۆژە خولە سەری سوڕما لەو کابرایەو چووە پێشەوە لەو پۆلیسەی لەحەوشە ڕاوەستابوونو بەدەمە لالو پەتەکەیەوە گوتی: ئەم فس فس پالەوانە کێیە وا هەر هەڵەبەزێتو ڕائەکات بۆ ئەم ژوورو

ئەو ژوور لەناو ئەوانە موفەوەزێکی لێ بوو کوردبوو خەڵکی کۆیە بـوو بـاوکی کاتی خۆی مودیری پۆلیسی سلێمانی بوو ئاشنای ماڵی کـاك عومـەر دەبابـە بوون ئەو کورە لەژێرەوە دڵـی لامـان بـوو نەیـەوێرا هـیچ دەربڕێـت بۆیـە کـە خولەشێتی ئێمە وای گوت کابرا ڕاپەڕیو بەترسەوە گوتی: بۆ خاتری خـوا بـێ دەنگبە ئەمە مودیری ئـەمنی بەغدایـە ئیمـڕۆ هـاتووە نـاوی (نائیـل)ەو زۆر ئیشارەتی کردو پاڕایەوە لێی کـە بێـدەنگ بێـت. دایکـم لەگـەڵیان بـوو کـە ئەچوونە ژوورەکانو شتەکانی پیشان ئەدان (نائیل)و جەماعەت چـوونە ژووری نووستنی منو باوکی هێرۆ خولـەش چـوو لەگـەڵ دایکـم لەگـەڵیان کـابرای مودیری ئەمن خۆی دانەواندەوە کە سەیری ژێر کورسی نووسـتنەکەمان بکـات خوله به پێکەنینەوە بە عەرەبی گوتی: بەینی جێگاکە زۆر نزمە وابزانم زەلامی پیاناچێ من وابزانم ئەگەر کاکە برایم لێرە بوایە بە هیچ جۆرێك لەو بنە خـۆی نەئەشاردەوە لێتانو ئەهاتە لاتان. دیسان ڕوحمان چوو دایکم کەوتـە بۆڵـەبۆڵی بێ دەنگو ئیشارەت دەمت داخە، بەڵام خولەقسەی خۆی کردو وای پـێ گـوتن چونکە ئەوان کە ئەهاتن بۆ باوکی هێرۆ ئەهاتنو بۆ ئەو ئەگەڕانو زۆر سەیری جانتاو کاغەزو شتیان نەئەکرد ئەیانگوت بۆ ئەو هاتووین لەکوێیە؟

(نائیلی) مـودیر ئـەمنی عـامی بەغـدا کەلەهـەموو ژوورەکـان بـووەوە هەروەها ژووری خاڵەمحەمەدیشم گەڕا. جاران کردەوەیەکی زۆر سەیر هەبوو جلی ئەفسەرو نەجمەو نیشانەی ئەفسەری شـتێکی زۆر بـەڕێزو گـەورە بـوو لـەلای حکومەت. هەمووجارێك کە ئەهاتن بۆ ماڵ پشکنین کـە جانتـاو کـەلو پـەلی خاڵە محەمەدمیان ئەکردەوەو جلەعەسکەریو کاغەزو کەلو پەلەکانیان ئەبینی گورج بەببوورە ببوورە دایان ئەناو دەستیان بـۆ نەئـەبردو گـورج ئەچـونە دەرێ

لەژوورەکەی. دایکیشم بۆیە جلو کەلو پەلی عەسکەری لەوێ دائەنا تاوەکو بەشکەم لەبەر خاتری ئەو ئەزیەتمان نەدەن.

جاران ئەفسەری سوپای عێراقی بۆ هەر کوێیەك بچوایە کەس حەدی نەبوو ئۆتۆمبێلەکەی ڕاگرێت زۆرجار باوکی هێرۆ بەو چەشنە ئەگەیشتە بەغداو شوێنانی تر کە برادەری ئەفسەری سوپا ئەیانبرد. جارێکیان خاڵە هەمزەم لەسلێمانیەوە گەیەنرایە بەغدا هەر بەو چەشنە بێ ئەوەی کەس بیوێرایە لەسەیتەرەو ڕێگاکان ڕایگرن هەر بۆ چاو تروکانێکیش. بێینەوە سەر باسی (نائیل) کە نائیل لێبووەوەو گەڕایەوە دالآنەکە لەگەڵ هەمڕاهەکانی کە زۆر زۆر بوون ڕوی کردە دایکمو گوتی ئەبێ ژنەکەی برایم ئەحمەد بێت دانیشێت ئیفادەی وەرئەگرین ئەوکاتە عومرم بیستو پێنج ساڵ بوو سێ منداڵم هەبوو یەکێکیش بەڕێوە بوو ساڵی ١٩٥٥ بوو ئیتر چووین دانیشتین لەژووری میوان لەگەڵ دایکمو ئەوانی تر کە معاونو هەندێ لەوانەی لەگەڵیان ئەوانی کەش لەهەیوانو حەوشە بوون معاون دەفتەری کردەوە (نائیل) پرسیاری لێ ئەکردمو معاون ئەینووسی منیش دیارە عەرەبیەکەم زۆر باش بوو نائیل سەری سوڕماو گوتی قەیناکە کورد عەرەبی ئەزانن بەڵام بەم شێوەیەی تۆ کەم کەس هەیە هەر ئەڵێی کچە عەرەبی. دەمو چاوم دابوو بەیەکاو بەدەستم بوایە تەپڵەکەکەم ئەکێشا بەسەریا گوتم نەخێر کچە عەرەب نیم کچە کوردم بەڵام عەرەبی ئەزانم. پرسیو گوتی برایم ئەحمەد چووە بۆ کوێ جێگاکەی نازانی کە چووە بۆ کوێ قابیلە پێی نەگوتبی کە چووە بۆ کوێ؟

گوتم با ئەزانم ئەو بەیانیە دەعوای هەبوو چوو بۆ سلێمانیو ڕانیە گوتی: نازانی دەعوای کێ بوو. گوتم من چووزانم هەقم چیە بەسەر دەعواکانیەوە.

گوتی باشە جلی برد لەگەڵ خۆی یا گوتی ئەگەڕێتەوە.

گوتم جلی برد چونکە دوو شەوێکی پێ ئەچوو. من بۆیە وام گـوت ویـستم سەریان لێبشێوێنم تا ڕوبکەنە سلێمانیو ڕانیەو لەوێ خەریکی بەدوا گـەڕانی بن چونکە ئەمزانی کە باوکی هێرۆ چوە بۆ بەغدا.

دوایی سەیرێکی دایکمی کردو گوتی بۆچـی نەسـیحەتێکی بـرایم ئەحمـد ناکـەن بـۆ سـەر لـەخۆی ئەشـێوێنێ مـاڵ لـەخۆی تێـك ئـەدات ئـەم ژنو منالەجوانانەی هەیە بۆ دانانیشێت بە هێمنیو بێ تەگەرە دڵـی ئێـوەو مـاڵو منالی هەموو ڕۆژێك دائەخورپێنێ بـەم هـاتنی پـۆلیسو تـەفتیشو بەزمـە. دایکم تووڕەبووبوو منیش لەو خراپتر دایکم جوابی دایەوەو گوتی برایم ئەحمـەد هیچی نەکردووە تاوەکو وازبێنێتو سەریشی هیچ لێ نەشێواوەو زۆریش دڵنیـاو دڵ خۆشەو سەری بەرزەو هەرواش ئەمێنێت.

کەچی سەیری کردمو گوتی: باشە ئەی حەیف نیە دڵی ئەم ژنەی نارەحەت ئەکاتو تەگەرەی بۆ دروست ئەکات ؟

من هاتمە قسە بەدەم هەناسە برکێو تووڕەییەوە گوتم: نە حەیف نیە دڵیشم نارەحەت ناکات هەموو کردەوەیەکی ئەوم پـێ خۆشـەو هـەزاری وەکـو منـیش ناگەنە نینۆکێکی ئەو، کابرا چاری نەماو هیچی بۆ نەمایەوەو زۆر لەسەر خۆو بەئەدەبانەوە گوتی: باشە وەرە ئەم ئیفادەیەت ئیمزاکە. منیش ئیمزام کرد ئـیتر هەستان ڕۆیشتنەوە ئینـسان بـۆ هـەق بلێـت جـاران هەرچـەندە حکومـەتو دەزگاکانی ئەمن خراپو بەدناوو دڕندە بـوون لەگـەڵ خەباتکـەرانو ئەوانـەی ئەگیران بەڵام لەگەڵ ژنو ماڵو منال لەسەرخۆو بەتەحەمول بوون. لەکاتی ماڵ پشکنینو هاتنە سەرمان ڕۆژو شەوو ناوەخت زۆرجـار قـسەمان پـێ ئـەگوتنو

لێیان تووڕە ئەبووین دایکم زۆرجار پێی ئەگوتن خۆ ڕامـان نەئـەکرد بابوایـە بەڕۆژ منالّتان تۆقاند زۆر عوزریان ئەهێنایەوەو دەستیان ئەکرد بە اختی اختی ببوورن ئەمە فەرمانی حکومەتەو قسەی وایان ئەگوت. هەرە بەدیو خراپـەیان زەلاتەو حەلّوا بوو لەچـاو ڕژێـمو دەزگـا دڕنـدەو گورگـە هـارە بـێ وێنـەکانی صەدامی خوێن ڕێژ.

(نائیل) ناوێکی زۆر بەسام بـوو هـەر کـە ئـەیانگوت نائیـل هـاتووە بـۆ سلێمانی یا شوێنێکی تر خەڵك زۆر شـپرزە ئـەبوونو ئەترسـانو خەباتکـەران ئەکەوتنە خۆیان چونکە مانای هاتنی (نائیل) یەعنی شتی گەورە ئەقەوما.

هەرچۆنێك بوو بەو حالەو لەو زروفەدا ماینـەوە هـاوین بووبـە پـایز پـایز زستانی بە دواوە هات. دونیا ساردو سڕبوو باوباران دەستیان پێکرد ئێمەش هەر عەینی خۆمان لەکونی ژوورەوە پاسەوانەکانی بەردەرگا وەکو ناسیاویان لێ هات خولەزۆرجار کە بارانی بـەخوڕ ئـەباری پیاڵـە چـایەکەی ئـەگرت بەدەسـتەوەو دەرکی حەوشەی ئەکردەوەو سەیری ئەکردنو پێـی ئـەگوتن: یـاخوا هـەر ئـەوە حاڵتان بێت بزانە من لەبەر ئاگردان دانیشتووم سـەیرکەن چـۆن چـای گـەرمو خۆش ئەخۆمەوە. ئێوە هەر لەوێ ڕاوەستن بە پێوەو چەقەی دانتـان بێـت شـەوو ڕۆژ لەسەرمانا ڕەق ببنەوە.

هەندێکیان پێ ئەکەنینو بە خولەیان ئەگوت: دە چاییکیش بدە بەئێمە خۆ گوناح نیە. خولە فڕی لەچایەکەی ئەداو ئەیگوت: نەیخۆن تاڵە بەخوا خوا بمکـا بە کیسەڵو بمکا بە مەیمون ئەگەر ئەو چـایەتان نـەدەمێ ناتانـدەمێ بمـرن بـۆ چایەك ناتاندەمێ.

موبارەکتان بێت یاخوا ئەم حالەلەبەیانیەوە تاوەکو ئێوارە هەروا بەپێوەبن و دەست بخەنە ژێر هەنگڵتان لەسەرمانا. خولەئیتر بە پـێ کەنینـەوە دەرگاکـەی دائەخستەوەو ئەهاتە ژووریّ ئێمەش هـەمووومان ئەچـوین بەگـژیا مـن دایکـم نەنە، پووریّ، باجی زەکیە هەموومان تێی بەرئەبووین کە بۆچی وائـەکات بـۆ ئەو چایەیان پیشان ئەدات ئەو قسانە ئەکات بەڵام فایـدەی نـەبوو خولەقـەت وازی لەقسە نەئەهێنا.

هێرۆو هەڵۆ ئەوانیش هەروەك زینـدانی وابـوون ئەگەرچـی هێـرۆی کـچم هاورێی ئەو ئەبوو بچن بۆ مەکتەب بەڵام مەکتـەبی چـیو لـەکویّ؟ هـەروەها هەڵۆش کە لـەو منـاڵتربوو هـەر بۆخۆیـان لـەماڵ بـوونو لەگـەڵ یـەکتریو خولەشێتیش یارییان ئەکرد جاربەجار خولە، یا باجی زەکیە ئەیبردنـە هەنـدیّ دوکانی نزیکمان هەبوو شتیان بۆ ئەکڕین بەڵام شاناز گـاگۆڵکێی ئـەکرد مـن لەسەر مناڵ بوون بووم بەهەتاو سستەرو مامانیش نەیانئـەوێرا بـێن بۆلامـان. رەئیس صحەی کەرکوك کە ناوی دکتۆر عوسمان بـوو هـاورێی بـاوکی هێـرۆو برادەران بوو بۆیە کە خەبەرمان بۆ نارد کە حاڵم وایە چوو بەدزییەوە سـەرۆکی هەموو سستەرەکانی بۆ ناردم ناوی غەزاڵە بوو گاوریش بـوو زۆر کـچی چـاكو باش بوو هەمیشە بەرێوەبوو بۆ سەردانو فەحصو ئەو کارانـە هـەموو جارێـك خولە ئەچوو بەدوایا بە عەرەبانـە ئـەیهێناو ئـەیبردەوەو زۆر بەتەنگیـەوە بـوو لەماڵیشەوە خولە هەر بەوەدا ئەگەیـشت سـینی پڕکـات لـەخواردنو میـوەو کولیچە بۆ غەزاڵ ئەگەرچی غەزاڵە زۆر گەنج نەبوو زۆر لەخولە گەورەتر بـوو پیرە کچ بوو بەڵام خولە زۆر ئاگاداری ئەکردو بەپەرۆش بوو بـۆی بۆیـە هـەموو ئەهلی ماڵەکە پێیان ئەگوت خولـە ئـەوە حـەزت لەغەزاڵـە کـردووە ئـەویش

ئەچوو بەگژیاناو ئـەیگوت: قوڕبەسـەرە تـا دێـتو ئەڕواتـەوە ئـەتۆقێت لـەم سەگبابانەی بەردەرگا ئەی نابێ وای بۆ بکەم کەدڵی خۆش کەم.

هەتاو لەدایك بوو زۆر بەبێ دەنگیو بەتـەنیایی ماڵەکـەمان ساردو سـڕ نەباوکی لەوێ بوو نەکەسێك ئەهات بۆلامان هەرچەندە دڵمان بە هاتنی هەتاو خۆش بوو من منالەکانم زۆر زۆر خۆشەویست بەتایبەتی کە ساوا ئـەبوون زۆر پەیوەندییەکی بڕوانەکردەنیم هەبوو لەگەڵیان تێکـڕا لەهـەموو تەمـەنێکیانا خۆشەویستی لەحەد دەرچـووم هـەبوو بەرامبـەر بـە منالـەکانم بگـرە تـاوەکو ئێستەش. هەر منالێکم نەخۆش کەوتبێ نەخۆش کەوتووم سـەرومڕ لەگـەڵیان بەو نەخۆشیەش هەر بەدیاریانەوە ئەبووم جاری وا هـەبوو نانیـشم نەئـەخوارد تاوەکو منالەکەم چاك نەبووایـەوە زۆرجـار دایکـم بەگریانـەوە قاپـە چێـشتی ئەگرت بەدەستیەوەو بۆی ئەهێنامو ئەیگوت لەبەر خاتری منو دڵی من ئـەبێ شتێك بخۆیت ئاخر کە تۆ بۆ منالەکەت وا نارەحەتی تۆش منالی منی منـیش بۆ تۆ وا نارەحەت ئەبمو خەفەت ئەخۆم. دایکم دایکێکی بێ وێنە بـوو هـەموو منالەکانم لەسەرشانو لەباوەشە بەسـۆزەکەی ئـەودا بـەخێوکرانو گـەورەبوون ئەویش زۆری خۆشەویستن روحی بەسەر موییێکی سـەریانەوە بـوو. لـەو زروفو حالو وەزعە نالەبارەی ئێمەی تیابووین پارەو دەرامەتیشمان ئەوەندە نەبوو ئاخر ئەو حکومەتە بەدناوە نەیانئەهێشت باوکی هێرۆ هـەر هەناسـەیەك بکێـشێت هەر دەعوایەك ببینێت تاوەکو پارەیەکی هەبێت باوکی هێرۆ وەکـو محامییێکی زیرەك ئەوەندە مەشهور بوو جارێك لەقاهیرەوە یەکێ دەعوای بۆ هێنابوو دائیمو تێکڕا هەر بەدوایەوە بوون چەند مانگێك بەدەرەوە ئـەبوو دوو ئەوەنـدەی تـریش زیندانی ئەبوو یا خۆی ئەشاردەوە ئـیتر لـەکوێ کاسـبیو محامـاتی بکردایـە.

حیزبیش هیچی نەبوو لەیارمەتی ئەندامانی زیاتر وەزعـی دەرامـەتی زۆر شـڕ بوو.

لەبەرئەوە حالّمان باش نەبوو دایکم تاوەکو ئەو کاتە هـەر خـۆی جلـی بـۆ منالّەکانم دروست ئەکردو ئەدروو دایکـم زۆر هونەرمەنـدێکی دەسـتو پەنجـە زێـڕین بـوو هـەروەها خالّـە محەمەدیـشم تـەقاعودی هـەبوو بـەو گـەنجیو لێهاتوویییەوە حکومەت تەقاعودی کردبوو خالّە هەمزەشم ئەوە هەر هیچ هـەر لەدێهاتو ژێرزەمینان شاراوەبوو بۆیە حالّمان زۆر نالـەبارو دلّتەنگکـەر بـوو. هەروەها دایکم معاشی تەقاعدی باوکی هەبوو چونکە باوکی ئەفسەری سوپای عوسمانلی بوو بۆیە تەقاعدی ئەوی وەرئەگرت ئیتر بە هەرحالّ بوایە چارەسـەری خۆمان ئەکرد.

هەتاو وەکو ئەلّێن زۆر سەری بەخێر بوو هێشتا نەبووبوو بـە چـل ڕۆژ کـە لەدایك بووبوو فەرمان دەرچوو کە برایم ئەحمـەد بابێتـەوە سـەر ئـیشو کـاری هەروەها کاکە عومەر دەبابەش کە پێکەوە خۆیان لەبەرچاو ون کردبوو، کاکـە عومەری نەمر نەیهێشت باوکی هێرۆ خۆی دەربخاتو گوتی جاریّ با مـن بـچم نەوەکو فێلّ بێت کاکە عومەر هاتە دەریّو گەیشتە مالّەوە مالّی کاك تایـەری برای کە هەر لەویّ ئەژیا لەوبەر بوو لەئاخوڕی حوسێن بوو دلّمـان خـۆش بـوو چووین بۆ بەخێرهاتنی کاکە عومەر ئـەویش دانیـشت باسـی بـاوکی هێـرۆی بۆکردینو گوتی باجاریّ بزانم ئەمە چیە نەوەکو فێلّ بێت کە ڕاست بـوو هـیچ نەقەوما دوایی کاکە برایم ئـەبیّ بێتـە دەرەوە ئەحمـەد ئاغـا کـەرکوکلی زادە هەبوو کە زۆر دەولّەمەند بوو دائمو هەمیشە تەگەرەو دەعـوای هـەبوو بـاوەڕی بەکەس نەئەکرد لەباوکی هێرۆ زیاتر کە بـاوکی هێـرۆ ئـەگیرا ئەحمـەد ئاغـا

سەری دونیای لێئەهاتەوە یەك، ئەحمەد ئاغا چاونەترسو هەندێك دڕبوو هەر لەنووری سەعیدەوە کە سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتەی عێراق بوو لەگەڵ هەموو دەستەو دائیرەی حکومەت ئاشنای بوون بۆیە کە باوکی هێرۆ ئەگیرا ئەچووە سەریانو هەراسانی ئەکردنو ئەم بەربوونە کتوپڕەی ئەو جارە دەستی ئەحمەد ئاغای تیابوو وەکو باوکی هێرۆ بۆی گێڕابوومەوە. هەرچۆنێك بوو باوکی هێرۆش هاتەوە دەرێ دیارە هەموو بووژاینەوەو دڵمان خۆش بوو پێ و قدومی هەتاو زۆر خێر بوو. باوکی هێرۆ کچەکانی زۆر خۆش ئەویست کە کچم ئەبوو ئەگەر لەلامان بوایە زەماوەندی بۆ ئەکردن. هەندێ جار ئەمگوت ها دیسان ئێستە خەڵك ئەڵێن گەلاوێژ دیسان کچی بوو باوکی هێرۆ تووڕە ئەبوو ئەیگوت با بۆ خۆیان بڵێن فەرقی کچو کوڕ چیە کچی وا هەیە حەوت کوڕ ئەهێنێت ئینجا کچەکانی ماچ ئەکرد بە تایبەتی هێرۆی خۆشەویستیو ئەیگوت بەخوا ئەم کچەم بەشەش کوڕ ناگۆڕمەوە. ئەگەرچی باوکی هێرۆ کوڕەکانیشی زۆر زۆر خۆشەویست بەڵام زۆر لایەنگری ژن بوو لەسەر ژنی زۆر ئەکردەوەو ئەیگوت ئەمە گوایە کچیان بەدڵ نیەو هەر ئەبێ بۆ کوڕ زەماوەندو حەفلە بکەن کە کوڕیان ئەبێت لەبەرئەوە من بۆ کچەکانم کە لەدایك ئەبن زەماوەندو حەفلە ئەکەم.

چەند مانگێك بەسەر گەڕانەوەی باوکی هێرۆ تێپەڕی کرد وردە وردە خەریکی دەعواکانی بوو کە لادێو فەلاحەکان هەموو جارێك دەعواکانیان هەڵئەگرتو ڕائەوستان تاوەکو ئەگەڕایەوە هەروەها بەگەرمیش لەژێرەوە خەریکی چالاکیە حیزبیەکەی بوو. لەدوای بەینێك ویستمان ئەو خانووە بگۆڕین بۆیە گواستمانەوە بۆ خانوویەك لەوبەر ئیمام قاسم نزیك چایخانەی عاشور کە

ئەوكاتە چایخانەیەكی زۆر بەناوبانگ بوو لەم خانووە تازەیەمان دراوسێ مـاڵی كاكەی حاجی مەحمود بووین كە كـۆیی بـوون‌و خزمـی عومـەر دەبابـە بـوون دیوارێكمان لەبەین بـوو دەستەچەپیـشمان مـاڵی سـت فاتمـە بـوو ئـەوانیش مـاڵێكی كوردی زۆر نەجیب‌و بەحورمەت‌و خۆشەویـستەنی بـوون ماڵەكـەمان بەرامبەر فلكەكە بوو زۆر لـەپێش‌و سـەرپەڕو بەرچـاو بـوو ئەوبەریـشمان دوو ماڵە توركمان بوون یەكێكیان ماڵی ست عدویە ئەوانیش بـوون بەئاشـنامان‌و زۆرمان خۆشویستن خانووەكەمان هی پیاوێكی كورد بوو پێیان ئـەگوت عـەلی جگەرە گوایە بەگەنجی سندووقە دارێكی پێ بـووەو جگـەرەی فرۆشـتوە دوایـی دەوڵەمەند بووەو چەند خانووێكی هەبوو عەلی جگەرە هـەتا بڵێیـت پیـاوێكی نەجیب‌و باش بوو لەگەڵ ژنەكەی ئـەهاتن بۆلامـان دووسـێ كـچی بەشـوویان هەبوو تاقە كوڕێكی دە دوانزە ساڵییان هـەبوو نـاوی (منتـصر) بـوو عـەلی جگەرەو ژنەكەی لەباپیرو نەنكی مناڵەكـە ئەچـوون بـەڵام كـوڕی ئـەوان بـوو. خولەشێتەكەمان بووژابووەوەو دڵی خۆش بوو دائم لەقسەو گاڵتـەو سـوعبەت دابوو لەگەڵ دەرو دراوسێ لەخۆشی كاكە برایمیش ئەوە هەر باسی ناكرێت كـە چەند دڵی خۆش بوو.

شەوان تا درەنگ خولە لەناوەڕاستی فلكەكەی بەر دەرگاكەمان دائەنیشت تاوەكو باوكی هێرۆ ئەگەڕایەوە ماڵێ. كە پێمان ئەگوت بۆ لەوێ‌و لەسەر ئـەو بەردانە دائەنیشی، ئەیگوت ئێوە ئاگاتان لەچیە ئەمن‌و خوێرپەكان بەشەو دێن دەورو خولی ماڵەكە ئەدەن‌و ئەیانەوێت بێنە ناو فلكەكەوە دانیشن فلكەكە زۆر خڕو بچكۆڵەبوو لەوە ئەچوو كە جاران جێ پۆلیسی ڕێگاوبـان بـووبێ (شـرطي مرور) خولە ئەیگوت: ئینجا كە ئەوانە مـن ئـەبینن نایـەن بـەڵام زۆر تـووڕە

ئەبن‌و حەزناکەن من لەوێ بم. ئەترسم ئەو سەگبابانە شتێك لەكاكم بكەن كـە بەشەو ئەگەڕێتەوە دووسێ جار شەڕیشیان بەخولە فرۆشتبوو ئەویش گوتبـووی پاسەوانی مالّی خۆمان ئەکەم ئێوە هەقتان چیە بەشکەم ئێوە دز بن ئەی بۆچی هەموو شەوو ڕۆژ بێرەدا دێن‌و ئەڕۆن. زۆرجار لەگەڵ باوکی هێرۆ ئەڕۆیشتم بـۆ سلێمانی بۆ ئیش‌و کاری خۆی کە ئەگەیشتینە مەخفەرو سـەیتەرەی تاسـلوجە ئۆتۆمبێلەکەیان ڕائەگرتین ئەوانەی ڕایان ئـەگرتین یـەکێکیان دەسـتی ئەنایـە پەنا دەمی‌و بەبـەرزی هـاواری ئـەکردە ئـەوەی بـەر مەخفەرەکـەو ئەیقیڕانـدو ئەیگوت: برایم ئەحمـەدە بـرایم ئەحمـەد. ئـەوانیش پێیـان ئـەگوت جـارێ بـا ڕاوەستێت ئینجا ڕایـان ئـەگرتین تـاوەکو وەڵامیـان ئەدانـەوە دیـارە لـەژوورێ ئەکەوتنە جیهازکردن‌و لاسلکی‌و تەلەفۆن کەوا برایم ئەحمەد هاتووە ئەچێت بۆ سلێمانی دوایی یەکێك ئەهاتە دەرێ ئـەویش ئەیقیڕانـد بـۆ ئەوانـەی لـەلامان ڕاوەستابوون دەستی هەڵەبڕی بە ئیشارەت‌و ئەیگوت: قەیناکا با تێپەڕێ جـاری واش هەبوو ئەیگوت: نابێ نابێ ئیمڕۆ ناکرێ ئـەبێ بگەڕێتـەوە ئـەو شـوێنەی لێی هاتووە ناچار ئەبوو بگەڕێینەوە کەرکوك. هەم دیسان وایان ئەکردو ڕایـان ئەگرتین.

لەو خانووە تازەیەمان یاخود خانووی عەلی جگـەرە زۆر ڕووداوی ناخۆشمـان دیت لەو خانووەدا بووین کە (عدوان ثلاثي) کرایە سـەر مـصر بۆیـە دیـسان باوکی هێرۆو برادەرانی بەتایبەتی کاك عومەر دەبابەو مەجیدی کاکەی حاجی مەحمود کە ئەو شیوعی بوو گیران‌و ڕەوانەی زینـدانی کـەرکوك کـران هـەموو ڕۆژێك لەماڵی یەکێکیانەوە نانیان بۆ ئەچوو هەروەها نوێن‌و قەروێڵـەشمان بـۆ نـاردن. ماوەیـەکی بـاش ئەوانـە زینـدانی بـوون کـە شـتێکی وا ڕووی ئـەدا

دەستبەجێ خەباتکـەرانیان ئـەگرت بـاوکی هێـرۆ هـەر یەکـەم کـەس ئـەبوو لەبەرئەوەی ئەترسان چالاکیو خۆپیشانداندو پشتگیری خۆیان دەربـڕن بـۆ ئـەو تاوانە. لەو خانووەدا بووین کە دکتـۆر عبـدالرحمن قـاسملو هاتـە مالْمـان بـە قاچاغیو بەدزییـەوە بـرادەران ئەیانپاراسـت لـە کاتێکـا کـە خۆمـان لـەژێر چاودێری حکومەتدا بووین ئینجا ترسەکەمان ئەبوو بە دوو تـرس کـە نـەوەکو بێن ماڵەکەمان بگەڕێنو بیبینن‌و ئەویش بگرن چونکە ئەو بـرادەرە ئێرانیانـە بە دزییەوە ئەهاتن سنووریان ئەبڕیو ئەهاتنە دیوی ئێمەو برادەرانی ئێمـە زۆر ئاگاداریان ئەکردن. دکتۆر عبدالرحمن قاسملو ئەیویست دەربازی کەن کە بڕواتە دەرەوە تاوەکو پێش ڕۆیشتنی چووم بۆ بازاڕ دیاریم کڕی بـۆ ژنەکـەی کـە بـۆی ببات لەگەڵ خۆی دکتۆر عبدالرحمن قاسملو قسەی خۆش بوو زۆر لەگەڵ خولـە بەزمیان ئەبوو پێکەوە.

لەو خانووەدا بـووین کـە شـێخ مـەحمودی مـەزن وەفـاتی کـردو تەرمـە پیرۆزەکەیان هێنایـەوە بـە کەرکوکـدا تێپـەڕی بـۆ سـلێمانی بـاوکی هێـرۆش لەگەڵیان ڕۆیشت. (ڕۆمانی ژانی گەل) ئەو ڕۆژە لەو ڕووداوەوە پێکهات چونکە من ژان ئەیگرتمو باوکی هێرۆ ناچار بەجێیهێشتمو ڕۆیشت ئیتر کە گەیـشتبووە سلێمانی بووبوو بەهەراو خۆپیشانداندو بروخێ حکومـەت. حکومـەت تەقـەی لەخۆپیشاندەران کردبوو زۆریشی خەڵك شەهیدو بریندار کردبوو گیرابوون لـەو شەهیدانە ئەختەری هاوسـەری هونەرمەنـدی کوردپـەروەر ڕەشـۆڵ بـوو چـەند ڕۆژێك بوو سلێمانی شێوابوو خەڵك هەموو دڵتەنگو نارەحـەت بووبـوون کـە باوکی هێرۆ دوای چەند ڕۆژێك گەڕایەوە کەرکوك منیش منالْم بووبوو. لیلۆزی کچم بوو. باوکی هێرۆ کە گەڕایەوە لەسلێمانی پێی گوتم: گەلە ڕۆمانێکم لـەم

ڕووداوانەم پێکهێناوە لەمێشکما، ئیتر بەکورتی بۆی باس کردمو گوتی: من لەگەڵ تەرمی شێخ مەحمودی نەمر چووم تۆ لێرە ژان ئەیگرتی کە چووین، بوو بەهەراو تەقەو کوشتنو گرتن، من بگیرامایە ئیتر نەمزانیایە چیت بەسەرهات. زۆرم پێ خۆش بوو گوتم دەی دەستی پێ بکە دەستت خۆش بێو دیسان مەڵێ ئیمڕۆ نە سبەینێ نە شەو نە بەیانی. باوکی هێرۆ هەندێ تەمەڵ بوو لەنووسینداو هەر ئیمڕۆو سبەینێی پێ ئەکرد تاوەکو بۆ نامەنووسینیش وابوو. کە خەریکی نووسینی شتێك ئەبوو زوو زوو ئەچوومە سەرێ کە سەیرم ئەکرد خەریکی کارێکی ترە ئیتر ئەبوو بەقڕەمان هەندێ جار گوێی لەتەپەی پێم ئەبوو کەوا هاتم بۆلای هەر زوو نووسینەکەی ئەگرت بەدەستیەوە گوایە وا ئەینووسێت. بەڵام ژانی گەل هەر زوو دەستی پێکرد ماوەیەکی زۆریشی پێ چوو تاوەکو تەواو بوو ئەویش چونکە زۆر سەری قاڵ بوو ڕووداوی وا ڕووی ئەدا کە ناچار (ترکیز)ی خەیاڵی پەرشو بڵاوئەکردەوە.

هەروەها لەو بەینە هەژاری شاعیریش کە نەخۆشی سیلی هەبوو زۆر نەخۆش بوو ئەویش لای ئێمە بوو لەکەرکوك زۆر نەخۆش بوو پەکی کەوتبوو برادەرانمان لەسنورەوە پەڕاندبوویانەو گەیاندبوویانە کەرکوك کاك عومەر دەبابەی نەمر خەریکی بوو هەوڵیان ئەدا لەڕێگای مووسڵەوە بینێرنە دەرەوە بۆ بۆلای دکتۆر. خوشکێکی باوکی هێرۆش هەر نەخۆش بوو دەمێك بوون خەریکی گرتنی شوێن بوون بۆی لە لوبنان لەمصح بحنس کە هی ئەو جۆرە نەخۆشیانە بوو هەروەها زۆریشیان هەوڵ بۆ دابوو لەوەزارەتی صحەی بەغدا. ئاخری ئیشەکەی بۆ جێبەجێ بوو ئامادەکرا کە بڕوات بەڵام باوکی هێرۆ ئەو ئیجازەو حیجزو شوێنەی دابە هەژار گوتی با جارێ ئەو ڕزگاری بێتو

لەبەرچاوی گەلێ کەسمان کە کاك عومەری نەمر هەژاری دا بەکۆڵیا کە بیبات بیخاتە ئۆتۆمبێلەکەوە هەژار خوێنی هەڵ هێنا بەسەر شانی کاکە عومەردا دوایش بەهەزار ترسو لەرزو شاردنەوە گەیاندیانو پەڕاندیانەوە لەسنوور بۆ سوریەو لوبنان. خوشکی باوکی هێرۆش بەسەزمانە سەرلەنوێ تیا هەڵچوونەوە بۆ ناردنی بۆ لوبنان. کەچی کە هەژار چاك بووەوەو خۆی گرتەوەو سیلو خوێن هەڵهێنانەکەی نەما کە گەڕایەوە لەدوای بەینێکی ئەم بەرو ئەوبەر کەوتە شیعر نووسینو مقال نووسینو قسە پێ گوتنی ئەو کەسانەی پاراستیانو خوێنی بەسەر شانیانەوە هەڵئەهێنا کەوتە جنێودان بە باوکی هێرۆو برادەرانی ئەوەش وەفاو پیاوەتی ئەو هەژارە شاعیرە بوو، بەڕاستی ئەوەی من ئەمبینیو لەبیرمەو لەبەرچاوم بوو لەماڵمان بۆیان ئەکرا برادەرانی ئێمە سەرەڕای زروفی ترسناكو خەتەرناکی خۆیان هەر خەریکی کوردی ئێرانی بوون کاتێ لەکوشتنو بڕینی شاهی ئێران هەڵئەهاتنە دیوی ئێمە کەچی زۆریان زۆر سپلەو بێ وەفا دەرچوون لەگەڵ برادەرانی ئێمە.

سێ ساڵ زیاتر لەو خانووەدا ماینەوە پێش هەموو کارێکی تر باوکی هێرۆ ویستی پارچەیەك ئەرز پەیاکات بەشکەم خانووێکی لەسەر دروست کەینو هەندێ ئەو ماڵو منداڵەی بەدڵنیایی بەجێبهێڵێت کاتێ ئەگیرێو زیندانی ئەبێت بۆیە لەسەرو ماڵی ست عدویە کە ڕێك پشتیانو لەسەر خاسە بوو بەرامبەر بە چایخانەی عاشور، باوکی هێرۆ پارچە ئەرزێکی کڕی. بۆیە دڵمان خۆش بوو کە لەم شەڕەشەقی خانوو گواستنەوەو خانوو نەدانەو ترسی خاوەنەکانیان لەئێمە ڕزگارمان بێت. ئەرز تەخت کراو ژوورو حەمامو ئەو شوێنانە خەریتەی بۆ کێشرا بەرد خرا ئیتر خەریك بوو دەستی پێ بکەین کە

بەیانیەك نەوزادی کاکەی حاجی مەحمود لەسەر دیوارەکەی بەینمان سەری شۆڕکردەوە بەسەر حەوشەکەماندا بەپەلەو شپرزەییەوە قیڕاندیو گوتی: خێراکەن ڕادیۆی بەغدا بکەنەوە شتێکی زۆر گەورە قەوماوە کە لەپڕ گوتی: ئێرە ئێستگەی جمهوری عێراقە بەیانی یەکەم.

میللەتی بەڕێز لەدوای پەنا بردنەبەر خوای گەورەو پشتگیریو پشتبەستنی ڕۆڵەی گەلو هێزی چەکداری سوپا دەستمان کرد بە ڕزگارکردنی ولاتە خۆشەویستەکەمان لەدەست ئەو تاقمە بەدخوو بەدناوە کە ئیستعماردایمەزراندبوون بۆ ئەوەی میللەت لەناوبەرن بە پێی مەصلەحەتو قازانجی شخصی خۆیان ئیشو کارەکانیان ڕاپەڕێنن. هێزی چەکداری سوپا لەئێوەیەو بۆ ئێوەیە ئەو ڕۆژەش ڕۆژی ١٤/٧/١٩٥٨ چواردەی تەموز بوو ئیتر نازانم هەستو بیرو بۆچونی خۆمان وەسف کەم چونکە هەموو حەپەسابووینو خۆشیو ترسو فرمێسكو شادیو پێکەنین هەمووی تێکەڵ بوون. هەر بەیان تەواو بوو دەرو دراوسێ کردیان بە دەنگە دەنگو خەڵك ڕژانە سەر شەقام لەگەڵ ئەوەشا قەدەغەی چوونە دەرەوەیان داناو ئیعلانی منع التجولیان کرد.
بەلام فایدەی نەبوو هەر زەلامو ژن هەڵپەڕینو هەڵهەڵەکێشان بوو بەڕاستی ئەو ڕۆژە ڕۆژێك بوو ڕووداوێك هەروەك خەو وابوو. هەر لەماڵی ئێمەوە تاوەکو ئەو خەلکەی لەسەر شەقام بەیەکتریان ئەگوت ئا توخوا ئاوێکی سارد بکە بەسەرما یا زللەیەکم لێدە با خەبەرم بێتەوە چونکە ئەترسم ئەمە خەوبێت. ئەوانەی سەر بەو ڕژێمە بەدناوەو ناحەزی میللەتو گەل بوون زیرەیان کردو کون نەما خۆیانی تیا بشارنەوە، دەرگای زیندانەکان شکێنرانو خرانە سەر پشت زیندانی سیاسی کەبە هەزاران بوون هەموو بەربوون شاراوەو قاچاغیش

هاتنە دەرەوە کە لــەزۆر کــەس زیــاتر دەربــەدەرو شــاراوەو ژیــانی پڕمــەترسـیو نالەبارتر خاڵە هەمزەم بوو خاڵــە هــەمزەم هاتــە دەرەوەو گەیــشتە لامــان بــۆ کەرکوك ئیتر لەخۆشیانا نەمانئەزانی چی بکەین کــەس نــانو ئاویــشی لــەبیر نەمابوو بیخوات.

خاڵە هەمزەم هەروەها کاك نووری ئەحمەد تەهاش کە هەر لەزینــدانا بــوو حوکمی ئیعدامی لەسەر بوو بۆ ماوەیەکی زۆر زینــدانی بــوو خاڵــە هــەمزەمو ئەوانیش ڕۆیشتنی ئاسایی وەکو خەڵکیان لەبیر چووبووەوە خاڵــە هــەمزەم کــە لەدەرەوە ئەڕۆیشتو ئەچوو بەڕێوە یا بەقاچی وەك ڕاکردن ئەڕۆیشت یــاخود زۆر بە ئەسپایی کاك نووری ئەحمەد تەهاش هەروەك خاڵە هەمزەی لێهاتبوو ئەویش بەو جۆرە ئەڕۆیشت بەڕێوە.

باوکی هێرۆ کە ئەوسا سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کە ناوی پارتی دیموکراتی کورد بوو ئەو ناوی کرد بە پارتی دیموکراتی کوردستان باوکی هێرۆو برادەرانی بەناوی حزبو میللەتــەوە هــەر زوو بروســکەی پیرۆزبــایی بــۆ سەرکردەی شۆڕشی ١٤ی تەموزیان نارد کە (مجلس قیادة الثورة) بوو لەجیاتی رەئیس جمهور بە مۆقەتو قائدی عام قوات المسلحه عەبدولکەریم قاسم بــوو. بڕیاریاندا کە لەهەموو شــارەکانی کوردســتانەوە وەفــد بنێــرن بــۆ بەغــدا بــۆ پیرۆزبایی، وەفدی کوردی گەیشتە بەغدا پێش ئەوانیش باوکی هێرۆو برادەرانی چوون بۆ پیرۆزبایی کردنی هەموو پشتگیریو هەموو توانای جەماوەری حیزبو میللەت بۆ پاراستی ئەو شۆڕشە پیرۆزە.

باوکی هێرۆ ئیتر لەبەغدا مایەوە لەگەڵ برادەرانی دوایــی ئــەبوو ئێمــەش بگوێزینەوە بەغدا ئیجازەی حیزبەکان درا کەبە ئاشکرا ئیش بکــەن دیــارە کــە

ئیجازەی پارتیش درا کە ئیتر ئاشکرا بێت باوکی هێرۆو برادەرانی هەوڵی بارەگایاندا کە بیگرن. من هەر زوو لەگەڵ منداڵە هەرە بچووکەکەم هێڤی کچم بوو لەگەڵ هێرۆو هەڵۆو باجی زەکیە چووین بۆ بەغدا بۆ ماڵی ڕێسانی خوشکمو کاك صدیق ئەتروشی هاوسەری کاك صدیق زۆر ئینسانێکی پیاو مەردو پاكو دڵسۆزمان بوو زۆر زۆرمان خۆشەویست بێجگە لەوەی دکتۆرای هەبوو لەعلوم دەرچووی ئەمەریکا بوو مامۆستای کولیەی علوم بوو دوایش کرا بەعەمید. لەماڵی ڕێسانی خوشکم دابەزین ماڵیان لەصلیخ بوو دوو منداڵیشی هەبوو هەڤاڵو میان.

زۆرجار لەگەڵ کاك صدیق ئەچووین سەیری خانوومان ئەکرد کە بیگرین بۆمان دایکمو خاڵمو منداڵەکانی ترمو ئەو خەڵکانەی لامان بوون لەکەرکوك مابوونەوە خۆیان ئەپێچایەوەو چاوەڕێی خانوو گرتن بوون. بۆیە زۆر مەراقم بوو بەپەرۆش بووم بۆ خانوو گرتن باوکی هێرۆمان هەر نەئەبینی ئەوەندە سەری قاڵ بوو هێشتا هەر ئەگەڕان بۆ بارەگا پەیداکردن بۆیە لەئوتێل تروکادیرو بوون لەبەغدا، ئوتێل تروکادیرو هی کابرایەکی گاور بوو زۆر هاوڕێی کۆنی خاڵە هەمزەم بوو ناوی عەبد بوو براکەشی ناوی یوسف مەتی بوو ئەویش محامی بوو دائیمو هەمیشە گیراوو زیندانی بوو هاوڕێو برادەرانی زۆر دڵسۆزی خاڵە هەمزەم بوو زۆر ناسیاومان بوونو لەمنداڵییەوە کە هێشتا زۆر منداڵ بوومو بەحاڵ بیرم دێت کە خاڵە هەمزەم تەلەبە بوو لەحقوق من ئەو یوسف مەتیەم ئەبینی لەگەڵی کە هات بۆلامان ئەگەر بەڕێکەوت ئەویشو خاڵیشم زیندانی نەبوونایە.

ماڵی شەفیقەخانی دایکی شاعیری خۆشەویست شێرکۆ بێکەس ئـەوانیش ئەوکاتە لەبەغدا بوون‌و شەفیقە خان لەدوای ئەوەی خوالێخۆش بوو کاك فایەق بێکەس ئەمری خوای کـرد شـووی کـرد بـە کـاك عومـەر هەڵمـەت کـە زۆر کوڕێکی دڵسۆزبوو بۆیان کاك عومەر هەڵمـەت کـە بێـژەر بـوو لەئێـستگەی بەغدا بەشی کوردی زۆر ئینسانێکی باش‌و لێهاتوو بوو. بۆیـە کـە زانیبوویـان هاتووم دەعوەتیان کردین ماڵیان لەوەزیریە بـوو ئـەو ڕۆژە لـەوێ بردمانەسـەر نان‌و چێشتە خۆشەکانی شـەفیقەخانمان خـوارد باسـیش هـەر باسـی شـۆڕش‌و خۆشی‌و شادی هەمووان بوو گـەڕان‌و پەیـداکردنی خـانوو بـۆ ئێمـە، ئـاخری هەستاین بڕۆین بەپیاسە لەکۆڵانەکەیانەوە هاتینـە سـەر شـەقامە گەورەکـەی وەزیریە. وەزیریە ناوچەیەکی خۆش‌و بەناوبانگ بوو شەقامی جوان جوانی تێـدا بوو، هەر لەکۆڵانەکەیان دەرچووین هاتینە سەر شەقامەکەو ژێر ئـەو درەختـە خۆشانەی (کالبتوسی) بۆنخۆش لەوێ تووشی خانووبێکی گەورەی هەندێ کـۆن بووین دەستم درێژ کردە ئەو خانووەو گوتم ئۆ خوایە گیان خۆزگـە کەلاوەیـەکی وەکو ئەم خانووەشمان دەستکەوتایە هەر باش بوو وام گوت ئیتر لەگەڵ خوشکم‌و ئەو جەماعەتەی لەگەڵم بوون پێکەنین‌و ڕۆیشتینەوە ماڵی خوشکم ئـیتر هـەر بیرشم نەما، دۆست‌و برادەرانیش هەر هەڵیان ئەدا کە خانوومان بۆ پەیداکەن.

دووسێ ڕۆژی بەسەر داچوو باوکی هێرۆ تەلەفونی بۆ کـردم کـە هـەر زوو زوو تەلەفونمان ئەکرد بۆ یەکتری‌و گوتی: خۆت حازرکە سبەینێ برادەرێك دێت بە شوێنتانا بۆ سەیرکردنی خانوویێك بەشکەم بەدڵت بێـت، سـبەینێ ئێـوارە برادەرەکە هات سواری ئۆتۆمبێلەکەی کردین‌و کەوتینەڕێ سـەیر ئەکـەم دوای تۆزێك ڕووی کردە وەزیریە. گوتم بۆچی خانووەکە لەکوێیە؟ گوتی: لەوەزیریەیە.

گەیشتینە وەزیریە سەیر ئەکەم ئۆتۆمبێل هەر ڕاست ڕۆیشتو ڕێك لەبەر ئـەو خانووەدا ڕاوەستا کە من گوتم ئوخوا کەلاوەیێکی وەك ئەوەشمان بـۆ بنێـری هـەر سوپاست ئەکەم سەرم سوڕما هەروەها هەموو ئەوانەی لەگەڵیشم بوون سەیری یـەکتریمان کـرد. گـوتم ئەمـە خانووەکەیـە بـەڵام ئـەو ڕۆژە خـەڵکی تیـابوو بەردەرگاکەیان ئەشت، کابرای برادەرمان گوتی: ئەمە شێخێکی بارزانی تیابوو کە حکومەت وەك دەستبەسەری کردبوو لێرەوە خستبوویە ئەم خانووەوە لەگـەڵ ماڵو منالی ئێستە ئـەوانیش بـەرەڵابوونو ڕۆیـشتنەوە. هەرچـەندە خانووەکـە لەتۆکمە گەورەکان بوو بەڵام کۆن بوو هەرچۆنێك بوو گرتمان خەڵکیشمان نـارد پاکیان کردەوە دایکمو خاڵمو نەنەو منالەکانی ترم ژنێکیش لەکـەرکوك هاتـە لامان دوو کوڕیشی هەبوو حەوت هەشت ساڵ بوون مێردەکـەی مردبـوو نـاوی بەگم بوو ئەوانیش دایکم هێنـابوونی لەگـەڵ خولەشـێتی خۆشمـانو کـوڕێکی هەرزەکاریش ناوی ئەحمەد هەورامی بوو ئەویش هـەر لەمنالییـەوە بـەخێومان کردبوو.

دامەزراین هەر ڕاست بەرامبەر ماڵەکەمان کە شەقامەکەمان بـەین بـوو مەکتەبی (المأمونیة النموذجیة) بوو لەبەرئەوە منالەکانمان ناردبوو بـۆ ئـەویَ هێرۆو هەلۆو شانازو هەتاو کە زۆر منالْ بوون ئەو مەکتەبە ئەوەندە نزیك بـوو زۆرجار زەنگەکە لێی ئەدا هەندێ لەمنالەکانمان ئەوسا ڕایان ئەکرد ئەڕۆیـشتن هەرچەندە ئەو مەکتەبە زۆر باش بوو دڵمان پێ خۆش بـوو چـونکە مەکتـەبی تایبەتی بوو زۆر چاك بوو بەڵام دوای بەینێك تـۆزێ ئەرکیـشیان هـەبوو وەکـو میوانێك بهاتایە بۆ ئەو مەکتەبە ئەهاتنو ئەیانگوت توخوا سەماوەرو پیاڵەی جوانمان بدەنێ میوانی گەورەمان بۆ دێت، یا لەپڕ دەستمان لەئیشا بوو سەرمان

قاڵ کەچی پیرەمێردی فەراشیان ئەهات ئەیگوت هەندێ قاپی میوەی گەورە یا بەڕە یا فەرشێکی بچووك ئیتر لەم کارانە زۆریان هەبوو ئێمـەش بـە خۆشـیەوە ئەماندانیێو بۆمان پەیائەکردن وەکو خزمان لێ هاتبوو لەگەڵیان.

سەرمان قاڵ بوو لەبەغدا لەهەموو ڕوویێکەوە میوانی زۆرمان ئـەهات چ ژن چ پیاو تێکڕاو هەندێ برادەران ئەهاتن لـەلای ئێمـە کۆبوونـەوەیان ئـەکرد بەتایبەتی کە ژووری دیوەخانێکی زۆر گەورەو فەریحو خۆشمان هەبوو خانووەکە هی (منیر القاضي) کەکاتی خۆی مامۆستای باوکی هێرۆ بوو لەحقوق، دوایش بووبوو بە وەزیر لەحکومەتی مەلەکیدا بۆیـە مـنیر القاضـي زوو زوو سـەری ئەداین لەگەڵ باوکی هێرۆ ئەکەوتنە قسەو باسی حاڵو ئـەحواڵی وەزع. خـەڵك بە کوردو عەرەبیەوە لەوپەڕی خۆشـیو هەڵپـەڕکێو شـادیو هـەموو ڕۆژێـك خۆپیشاندان بوو بەجۆرێك کـە ئـیتر زۆری خـەڵك بەتـەواوی بێـزار بووبـوونو هاواریان لێ هەستا بوو کە کوڕە باوکم لەڕێی خوادا بەسە ئیتر لێمـان بگـەڕێن کاسبی خۆمان بکەین. بەتایبەتی حزبەکان بەربەرەکانی زۆریان بوو کە کامیان زیاتر خۆیان بەرنە پێشەوە لەلای سەرکردەی شۆڕشەکە حیزبی شـیوعی مـاوەی نـەدابووە کـەسو هـەر بـەجارێك دونیایـان خواردبـوو بەتایبـەتی سـەرۆك مەحکەمەی شۆڕش (فازل مهداوی) کە خزمی زەعیم عەبدولکـەریم قـاسمیش بوو ئەیانگوت کە شیوعیەو هەروەها (وەسفی تاهر)یش کە (مرافق)ی زەعـیم عەبدولکەریم بوو ئەویش سەر بە شیوعیەکان بوو بەڵام باوکی هێرۆو برادەرانی ڕێزێکی تایبەتیان هەبوو لای عەبدولکەریم قاسم.

لەگەڵ ئەو هەموو هەڵپەرکێو هەموو ڕۆژێك خۆپیشاندانی شـیوعیەکان لەخۆشی شۆڕش هەموو کەسێکیش بەشدار ئـەبوون تیـای. ترسـێکی زۆریـش

هەبوو لەدڵی هەموو کەسێکا ئەویش ترسی کودەتای ناحەزانی شۆڕشەکەبوو، بۆیە هەر چەند ماوەیەك لەلایەکەوە تەقەو هەرا بەرپا ئەبوو بەڵام هەر زوو دەمکوت ئەکرانو لەژێر پێی میللەت ئەشێلران.

پارتی بارەگای پەیداکرد بوو لەباب المعظم نزیك شارع المتنبیو کەوتبووە چالاکی ئاشکرا. زەعیم عەبدولکەریم ڕۆژنامەیەکیشی دا بە باوکی هێرۆ ڕۆژنامەی خەبات، ئیتر خەبات کەوتە گەڕو سەروتار نووسینە گرانبەهاو دەستو پەنجە زێڕینەکانی باوکی هێرۆ کەوتنە نووسینو کار هەروەها برادەرانی کەش شتیان تیا ئەنووسی بەتایبەتی مام جەلال، خەبات بووبە ڕۆژنامەیەکی زۆر بەرزو بەناوبانگ. وەکو لەپێشەوە گوتم زروفی ماڵی ئێمەو حیزب زۆر شڕبوو کرێی سێ مانگی بارەگا کەڵەکە بووبوو لەسەر برادەرانو نەبوو بیدەن هەروەها برادەرانی ئێمە ئەیانویست بکەونە چالاکیو گەڕانەوەی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی. مەلا مستەفای رەحمەتی ڕەسمێکی بۆ باوکی هێرۆ ناردبوو بەجلی ئەفەندیەوە دەستێکی لەگیرفانی بەر باخەڵی دابوو ئەو ڕەسمە زۆر ڕەسمێکی جوانو خۆشەویستەنی بوو بۆیە ویستیان ئەو ڕەسمە گەورەکەنو بڵاوکەنەوە وابزانم وەکو پۆستەرو شتی وا بەڵام پارە نەبوو بۆیە باوکی هێرۆ هات پێی گوتم ئەگەر ئاڵتوونەکانمیان بدەمێ بیخەنە مەصرەف (الرهون)ەوە کرێمان هاتۆتە سەرو بۆ ئەو کارانەی تر منیش گوتم وەی بەسەر چاو هەر ئەوانو هەر ئاڵتوون حەز ئەکەی هەر بیبەن بیفرۆشن موبارەکتان بێت باوکی هێرۆ گوتی: نەء سوپاست ئەکەین تەنیا ئەیخەینە مصرەف الرهونەوە دوایی بۆت دەردێنین ئاڵتوون درا بەدەست برادەرێکی زۆر خۆشەویستمانو بردی خستیە بانکەوەو پارەی پێ وەرگرتو کارەکانیان پێ جێبەجێ کرد ئەوسا

حەبیب محەمەد کریم مەئموور بوو لە مصرف الرهون هــەروەها بێــژەریش بــوو لەڕادیۆی بەغدا شەش مانگێك وابزانم بەسەردا تێپەڕی کرد کـاتی دەرهێنــانی ئاڵتوونەکان هات بــەڵام بــرادەرە خۆشەویــستەکەمان کــە بەناوییــەوە خرابــووە مصرف الرهونەوە لەگەڵ وەفد چووبووە دەرەوەی عێــراق، ئەوســا زوو زوو وەفــد ئەنێرانە دەرەوە بۆئەوەی باسی باشیو چاکەی شۆڕش بکەن لەبەرئەوە هەر وەفــد بەڕێوە بوو بۆ وڵاتان.

ئاڵتوون کاتی هاتو خەریك بوو مصرەف الرهونەکە ئاڵتوونەکــە بفرۆشــن کاك حەبیب چەند جارێك تەلەفونی بۆ باوکی هێرۆ کرد کەچی بکــەن چــونکە ئاڵتوونەکان حــەیف بــوونو هــەمووی دەســتکردی ئاڵتوونگــەری جوولەکــەی سلێمانی بەناوبانگ بوو کە پێیان ئەگوت رفائیلو ئەگەر بانك بیفرۆشتایە زۆر بەهەرزانی ئەدا بۆیە کاك حەبیب توانی فیڵێــك بکــاتو دیــزە بەدەرخۆنەکــەی بکات وەکو مەسەلەکە گوتەنی کاغــەزو بەڵگــەکانی لەبەرچــاو ون کــات بــۆ چــەند ماوەیــەك تــاوەکو بــرادەر گەیــشتەوە بەغــدا ئــیتر چــوو ئاڵتوونــەکانی دەرهێنایەوە. ئەو برادەرە خۆشەویستەشمان مام جەلال بوو. هەر زوو خوالێخشبوو مەلا مستەفا بارزانی بروسکەی پیرۆزبایی بــۆ ســەرکردەکانی شــۆڕش نــاردبوو گوتبووشی کەوا حــەز ئەکــەم بیمــەوە ئەوســا خوالێخۆشــبوو مــەلا مــستەفا لــەئیتحادی ســۆڤێتی بــوو لەگــەڵ هەنــدێ لەهەمڕاهــەکانی بــاوکی هێــرۆو برادەرانیش کەوتنە هەڵپەهەڵپو چالاکی بەهۆی کاك کریم قەرەنییەوە کــە زۆر برادەرێکی مەردو پیاو بوو هەروەها لەسوپاو ناو شۆڕشدابوو هەندێ ئیشی بــۆ برادەرانی ڕائەپەڕاند بۆیە کەوتنە دوای پاسپۆرت بۆ مەلا مستەفای ڕەحمــەتیو یەکێکی تر هەروەها بلیتی تەیارە بۆ چەند کەسێك بکــڕن کــە بــاوکی هێــرۆو

کاك نووری ئەحمەد تەهاو شێخ عوبێدی کوڕی خوالێخۆشبوو مەلامستەفاو برادەرێکی تریش ناوی ئەسعەد خۆشەوی بوو دیسان دامان بۆ پارە بۆ بلیت یەك دووانێکیان بەحاڵ پارەی بلیتی پەیداکرد بوو دووانی کەش نەبوو. باوکی هێرۆ هیچ خۆی تێك نەداو بەپەلە جوابی نارد بۆ کاکەی حاجی مەحمودو کاکە حەمەی خزمی لەکەرکوك کە زۆر بەپەلە ئەرزەکەی بۆ بفرۆشنو پارەکەی بۆ بنێرن ئەرز فرۆشراو پارە درایە دەست عەلی جگەرە هەر دوای دوو ڕۆژ بۆی هێناینو زۆریشی خەفەت بۆ خواردین چونکە ئەرزەکە زۆر باش بوو خزمێکی عەلی جگەرە کڕیبووی، باوکی هێرۆش کەوتە جێبەجێ کردنی کاری بلیتو سەفەرەکەیان هەروەها دیسان کرێی بارەگا هاتبوو ئەویشی داو سواری تەیارە بوونو چوو لەگەڵ ئەوانی تر بۆلای مەلا مستەفا بارزانی نەمر بۆ ئیتحادی سۆڤێتی کە بیهێنێتەوە بۆ وڵات.

لەڕێگاشەوە چووبوون سەری مصرو سەرۆك جمال عبدالناصریان دابوو گەڕابوونەوە. بەخۆشیو شادیو ڕێزو حورمەتێکی زۆرەوە خەڵك چوون بەپیریانەوە. کە کاتی خۆی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بروسکەی پیرۆزبایی ناردبوو گوتبووی ئەمەوێت بێمەوە هەندێکیان لەو سەرکردانە گوتبوویان جوابی بروسکەکەی بدەنەوەو بڵێن. برۆ برۆ برۆ هەندێکیان شۆڤێنی بوونو ڕقیان لەکورد بوو لەژێرەوە بەڵام زەعیم عبدالکریم قاسم وانەبوو. مەلا مستەفا گەیشتەجێو خرایە خانووی نووری سەعیدەوە بەماڵو منداڵەوە تاوەکو خاڵە هەمزەشم لەوێ لەگەڵی بوو لێی جیابوونەوەو لەوێ ژووری هەبوو، ئیتر وەفد کەوتنە هاتن لەکوردستانەوە بۆ بەخێرهاتنی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفاو برادەران سەریان قاڵ بوو کەوتنە خۆیان چونکە شیوعییەکان کەوتبوونە

ئاژاوەگێڕانو دیعایەی خراپ بڵاوکردنەوەو دژایـەتی پـارتیو خـەڵك ڕاکێـشان بۆلای خۆیان بەتایبەتی لەکوردستان، شیوعیبە کوردەکان ئەگینا عەرەبـەکان زۆر باش بوون لەگەڵ برادەرانمان بەڵام کوردەکان هـەروەك ئەچـوون گوریـسیان ئەگرت بەدەستەوەو خەڵکی فەقیریان بـانگ ئـەکرد کـە وەرن چـەند ئـەرزتان ئەوێت یەکی بۆ خانووێك بتاندەینێ هـی ئـەم اقطاعیـة_خراپانـە. بەتایبـەتی لەکەرکوك وایان ئەکردو خەڵکیان ئەخەڵەتاند تاوەکو لەجیاتی پـارتی شـوێن ئەوان کەون.

وەفـدی ئافرەتـانی کوردسـتان هـاتن بـۆ بـەخێرهاتنی مـەلا مـستەفای خوالێخۆشبوو ناسیاوەکانمان لەماڵی ئێمە دابەزین هی کەش لەماڵی ناسـیاوو خزمەکانیان، هەموو خۆیان کۆکردەوەو کەوتنەرێ بـۆ مـاڵی مـەلا مـستەفای نەمر منیش چووم لەگەڵیان، من قـەت ئەنـدام نـەبووم لـەهیچ شـوێنێك نـە لەحزب نە لەئافرەتان بەڵام ئەچووم لەگەڵیان بۆ هەنـدێ شـوێن وەکـو چـووین یەك دووجار بـۆلای زەعـیم عەبدولکـەریم قاسـم کـە زۆر ئینـسانێکی بـاشو ڕەوشتو خوو بەرزبوو چونکە ڕەوشتو خوی بەرزی پیاو هەر زوو دەرئەکـەوێتو ژن هەستی پێ ئەکات. لای زەعیم عەبدولکەریم قاسم چەند کەسێکی تـری لێ بوو کە هەندێکیان کورد بوون ناویان ناڵێم ئەوان دیاربوو چاو باشـقاڵ بـوونو هەرچاویان ئەبڕیە ئەو هەموو ژنو کچە جوانە کوردە بـەجلی کوردیـەوە بـەڵام زەعیم عەبدولکەریم هەر ئەتگوت کچو خوشکی خۆشەویستی هـاتوون بـۆلای زۆر میهرەبان بوو لەگەڵمان بۆیە زۆرمـان خۆشەویست هەروەها هەموو خـەڵكو جەماوەر ئەوەنـدەیان خۆشئەویـست ئۆتۆمبێلەکـەیان هەڵئـەگرت ئەگـەر بـە شوێنێکدا تێپەریایە. جارێکیان خەریك بوو هەڵۆی کوڕم کە شەش ساڵ بوو ون

بێت لەبەر عەبدولکەریم قاسم. منو باوکی هێرۆو هەلۆو دوو کچی پوورزام چووبووین بۆ بازاڕ لەسەرو شارع الرشید بووین کە لەپڕ گوتیان زەعیم هاتو خەڵك هەموو تێکئالاّنو ڕژانە سەر شەقامەکە لەو هەراو قەڵەباڵغیە ئێمە لەئۆتۆمبێلەکە دابەزینو ئۆتۆمبێل ڕۆیشت چونکە ڕێگای نەبوو ڕاوەستێت باوکی هێرۆ وەیزانی هەلۆ دەستی لەدەستی مندایە منیش وەمزانی هەلۆ لای ئەوە کە عەبدولکەریم تێپەڕیو هەندێ شلۆغی شەقام هێمن بووەوە یەکترمان دیت لەگەڵ باوکی هێرۆ گوتم کوا هەلۆ گوتی ئەی لای تۆ نیە؟ ئەڵێم یاخوا کەس وای بەسەر نەیەت تاوەکو دوژمنیشم منالّی ون نەبێت هەر بە تەواوی شێت بوومو کەوتمە ناو خەڵكو شەقام بەگریانو چەپۆك لەخۆدانو پەلاماردانی ئەمو ئەو پرسین، بەجۆرێك خەڵك زۆر ناڕەحەت بوون بۆم دڵیان ئەدامەوە هەر نازانم باوکی هێرۆ هەرچی لێهات دوایی سواری تاکسی بووم بەخۆکوشتنەوە بۆ مالّەوە تەلەفونیشمان بۆ دایکم کرد بۆ مالّەوە دایکیشم لەمن خراپتری بەسەر هاتبوو.

هەلۆش تۆ بڕۆو شوێن ژنی عەبابەسەر بکەوەو وابزانە دایکتەو کە ئاوڕ ئەداتەوە من نیم ئەچوو شوێنی ژنێکی تر ئەکەوت. دوایی کابرایێکی پیاوو میهرەبان کە ئەبینێت ئەم منالّە شلەژاوەو هەر سەیری ئەم ژنو ئەو ژنە ئەکات بۆیە لێی ئەپرسێت ئەڵێت باوکە ئەوە تۆ بۆ کوێ ئەچیت هەلۆ ڕائەوەستێتو ئەڵێت نازانم بۆکوێ ئەچم چونکە دایکمو باوکم لێم ون بوون. پیاوەش دەستی ئەگرێتو ئەیباتە ئۆفیسەکەی کە خاوەن ڕۆژنامەی الحریە بوو ئەو ڕۆژنامەیە زۆر شۆڤێنی بوو زۆرجار قسەی ناحەزی بە هەموو کەس ئەگوتو باوکی هێرۆو برادەرانی ڕقیان لێی بوو.

هەرچۆنێك بێت کابرا هەلۆی لەسەر کورسی دائەنیشێنێتو ئەلێت کـوڕی باش تەلەفونتان هەیە هەلۆش ژمارەی تەلەفونی پێ ئەلێت بەڕێکـەوتیش دوو ڕۆژ لەوەوپێش تەلەفونمان بۆ هاتبوو تەلەفونمان نەبوو هەلۆ ژمارەکـەی لەبــەر کردبوو بەو منالێــەو بــە پەلــە بــەو دوو ڕۆژە کــە تەلــەفون هــاتبوو ئــەویش تەلەفونی بۆماڵەوە کرد بوو. من کە گەیشتمە ماڵەوە بەو حالـە دایکـم هـات بەپیرمەوەو گوتی هەلۆ دۆزرایەوە لەبازاڕەوە باوکی هێرۆ تەلەفون بۆ مام جەلال ئەکات، مام جەلالیش هەروەك هەمیشەی خۆی کە چەند پیاوو دڵسۆزو مەردو کەم وێنەیەو هەمیشە وابووەو لەهەموو زروفێکدا مام جەلال هەر نـاوی خـۆی بەخۆیەوە بووە. ئەوەی ئەو ڕۆژە مـام جـەلال کـردی بـۆ ئێمـە لـەکردەوە لـەبیر نەچوەکان بوو. پێش ئەوەی هەلۆ بدۆزرێتەوە هەر خەریك بوو بەغدا بـشێوێنیٚو تێکی بداتو سەرووژێری کات بۆ نەگبەتیش دونیـا ئێـوارە بـوو خـەریك بـوو تاریك ئەبوو.

لەسایەی خواوە هەلۆ لەگەڵ مام جەلال گەڕانەوە مـاڵیٚ ئـیتر منـیش وەك پاسەوانی جریدە الحریەم لێهات کیٚ ئەیتوانی قسەی پیٚ بڵێت بـە خـوا دەسـتم ئەنایە بینیان. پیاوەکە ناوی قاسم بوو تەلەفونم بۆ پیاوەکە کرد چـەند جارێـك کە زۆر نووسەرێکی ناسراوبوو بۆیە بەجارێك بووبە مەلائیکەت لای من لەبـەر هەلۆی کوڕم.

تێکڕا عەرەبی عێراقی زۆر زۆر مەردو پیاو بوون بەرامبەر بـە ڕووداوی وا بەتایبەتی بە ژنو منالٚ خۆیانیان لەسەر ئەدا بە کوشت. بە پێـچەوانەی وڵاتـە دراوسێکانی عێراق بەتایبەتی ئێران بە درێـژایی کـات هـەر منالــە ون بـووە

قەتیش نادۆزرێنەوەو هەر ژنەو کچەو فڕێنراوە. دوایی بە کوژراوی دۆزراونەتەوە. بەڵام عێراقی زۆر مەردن بەرامبەر بەو ڕووداوانە.

لێرەدا ئەمەوێت هەندێ باسی ئەو چوونی وەفدانە بکەم کە هەر وەفدبوو بەڕێوەبوون بۆ دەرەوەی عێراق بۆ ئەوروپاو وڵاتە عەرەبییەکان. وەفدەکانیش لەهەموو خەڵکێکی تیائەبوو. تێکڕاش باوکی هێرۆ یا مام جەلالشیان لەگەڵ بوو جارێکیان کە باوکی هێرۆ چووبوو مەلایەکی وەزارەتی ئەوقافی بەغدای زۆر گەورەشیان لەگەڵ بوو هەروەها وەفدی ژنانی عێراقیش کە پێکهاتبوون لە سێ ژن. باوکی هێرۆ ئەیگوت مەلاکە بەجبەو عەباو سەروو کڵاوەکەشیەوە زۆر قسەخۆش‌و گاڵتەچی بوو هەموو وەفدەکە ئەمردن لەبەر پێکەنین بە قسە خۆشەکانی کاتێ وەفدەکەیان لە وڵات ئەگێڕاوو شتیشیان پێشان ئەدان‌و ئەو لەژێرەوە بەئەسپایی قسەکانی ئەکردو فرمێسکی پێکەنین لەچاوی هەموویانی دەرەپەڕاند. باوکی هێرۆ ئەیگوت پێش هەموو شتێك باسی ژنەکانی ئەکرد کە لەناو وەفدەکەیان بوون، ژنەکان هەندێ ناشرین بوون بەتایبەتی سەرۆك وەفدی ژنەکان مەلاش هەر باسی ئەکردو ئەیگوت هاوار بەخوا حەیامان چوو ئێستە خەڵکی ئەم وڵاتە ئەڵێن ئەمە ژنی عێراق هەموو واناشرینن ئەوە کەسیکەیان دەستنەکەوت هەنێ جوان بیان هێنایە لەگەڵ خۆیان؟.

جارێکی تریش باوکی هێرۆ گەڕایەوە لەسەفەری وەفدو وەفدکاری دوای گەیشتنی بۆ ماڵەوە هەموو دڵمان خۆش بوو پێی‌و مناڵان تێی ئاڵان. دوای بەینێك دانیشتین‌و قسەکردن هەستام چوومە سەرێ بۆ ژوورەکەمان جانتاکانی باوکی هێرۆ برابوونە ئەوێ منیش چووم بەلای جانتاکانەوەو کردمنەوە کە بزانم ڕەسم‌و شتی پێیە ئیتر کەوتمە ناویان گۆڤارو ڕۆژنامەو ڕەسم‌و ئەو شتانەی

تیابوو سەیرم کردن هەروەها هەندێ کاغەزیشی هەروا بڵاوبـوون کۆمکردنـەوە ویستم بیانخەمە زەرفەوە تاوەکو گوم نەبێ لەناو کاغەزەکانا نووسراوێکی وەکـو شیعرم بەرچاو کەوت کەبەختی باوکی هێرۆ منیش گرتم بەدەسـتمەوەو کەوتمـە خوێندنی هەر بەیـەکم دێـڕو دووهـەم دێـر تووڕەبـوومو بـەجارێك هەڵـچوومو هەستام بەهەڵەداوان چوومە خوارێ کە بزانم باوکی هێرۆ چووە بۆ کوێو لەکام ژوورە. کە دۆزیمەوە هەروەك لافاوو دەستڕێژ قیڕاندم بەسـەریاو دەسـتم ڕاوەشـاند بەکاغەزەکانەوە گوتم ئەمە چیت نووسیوە؟

باوکی هێرۆ کە ئەیزانی باسی چی ئەکـەم یـەك قاقـای لێـداو پێکـەنی بەدڵو گوتی: ئەمە شیعرە لەکـەنار دەریـا نووسـیومە ولاتەکـەی کـە چـووین بردیانین بۆ گەڕان ئەو چەند ڕۆژە شوێنی خۆشی ولاتەکەیان پیشاندایـن دوایـش ئێمەیان بردە قەراغ دەریا کە سەیری دیمەنی دەریاو ئەو خەڵکانـە بکـەین کـە لەوێ بە درێژایی کەنار دەریاکە خۆیان هەڵخستبوو خەریکی مەلەبوون. منیش لەسەر هەمان تووڕەو قیڕەو چوون بەگژدا گوتم: بۆچی تۆ نێرای بۆ شیعر بەسەر کچو ژنە مەلەوانکەران هەڵدەیو بنووسی یا نێرابووی بۆ کارێکی تـر؟ بـاوکی هێرۆ دیسان دایەوە قاقای پێکـەنینو گـوتی: بۆچـی تـۆ هـەموو شـیعرەکەت خوێندەوە؟ ئاخر دە هەمووی بخوێنەوەو تەواوی کە ئینجـا وەرە بەگـژما. دەسـتم دیسان بەکاغـەزەوە ڕاوەشـاندو لەسـەر هـەمان قـڕە گـوتم: بـەڵێ هـەموویم خوێندەوە. پارچە دێڕەکان بەم جۆرە نوسرابوو.

بالابەرزو شۆخ وەك حۆری پەری
چاو شین وەك دەریای بێ بن

مەمك خڕ سوتیان دڕ
ڕومەت پەڕەی گوڵ
بەڵام هەموو ئەمانەو صەد ئەوەندەی تر
پوش‌و پەڵاشن لەچاو گوڵی من

دیارە شیعرەکە سێ چوار دێڕی تریشی لەسەر بوو کە بیرم نەماوەو بەم دوو دێڕەی ئاخری کۆتایی پێ هێنابوو کە ئەڵێت ئەمانەو صەد ئەوەندەی تر.... داخم ناچێت لەبەر زروفی نالەبارمان‌و هەمیشە نائارامی‌و دەربەدەری‌و ڕاکردن‌و ماڵ گواستنەوە لەم لا بۆ ئەولاو ئەم شار بۆ ئەو شار زۆرمان زیان لێکەوت لەڕووی هەڵگرتنی زۆر نامەی گرنگ‌و ڕەسم‌و ئەو شتانە بێجگە لە لەناوچوونی ناوماڵ‌و شتی زۆر یادگاری بەبەها بەڵام هەموو ناوماڵ‌و شتی زۆرو قاڵی دونیا لای من ئەو پارچە شیعرەی نەئەهێنا یاخود کاسێت‌و شریت‌و ریکۆردەری زۆر بەبەهاو یادگاری وەکو دەنگی نەنکی دایکم کە دانیشتبوو لیلۆزی کچمی ئەنواندو گۆرانی لاواندنەوەی تورکی بۆ ئەگوت شریتەکە زیقە زیقی جۆلانەکەشی تیا ئەبیسترا. نەنکی دایکم چونکە خەڵکی وان واردیش بوو یەعنی دایکی نەنکم نەنە حەلیمە زۆر کوردی بەباشی نەئەزانی کاتێ دڵی خۆش ئەبوو بە تورکی خۆشی دڵی خۆی دەرئەبڕی یا ناڕەحەت‌و نەخۆش ئەبوو بەتورکی ئەیلاواندەوە بڕواناکەم کەسێك بیتوانیایە لەبەر سۆزی ئەو دەنگ‌و لاواندنەوەیە خۆی بگرتایەو دەستی نەکردایە بەگریان. لەو شریتە بەنرخە فەوتاوەکان شریتی دەعوەتێکی تیابوو لەماڵی ئێمە کە شێخ حسین بەرزنجی گۆڕانی تیا ئەڵێت کە دەنگی زۆر زۆر خۆش بوو هەروەها هەر لەهەمان

دەعوەتدا کە لەکەرکوك بووین کاکە حەمەی سەید ئەحمەدی خانـەقا قۆریـاتی کەرکوکی ئەگوت کە ئەویش زۆر زۆر خۆشی ئەگوت.

لەدوای بەینێك کەمتر لەساڵێك کودەتاییکی زۆر گەورە لە مووسڵ ڕوویدا (کودەتای شواف) کودەتای شوافی بەشانو بـازوو هیمـەتو هەڵمـەتی کـورد کوژێنرابووەوەو لەناوچوو هەروەها بـەینێکی باشـیش سـەرکردەکانی شۆڕشـی تەمووز بەرببوونە سەروو پۆتەلاکی یەکتری زۆریان دژی زەعـیم عەبدولکـەریم قاسم بوون شۆڤێنیو چەند بابەت بوون.

بەڵام هەر عەبدولکەریم قاسم سەرئەکەوت بەسـەریانا چـونکە میللـەتی لەگەڵ بوو تاوەکو برینداریشیان کـرد کـاتێ کـە ئۆتۆمبێلەکـەیان دایـە بـەر گوللە. ئەویش دوایی دەرکەوت کە حیزبی بەعس وایان کردبـوو تەقەکـەرەکان صدامیان لەناوابوو بەبریندداربوونی زەعیم عەبدولکەریم قاسم بەجارێك دونیـا شێواو میللەت هەموو ڕژانە سەر شـەقام، ڕێگاوبـان بـەگریانو خۆکوشـتنەوە تـاوەکو بـەیان دەرچـوو ڕەسمـی دەرچـووو پیـشانیاندا لـەناو تەلـەفزیۆن بەپاڵکەوتوویی قسەی ئەکردو میللەتی دڵنیا کرد جارێکی تر بـەجۆرێکی تـر شارو شەقامو جادەی عێراقو هەروەها کوردستانیش بوو بەهـەراو هەڵپـەڕینو هەڵهەڵەو خۆشی.

تاوەکو باوکی هێـرۆش چـەند دێـڕ شـیعرێکی بـۆ نووسـی لـەدوا دێـڕدا نووسیبوی (بەڵام کەریمی تەنیا، کەس نازانێ مرد یا ژیا) ئەڵێت بۆیە کـریم وا لەناو دڵی میللەت دایە چونکە میللـەتی لەگەڵـەو خۆشـی ئـەوێت هـەروەها ئەویش میللەتی خۆش ئەوێت بەڵام ئەگـەر کـەریم بەتـەنیا مایـەوەو دەسـتی لەمیللەت بەردا ئەوسا کەس نازانێت مرد یا ژیا.

هەر دوای دەرچوونی لەناو تەلەفزیۆن گۆرانیەکی زۆر خۆشیان بۆ گوت ئەویش (الحمدلله عالسلامه) بوو. بەم جۆرە ڕووداوانەی پڕ لەخۆشیو ناخۆشیو ترس دوو ساڵمان بردەسەر.

پارتی حاڵی هەندێ باشتر بوو گواستیانەوە بۆ ناوچەی بەتاوین لەوێ بارەگایەکی خۆشی گەورەیان گرت بارەگاکە دوو دەرگای هەبوو هەروەها ژێرزەمینێکی گەورەی خۆشیشی هەبوو پارتی چاپخانەی خۆی بوو لەوێ کەوتە خەبات دەرکردن دیارە چاپخانەیەکی زۆر سادەو قورسەکان بوو کە حەرف حەرف بۆی ڕیزئەکراو هەموو شەو خەریك ئەبوونو بەیانی خەبات دەرئەچوو ئەکەوتە دەست خوێنەرانی جاری واهەبوو ئەگەر ئێوارە باوکی هێرۆ لەماڵ بووایەو ئەبوو سەر وتار بنووسێت بۆیە لەبەتاوینەوە ئۆتۆمبێل ئەنێرایە وەزیریە ماڵی ئێمە بۆ بردنی سەروتار بۆ چاپخانەی خەبات لەبارەگا. هەندێ جار باوکی هێرۆ دیسان ئەکەوتە سستیو لەسەرخۆ نووسینیو ئەوانیش لەوێ چاوەڕێیان ئەکرد بۆیە هەندێ جار ئەگەر سەروتارەکە زۆر گرنگ بووایەو بۆ مناسەبەتێك بوایە برادەران تەلەفونیان بۆ ئەکردمو ئەیانگوت براژن ئیتر ئەوە لەسەر تۆو هەر تۆ پێی ئەوێرێ منیش ئەم گوت وا لەسەرێ خەریکە دوای بەینێك گوێم لەدەنگی تەقەی چەکوچو داکوتان ئەبوو لەسەرێو لەسەرخۆ ئەچوومە سەرێ ئەچوومە ژوورەکەمان کە لەوێ دائەنیشت شتی ئەنووسی ژوورێکی زۆر گەورەو خۆشی لەسەر باخو شەقامەکە بوو سەیرم ئەکرد خەریکی داکوتانی کتێبخانەکەیەتی ئەمگوت ئەوە چیە؟ ئەی کوا سەروتار؟ برایم زازۆیی قوڕبەسەر دوو سەعاتە بە ئۆتۆمبێلەوە لەبەر دەرگایە وا ئێوارەیە ئێستە کاتی دارتاشیە؟ سەیری ئەکردمو بەخۆشیو زردەخەنەوە ئەیگوت بۆچی

تۆ وا ئەزانی چی ئەکەم؟ من بزمار دائـەکوتم بـەڵام لەمێـشکما سـەروتارەکە ئەنووسمو حازری ئەکەمو ئێستە بـەپاکیو ئامـادەیی ئەیخەمـە سـەر کاغـەز. خەبات وای لێهات ئیتر بەر کەس نەئەکەوتو هەر زوو لەبازاڕا نەئەما چـونکە هەمووی پڕبوو لەڕاستیو ئاواتو ئارەزوو هەستو بیری میللەت.

باوکی هێرۆ حـەزی لەدارتاشـی بـوو هـەر فرسـەتێکی بدیایـە ئەکەوتـە چەکوچو بزمار هەموو جارێك ئەیگوت ئەگەر مـامم نەبوایـە (مامـە ڕەمـزی فەتاح) ئێستە وەستای دارتاشی بـووم چـونکە بـاوکم حـەزی ئـەکرد کـە بـبم بەدارتاش بەڵام مامم هەرزوو منی ناردە مەکتەب. مامە ڕەمزی زۆر پیـاوێکی ئاقڵو تێگەیشتوو خوێندەوار بوو کاتی خۆی لەئەسـتەنبووڵ خوێنـدبوویو زۆر پێشکەوتنخوازو لێهـاتوو بـوو. مـن زۆرم خۆشەویـستو زۆر ڕێـزم لێ ئـەگرت ئەویش زۆر ئێمەی خۆشەویست خۆشەویستی لەگەڵ باوکی هێرۆ بـێ وێنـەبوو زۆرجار ئەیگوت هەردوو کوڕەکەم بەقوربانی موییێکی سەری برایم بـن هەنـدێ جار پێمان ئەگوت مامە گیان بۆ وا ئەڵێیت لەبەرچاوی ئامۆژن گوناحـە پێـی ناخۆشە وا بەکوڕەکانی ئەڵێیت بەڵام مامە ڕەمـزی هـەر وای ئـەگوتو گـوێی لەکەس نەبوو بەرامبەر بە خۆشەویستی باوکی هێرۆی بـرازای. لـەو ماوەیـەی کاك نووری شاوەیسی خوالێخۆشبوو ناهی خان دایکـی ڕۆژ بـەماڵو منـاڵـەوە گوێزرانەوە بۆ بەغدا لەموسڵەوە کـاك نـووری لـەوێ وابـزانم مـودیر عـامی ئەشغاڵ بوو هاتنو بـوون بەدراوسـێمان لەپـشت ماڵەکـەمانو هـەر لـەباخی خانووەکەمان کە تیابووین هی منیر القاضي بـوو نیـوەی لەباخەکـەی بڕیبـوو کردبووی بە موشتەمەلێکی گەورە زۆرمان پێ خۆش بوو کە هاتنو ئێمـە ئـەو خانووەمان بۆ پەیـداکردن ئـیتر منـاڵـەکانمان تێکـەڵ بەیـەك بـوون وردەکـانی

ئەوانیش چوونە مأمونیە. زۆر تێکەڵ بووین کاك نوری شاوەیس پیاوێکی زۆر فیداکارو دڵسۆزو بەغیرەت بوو. لەگەڵ ئەوەشا کە وەزیفەی حکومەتی هەبوو بەڵام هەر خەریکی چالاکی حیزبی بوو تێکڕا لەبارەگا بوو شتی چەوتی قبووڵ نەئەکردو زۆر سەر ڕاست بوو لەگەڵ ئەوەشا زۆر خۆش باوەڕو دڵپاك بوو ناهی خان (دایکی ڕۆژ) بەکەیفی خۆی ئەیتوانی کاری تێ بکاتو هەڵیگێڕێتەوە. چەند جارێك لەماڵی ئێمە برادەران کۆبوونەوەیان کرد هەڵبژاردن بوو شتێکی وابوو لەبەرئەوەی من هیچ کات ئەندامی حیزبو ئافرەتان نەبووم هەقم نەبوو بەسەر ئەو کارانەوە بەڵام ئەوەی بەهۆی خاڵمو باوکی هێرۆوە ئەمدیتو لەناویانا بوومو لەبەرچاوم ئەبوو ئەوانە باس ئەکەم) من لەتەمەنی پێنج ساڵیەوە لەناو دەربەدەریو نەفیو بەزمی گرتنو هەڵاتندا گەورە بووبووم لەبەرئەوە وەکو عەرەب گوتەنی (اشباع) بووبووم لەو دانیشتنو کۆبوونەوەیە مەلا مستەفای بارزانی نەمریشی لێ بوو کاك سەید عەزیز شمزینی دەنگە دەنگی زۆر بوو لەناو هەموویانا گوێم لەدەنگی کاك نووری شاوەیس بوو کەنارەزایی خۆی دەربڕی بەرامبەر بەکارێك کە ڕوویدابوو گوێی نەئەدایە لەبەرخاتر یا ئەی وانەڵێت. کاك سەید عەزیز لەگەڵ خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا لەئیتحادی سۆڤیتی بوو لەگەڵ ئەویش گەڕایەوە.

لەو ماوەیە زوو زوو حەفلەو زەماوەند ئەکران لەلایەن دەزگاکانی حکومەتو سەر بە زەعیم عەبدولکەریم قاسمو هەروەها لەلایەن حیزبو کۆمەڵگاکانیشەوە خەڵك هەر بەوا ئەگەیشتن خۆیان بڕازێننەوە بڕۆن بۆ ئەو جۆرە زەماوەندانە کاتێ بانگ ئەکران زۆرجار سەرۆك عەبدولکەریم قاسمیش لەوێ ئەبوو یا تێکڕا مهداوی کە سەرۆك مەحکەمەی شۆڕش بوو لەگەڵ

ئەوانەی دەورووپــشتی زەعـیم عـەبدولکـەریم دیـارە هەمیـشە پـارتیش بـانگ ئەکران‌و باوکی هێرۆ کە سکرتێری پارتی بوو ئەو بانگ ئەکرا کەچی ئەچـوون لەگەڵ برادەرانی تر گەلێ جار کاك نووری شـاوەیس‌و دایکـی ڕۆژیـش ئەچـوون بەتایبەتی کە هاتبوون‌و ئیتر لەبەغدا ئەبوون کەچی دوایی لـەدەمی ئەوانـەوەم ئەبیست کە ئیمشەو لەو جۆرە زەماوەندو حەفلانە بوونە جارێك کە بیـستم زۆر تووڕەبووم‌و هەڵم کوتایە سەر باوکی هێرۆو گوتم ئەوە بۆچی بە منیش ناڵێیـت کە بێم‌و هەر خۆت ئەچیت کە کارتەکەی بۆت دێت ناوی منیشی تیایە. باوکی هێرۆ کە ئەیویست خاوم کاتەوە پێکەنینەکەی شاردەوەو گوتی ها واللە وەمزانی نایەیت چونکە تۆ زوو ئەنویت وەمزانی تاقەتت نیە بێیتـە شـوێنی وا منـیش هەر ئەمگوت بۆ بە منیش ناڵێیت ئاخری گوتی: ئەزانی بۆچـی پێـت نـاڵێم؟ چونکە لەو جۆرە شوێنانە هەمووی هـەر زابـت‌و پیـاوی چـاو باشـقاڵن بـەناو خەڵکەکاندا ئەگەڕێن گوایە بۆ سەلام‌و هـەواڵ پرسـینی ناسـیاوەکانیان بـەڵام بەخوا لەڕاستیدا لەبەر سەیرکردنی کچان‌و ژنانن خۆم گـوێم لێیـان بـووە کـە یەکێکی کوردی ناسیاویشمان لەگەڵیان بووە خۆم ئاگام لێیان بـوو ئـەو جـۆرە قسانەیان ئەکرد بۆیە حەزناکەم بێیـت. هـەروەها نـاوی ناسـیاوە کوردەکەشـی پێگوتم کە کێیە کە ئەویش لەسوپا بوو گەورەش بوو. لـەدوای دوو سـاڵ بگـرە هەندێ پتریش‌و دوای پەلاماردان‌و چـەند کودەتـا زەعـیم عەبدولکـەریم قاسـم ناوچەو دەورووپشتی‌و دەزگاکانی حوکمی بۆ پاك کرانەوەو پشتی ڕاست بوو لـەو ڕووەوە. دیارە هەمـوو ئەم کارانەی کە کران بە هیمەت‌و بەرەکەتی میللەت بـوو بە کوردو عەرەبەوە لەبەرئەوە کە زەعیم عەبدولکەریم دونیاکەی بۆ تەخت بـوو لەگەڵ ئەو هەمـوو خۆشەویستی‌و بەتەنگەوەبوونی گەل‌و هـاوڵاتی وەکـو شـتێ

ئیتر وەکو لەخۆی بایی بێت وای لێهات هەروەها زۆر ناحەزی کوردیش کەوتنە قسەهێنانو بردنو کاریان تێکرد بەتایبەتی حیزبی شیوعی کە ڕەفتاریان زۆر دوژمنانە بوو بەرامبەر بە پارتی بەتایبەتی شیوعییە کوردەکان ئەویش وردەوردە کەوتە جوڵەو بیانوو گرتن لەکورد یەکەم شاڵاوبردنی بۆ سەر کورد فەرمانی دەستگیرکردنی باوکی هێرۆ بوو دای بە مەحکەمە لەسەر ئەو وتارە بوو کە نووسیبووی (العراق لیس جزء من الأمة العربیة) لەسەر ئەو سەروتارە بوو بەهەرا کە لە ڕۆژنامەی خەباتا نوسیبووی ڕۆژی مەحکەمەی بۆ دانرا وابزانم سەد، دوو سەد محامی هاتنە پێشەوە کە دیفاع لەباوکی هێرۆ بکەن تاوەکو لەبەسرەشەوە محامی ئامادەیی خۆیان دەربڕیو ناوی خۆیان نووسی هەرچەندە باوکی هێرۆ خۆی ئەوەندە محامێکی زیرەكو لێزانو پێشکەوتوو بوو کە پێویستی بەکەس نەبوو لەسەری بکاتەوە بەڵام زۆر خۆشیو دڵنیاییو پشت ئەستوری بوو بۆی کە ئینسان ئەوەندە بە قیمەتو خۆشەویست بێت کە ئەوەندە محامی ئامادەبن لەسەری بکەنەوە. ئاخری مەحکەمە بوو بەپێی ئەو قسەو بەڵگەنامانەی باوکی هێرۆو هەندێ لەمحامی تر پیاداچوونو خستیانە ڕوو توانیان بەپێی قانون وابکەن کە ئەوەی باوکی هێرۆ نووسیوێتی هیچ جێ گومانو ناڕاستی نیە. بۆیە مەحکەمە نەیتوانی حوکمی بداتو بێ گوناه دەرچوو، بەڵام حکومەتی کریم قاسم بێ دەنگ نەبوو لەژێرەوەو ئاشکرا کەوتە شەڕفرۆشتنیو پیلان گێڕان.

ئەم جارە فەرمانی گرتنی بۆ باوکی هێرۆ دەرکرد کە گوایە صدیق میرانی کوشتووە لەڕێگای شەقڵاوە. دیارە ئەبوو بە ڕیمۆد کۆنترۆل کوشتبێتی هەرچەندە ئەوکاتە ڕیمۆد کۆنترۆڵ هێشتا بڵاونەبووبووەوە، چونکە برایم ئەحمەد لەبەغداو

صدیق میرانی لەشەقلاوە ئەبێ چۆنی کوشتبێ صدیق میران لەکوردە یاخیەکان بوو خەریك ئەبوو ببێتە دەست عەسای حکومەت بۆ لێدانی کورد.

ئەم جارە دەزگای ئەمنو پۆلیس چووبوون پەلاماری مەقەڕیان دابوو لە بەتاوین بۆ گرتنی باوکی هێرۆ بەڵام هەر زوو برادەران توانیبوویان باوکی هێرۆ لەدەرگاکەی پشتەوە ڕزگار کەن، ئیتر ئەو پەلاماردانو دانە سەر بارەگاو فەرمانی گرتنی باوکی هێرۆ بوو بە ئاشکرا کردنی نیازی حکومەت بەرامبەر بە کوردو لەو ڕۆژەشەوە باوکی هێرۆ بەشاراوەیی مایەوە لەلای برادەرە فەیلیە دڵسۆزەکانی بەغدا تاوەکو دەربازکرا بۆ سلێمانی لەوێش هەر بەشاراوەیی مایەوەو ئێمە لەبەغدا ماینەوە هاوڕێو دۆستو ئاشنای هەردوو لا چ هی عەبدولکەریم قاسمو چ هی کورد کەوتنە بەینو کەوتنە چالاکی بۆئەوەی بەشکەم بەینی کوردو زەعیم قاسم چاك کەنەوە بەڵام فایدەی نەبوو. تا ئەهات حکومەت نیازی خراپتر ئەبوو، تاوەکو لەو بەینە پارتی بە دوودڵیو شپرزەیی وەزعەوە ئاهەنگی نەورۆزی بەرپاکرد لە(قاعە الخلد) لەبەغداو زەعیم عەبدولکەریمو دەستو دائیرەی حکومەتیشیان هەموو دەعوەت کردبوو وایان دانابوو کە ئەگەر زەعیم عەبدولکەریم هات ئەوە نیشانەی ئەوە ئەبێت کە نیازی چاك بوونەوە ئەبێت لەگەڵ کورد. بیرم دێ کە خۆشم لەوێ بووم قاعەکە پڕبوو لەخەڵك شەو بوو هەموو ئەم خەڵکە زۆر چاوەڕێی هاتنی زەعیمیان ئەکرد بەڵام زەعیم نەهاتو مهداویو ئەوانی تر هاتن بیانوویێکیان بۆ زەعیم دۆزیەوە. لای کورد پتر ڕوونو ئاشکرابوو کە نیازی حکومەت خراپە بەرامبەریان، مام جەلال وتارێکی هەبوو ئەبوو بیخوێنێتەوە هەموو زۆر ترسان کە نەوەکو هەر لەسەر شانۆکە بێن بیگرن چونکە زانیان کە ئەمنو

ئیستخباراتی زۆر لەدەوروبەری شوێنەکە ئامادەیە، مام جەلال گوێی نەدایێو نەترساو چووە سەر شانۆکە وتارەکەی خوێندەوەو تەواوی کرد ئیتر دیارنەماو خۆی ون کردو لەبەرچاو نەما، ئیتر وردە وردە حکومەت کەوتە شەڕ فرۆشتنی بە کورد. لەبەغدا ڕۆژنامەی خەباتیان داخست چاپخانەکەیان دەست بەسەرا گرت هەروەها دەستیان بەسەر بارەگاشەوە گرتو کەوتنە گرتنی ئەمو ئەوو هاتنە سەر ماڵی ئێمە جاری وا هەبوو دووجارو سێ جار هەروەها کاك نووری شاوەیسیش کە دیوارێکمان لەبەین بوو بەرێکەوتێکی خۆش لەدەستیان ڕزگاری بوو دراوسێیەکی زابتیان لەتەنیش بوو ناوی وەهبی بابان بوو، وەهبی بابان توانی کاك نووری ڕزگار کات کاتێ وابزانم هاتبوون ماڵەکەیان بپشکنن. جاری وا هەبوو سەعات سێو چواری بەرەبەیان ئەیاندا بەسەرماڵمانا دیسان دایکم بەرۆکی ئەگرتنو پێی ئەگوتن خۆڕامان نەئەکرد ئەمەتا لەبەر دەستانین بۆچی لەم کاتە دێن منداڵەکانتان هەموو تۆقاند ئەمە کەی ویجدانە، جارێکیان کە هاتن دایکم وا چوو بەگژیانا کابرایێکی سەر سپیان لەگەڵ بوو بەڕوویێکی خۆشەوە بەخۆمو دایکمی گوت: کەوا ئیمڕۆ چلو سێ محامی ئیبراهیم ئەحمەدیان گرتووە کەچی هیچیان ئەو ئیبراهیم ئەحمەدە نەبوون بۆیە من پێم گوتن بابە با من بچم من ئەیناسم ئینجا پێکەنیو گوتی چونکە من ئەمنو لێپرسراوی کاتی پێشوو بووم هی (ملکی) بۆیە وا من هاتوومو پێم گوتون کەس بەقەد من برایم ئەحمەد ناناسێ (لأنه زبوني القديم) چونکە لەمەعمیلە کۆنەکانمە هی زەمانی (ملیك) هەروەها ئەو شەوە هەنێ نانی تیری لەسەر مێزی نان خواردنەکەمان مابوو لەهۆڵەکە کاتی نان خواردن دیارە لەبیری ئەو کەسانە چووبوو کە سفرەیان هەڵگرتو دائەنا بۆیە چووە لای مێزەکەو نانە تیریەکەی

گرت بەدەستەوە قەپالێکی لێ گرتو گوتی بەخوا نـانی تـیری کـوردی خۆشـە. دایکم گوتی ئەتەوێت دوو سێ نانت بدەینێ گـوتی خۆزگـە بـەلاّم نـاوێرم ئـەم (زعاطیط)ە تازانە خەبەرم لێ ئەدەن (زعـاطیط) یعنی منالّە وردکە.

ئێمـەش وەکـو دیـلو حەپـسمان لێ هـاتبوو لەبەغـدا دائـم دوو سـێ ئوتومبیێلی عەسکەرو ئەمن لەبەر دەرگاکەمان بوونو سـەری کۆلاّنەکەشـیان گرتبوو کە مالّی کاك نووری شاوەیسو دایکی ڕۆژی لێ بوو.

ڕۆژێك بە دلّتەنگی، منو دوو سێ کەسـی مالّەکـەمانو یـەك دوو منـالّ لەباخەکە بووین ئەحمەد هەورامی کوڕی مالّمان حەمامی بـۆ دائەخـستین بـە دارو گەلاّی باخەکەمان کە سەیرم کرد دایکی ڕۆژ بەهەلّەداوان هـات بۆلامـان پریاسکەیەکی بەدەستەوە بوو هەندێ تووڕەو شپرزە دیاربوو سـەیرێکی کـردمو گوتی: ها دایکم ها بیگرە من هەقم نیە بەسەرەوە پریاسـکەکەی دایـە دەسـتم منیش بەسەر سوڕمانێکەوە گوتم ئەوە چیە ناهی خان؟ بگرە دایکم بگرە ئەمـە مۆرەکانی پارتیەو من بەهیچ جۆرێك هەقم نیە بەسەرەوە منیش گوتم ئەی مـن چی لێبکەم گوتی هەقم نیە فڕێی دەرە ناو ئەم توونی حەمامــەوە بـا بـسوتێن چەند جنێوێکیشی دا منیش پێم گوت: تۆ ئەندامیو تۆ لە لجنەی مەرکـەزیو شتی وای تۆ ئەبێ بزانی چی لەم شتانە ئەکەیت دیسان گـوتی فڕێـی دەرە نـاو ئاگرەکەوە. منیش گوتم واللە فڕێی نادەمە ناو ئـاگرەوەو چـوومە ژووریۆ دامـە دەست دایکە بێ وێنە شیرینەکەمەوە مەسـەلەکەم تێگەیانـدو هـەر زوو لێـی وەرگرتمو بردی قایمی کردو نازانم چی لێ کرد تـاوەکو ئـەو ڕۆژەی دایـە دەسـت باوکی هێرۆ.

وردە وردە حکومەت کەوتە لێدانی شارەکانی کوردستانیش ناوبژیکەری کوردو عەرەبیش هەر خەریکی ناوبژی کردن بوون، هەموو ڕۆژێکیش قاوێك بلاوئەبووەوە. ڕۆژێك ئەیانگوت زەعیم عەبدولکەریم پەشیمان بووەتەوەو گوتویەتی چۆن من وا لەکورد ئەکەم کورد پشتی من بوونو خۆشەویستی منن ئەویکە ئەیگوت ئاخر دایکی کوردە چووە بەگژیاو لێی تووڕە بووە ئیتر هەر قسە بوو بلاْئەبووەوە.

ئاخری بوو بە ڕۆژی کردنەوەی تونێلی دەربەندیخان هەموو گوتیان ئیمڕۆ لەکاتی کردنەوەدا زەعیم عەبدولکەریم باسی کورد ئەکاتو پەشیمانی خۆی دەرئەبڕێت هەموو کورد چاوو گوێچکەی کرانەوەو زەق بوونو چاوەڕێی خوتبەی زەعیم بوونو بەدیار تەلەفزیۆنو ڕادیۆوە دانیشتن زەعیم عەبدولکەریم تونێلی کردەوەو کەتە خوتبەدانو بەپێچەوانەوە بە مەعناوە تێروپڕ قسەی بەکورد گوتو ئەتگوت کە ئەو تونێلەی ئەکردەوە لەسەر ئەرزی باوکی دروست کرابوو نەك لەسەر ئەرزو خاکی کورد دوای کردنەوەی ئەو تونێلە ئیتر بەهیچ جۆرێك هیواو ئومێدی ئەوە نەما کە قاسم شتێکی باشی لەدڵدایە بەرامبەر بە کورد بەرەبەرە خۆمان کۆکردەوەو بەهەزار فرتو فێڵو ئەمبەرو ئەوبەر توانیمان خۆمان دەربازکەین خۆمانو ماڵو منداڵو ئەو خێزانە زۆرەمان بۆ سلێمانی پێش ئەوەی بەماڵەوە بگەڕێینەوە سلێمانی خۆم لەگەڵ دوو منداڵم گەیشتینە سلێمانی بۆ ماڵی مامە ڕەمزی فتاح چونکە هەرچەند ئەهاتین بۆ سلێمانی لەماڵی ئەوان دائەبەزین.

زۆرتری بۆیە هاتم کە هەواڵێکی باوکی هێرۆ بزانم زستانو باران بوو ئێوارەیەك کاك نووری ئەحمەد تەها هاتە لامانو بەئەسپایی چرپاندی بە گوێی

مامە ڕەمزیداو گوتی هاتووم گەلاوێژو منالەکان بەرم بۆلای کاکە بـرایم. کـە دونیا بەتەواوی تاریك بوو کاك نووری بردینی بەڵام نەی گوت لەکوێیە ئـاخری سەیر ئەکەم مالەکەی مـالی برای دلسۆزو مەرد کاك حامید قەرەو منیرە خانی قەفتانە منیرە خان کوژراوی ناوی کوردو کوردستان بـوو، زۆر ئاشـناو تێکـەڵو دلسۆزمان بوون باوکی هێرۆ بۆ ماوەیەکی باش لەمالی ئەوان شاراوە بوو چەند مانگ بوو نەمان دیبوو، دوو ڕۆژێك لەلای ماینەوە هەواڵو دەنگوباسیم زانـیو دلنیـای کـردم کـە حالیـان باشـەو وەزعیـان زۆر چـاکەو ئێـستە گوێـت لەدەنگوباسی خـۆش ئـەبێت. ئـیتر مـن گەڕامـەوە بەغـداو ئـەویش لەگـەڵ برادەرانی خۆیان گەیانـدە شـاخە سـەربەرزەکانی کوردسـتانی ڕەنگـینو لـەوێ خەریکی دامەزراندنی هێزی پێشمەرگە بوونو ئەو ناوی ئەو هێزە چەکدارەی نا پێشمەرگە. دوایی بەمالەوە گەیشتینە سـلێمانی لـەخانوویێك دامـەزراین لـە پیرمەسور چونکە خانووی خۆمان کـە زامـوای ئێـستەیە مامـە ڕەمـزی بـۆی تەعمیر ئەکردین هەندێ پەڕپووت بووبوو.

دووایی هەر زوو گواستمانەوە ئەوێ، یەکەم جار کە شۆڕش دەستی پێکـرد عشایر دەستی پێکرد لەلێدانی حکومەتو لەدەربەندی بازیان ڕێیان بە قافلەی حکومەت گرت کە هێزی زۆری ڕەوانەی سلێمانی ئەکرد هـەروەها پـێش ئـەوە لەبارزانو بادینان حکومەت دەستی کردبـوو بـە بۆردومانیـانو لـەوێوە شـەڕ دەستی پێکردو گەرم بوو بالی عشایریو بالی خوێندەوارو پێشکەوتنخواز کـە پێیان ئەگوت بالی مەکتەبی سیاسی ئەگەرچی ئەو دوو باڵە زۆر ڕێـكو تـەباو یەك دڵو یەك دەست بوون بەڵام بالی مەکتەبی سیاسی حەزیان نەئەکرد کـەوا زوو دەست بدەنە چەكو شەڕ بەرپا بێت چونکە زۆر بێ پشتو بێکەس بوون زۆر

بێ دەرامەتو بێ تفاق بوون بەڵام کە شەڕ دەستی پێکرد لەترسی ئەوەی نەبێ بەدوو بەشەوە بۆیە ئەو باڵە بەپەلە خۆیان گەیاندە شاخ کە باوکی هێرۆ سکرتێری حیزب بوو یەکێ لەسەرکردەکانی ئەو باڵەبوو.

پێشمەرگەی قارەمان بەو چەند تفەنگە شڕەی کە هی خەڵکەکە خۆی بوو لەپەناو ئەو پاسارانەی دێیەکان پەیایان کردبوو زیرەیان خستە دڵی حکومەتو هێزەکانیەوە. حکومەت کەوتە خۆیو هێزی نارد بۆ سلێمانیو شوێنەکانی تری کوردستانی ڕەنگین بەهیچ جۆرێك دەبابەکانی حکومەت نەیانئەتوانی سەر ئەزمر کەون جارێکیان هەر بەچاوی خۆمم دیت کە دیسان چووبوومە ماڵی منیرە خانو کاکە حامید گوتیان شەڕە وا دەبابە هجوم ئەکاتە ئەزمڕ، ئەو کاتە کاك عەلی عەسکەری نەمر لەگەڵ هێزەکەی لەئەزمڕ بوو بەو چەند تفەنگە شڕەی کە هەیان بوو بەچاوی خۆمم ئەبینی کە هەموومان بەبێ ترس چووینە سەربان لەگەڵ منیرە خانو چەند کەسێکی تر ئەو دەبابانە گوڕیان ئەدایە خۆیانو تۆزێك سەرئەکەوتنو هەر گورج دوابەدواوە ئەگەڕانەوە یەك لەدوای یەك ڕائەوەستانو گوڕیان ئەدایەوە خۆیان ئێستەش نەیانتوانی سەرکەون لەبەر ئەو قارەمانانەی لەوێو بەپەنا ئەو شاخو بەردانەوە بەرەنگاریان ئەبوون. چەندەها جار ئەو پێشمەرگەو ئەو سەرکردە قارەمانانەیان بە برسێتی شەڕیان ئەکرد کاتێ نانیان لێ ئەبڕا هەندێ جار کە جاشی حکومەت لەشوێنێك نەئەمان قەراغە کولێرەی وشك بووی ئەو جاشانەیان کۆئەکردەوە جارێك عەلی عەسکەری نەمر ئەو قەراغە کولێرانەی کولاندبوو لەناو کتلی تا توانیبوویان بیخۆن.

نیسکێنە شایی‌و حەفلەو زەماوەند بوو ئەگـەر هەبوایـە بیخـۆن مووچـەی هەموویان یەك كولێرەو یەك پیاڵە چا بوو، كولێرە چ كولێرە هەر زیـخ‌و بـەرد بوو ئەكەوتە بەر دانی ئینـسان لەبـەر ئـەوەی بەپەلـە گـەنم ئـەهاڕراو پێیـان نەئەكرا گەنم ببژێرن یا بشۆن.

كاك حەبیب محەمەد كەریمیش ڕای كردبوو گەیـشتبووە نـاو شـۆڕش كـاك حەبیب زۆر قسەی خۆش‌و گاڵتەچی بوو لەبەرئـەوە خـۆی لەئیـستگەی بەغـدا كاری ئەكرد هەروەها لەمصرف الرهونیش مەئموورببوو لەبەغدا بۆیە ناوی ئەم كولێرەو پیاڵە چایەی نابوو (الرفوف العالیة) الرفوف العالیـە بەرنامەیـەكی مۆسیقای كۆن بوو لەئێستگەی بەغداوە لێئەدرا كاتی خۆی.

ئەوسا وەكو ئەم زەمانە نەبوو كە سەركردەی لەشكر بە مارسـیدس سـەری سەنگەرو هێزەكانی بدات‌و قەل‌و مریشكی بۆ بـبرژێنن ئـا بـەو حاڵـە شـۆڕش پێگەیشت تاوەكو لادێیی دامـاوو بێـچارەكانیش قەدەغـەو (حـصار) خرابـووە سەریان لەسەر ئەو ڕێگاوبانە ئەگەر بەیانیان بە هەزار حاڵ خۆیان‌و بارەدارو یا میوەو ماست بهاتنایەتە ناو شـار كـە بـارە كەل‌وپـەلیان بفرۆشـن بـۆ مـاڵ‌و منـاڵیان‌و پێویستیان پێ ئەكڕی‌و پاشان ئەو كەسانە ئەگەڕانەوە دێهاتـەكانیان لەسەر ڕێگاوبان عەسكەر لێیان دەرەپەڕی لەسەیتەرەكان شتەكانیان ئەپشكنی كە چیان پێیە دەستیان ئەدایە ئەو دووسـێ كیلـۆ شـەكرو ئـەو تـۆزە چـایەی كڕیبوویان ئەیانڕشتە سەر ئەرزو بزانە چیكەیان پێ بوو ئەویشیان ئەڕشت‌و بـە پۆستاڵەوە ئەچوونە سەری‌و ئەیانگوت ئەوە شەكرو چا بـۆ پێـشمەرگە ئەبـەن؟ لەبەرئەوە دێهاتیش زۆر لێقەوماو بوون بەو حاڵەش لەدەمی خۆیـان دەرئـەهێنا ئەیانخستە بەردەمی ئەو میوان‌و ڕێبوارو ماڵە خەباتكەرو ئەو كەسانەی بـەڕێوە

ئــەبوونو بەســەر دێهاتــەکانیانا تێئەپــەڕینو زۆرجــار ئــەبوون بــە میوانیــان. وردەوردە هێزی پێشمەرگەی قارەمان پتەوو بەهێز ئـەبوونو چـەكو تفـەنگیان دەست ئەکەوت ئەویش هی عەسکەرە پەلامارداەرەکان بـوو لـەو پـەنای گـردو شاخو پێچی ئەزمڕو هەیبەت سـوڵتانو شـوێنانی تـری کوردسـتانی شـیرینو ڕەنگین هــەر دەبابــەو ئۆتــۆمبێلی ســوتاوو و شــکابوو. عەســکەر لــەئێوارەوە ئەچوونە ناو سەنگەرەکانیانو خۆیــان ئەشــاردەوە شــەو پێــشمەرگەی ناوشــارو هەروەها خەڵکی شاریش ئەکەوتنە چالاکیو کەلو پەل پەیداکردنو ناردنی بـۆ هێــزی پێــشمەرگەو خەباتکــەرانی شــاخ هەنــدێ جــار ئــەگیران زۆرجــاریش بەسەلامەتی تێئەپەڕینو دەرباز ئەبوون وردە وردە فێــری ڕێگاوبــانی باشــتریش بوون بۆ پەڕینەوە حکومەت ئیتر بەجارێك شێت بـوو کەوتــە لێــدانی خــەڵکی ناوشارو کەسو کاری پێــشمەرگەو هەلکوتانــە ســەر مــاڵانو مــاڵ پــشکنینو ئەزیەتدانو کەوتە ناردنی دڕندەترینو خراپترین کارمەنـدو لێپرســراو بــۆ نــاو شارەکانی کوردستان. پێشمەرگە وایان لێهات کەوتنە گرتنی مەخفەرو دائـیرەو جێ دەسەڵاتی حکومەت لەدێهاتو ناحیەو قەزاکان لەو دەست بە دەستگرتنانە دەستگرتن بەسەر قەزای زاخۆدا بوو کە پارتی بۆ چەند ڕۆژو ماوەیەك زاخۆیــان ئازاد کردو لێپرسراوو مەئموورو قائیمقامی حکومەتیان بە دیـل گـرت بـەڵام لەدواییا لەمووسڵەوە هێزی حکومەتیان بۆ هات هەرچەندە تـاوەکو گەیــشتنە زاخۆ لەڕێگا بە تایبەتی لەگەڵی زاخۆ حەشریان پێکراو زیانێکی زۆر بەســەروو پۆتەلاکی شکاوو شێواوی زاخۆیان گرتەوە.

ماڵی ئێمە هێشتا لەسلێمانی بوو کە ڕۆژێك بوو بە هەراو گوتیان بوو بــە کودەتا (انقلاب) لەبەغدا عەبدولکەریم قاسمو دەستو دائیرە سەرنوگوم کرانو

عەبدولکـەریم کـوژرا شـار وروژا خـەڵك بەیـەکا هـاتن لەخۆشـیانا بـەڵام عەبدولکەریم قاسم ئەوەندە خۆشەویست بوو لای هەموو کـەس ماوەیـەکی زۆر زۆری ئەویست تاوەکو بەتەواوی ببوایە بە دوژمن من بەش بـەحاڵی خـۆم بـۆی گریام لەگەڵ ئەوەشا کە لەژێر بۆردومانو مـاڵ پـشکنینو نارەحـەتیو ئـازاری ئەودا بووین. من زۆر بەرەحم بەهیچ جۆرێك ناتوانم هەر لەتەلەفزیۆنیشا چـەند کەسێك ببینم کە کەسێك ئازار بدەن یا لێی بدەن باوەڕ ناکەم کەسـێك ئەگـەر باوکیشمی کوشتبێ بیدەنە دەستم من بتوانم شـتێکی لێ بکـەم بەدەسـت خـۆم نیەو ناتوانم. بۆیە بۆ عەبدولکەریم قاسم گریام کە رەسمەکەیم دیت بەکوژراویو خەریکی لێدانی بوون. ڕۆژی کودەتاکەو بەیان دەرکـردنو زانینـی کـە ئەمانـە کێن کە هاتنە سەر حوکمو ئاشکرا بوو کە عبدالـسلام عـارفو تـاقمێ بـوون منیش هەر ڕادیۆکەم بەدەستەوە بوو گوێم لێ ئەگرتو میلی ڕادیۆکەم ئـەگێرا بەملاو ئەولاداو هەموو شپرزەو لەمەراقدا بووینو هەزار خەیاڵو بـیری چـاكو خراپ مێشکی شێواندبووین. ڕادیۆکەم ئەگێڕا کەوتە سەر ئێستگەی پاریـسی عەرەبی وەکو BBCی عەرەبی گوێم لێ گرت باس هەر باسی بەغداو کودەتـاو انقلاب بوو دوایی یەکێ لەو چەند کەسەی قسەیان لـە کودەتاکـە ئـەکرد کـە ناویشی برد بە محلل سیاسی بەڵام ناویم لەبیر نـەماوە دوا قـسەی ئـەوەبوو ئـەو قسەیە قەت لەبیرم ناچێتەوە گوتی: (لو ان الزعیم عبدلکریم قاسـم کـان قـد عالج مسألة الأکراد بتعقـل لمـا کـان الأن في عـداد الأمـوات) یعنـی ئەگـەر عەبدولکەریم قاسـم مەسـەلەی کـوردی بـەئاقڵی گـوێ بدایـەتیو جێبـەجێ بکردایە ئێستە لەناو مردووەکان نەئەبوو، ئەم قسەیە زۆر ڕاسـت بـوو چـونکە کورد زۆر پـشتیوانی بـوونو ئـەو ڕۆژەی دەسـتی لـەکورد هـەڵگرتو کەوتـە

لێدانیان ناحەزەکانی بەفرسەتیان زانیو کە ئەو سەری بە لێدانی کورد قاڵ بوو ئەوان توانیان کودەتای لێبکەنو لەناوی بەرن. عەبدولکەریم قاسم وەکو هەنگی لێهات کەبەخەڵکەوە ئەدات خۆشی ئەمرێت.

چەند ڕۆژێکی پێچوو گوتیان کودەتاکەرەکان خۆیان دامەزراند قاو بڵاوبووەوە وا خەریکن لەگەڵ کوردەکان (مفاوەزە)و گفتوگۆ ئەکەن گوتویانە کورد چی ئەوێت بابێن وەریگرن بەسەرچاو دیسان شار شڵەژاو خۆشیو هەڵپەڕین دەستی پێکرد، پێشمەرگە یەکەم جار بوو بەجلی پێشمەرگەوەو بەچەکەوە بێنە ناو شار پێشمەرگە وەك ملائیکەتو مقدسی ئەهاتنە بەرچاوی خەڵك خۆ سەرکردەکانیان ئەوە هەر باسی ناکرێت مام جەلال هاتەوە شارو لەسەر بیناکەی نووری عەلی لەبەر دەرکی سەرا قسەی کردو خوتبەی دا بیناکە ئەوەندەی نەمابوو بڕوخێت لەبەر قەڵەباڵغی. مام جەلال بەباوەشو سەرپشتی جەماوەر هەڵگیراو باوەشی پیاکرا لەخۆشیانا.

باوکی هێرۆش لەگەڵ برادەرانی تری گەیشتنە لامان هەروەها هەموو شارەکە بووبوو بەشاییو هەڵپەڕکێ، دیسان وەفد هاتو وەفد چوو بۆ بەغدا باوکی هێرۆو برادەرانی چوون بۆ لای مەلا مستەفای خوالێخۆشبوو چوون باسی ئەم مفاوەزاتە بکەنو قسەیان بکەن بەیەك وابزانم مەلا مستەفای ڕەحمەتیش هاتبوو بۆ کۆیەو لەماڵی حەمەزیاد ئاغای ڕەحمەتی میوان بوو لەو برادەرانەی لەگەڵ باوکی هێرۆ چوون لەسلێمانیەوە کاك عەلی عەبدوڵلاش بوو، ئەو ڕۆژەی باوکی هێرۆ گەیشتە لامان جانتایەکی پێ بوو دایە دەستمو گوتی ئەمە لەشوێنێکی باش بشارەوە منیش پێکەنیمو گوتم چی تیایە وا ئەڵێیت بیشارەوە خۆ ئێستە مفاوەزاتە ناترسین حکومەت بێت ماڵەکەمان بپشکنێتو کاغەزی

قەدەغە ببینێت گوتی ئەمە پارەیە بۆ خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای ئەبەین، باوکی هێرۆ ناوی مەلا قادر بوو لەناو شۆڕشدا ناوی حیزبی نهێنیشی (تیشك) بوو.

باوکی هێرۆو برادەرانی چوونو خەڵکیش هەر خەریکی هەڵپەڕین بوون جاری وا هەبوو عەسکەری حکومەت بە دەبابەوە بەسەر شەقامەکانا ئەگەڕان بەتایبەتی کە شار زۆر شلۆغو قەڵەباڵغو هەرا بوو بۆیە هەندێ جار عەسکەرەکانیش ئەکەوتنە ناو خەڵكو ئەوانیش هەڵەپەڕینو هەندێ کەسیش سەر دەبابەکان ئەکەوتن بەچەپڵەو هەڵپەڕکێوە ئێستەش لەبەرچاومە کچێکی ئاشنای ماڵی مامە ڕەمزی هەبوو ناوی سەبیح بوو خوشکەکەشی ناجی بوو سەبیح خۆی کرد بەماڵەکەماندا بەخۆشیو بە ئارەق ڕشتنی خۆشیەوە گوتی ئێستە چووبووینە سەر دەبابەکەو پیامانا ئەکێشاو ئەمانگوت: هی خۆمانە هی خۆمانە عەسکەرەکانیش چەپڵەیان لێ ئەداو هەڵەپەڕین وەزعو حاڵو وەفد هاتنو ڕۆشتن تا بەینێکی باش وامایەوە پێشمەرگە هەموو ڕژانە ناوشارەکان بۆ لای کەسوکارو ماڵو منداڵیان ناوداری نهێنی هەموو ئاشکرابوونو هاتنە بەرچاو حکومەتیش هەر ئیمڕۆ بەسبەینێی ئەکردو هەر ئەیگوت باشە چی ئەڵێن قسەتانە دەی هەر با وەفد بێتو وەفد بڕوات لەژێریشەوە ئەکەوتنە خۆقایم کردنو خۆدامەزراندنو دەورو پشت توندو تۆڵ کردن. لەگەڵ ئەو کارانەیان ئینجا وردە وردەو لەسەرخۆ کەوتنە دەستنیشانکردنی خەباتکەرانو پێشمەرگەو دەست وەشاندن لێیان جاری یەکەم دەستیان لەپێشمەرگەیەکی زۆر ئازاو قارەمان وەشاند لەناو بازاڕی کەرکوك. قاو بڵاوبووەوە کە ئەمە کێ بوو وای لەو پێشمەرگە ئازاو دلێرە کرد ئەو گوتی شەڕی شخصی بووە ئەو گوتی

دوژمنایەتیو ناحەزی ناو خێزان بووە کە وای کردووە. لەدوای ئەوە هەر بۆ چەند ڕۆژێکی تر چەند کەسی کەشیان وا لێکردو بیانووشیان لەچەندانی تر گرتو گرتیانن هەروەها لەسلێمانیو شارانی تری کوردستانیش هەر عەینی پلانیان بەکارهێنا، تا ئەهات لەو جۆرە دەست وەشاندنو کوشتنە زیاتر ئەبوو ئەویش هەمووی خەباتکەرو پێشمەرگەی هەڵبژاردە، کورد بۆی ئاشکرا بوو کە ئەمە کارو پلانێکی دارێژراوە لەلایەن حکومەتەوەو ئەیانەوێت بەبیانووی (مفاوەزات)و گفتوگۆوە تا پێیان ئەکرێت ئەو قارەمانو ڕۆڵە نەبەزانە لەناوبەرن، بۆیە کوردیش کەوتنە خۆیان ئەوانیش کەوتنە خۆ ئامادەکردن بەدزیەوەو کەوتنە هەندێ زەخیرەو کەلو پەل کڕینو ڕەوانە کردنی بۆ ناو شاخەکان هەروەها پێشمەرگەو خەڵکی لەبەرچاوو ناسراو هەموو وردە وردە خۆیان گەیاندە شاخ کوردیش قازانجی لەو ماوەی مفاوەزاتە کرد. ئیتر وردە وردە ئەو گفتوگۆو پلانە ساختەیە توایەوەو لەناوچوو، وەزع دیسان تێکچووەوە.

دیسان سەر لەخەڵك شێوا ترسو نائومێدی بەدەموچاوی هەموو کەسێکەوە دیار بوو هەر ئەمو ئەو بوو خۆیان ئەگەیاندە لای یەکترو لای کەسو کاری یەکترو ئەکەوتنە پرسو پرسیار دیسان دایكو باوك چاو لەدوی منداڵەکانیانو کوڕو کچی هەرزەکاریان بوو بەتایبەتی ئەوانەی لەمەکتەبی ناوەندیو سانەوی بوونو ئەوانەی لەو تەمەنە بوون کە مەترسی بیانووگرتنیان لێ ئەکران. دیسان هەموو کەس دەست لەسەر دڵ بوون کارمەندی کورد بچن بۆسەر ئیشەکانیان یا چی؟ خۆیان ون کەنو کار بەجێ بهێڵن ئەوەندەی تر خەتابار ئەبن لەلای حکومەت نەچنو هەر لەسەر ئیشەکانیان بن ئەوەتە هەندێ ئەگرنو هەندێ ڕەوانەی خوارووی عێراق ئەکەن. کاسبو دوکاندار

لەهەموو کەس شپرزەتر بوون، دیارە خۆ هەموو کەس هەر خەباتکەرو قارەمان نەبوو هی واش هەبوو کە ئەیبۆلاند لەژێر لێـوەوە کـە ئـەوە چـی بـوو دیـسان دونیایان تێکداو نایەڵن کاسبی خۆیان بکەن هەرچەند ئەو جـۆرە کەسـانە زۆر کەم بوون لەچاو زۆربەی هەرە زۆری میللەت، ئـاخری شـەڕ دەسـتی پێکـردەوە شەوێك لەپڕ لەبەرەبەیانا نزیك سەعات سیٚ‌و شتێکی بەیانی بوو کوردەی کچم شەش مانگان بوو هەستا بووم شیری بدەمیٚ کە گوێم لەدەنگێك بوو، سەیرێکی سەعاتەکەمم کرد لەدڵی خۆما گوتم تۆ بڵێی سـەعاتەکەم تێکـچووبێت چـۆن بانگ سەعات سیٚ ئەدرێت وردە وردە دەنگەکە نزیك ئەبووەوە لەپڕ سڕبووم کـە بەتەواوی گوێم لەدەنگەکە بـوو دەنگەکـە بەکوردییـەکی تێکـشکاو دیـاربوو عەرەب بوو فێری هەندیٚ کوردی بووبوو ئەیگوت: (مەنع التجول لەئێستەوە بۆ اشعار ئاخر) . بە شپرزەیی‌و حەپەسان‌و دڵەکوتیەوە کوردەم دا بەشانماو چـوومە سەر منالەکان کە لە ژوورەکانی سەریٚ بوون لەو خانووەی کە ئێـستە زامـوایـە هەروەها چـوومە خـواریٚ ژێرخانـەکانیش پڕبـوو لەکەسـی ماڵەکـەمان دادەی منالەکانم ئاسێی ناوبوو کە زۆر خۆشەویست بوو لەلامان، سـەبریەی خوشـکم لەو ڕۆژانە ئەویش ڕایکردبوو لەگەڵ کوڕەکەی منالی ساڵ نەئەبوو نـاوی دژوار بوو سەبریە ژنی جەلال ئەتروشی بوو جەلال ئەتروشی بـرازای دکتـۆر صـدیقی زاوام بوو کوڕی قازی عبدالرحمن ئەتروشی بوو ئەویش خـۆی گەیانـدبووە شـاخ لەگەڵ دکتۆر صدیقی زاوام سەبریەش هاتبوو بۆ لامان یـا ڕاسـتتر ڕایکردبـوو لەبەغداوە. هەروەها خولەشێتەکەمان لەگەڵ کوڕەکەمان کە بەخێومان کردبوو ئەحمەد هەورامی‌و عەلی کوڕی ئاسیٚ کە تەلەبەی متوسطە بوو.

چوومە سەریانو خەبەرم کردنەوە، هێرۆی کچمو هەڵۆی کوڕم تۆزێ باش بوون دەساڵو دوانزە ساڵ بوون ئەوانی ترم هەموویان زۆر وردو بچووك بوون، هەموویانم هەستاندو کەوتینە گەڕان بۆ کاغەزو کتێبو ئەو جۆرە شتانە لەهەمووشی خۆشتر ئەو ئێوارەیە کوڕێکی ناسیاوی ماڵی مامە ڕەمزیو ئێمە بوو عەسکەر بوو ناوی عمر بوو ئەو ئێوارەیە خۆی کرد بەماڵماناو کیسەیەکی پێ بوو بەئەسپایی دایە دەستمو گوتی ئەوە دوو دەست جلی عەسکەریە هێناومە ڕەوانەی کە بۆ پێشمەرگە، پێشمەرگە هەندێ جار جلی عەسکەریان لەبەر ئەکردو ئەهاتنە ناوشار بۆ ئیشو کاریان منیش لێم وەرگرتو گوتم زۆر چاکە سبەینێ ڕەوانەی ئەکەم. عمر ڕۆیشت منیش کیسەکەم لەشوێنێك دانا ئیتر کە ئەو منع التجولو بەزمە ترسناکە بوو کەوتینە گەڕان بۆ کاغەزی قەدەغەو کتێب لەپڕ کیسە بۆرینم بیر کەوتەوەو گوتم: ئای قوڕبەسەر باوکم بەخوا ئێستە بێن بیبینن یەکسەر هەموو مناڵەکانم ئەکوژن، بەڕێکەوت دایکم لەلامان نەبوو ئەو شەوە ئەویش تووشی تەگەرەی خاڵە هەمزەم بووبوو کە هاتبوو خۆی شاردبووەوەو لەماڵێکا لەعەقاری خاڵە محەمەدیشم برابوو بۆ ئەوێ تاوەکو کەس شك نەخاتە سەر ماڵەکە، دایکیشم کە گوێی لەجارەی منع التجول بووبوو هەر ناڕەحەت بووبوو گوتبووی بەخوا ئێستە ئەچن گەلاوێژو مناڵەکان لەتوپەت ئەکەن سەرەڕای دەردان خاڵە هەمزەی قاچاغیش لەژوورەوە بوو.

دەی گوتم وەرن ئاسێ، سەبری خولەشێت، ئێمە ئێستە چی لەم کیسە جلی عەسکەریە بکەین؟ خولەبەزمانە لالەپەتەکەیەوە گوتی: بێنە ئێستە سەر توەکە ئەکەومو لەوێ قایمی ئەکەم هەموومان گوتمان ئەی بەشکەم یەکێ

سەری بەرزکردەوەو سەیری توەکەی کرد خۆ کوێر نین، ئاخری ئاسێ گوتی بێنـە ئەیکەم بە دۆشەکەڵەیەك‌و لەناو نوێنەکانا دایئەنێم ئاخری بەپەلەچوو دەرزیو دەزوو قوماشی هێناو خەریك بوو دەنگیش تا ئـەهات نـزیکترو بـەرزتر ئـەبوو زیقە زیقی چەرخی دەبابەو دەنگـی ئۆتـۆمبێلیش ئـەهات جارچیـەکە بەسـەر ئۆتۆمبێلەوە بوو باشە وا دەستە جل عیلاج کرا ئەی چی لەو دوو کلێتە کـلاوە بکەین. گوتم خولەگیان بڕۆ خێرا حەمامەکە داخەو دوو کلاوەکەی تێ فڕێدە با بسوتێن خولە گوتی باشەو چوو لەدوای بەینێك چـووم بـزانم چـی کـرد سـەیر ئەکەم لەسەر بـارە دارەکـەی پـەنا حەمامەکـەی دانـاوەو خۆشـی لەبـەردەمی دانیشتووە خەریکە خەوی لێ ئەکەوێت قیڕاندم بەسـەریاو گـوتم هـەی ئـاگرت تێبەربێ ئەمە چیە؟ خولە دەمو لوتی هەڵگلۆفت کە خەواڵو بوو لـەکاتی ئـەم جارە ترسناکە گوتی: حەمامی چی ئێستە نالێن لەم سەعاتە ئەم دووکەڵە چیە لەم ماڵە بەرز ئەبێتەوە؟ دوایش دەستی دایە دوو کلاوەکەو گوتی: بەخوا حەیفە بیسوتێنین با لە شوێنێك قایمیان کەین هەندێ جار ئینـسان لـەو کاتانـە کـە تووشی ئەو جۆرە ڕووداوانە ئەبێ وا ئەزانێ تەواو سەری دونیای لێ دێتەوە یـەك شتێکی بچووکی لێ ئەبێتە بەڵاو تەگەرەی گەورە کە چی لێبکات چـۆن چـۆنی بیشارێتەوەو وا ئەزانێت ئەوانەی دێنە سەریان وەکو سـاحرو جادوکـەر هـەموو شتێك ئەدۆزنەوە کەچی وانیە.

ئینسان ئەتوانێت شتی وا لەشوێنێکی وا سادەو ئاسان دانێت لەوانەیە ئەو عەسکەرانە بەسەریا تێپەڕن بەڵام شـپرزەییو نائـارامی هەنـدێ جـار بیرکـرن ئەشێوێنێت بۆیە قسەی خولەشێت بەجێ بوو دووکـەڵو حـەمام ئەوکاتـەو زۆر

سەرنجڕاکێشەر بوو لەبەرئەوە دوو کلاومان خستە کیسەیەکەوەو لەپەنا بەردێکا دامانا لەحەوشەکە کە دار زەیتونو گەلامێو هەندێ ئینجانەی لێ بوو.

ئەوەندەی پێ نەچوو قـڕەو زریکـەی خـەڵك لـەدوورەوەو لـەدەرو دراوسـێو نزیکەوە بەرزبووەوەو دەنگی شەق وەشاندنو دەرگاو پەنجـەرە شـکاندنو هـاڕەی شوشەو تەپەو گرمەی شەق وەشـاندنو هـاوار هـاواری ژنو قـیڕەو زریکـە کـە ئەهاتن پیاوو کوڕەکانیان ئەبردن.

ئاخری ئەو شەوە هەر لەتەمەنی شانزە ساڵەوە تاوەکو تەمەنی نـەوەد سـاڵ نێرینە نەما لەناو شار ئینجا ئەوە نەك لەسلێمانی بگـرە لەهـەموو شـارەکانی کوردستان وابوو دوای بەینێك لەدوو سێ مزگەوت بـەکزیو کەساسـی دەنگـی بـانگ بـەرزبووەوە لەگـەڵ ئەوەشـا ئـەو شـەوە مزگـەوتیش ڕزگـاری نەئـەبوو لەدەستیان، ئێمەش دەستمان لەسەر دڵمانو گوێمان لەدەنگی دەرگا بوو هاکـە هاتنە سەرمان. دەی ماوەیەکی بەسەرچوو گڕەی ئۆتۆمبێلو زیقەو گرمو هـوڕی دەبابەی سەر شەقامەکان هەندێ کەم بوونەوە. سەرمان سوڕمابوو بەشپرزەییەوە سەیری یەکترمان ئەکرد کە ئەمە چیە بزانم کەس نەهات بـەلای ئێمـەوە، وردە وردە دەنگەکان دوور ئەکەوتنەوە لەدەوروبـەرمان دونیـا خـەریك ئـەبوو ڕونـاك ئەبووەوە.

بۆ بەیانی شەقامو ڕێگاوبان چۆڵ بوون لەبـەر (منـع التجـول) قەدەغـەی هاتوچۆ بۆیە کەس نەیەزانی ئەویکەو دراوسێو خزمو ئاشـناو ناسـیاوی چـیان بەسەر هاتووە. ئەو شـەوە چـەندەها ژن کەوتبوونـە ژانـی سـەر منـاڵ بـوونو منالّیان بووبوو بەبێ دکتۆرو مامان چەندەها کەس تووشی سـەکتەو جەڵتـەی دڵ بووبوون بەبێ دکتۆرو خەستەخانە ئەو شەوە لەشەوە لەبیرنەچووەکان بوو.

ماڵی ئێمەش وەکو خۆمان ماینەوە کەس نەهاتە سـەرمان خـزمو ئاشـناو کەسیشمان هەر خەمی ئێمەیان بوو لای سەعات سێی پاش نیوەڕۆ هەر عەینی کەسو بەهەمان دەنگ بلاوی کردەوە کە منع التجول لائەچێت تەنیا بـۆ یـەك سەعات واتە لەسەعات (سێ)ەوە تاوەکو چوار، سەعات چـوار هـات شـەقامو جادە وەك لافاوی ڕەشی لێهات لەبەر عەبابەسەر کە دایكو کەسـی گیراوەکـانی شەوێ بوون. منیش لەگەڵ یەك دوو کەسی مـاڵی خۆمـان هاتمـە دەرێو گـوتم بزانم چی قەوماوە دلم زۆر لای مامە ڕەمزی بوو. ماڵەکەمان خـانووی زامـوای ئێستە بوو بۆیە هەر کۆلانەکەمان بڕیو پێـچمان کـردەوە بـەرەو سـەر شـەقام گەیشتین کە سەیر ئەکەم وا کۆمەلێك بەرەو ماڵی ئێمـە دێـن. هەنـدێ خـزمو کەس برادەرمان بوون ئیتر کـە بەیـەك گەیـشتین هـەواڵی یـەکترمان پرسـیو پەرۆشی خۆمان دەربڕی بۆ یەکتری لەناویانا کـاك حەمەسـالحی خزمـی بـاوکی هێرۆ بوو وەکو شتێك ئەو نەگیرا بوو تاكو تەرا پیـاو ئـەبینران لـەناو لافـاوی ژنانو عەبابەسەردا پێمگوتن کە نەهاتوون بۆ مـاڵی ئێمـە سـەریان سـوڕماو زۆریان پێخۆش بوو گوتیان ئێمە لەتاو ئێـوەو مـاڵی ئێـوە نەمانئـەزانی چـی بکەین منیش کەوتمە ناویانو چووین بۆ ماڵی مامە ڕەمزی دوای ئەوەی لەکاك حەمەسالحی خزمانەوە زانیم کە مامـە ڕەمـزیو سـیروانی کـوڕی گـیراون، ئـەم خەڵکە لافاوە سەریان لێشێوابوو نەیانئەزانی بـە چ لاییێکـا بـڕۆن ئەیانویـست بەپەلە بزانن کە کوڕو براو مێردو مامو خاڵیان کە براون چییان بەسەرهاتووەو براون بۆ کوێ؟ عەسکەر بەسەر دەبابەوە بوون ژنەکان لێیان ئەپاڕانەوە کە کوڕو کەسیان لەکوێن هەندێك پێیـان ئـەگوتن لەحەپـسخانەی سـەرەوەن لای تـوی مەلیك لەپڕ ئەم لافاوە ڕووی ئـەکرد بـەرەو حەپـسخانەی گـەورە لـەپڕ یـەکێ

ئەیقڕاندو ئەیگوت کچێ ئەڵێن براون بۆ حامیە لەپڕ ئەم ورووژمە ژنە روویان وەرەگێڕاو ڕوویان ئەکرد بەرەو حامیە. لەگەرمەی ڕۆیشتندا بوون کە ژنێکی سەلاری بە عومرو تەمەن چووە سەر بەرزاییێکی بچووك نزیکی ماڵی شێخ لەتیف حەفیدەوەو گوتی: گوێم لێ بگرن ئەوەتە بەو تۆزە هاتن‌و چوون‌و هەڵگەڕانە نیو سەعات لەماوەی (منع التجول) تەواو بوو بەقسەی من ئەکەن هیچمان پێ ناکرێ باشتر ئەوەیە بگەڕێیەنەوە شوێنەکانمان‌و ماڵەکانمان چونکە کە بوو بەسەعات چوار ئەمەتا عەسکەرەکان ئەڵێن ئەو کەسەی سەعات چوار لەسەر شەقام‌و بەر دەرگا ببینرێت دەسترێژی لێ ئەکرێت فریای هیچ ناکەون‌و ناتوانن کەس ببینن لەبەرئەوە بلاوەی لێ بکەن، ئاخری بلاوەیان لێکرد بە دڵی گوشراوو چاو پڕ فرمێسکەوە چەند ڕۆژێك وەزع وا مایەوە وردەوردە سەعاتەکان کەم ئەکرانەوە تاوەکو وای لێهات لەسەعات شەشی ئێوارەوە منع التجول بوو تاوەکو شەشی بەیانی، ئەو چەند ڕۆژە ئاشکرابوو کە چەند کەسیان شەهید کردووە چەند مامۆستای قوتابخانە چەند مامۆستای سانەوی‌و چەند کەسی خەباتکەریان هەر زیندەبەچاڵ کردبوو لەوانە کە ماڵی حەمەی فەرەجە ئەفەندی بوو کە بەسویچی ئۆتۆمبێلەکەی کە لە گیرفانیابوو بەوە ناسیبوویانەوە. ئەگەر دوو سێ کتێب پڕکەمەوە لەباس‌و وەسفی ئەو شەوە هێشتا هەر کەمەو هەر تەواو نابێت بۆیە هەر ئەوەندە باسی ئەکەم.

(ڕۆمانی بەرەو ئەشکەوتی دلێران)م هەمووی لەم ڕووداوانەوە پێکهاتووە هەمووشی ڕووداوی ڕاستن بەلام وەکو چیرۆکنووس‌و نووسەرێك بەخەیاڵ ڕازاندومنەتەوەو خەیاڵیشم تێکەڵ کردوون بەلام (پاڵەوانەکانی بەرەو ئەشکەوتی دلێران) هەموویان خەڵکی خەیاڵین خۆم ڕێکمخستون.

خانووەکەمان لەناو بازاڕ بوو زۆر قازانجی هەبوو ئەو شەوە کەس نەپەرژابووە ناو بازاڕو ئەو دڕندانە هەر خەریکی ماڵانو خەڵك گرتنو کوشتن بوونو بۆ ڕۆژانی دوایی لەزۆر کەسیان پرسی بوو ماڵی برایم ئەحمەد لەکوێیــە؟ پێیــان ئــەگوتن لەبەغدان ئەوەندە نەبوو لەبەغدا هاتبووینەوە بەماڵەوە هەموو چەند مانگێــك بوو لەبەرئەوە بەپەلە برادەران ئاگاداریان کردین کە تــا زووە ئامــادەبن تــاوەکو دەربازتان کەین بەپەلە خۆمـان کۆکردەوە هەروا سەر پریاسکەیەك بــۆ کــوردەی کچم شەش مـانگانە بوو هەندێ شـیری قوتــوو ئــەو شــتانەمان بــۆ پەیــداکرد چونکە خێزانەکەمان زۆر بوون بەچەند جارێك گوێزراینەوە هــەروەك بــچین بــۆ حەمامی ناو بازاڕ وا دەرباز بووین بۆ ئابلاخ هەموو لەوێ لــەماڵی برادەرێکــی حیزبی کۆمەڵ بووین شەو کە دێکە هەندێ مات بوون بردیــانین بــۆ شــوێنێك نزیــك ئــابلاخ لــەوێ ولاخو قەتارچــیو پێــشمەرگە چــاوەڕێیان ئــەکردین مانگەشەوێکی زۆر خۆش بوو ئــەو بــرادەرەی هــاتبوو بــەدوامانا نــاوی نهێنــی حەسەن ئاغا بوو، پێش گەیشتنی ئێمە بــە ئــابلاخ بەدزییــەوە هەنــدێ لێفــەو پێویستی خەویان بردبوو بۆمان، بەبێ دەنگی هەموو شوێن یەك کەوتین لەسەر چەند جۆگەلە ئاوو چلکاو پەڕینەوە شوێنی حەسەن ئاغا کەوتین تا گەیــشتینە لای ئەوانەی چاوەڕێیان ئــەکردین لــەو شــوێنە هەرچــەند هــەموو هــەر زەویو چۆڵەوانی بوو بەڵام ئەو شوێنەی چاوەڕێیان ئەکردین لێی چاڵێکی بــەرین بــوو بەئەسپایی لەحەسەن ئاغام پرسـی: حەســەن ئاغــا هــەموو دەوروپــشتی شــار ڕەبییەی حکومەتە ئەمە چۆن دەرباز ئەبین؟

حەسەن ئاغا گوتی: خەمت نەبێ ڕێگای تایبەتی خۆمان هەیە.

ولاخ ئامادەکرابوو هەر ولاخە یەك دوو لێفەیان لەسەر پشتی بەست بۆئەوەی ئێمەشی لەسەر سواربین هەموو ئەو کارانەشیان بەچرپەو ورتە ورت ئەکرد زۆر دیمەنەکە ترسناك بوو منالی بەسەزمان نەیانئەزانی چی بلێن و ئەمە چیە هەر چاویان زەق بووبوو، ئاخری دامەزراین و سواربووین من کوردەم لەباوەشا بوو، ئاسیێ دوو منالێ یەکێ لەباوەشی یەکێ لەپشتی سەبری خوشکم کوڕەکەی و منالانی تریشی سوار کردو قەتارچی سەری ولاخیان ڕاکێشا برادەرو پێشمەرگەش لەدەوروپشتمان من هێشتا دوو سێ هەنگاو نەچووبووین لێفەکەی سەر ولاخەکەم کە لەسەری دانیشتبووم خزاو خەریك بووم بکەوم چونکە لێفەکە سەرەکەی سەتەنە لووسەکان بوو بۆیە زوو فریام کەوتن بۆیان چاك کردمەوە ئینجا کە کەسێك ڕائەوەستا هەموو ئەو قافڵەیەش ڕائەوەستا حەسەن ئاغا هەر لەناو چاڵەکە بووین گوتی: کوڕینە کەس جگەرە نەکێشێت و نابێ کەس قسە بکات هەموو گوتیان باشە هەرچەندە ئەوان فێربوون و هەموو جارێك خەڵکیان دەربازئەکرد بەلام هەر بۆ بیرخستنەوە ئەو قسانەیان کرد. بەینێکی باش ڕۆیشتین حەسەن ئاغا ڕاوەستاو ئیشارەتی بۆ قافڵەکە کرد هەموو ڕاوەستن حەسەن ئاغا هاتە نزیك و گوتی: دادە گیان ئەبێ ئێستە ئێمە لەم جادە قیرتاوانە دەربازبین ئەمە جادەکەی کەرکوك سلێمانیە ئەچێت بۆ چەمچەماڵ و کەرکوك ئێستە ئەبێ ئێمە لەم جادە بپەڕینەوە ئەوبەری ئینجا وەزعەکە زۆر خەتەرناکە یەك جولەیەك گریانی منالێ یەك کۆکەو پژمین یەکسەر لەناومان ئەبەن ئینجا وەرە من ئەبێ چیم بەسەرهاتبێ لەترسی ئەو منالە وردە بەسەزمانە، گوتم حەسەن ئاغا ئەی تۆ گوتت ڕێگای تایبەتی خۆتان هەیە ئەی ئەوە چی بوو؟ حەسەن ئاغا گوتی: دادەگیان ئەبوو وابلێم

تاوەکو نەترسن‌و بێن‌و ئێستەش واتان پێ ئەڵێم تاوەکو ئاگـاداربن‌و چـار نیـەو ئەبێ بپەڕینەوە. هەموو منالّو گـەورە وەك بتمـان لێهـات‌و قەتارچـی سـەری وڵاخی پێشەوەی ڕاکێشاو گوتی خوایە لەسەر تۆ.

کاتێکی زۆر بەسام‌و ترسناك بوو هەروەك ئەوەمان لێهـات کـە بڵـێن تـازە تەواو ئیتر خۆمان‌و بەختی خۆمان لەهەمووی ترسناکتر تەقەی سمـی وڵاخـەکان بوو بەسەر ئەو شەقامە قیرتاوکراوەدا تێئەپەڕین، لەویش ترسـناکتر کـە نـەکا ئێستە ئۆتۆمبێلی عەسکەری لەوکاتـەدا بەوێـدا تێپـەڕێت چـونکە دەوریـەو پاسەوانی سەربازی حکومەت هەمیشەو بەبێ وچان لەگەڕدا بوون.

لەشـەقام پەڕینـەوەو قەتارچـیەکان سـەری وڵاخـە بەسـەزمانەکانیان وا ڕائەکێشا کە خەریك بوو وڵاخەکان هەناسەیان لێ ببڕێت بەپەلەپەل گەیشتینە گردێك دونیا زۆر زۆر تاریك بوو چاو چاوی نەئەبینی وەکو ئەڵێن کەوتینـە نـاو دارو دڕك‌و شینایییەوە کـە لـە گـەنم‌و جـۆو شـتی وا ئەچـوو، بـەدەوری گـردا تێپەڕین‌و کەوتینە ئەودیوی لەپڕ حەسەن ئاغا ڕاوەستاو گـوتی ئـیتر صـلاوات لێدەن سەفەر سەلامەت شـکور گەیـشتینە مـاڵی خۆمـان دەی ئـیتر جگـەرە بکێشن‌و قسە بکەن‌و حەز ئەکەن گۆرانیش بڵێن سەرمان سوڕماو هەر کەسـە قسەیەکی کرد گوتم: حەسەن ئاغا لەڕێی خوادا خۆ هەمووی چارەکە سەعاتێك نابێت لەسەر شەقام‌و بەناو ڕەبییەو سەنگەری عەسکەرەکانا تێپـەڕیوین چـۆن بەم زووانەو بەم چەند هەنگاوە ئـەڵێیت ئـیتر تـرس نـەماو گەیـشتینە مـاڵی خۆمان؟ حەسەن ئاغای پێکەنی‌و گوتی: ئەی چۆن دادەگیان ئەوانەی لەناو ئەو کونە گورگانەیان لەوێ خزاون لەوێشەوە تەقەو دەسـتڕێژ ئەکـەن نـاوێرن بێنـە

دەرەوە بەشەو لەترسی پێشمەرگە، هەر ئەوەیە کە گوێیــان لەخـشپەو دەنگێـك بوو شتێك هەڵئەدەن ئەو ناوە ئەکات بە ڕۆژی ڕووناك ئینجا ئەکەونە دەستڕێژ.

حەسەن ئاغا وای گوت هەر دەستبەجێ ئاسێ دایەنی منداڵـەکانو لەگـەڵ هێڤی کچم کە لەگەڵیو لەباوەشیابوو هــەردووکیان لـە وڵاخەکـە بەربوونــەوە خوارێ تا گوتمان ئــەوەکێ بــوو؟ سـەبریەی خوشـکمو دژواری کـوڕی ئـەوانیش بەربوونەوە خوارێ ئیتر گریانی منداڵو ئاخو ئـۆفی ئاسـێو سـەبریەی خوشـکم لەگەڵ پڕمەی پێکەنین هەمووی تێکەڵاوی یەکبوون دڵمان خۆش بـوو هــەموو کەوتنە قسەو باسو دڵ دانەوەی ئەوانەی کەوتوون.

ئەو شەوە تا بەینێکی باش هەر بــەڕێوەبووین تــا وای لێهـات هــەموومان هاوارمان پێکەوت منداڵ خەویان ئەهات من زۆر بێ تاقەت بوومو هەردوو قاچم سڕبووبوو لەسەر پشتی وڵاخ بۆیە بە حەسەن ئاغام گـوت: ئـەوە ئێمـە هــەروا بەڕێوە ئەبین شوێنێك نیە هەندێ پشوێك بدەین؟ حەسەن ئاغا گوتی: با ئەوەتە گەیشتینە ئاشەکە لەوێ دائەبەزینو بۆخۆتان پشوو ئەدەنو ئەنوون.

ئاخری گەیشتینە ئاشەکە وابـزانم نـاوی ئاشــەبەردینە بـوو بــەڵام لایتـی دەستیمان پێبوو هەر بەو تۆزە شەوقە کتوپڕەی لایتەکە دیمان ئاشی چیو حاڵی چی شوێنێکی کەلاوەو ڕووخاو بەردی بەسەر بەردەوە نەمابوو لەو دەوروپــشتەی هەموو تاشەبەردو دیواری کاولکرابوو. گوتمان: ئەمە چیە حەسەن ئاغـا چـۆن لێرە ئەنووین وامانزانی ئەگەینە دێو ئاواییو خانوو؟

حەسەن ئاغا گوتی: ئەمە ئاشـێکی زۆر بەکـەڵكو بـاشو قەڵـەباڵغ بـوو دائمو هەمیشە بەر کەس نەئەکەوت ئەم دێهـاتی دەوروبــەرە گـەنمو چـەڵتوكو کەڵو پەلیان ئەهێنا بۆ ئێرە بۆ هاڕینی چەڵتوك کوتان بەڵام ئەمە سـێ چـوار

ڕۆژە فڕۆکەی حکومەت گەیشتە سەری‌و وا کاولی کرد ڕەبی ماڵی ئـەوانیش وا کاول بێت. چونکە حکومەت زانی کە پێشمەرگە لێـرە کۆمـەڵ ئـەبن‌و لێـرەوە ئەڕۆن بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانیان.

ئاسیێ‌و ئەوانەی لەگەڵمان بوون بەپەلەپەل کەوتنە نـوێن داگـرتن‌و هـەروا لاڵ‌و پاڵ هەریەکەمان لەشوێنێك جێ خۆی کردەوە. منداڵەکان ئەوەنـدە مانـدوو بووبوون هەر دەستبەجێ نووستن بگرە هەمووومان وامـانزانی لەسـەر دۆشـەکی پەڕی قو نووستووین کەچی لەسـەر ئـەو بەردانـە پاڵکـەوتین‌و تـەنیا هەنـدێ سـەرین‌و چـەند پـەتۆو لێفـەمان پـێ بـوو دوای بـەینێك هـەر وەکـو گـوێم لەدەنگێکی زۆر قوڵی ناو بیرو ژێـرزەمینم هاتـە بـەر گـوێ کـە ئـەڵێت: دەی دادەگیان هەستن درەنگە ئەبێ لەپێش هەتاو هەڵهاتن بکەوینە ڕێ چاوم کردەوە جارێ نەمزانی ئەو دەنگە چیەو ئەوە کێیەو درەنـگ‌و هـەتاو هـەڵهاتنی چـی؟ بەڵام فرەفـرِی لـوتی ئەسـپ‌و ولاخـەکان‌و قسەکردنی حەسـەن ئاغـا لەگـەڵ قەتارچیەکان هاتە بیرم کە ئەمە ئێمە لەکوێین‌و بۆ کوێ ئەچین.

ئاسیێ هەستا منـاڵانی خەبـەرکردەوەو هـەموو ڕاپـەڕین ئـەویش چـونکە حەسەن ئاغا گوتی ئەگەر ئێستە نەکەوینە ڕێ لەگەڵ هەتاو هـەڵهاتن فڕۆکـە دێتە سەرمان چونکە هەر ڕۆژیان لێبووەوە ئەکەونە بۆردومانی ئـەم ڕێگاوبانـە بۆیە بەهاتنی ناوی فڕۆکەو تەیارە هـەموو ڕاپـەڕین‌و بەچـاوی نیـوە نووسـتوو سەرو پۆتەلاکی شێواو کەوتینە ڕێ. دیـارە لەهـەموو منداڵـەکانم دڵـم زۆر بـۆ کوردەی کچم ئەسوتاو زۆر خەفەتم بـۆ ئـەخواردو زۆر ئاگـام لێبـوو نەمەدایـە دەست کەس چونکە تەمەنی شەش مانگـان بـوو زۆر ناسـك‌و سـپی کەلانـەو گوناه بوو ئەگەرچی منداڵەکانی تریشم هەروەکو ئەو دڵم لەلایان بوو خەفەتم بۆ

ئەخواردن بەڵام ئـەوان گـەورەتر بـوونو ئاسـیۆو خـەڵك ئاگاداریـان ئـەکردنو بەتەنگیانەوە بوون.

بەدەم ڕۆیشتنەوە ڕۆژ بووەوەو هەتاو هەڵهات حەسەن ئاغا لەقەراغ دێیـەك لەژێر هەندێ درەخت دایناینو چوو لەگەڵ چەند کەسێك بۆ ناو دێیەکـە نـانو ماستو چای بۆ هێناین. هەر ئەوەندە ماسـتیان دانـا لەگـەڵ نـان ڕەشـەبایەك هـەڵی کـردو هەرچـی ئـەو خـۆڵو تـەپو تـۆزە بـوو خـستیە نـاو ماسـتو خواردنەکەمانەوە. من هەندێ تووڕەبوومو گوتم واللە من ئەم زبلە نـاخۆم بـەڵام ئەوانی تر هەرچۆنێك بوو شتێکیان خوارد، من یەکەم جار بوو بـچم بـۆ لادێو ڕێوشوێنی وا بەتایبەتی لەم زروفە نالەبارەدا بۆیـە سـەرەڕای دەردان چـووبووم پێڵاوێکـی باتـەی ناسکیـشم کردبـووە پـێ لەبەرئـەوە هەرچـەند هـەنگاوێك ئەکەوتینە ڕێ بەرەو بناری شاخی قەندیل چونکە لە وڵاخ دابەزیمو ترسام لەبەر کوردەی کچم کە بەباوەشمەوە بوو هەتاویش هەڵهاتبوو دونیـا گـەرم گـەرم بـوو فەسڵی هاوین بوو لەبەرئەوە هەر هەندێك بـەناو ئـەو دارو بەردانـە ڕۆیـشتمو خەریکی سەرکەوتنی شاخ بووین کە پێڵاوەکانم پەکیان کەوتو پاژنەکانی لـێ بـووەوەو ئـیتر بەباشـی نـەمتوانی بـڕۆم بـووم بەتەگـەرە بـۆ حەسـەن ئاغـاو پێشمەرگەکانی لەگەڵمان بوون.

پێشمەرگەیەکی ناسیاومان دەستی دایە کڵاشـەکەیو گـوتی بـەو خوایـە باجی هەمووی دە ڕۆژە لـەپێم کـردووە دە هەرچـۆنێك بێـت لەپێیکـە باشـترن لەمانـەی خـۆت خـەریکن لێـت بەجێئـەمێننو لـەپێت دێنـەدەرێ سـەیری کڵاشەکەیم کردو گوتم نەء لەپێی ناکەم کڵاشەکەت ئارەقی پێوە دیارەو بـۆنی دێت. هەموو پێکەنین خۆشـم پێکـەنیم، چـونکە ڕێگاکـەمان وا سـەخت بـوو

هەرچەندە هەر ترسی فڕۆکە هاتنمان لەدڵابوو لەگەڵ ئەوەشا قسەی گاڵتەو پێکەنینمان ئەکرد لەگەڵ یەکتری. لەوکاتەدا کە گوتم ئەم کڵاشە لەپێ ناکەم خولەشێتەکەی خۆمان لێم ڕاپەڕیو بەزمانە لاڵەپەتەکەیەوە گوتی: ئەی بۆچی پێڵاوێکی نزمو باشترت لەپێ نەکرد بۆچی تۆ وائەزانی ئەچیت بۆ شارع الرشیدو شارع ابو نواس؟ خولەشێتەکەمان چونکە ئەیزانی هەموومان خۆشمان ئەوێتو هەموو شتێکی لێ قبووڵ ئەکەین لەبەرئەوە کە ئەیویست شتێك بڵێت بەبێ ترس ئەیگوتو ئەهات بەگژ هەموومانا. چونکە پشت ڕاست بوو کە لێی قبووڵ ئەکەین ئەگەرچی من هەندێ جار شوێنی ئەکەوتمو ڕاوم ئەنا ئەگەر تووڕەی کردمایە، هەروەها هێرۆی کچیشم پەلاماری ئەداو شوێنی ئەکەوت ئەگەر تووڕەی کردایە.

پارچە پەڕۆێکی گەورە وەکو سەر جێگا وابوو دابووم بەسەر خۆماو کوردەی کچم خستبووە ژێری بە باوەشمەوە بەفەلاکەتو ماندوبوونێکی زۆر گەیشتینە سەر شاخی قەندیلو چووینە سەر کانیو ژێر درەخت، پەردەکەم لادا لەسەر سەرم سەیر ئەکەم نیوەی قاچی کوردەی کچم سوربووبووەوەو لەبەر هەتاوەکە سوتابوو تەمز کە بەباوەشمەوە نووستوە زۆر ئاگاداری سەروو لەشی بوومەو پەردەکە نەگەیشتۆتە سەر قاچی کە دایپۆشێت، بەڵام من کە هێشتا لەبەغدا بووین ئەمزانی چیمان بەسەردێت یەك تورەکەی گەورە دەرمانی چاكو کرێمو ڕۆنی ڤازەلینو چەندەها جۆرە حەبم پێ بوو تەنانەت حەبی خوێن لەبەر ڕۆیشتنیشم پێ بوو (نزیف) ئەویش لەبەغدا بەسەر کوردەی کچمەوە تووشی خوێن لەبەرچوون بوومو دکتۆر حەبیان دامێ بە دوو حەب خوێنم ڕاوەستا بۆیە ناردم لای دکتۆرێکی ئاشنام بۆی پەیا کردمو لەگەڵم بوو. دوایی ئەو حەبی

خوێن لەبەرچوونە بەکەڵکی پێشمەرگەیەکی بریندا هات دوایی (لەشوێنی خۆی باسی ئەکەم) .

گەیشتینە هەڵەدنو مالوومە باوکی هێرۆو پێشمەرگەیەکی زۆر لەئەشکەوتی مالوومە بوون. شەو لەهەڵەدن نووستین بەڵام چ نووستنێك تاوەکو بەیانی کێچ خواردینی ماڵەکە زۆر ماڵی باش بوون بەسەزمانانە زۆر بەدەورمانا هاتن بڵێین چی ماڵەکەیان پڕبوو لەکێچو جانەوەری هەمەجۆر لادێی بەسەزمان حاڵیان زۆر شڕبوو بەدەست حکومەتە بەدناوەکانەوە.

لادێ زۆر زۆر لەسەغڵەتیدا بوونو زۆر ئازاریان ئەبینی. هەروەها هەمیشە پێشمەرگەو خێزانی خەباتکەرەکان کە لە شارەوە ڕایانئەکرد بۆ شاخ هەمیشە ئەبوون بە میوانی ئەو دێهاتیانە لەو ڕێگایانە ئەبوون کە لێوەی تێئەپەڕین ئەو ماڵە لادێییانەش دڵیان بۆ ئەکردنەوەو جێیان ئەکردنەوە تاوەکو ئەگەیشتنە شوێنی خۆیان هەروەها زۆر دڵسۆزی پێشمەرگەکانیش بوونو یارمەتیان ئەدان کاتێ ڕێیان بکەوتایەتە لایان.

ئێمە ئەچووین بەرەو سەرگەلوو لەدوای ئەوەی شەهیدی قارەمان کاك عەلی عەسکەری وای بۆ ڕێکخستبووین کە جارێ بڕۆین بۆ ئەوێ چونکە لەوێ ماڵو منالی خۆشی لەوێ بوون لەگەڵ ماڵی شێخ جەلالی خالی کە باوکی سەبیحەخانی هاوسەری بوو لەوێ جوابی بۆ ناردبوون کە بەڕێوەین کەپرو شوێنمان بۆ ئامادەکەن.

شەوێکیش لەچوغماغ نووستین شەوێکیش لەدێیەکی تر ناویم لەبیر نەماوە ئەو دێیە کە ناویم لەبیر نەماوە شەو گەیشتینە ئەوێ ئەوانیش ئەیانزانی کە دێین بۆلایانو وابەڕێوەین. ئێمەش ئەوەندە ماندوبووین هەرکە گەیشتینە لایان

لەسەریان جێگایان بۆ ڕاختسبووین لەبەرئـەوە هـەر چاك‌و چـۆنیمان لەگـەڵ کردن‌و وەکو بێهۆش هەمووما‌ن لەسەر جێگاکان کـەوتین‌و نووسـتین ئەوەنـدەی پێنەچوو هاتن خەبەریان کردینەوە کە هەستین نان بخۆین. ئەو ماڵە بەسەزمانە زۆر ئەزیەتیان لەگەڵ کێشاین چونکە خۆمان خێزانێکی زۆر بـووین‌و ئاگایـان لێمان بوو لەگەڵ ئەو کەسانەی لەگەڵمان بوون هـەروەها خـاوەن ولاخـەکانیش ئەبوو هەموو لەوێ نان بخۆن. کە هەستاین بۆ نان خواردن زۆر دیمەنێکی جوان‌و جادوییم دیت، مانگ هەڵهاتبوو ئەو نـاوەی بەشـەوقی زیـوی دڵفڕێنـی خـۆی داپۆشیبوو دێکـە هـێمن‌و بێـدەنگ بـوو دیـارە وەکـو پیـشەی هـەموو لادێ‌و فەلاحەکان چونکە بە ڕۆژ زۆر ماندوو چەوساوەن بەسـەزمانانە بۆیـە شـەو زوو ئەنون بۆئەوەی سبەینێ شـەوەکەی هەسـتنەوە بـەلای ئیـشەکانیانا لەبەرئـەوە دێیەکە بێدەنگ بوو دەورمان هەمووی شاخ‌و گردو دارودرەخت بوو شەو فێنکی کردبوو بەین بـەین دەنگـی وەڕینـی سـەگی دێیەکـە ئـەهات منـاڵ بەرەبـەرە هەستان‌و سینی خرایە بەردەستمان. سینی چی تیابوو؟؟ قەرەخەرمانی فەریك‌و گۆشتی گیسکی خرابووە سەر. ئەو قەرەخەرمانەی ئەو شـەوە خـواردم ئەوەنـدە خۆش بوو هەتاوەکو ئێستەو چەندەها جـار قەرەخـەرمانم خـواردووەو چـەندەها وڵات‌و شوێنی خۆشم دیوەو خواردنی خۆشم خراوەتە بەردەم. هـیچ کـات‌و قـەت قەت نەگەیشتونەتە پارویێکی ئەو قەرەخەرمانەی ئەو شەوە بـەو ماندوویێـەو لەسەر بانی ماڵی ئەو دێیە بچکۆڵە بەدارو دڕك‌و خۆڵاویە فەقیرانەیە.

پێش ئەوەی بگەینە ئـەم دێیـەو دێیـەکانی هەڵـەدن‌و چـوغماغ چـووینە مالومە کە ئەشکەوتی مالومە زۆر بەناوبانگ بـوو لـەناو شـۆڕش چـونکە مەکتەبی سیاسی حیزب‌و پێشمەرگەی زۆری لێ بوو. باوکی هێرۆ ناوی نهێنـی

مەلا قادر بوو سکرتێری پارتی بوو زۆر خۆشەویست بوو لەناو شۆرشگێرو پێشمەرگەکان هەر خۆشی ناوی چەکدارەکانی نا پێشمەرگە خۆی ئینسانێکی دڵ گەورەو پاکو دڵسۆز بوو. هیچ کات خۆی لەپێشمەرگەیەکی هەرە بچووکی لەشکر جیانەئەکردەوەو ئەو شتەی ئەخوارد کە ئەوان ئەیخۆنو نەیەهێشت فەرقو جیاوازی بکرێت لەبەینی پێشمەرگەو سەرکردەو ئەوانەی ئەیانتوانی شت بۆ خۆیان بکرنو ئەبوو هەموو وەکو یەك بخۆنو لەو ڕووەوە چەندەها ڕووداوی پێکەنین ئەقەوما. وەکو جارێك برادەرێکی نەوسنو حاڵ باش چووبوو بەدزییەوە ناردبووی بۆ خۆی مریشکی کڕیبوو چووبوو لەپەناییێك لەگەڵ یەك دوو کەس مریشکی ئەبرژاند کە بۆن بلاوبووەوەو باوکی هێرۆ ئەنێرێت بزانێت کە ئەمە چیە؟ دێنەوەو ئەڵێن واللە مامۆستا گیان کاك سالار ئەڵێت نەخۆشمو ئەبێت مریشکی برژاو بخۆم. ئەویش ئەنێرێتە سەریو کە جارێکی تر ئیشی وانەکرێت مریشك ئەبرژێنی بۆنی بەسەر پێشمەرگەکاندا تێئەپەڕێت ئەوانیش وەکو تۆ حەز لەمریشك خواردن ئەکەن ئەتەوێت مریشك بخۆیت برۆ بۆ شوێنێك کە پێشمەرگەی لێ نەبێت، برۆ دێیەکی تر دانیشە مریشك بخۆ. ئەوکاتانە ٦١و ٦٢ شۆرش زۆر فەقیرو حیزب زۆر بێ دەرامەت بوون هەمیشە سێ ژەمە خواردنی پێشمەرگە پیاڵە چایێكو کولێرەی ڕووت بوو ئەویش کولێرەکە هەمووی هەر زیخو بەرد بوو چونکە فریا نەئەکەوتن گەنمەکە ببژێرنو پاکی کەنەوە بۆیە وا ئەڵێم چونکە ئێمەش لەو کولێرانەمان ئەخوارد لەدواییا کە گەیشتینە ژێر کەپرو ماڵی خۆمان.

حەبیب محەمەد کریم کە ئەویش لەبەغدا هەڵهاتبوو خۆی گەیاندبووە ناو شۆڕش کوردی فەیلی بوو لەبەغدا لەسەر ئێستگەی بەغدا بوو. کاك حەبیب

محەمەد کریم قسەی زۆر خۆشو پێکەنین بوو. ناوی ئەو کـولێرەو پیاڵـە چـایەی نابوو (الرفوف العالیە) الرفوف العالیـە بەرنامەیـەك بـوو لـەڕادیۆی بەغـدا بڵاوئەکرایەوە باسی گۆرانیو شتی کۆنی فۆلکلۆری ئەکرد. ئیتر ئـەویش نـاوی ئەو کولێرە زیخاویانەو ئەو پیاڵە چایەی وا ناو نـابوو. هەنـدێ جـار بـۆ ئێـوارە پێشمەرگەو سەرکردەکان نیسکێنەو پەڵپێنە بەترشیان هەبوو دوایـی وردە وردە پێشمەرگە شکور بەهێزبوونو هێرشی حکومەتیان ئەشکاندو چـەکیان دەسـت ئەکەوتو حکومەت بەسەرشۆڕی ئەگەڕایەوە دواوە.

زۆر چاك بیرم دێتـەوە جارێکیـان هێـزی حکومـەت هێرشـی کـردە سـەر پێشمەرگە ویستی سەرکەوێتە سەر ئەزمڕ. ئەوکاتە شەهید عـەلی عەسـکەری نەمرو هێزەکەی ڕێگایان بەو هێزەی حکومەت گرتبوو ئەم ڕووداوە کـە قـەوما بەچاوی خۆم دیم هێشتا ئێمە لەسـلێمانی بـووینو هێـشتا نەکەوتبووینـە ڕێ بەرەو شاخو ڕاکردن.

ئەو ڕۆژە هاتبوومە مـاڵی دڵسۆزانی کوردو کوردستان هەردوو خۆشەویست منیرە خانی قەفتانو کاك حامیدی نەمر ئەویش بۆیە هاتبووم چونکە لەمەراقا بووم هاتبووم بۆ هەواڵێك چونکە ئەمناسـینو ئـەمزانی کـە چـەند دڵـسۆزنو پەیوەندییان چەند بە شۆڕشگێڕانو خەباتکەرانەوە هەبوو، ئەوەنـدەی پێنەچـوو یەکێ هاتو گوتی وەڵلا وا لەشکری حکومـەت هێرشـی بـردە سـەر ئـەزمڕ، ئێمەش بەترسو نارەحەتیەوە ڕامان کردە سەربانەکەیان لەدوورەوە تـەپو تـۆزو تەقە دەستی پێکردبوو دەبابەکان گوریان ئەدایـە خۆیـانو سـەرئەکەوتنو لـە ناوقەدی شاخەکە بە ڕاکردن دەبابـەکان ئەگەڕانـەوە دواوە یـەك لـەدوای یـەك هەرچی لەوانەی ئەیانتوانی لەسەربانەکانیانەوە چـاویان لێبوایـە لەسـەر بـان

بوون دەست بە دوعاوە بۆ پێشمەرگە قارەمانەکان. ئاخری لەشکری حکومەت شکان‌و گەڕانەوە لەو شوێنەی کە کاك عەلی عەسکەری نەمرو پێشمەرگە قارەمانەکان بەرگری ئەو لەشکرە زلەی حکومەتیان ئەکرد ئەو قارەمانانە نەك چەکی قورس‌و چاکیان نەبوو بگرە خواردنیشیان نەمابوو. لەو شوێنە چەند ڕۆژ لەوەو پێش جاشی حکومەتی لێبوو کە ڕۆیشتبوون کولێرەو قەراغە کولێرەیان لێ بەجێمابوو هەموو لەبەر هەتاو وەکو پارچە تەختەیان لێهاتبوو عەلی عەسکەری نەمرو پێشمەرگەکانی ئەو نانە کۆنەیان کۆکردبووەوەو ئاوی کوڵاوی کتلیان پیا کردبوو خواردبوویان. بەڕاستی ئەوانە قارەمانی ڕاست بوون ئەوکاتانە بەبێ دەرامەت‌و بەسکی برسی‌و بەچەند تفەنگی خەڵکەکە خۆیان کەچی لەرزیان خستبووە ناو جەرگی عەسکەرو لەشکرو حکومەتەوە.

عەسکەرەکانی حکومەت بە پێشمەرگەیان ئەگوت (جیش مەرگە) نەیانئەزانی بڵێن پێشمەرگە ئا بەم حاڵ‌و ڕووداوو کردارانەوە پێشمەرگە پێکهات‌و وردە وردە خۆی گرتەوەو بەهێز بوو ڕۆژنەبوو مەخفەرو ناحیەو شوێنەواری حکومەت نەگرن لەپێچ‌و پەنای ئەزمڕ چەندەها جێبی سووتاو وەرگەڕاوی عەسکەرت لێ ئەبینی‌و چەندین دەبابەی پەك کەوتوو وسووتاو ئەبینران. عەسکەری حکومەت لەدەوروبەری سلێمانی لەئێوارەوە خۆیان ئەخانیە ناو ڕەبیەکانەوەو بەهیچ جۆرێك نەئەهاتنە دەرەوە تەنیا ئەگەر گوێیان لەدەنگە دەنگ‌و ڕۆیشتنی ولاغ ببوایە لەبەرئەوە هەر گورج جۆرە لایتێکیان هەڵئەدا کە ئەو ناوانەی ڕووناك ئەکردەوە وەکو ڕۆژی لێ ئەکرد ئینجا ئەکەوتنە دەستڕێژ ئیتر هەر کەسێك بەرکەوتایە بەتایبەتی هەموو جارێك ئەو ماڵانەی بەرئەکەوت کە بەدزییەوە ڕایانئەکردو خۆیان دەرباز ئەکرد بۆ

شـاخەکان ئێمـەش گەیـشتبووینە سـەرگەلوو لای شـێخ جـەلال‌و ژنـە خانمـە باشەکەی کەپرێکی گەورەی خۆشـیان بـۆ دروسـت کردبـووین دیـارە لەقـەراغ دێیەکە لەشوێنێکی شـاخاوی لەترسـی فڕۆکـەی حکومـەت‌و بۆردومـان دوو کەپری تریش لەم لاو ئەولامان بوو یەکێکیان هی ماڵە عەرەبێك بوو پیاوەکـە زەعیم‌و عەقید ئەو پلەیەی لەسوپای عێراقدا هـەبوو ئـەویش ڕایکردبـوو ژن‌و منالەکانیشی لەگەڵ بوو ژنەکەی زۆر بەسەزمان‌و گوناح بوو هەر ئەگریاو هەر خەریکی دوو کوڕەکەی بوو بۆ نەگبەتیش دەستیٚ جلی کوردیان کردبـووە بـەری شەپ‌و شۆڕ نەگبەتە هەر لێی ببوو بەبەلاّ لەگـەڵ سەرپۆشـێکیش بەسـەریەوە ئەوان پێش ئێمە لەویٚ بوون کەئێمە گەیشتین زۆریان پێخۆش بـوو بەتایبـەتی کە ئێمە عەرەبیشمان ئەزانی‌و کەوتینە قسەو باس لەگـەڵیان ئـیتر ژنـە هـەر بووژایەوەو دڵی خۆش بوو.

لەمالوومە باوکی هێرۆ پێشمەرگەیەکی باش‌و دڵسۆزی لەگەڵ بـوو نـاوی کاك ساڵح مالومەیی بوو، ئەوە کە یەکەم جار گەیـشتینە مالوومـە لـەماڵی کاك ساڵح پشوومان داو چاو ماستاوو ئـەو شـتانەمان خـواردەوە لەبـەر ئـەوە باوکی هێرۆ کاك ساڵحی لەگەڵ ئێمە نارد کـە بـە دیارمانـەوە بێـت‌و ئاگـای لێمان بێت چونکە زۆر شارەزای ئەو ناوانـە بـوو ئێمـەش منالّمـان ورد بـوون‌و خێزانمان زۆر بوو.

لەگەڵ سەبریەی خوشکم کە گەیشتینە سەرگەلوو ئـیتر جـەلال ئەتروشـی مێردی هات بۆلای ئەویش بەدیارمانەوە ما، جەلال ئەتروشیش لەگـەڵ دکتـۆر صدیق ئەتروشی مامی کە ئەو زاوای من بـوو مێـردی ڕێـسانی خوشـکم بـوو ئەوانیش لەبەغدا ڕایان کردبوو گەیشتبوونە ناو هێـزی پێـشمەرگەو شـۆڕش،

هەر خەڵك‌و پیاوی ناسراو بوو بەڕێوەبوون کە ڕایان ئەکردو ئەهاتنە شاخ‌و پەنایان ئەهێنا بۆ شاخ‌و شۆڕشی کوردستان.

سەرگەڵوومان پێخۆش بوو دەوری کەپرەکەمان هەموو دار گوێزی زل زل بوو جۆگە ئاومان لەبەردەم تێئەپەڕی، بەڵام لەهەمووی ناخۆشتر سەرگەلوو دوپشکی زۆر بوو دوپشکی بەناوبانگ بوو کە هێشتا هەر بەڕێوەبووین‌و نەگەیشتبووینە سەرگەلوو خاڵە هەمزەم جوابی بۆ ناردم کە لە سەرگەلوو ئاگاتان لەخۆتان بێت دوپشکی زۆرە خاڵە هەمزەم چونکە زۆر ژیانی هەر شاراوەو قاچاغ بوو لەحکومەتە بەدناوەکانی عێراق‌و دائم‌و تێکڕا بە دوایەوە بوون کە بیگرن لەلای جەنابی سەید ئەحمەدی خانەقا بوو لای ئەوو لەدێهاتی ئەودا شاراوەبوو سەرگەلوو دێی سەید ئەحمەدی خانەقای نەمر بوو بۆیە شارەزای بوو ئەیزانی کە دوپشکی زۆر تایبەت‌و زیانبەخشی لێیە.

کوردەی کچم عومری شەش مانگان بوو لە ناوەڕاستی کەپرەکە بە کۆڵەگەوە گوریسمان بۆ کردبوو بە جۆلانە بەڵام منالی ترم‌و خۆم‌و هەموومان هەر لەسەر ئەرزو لەناو ئەو خۆڵە جێگایان بۆ ڕائەخستین‌و ئەنووستین بەترس‌و لەرز، شەوێکیان هەروەك یەكێ خەبەرم کاتەوەو بڵێت هەستە زووکە کە ڕاپەڕیم‌و سەیرێکی منالەکانم کرد یەك دوپشکی بەقەد لەپی دەستێکم دیت لەسەر پەتوەکەی سەر سنگی هێڤی کچم کە بەپەلە ڕایکرد بچێتە ناو جێگاکەیەوە هەر ئەوەندەم توانی کە وەك بروسکەو شێت پەلاماری پەتوەکەی بدەم‌و هەڵیدەمە ئەولایە ئیتر ئەو شەوە کەسمان نەنووستین‌و خەو نەچووە چاومان لەترسانا. ئەوە مەراقی هەرە گەورەمان بوو، هەموو ڕۆژێك هێزی پێشمەرگەی قارەمان بەلاماندا ئەهاتن‌و تێکڕا لای شێخ جەلال دائەنیشتن

پــشوویان ئــەداو نانیــان ئــەخوارد زۆری سەرلەشــکرو ســەرکردەکانیان کــە ناسیاومان بوون ئەهاتن سەلامێکیان لێ ئەکردینو هەندێ لەژێر کەپرەکــەمان دائەنیشتنو ئەحواڵیان ئەپرسین، ڕۆژێکیان یەکێکیان کە ناوی مەلا ناصح بــوو ئامر هێزی پێشمەرگە بوو هات سەلامی کردو هەواڵی پرسینو گوتی ئێرەتــان پێخۆشە؟ چۆنن؟ منیش گوتم وەڵلا زۆر خۆشە بــەڵام بەشــەو نــاوێرین بنــووین منالّەکان زۆر ئەترسن لەبەر دوپشك. مــەلا ناصــح گــوتی: بەڕاســت ئەترســن بنوون؟ منیش گوتم ئەرێ وەڵلا وەکو پێت ئەڵێم. مەلا ناصح هەڵیدایێو گوتی: خەمت نەبێت بە خوا دوێنێ مەخفەرو شوێنی زۆر گەورەی حکومەتمان گرتــووە مێزو کورسی درێژیشی تیایە هیچ خەمت نەبێت دوو ڕۆژی تــر بۆتــان ئــەنێرم ئیتر هەستاو لەگەڵ پێشمەرگەکانی ڕۆیشتن منیش لەدڵی خۆما گوتم ئەوە دڵم خۆش ئەکات ویستی هەندێ ورەمان بەرزکاتەوە مێــزی چــیو قەنەفــەی چــی! لەناو ئەم شاخو داخەدا دێتو ئەگاتە دەســتمان، خــۆ ڕێگــای ئۆتۆمبێــل نیــە قابیلە بە ولاغ ئــەو جــۆرە شــتانە بگوێزرێنــەوە؟ دوو ســێ ڕۆژی پێــچوو، کــە ئێوارەیەك خولەشێتی خۆمان بەدەمە لالەپەتەکەیەوە ڕاپەڕیو گوتی: ئەوە چیە بەکۆڵو سەر پشتی ئەو ولاخانە وا دێنە خوارەوە بــەرەو لای خۆمــان؟ ئەوەنــدەی پێنەچوو، کە سەری ولاخەکان لەناو دارو درەختــی ئــەوناوە هاتنــە دەرێ مێــزو کورسیو کەلو پەلی بەسەر کۆڵەوە. منالّەکانو ئەوانەی لەگەڵمان بــوون قــاوو قریشکیان تێکەوتو چوون بەپیریانەوە.

ولاخ گەیشتن لەگەڵ خاوەنەکانیانو کەوتنە داگرتنی کەلو پەلەکان. کەلو پەلەکان زۆر نایابو جێ باوەڕنەکردن بوون بۆ ئەو شوێنە شــاخاویو ســەختەو بریتی بوون لەکورسی یەك کەسی ئاسنی سپی زۆر تۆکمەو لەهەرە باشەکان.

دوو کورسی داری درێژی سێ کەسی کە پێیان ئـەڵێن (کـەرەویت)و یـەك مێزی گەورەی وەك هی نان خواردنی شەش کەسیو یەك کـارتۆنی پـڕ لـەقاپی وەرشاوی نایابی فەرەنسی هەروەها فەرشێکی جوانی ئێرانیش.

لەبەرئەوە ئینجا ئـەو شـەوە منـاڵان لەخۆشـیانا نەنووسـتن. بـەینێك لـە سەرگەڵوو ماینەوە. سەبیحە خانی ژنی شەهید عەلی عەسکەریو مناڵەکانیش لەوێ بوون، مناڵەکان ورد بوون. باوکی هێرۆ هەرچەند ڕۆژێـك نامەیـەکی بـۆ ئەناردم لەدوا نامەیدا نووسیبووی خۆتان کۆکەنەوە وادێن بەدواتانا تاوەکو بێن بۆ ماوەت، خۆمان کۆکردەوە دیسان بە هەمان ڕێگادا کەوتینەوە ڕێ بـەڵام بـۆ ماوەت بە ئۆتۆمبێل بردیانین. لەماوەت شەو گەیشتین لـەخانوویێکی خۆشـدا، لەچاو خانووی لادێ دابەزین دوایی زانیمان ئەمە خانووی قایمقـامی حکومـەت بووەو کە پێشمەرگە ماوەتیان گرت قایمقام ڕایکردبوو بەڵام خانووەکە چۆڵ بـوو هیچ کەلو پەلی تیا نەبوو. لەوەش ئەچوو وەکو پیشەی هەمیشەیی میللـەتانی دواکەوتوو ماڵەکە تاڵان کرابوو لەلایەن خەڵکەوە کاتێ پێـشمەرگە سـەرقاڵی شـەڕبوون. هەرچـۆنێك بـوو شـوێنەکەمان زۆر پێخـۆش بـوو بەتایبـەتی کـە خانووەکە حەمامێکی زۆرچاکی تیابوو، ئێمەش زۆر پێویستمان بەحەمام هەبوو چونکە لەو شوێنەی ئێمە لەسەرگەلوو شوێنی خۆشتنی لێ نەبوو هەرچەندە کە من ئەتوانم بەبێ نان خواردن بژیم بەڵام بەبێ حەمامو خۆشتن بە هـیچ جۆرێـك هەڵناکەمو ناژیم بەتایبەتی بەو گەرماو ڕێگاوبانە سەختانەی کە پیا ئەهاتینو ئەچووین بۆیە چەند جارێك کە ئەگەیشتینە دییێك ئاسێ دادەی مناڵـەکانم کـە زۆر خۆشەویستمان بـوو زۆر دڵـسۆزی هـەموو شـتێکمان بـوو گـورج بەپەلـە

خولەشێتی ئەبرد بۆ پەنایێك ئەگەڕاو مەنجەڵی گەورەی ئاوی ئەخستە سەر ئاگرو تەشتی دائەناو ئەکەوتە جل شتنو سەری منالان شتن.

جارێك شوێنی خۆشتنەکە زۆر نارێكو خراپ بوو چوون دەرگایەکی شکاوی کۆنیان هێناو خستیانە سەر چوار بەردی زلو چووین لەسەر ئەو دەرگایە سەرمان شت دیارە ئاسێ شوێنەکەی خۆش ئەکردو پەردەی بە شوێنەکەوە ئەکردو بەدیار ئاگرەکەوە دائەنیشت ئاسێ دەمێك بوو لەلامان بوو خەڵکی دێی ئەتروش بوو مێردەکەی ژنی بەسەر هێنابوو ئەویش هاتبوو بۆ لای ئاشناکانی لەبەغدا، خۆی زۆر ژنێکی ڕێکوپێكو لێهاتوو کەیبانوو پاكو تەمیز بوو لەدێیەکەیان ناوی دەرکردبوو بە زیرەکیو ئاقڵیو لێهاتوویی دایکی سێ کوڕو کچێك بوو کەچی مێردەکەی چووبوو ژنێکی زۆر تەمەڵو پیسو پۆخڵو بێ دەسەڵاتی بەسەرا هێنابوو. ئاسێ زۆرجار ئەیگوت: خۆزگە ساڵح کە (ناوی مێردی بوو) ژنێکی لەمن چاکتری بهێنایە بەخوا پیرۆزم ئەکرد لێیو دائەنیشتم بەدیاریەوەو ئەمگوت کە ئەم ژنە زۆر لەمن باشترە، کەچی چوو ئەو ژنە تەمەڵو سستو پیسو پۆخڵەی بەسەر منی بەناوبانگ هێناوە ئیتر من چۆن دائەنیشم. ئاسێ زۆر قسە خۆش بوو قسەو بەسەرهاتو پێکەنینی بۆ ئەکردین کە ئەهات بۆلامان کوڕە بچووکەکەی لەگەڵ بوو ناوی عەلی بوو لەمەکتەب بوو ئێمەش زۆرمان خۆشەویست وەکو کوڕی خۆمان ڕەفتارمان لەگەڵ ئەکرد، عەلی لەسنفی پێنجی سەرەتایی بوو.

نزیك حەفتەیەك لەماوەت ماینەوە بەیانێکیان لەبەر پەنجەرەی ژوورەکە ڕاوەستابووم کە سەیرم کرد وا کۆمەڵێ عەسکەری عێراقی لەدەرەوە ڕاوەستاونو بەشەقامەکەی بەردەمانا دێنو ئەڕۆن. زۆر شڵەژام بانگی یەکێك لەکوڕەکانی

خۆمانم کردو گوتم ئەیەڕۆ ئەوە عەسکەرو حکومەت گەیشتنە سەرمان بڕۆ بزانە چیە زۆر شپرزە بووم‌و بانگی منالەکانم کردو کۆمکردنەوە کوڕەکەمان لەگەڵ پێشمەرگەیەکی خزممان بوو ناوی لەتیف بوو برای شەهید محەمەد قودسی بوو کە لەگەڵ سێ ئەفسەرەکەی تری حکومەت مستەفا خۆشناوو عیزەت عەبدولعەزیز کە خاڵی دکتۆر صدیق ئەتروشی زاوام بوو شەهید کران‌و شەهید خەیروڵڵا، لەتیف چاوی هەندێ وردو ناڕێك بوو پێیان ئەگوت مشان زۆر گاڵتەچی‌و قسە خۆش بوو ئەوانەی لەگەڵی ئەبوون دائم‌و هەمیشە قاقا پێکەنینیان بەرز ئەبووەوە، مشان کردی بە ژووراو گوتی ئەوە چیە ترساون لەدیمەنی عەسکەر؟ گوتم ئەرێ وەڵڵا وەمزانی دایان بەسەرمانا مشان پێکەنی‌و گوتی: ئەوە عەسکەرە ئەسیرەکانن شەقام‌و ڕێگاوبانیان پێ پاك ئەکەمەوە.

لەقسەکەی ناڕەحەت بووم‌و گوتم: بۆچی عەسکەری قوڕبەسەری معیدی کە بەفەرمانی حکومەت هاتوون بۆ شەڕ، ئەهێنیت شەقامت بۆپاك کاتەوە بۆچی جاشی کورد ناهێنێ بۆچی لووت بڕاوو ناهێنێ کە کوردن‌و بوونەتە جاشی حکومەت‌و دێن هێرش ئەهێننە سەر دێهات‌و پێشمەرگەو زۆریان لەلاتان گیراوو ئەسیرن؟ لەو چەند ڕۆژانەدا پێشمەرگە جاشێکی کوردی کوردی زۆر خراپ‌و خراپکاریان گرتبوو لووتیان بڕیبوو بۆیە منیش گوتم بڕۆ لووت بڕاو بێنە عەسکەری ئەسیر ئیشی پێ مەکە. ئینجا ئەو جاشە لووت بڕاوە چووبوو ماڵی ئێمەی پیشانی ئەمن‌و حکومەت دابوو لەسلێمانی. چونکە شەوی منع التجوڵە گەورەکە ماڵی ئێمەیان نەناسیبوو وەیانئەزانی هێشتا لەبەغداین‌و خانووەکەمان کە ئێستە (زاموایە) لەناو بازاڕە وەیانزانیبوو کە مزگەوتە یا جێ شتی بازاڕی (جملەیە)، بۆ سبەینێ لەهەر کەسێکیان پرسی بوو

گوتوبوویان نازانین ماڵیان لەکوێیە. تاوەکو جاشی لووت براو هـاتو یەکـسەر عەسکەری هێنابووە سەرماڵەکەمان بەڵام ئەوکاتە ئێمە لەماڵەکەمان نەبووین دەرچووبووین تەنیا دوو کوڕمان بەدیار ماڵەکەوە بەجێهێشتبوو تاوەکو چارێکی بۆ بدۆزنەوە بەتایبەتی بۆ کتێبخانەکەی باوکی هێـرۆ کـە زۆر کتێبـی نایـابی تیابوو. ئیتر کە هاتبوونە ماڵەکەمان دوو کوڕەکەیان هەر نیوە مـردوو کردبـوو بە لێدانو شەق، کوڕەکانیش ئەحمـەد هـەورامی کوڕمـان بـوو کـە بـەمنالی بەخێومان کردبوو لەگەڵ عەلی (ئاسیێ) .

لەماوەت ئێواران پێشمەرگە پەڵپێنە بەترشیان لێ ئەنا هەموو ئێوارەیـەك پڕ قاپێکیش بۆ منیان ئەنارد ئەو پەڵپێنە بەترشەی پێشمەرگەکان زۆر خـۆش بوو نازانم بۆچی دوایی چەند پەڵپێنە بەترشمان دروست ئەکرد لـەکاتی بـوونو خۆشیدا بەڵام هیچ کاتێ تـامی پەڵپێنـە بەترشـی مەنجـەڵی پێـشمەرگەکانی نەئەدا هەروەها وەکو پێشتر باسم کرد تامی قەرەخەرمانەکەی شەوی سـەربانی ئەو دێیەی لێی نووستین نەئەداو وەکو ئـەوان خـۆش نـەبوون. وەکـو مەسـەلە کوردییەکە ئەڵێت: (تاسوق)و بەتام نەبوون. وەکو عەرەب ئـەڵێن (کـل شـيء ممنوع مرغوب) چونکە ئەوکاتە لەزروفێکی پڕ مەترسـیو نائاسـاو نائارامـدا ئەژیاینو بەڕێگاوە بووین ماندوو بێ دەرامەت بووین بۆیە پەڵپێنە بە ترشمان لا بووبوو بە حەڵواو شیرو شەکرو خۆشترین خواردن.

لەماوەت دوای هەفتەیەك گەیشتنە ژاژڵە ئێوارە گەیشتین ڕووداوێکـی زۆر نالەبارو ناخۆش ڕوویـدا ئـەویش هـەر منالـەکان دابـەزین لەسەرپـشتی ولاخ ئەشیایان داگرت هێشتا ولاخەکان ڕاوەستابوونو کەلو پەلیان لەوناوە کەوتبوو کە مارێکی درێژی زلی ئەستوری سەر زل لەژێر کەپرەکـە هاتـە دەرێ بـوو بـە

قاوقریشکی منالآن کاك سالّح مالوومەو ئەو خەڵکانەی تر ڕاپەڕین بۆی چوون، باش بوو توانیان مارەکە بکوژنو ڕانەکات لەدەستیان چونکە ئەو ناوەو دەوروپشتەیان هەمووی دڕك دالّو شینایی‌و بەردو خۆڵ بوو.

منالّەکان ترسان لەپێش هەموویان هێرۆی کچم کە ئەوسا منالّ بوو عومری هەر یانزە دوانزە سالّ ئەبوو تووڕە بوو گوتی من ئەڕۆمەوە بۆ سلێمانی‌و لێرە نابم ئەوەندەی پێنەچوو هەلّۆی براشی هاتە پالّی‌و گوتی لێرە نابم ئەوە چیە ئەم هەموو شوێنە پڕ لەمارو دوپشکە لێرە نانووینو نابین تاقەتمان چوو. کەوتینە دلّدانەوەیانو هەر یەکە لەلاییێکەوە کەوتە باسی شاخو کێوو ماری وا کە چەند خێرو بەرەکەتە وا لەپڕ دەرپەڕێت (دیارە لەبەر دلّی منالّەکان ئەو قسانەیان ئەکرد) بەتایبەتی کاك سالّح مالوومەو خولەشێتەکەمان.

هەرچۆنێك بوو منالّ بێدەنگ بوون بۆ شەوێ هێشتا شتەکانمان پەرش‌و بلاّوبوون خەلّکی دێیەکە هاتن بۆ بەخێرهاتنمان زۆر خەلّکی باش‌و دلّسۆزو چاك بوون. هەرچەندە زۆر ماندوبووینو منالآن بۆلّەی نووستنو جێگایان بوو (ئاسێ) بادینی بوو وەکو پێشتر گوتم خەلّکی ئەتروش بوو دوای دوو ڕۆژیش هەر بۆلّەی ئەهاتو ئەیگوت دایکم خەلّکی (ئاژلّە) هەر نەیانهێشت هەناسەیەك بکێشین بەو شەوە بەو حالّە هاتن بۆ بەخێرهاتنمان سەرەڕای دەردان هەر هەلّنەئەستانو زۆر دانیشتن، ئاسێ بە ژاژلّەی ئەگوت (ئاژلّە) چونکە بادینی بوو.

چەند ڕۆژێك لە ژاژلّە ماینەوە دوایی بردیانینە (خەزێنە) هەر لەوێ کەپریان بۆکردین شوێنەکەمان بەتەنیاو خۆش بوو گردەڕەش ئەیڕوانیە سەر شوێنەکەمان هەروەها چەمەکەشمان زۆر لێ نزیك بوو ئەولاتریشمان مەکتەبی

سیاسی بوو بۆ دە دەقیقەیەك لێمانەوە دوور بوون. کونە تەیارەشیان بۆ دروست کردبووین. کەپرەکەمان گەورەو خۆش بوو لەسەربانەکەش ئەنووستین. هەروەها کانیو حەوزە ئاوێکی خۆشیشمان لەبەردەم بوو لەلای حەوزی ئاوەکەش کەپری کاك سالّح مالوومەو پیاوەکانی لەگەڵمان بوون.

گردەڕەش ئێستگەی شۆڕشی لێ بوو هەرچەندە ڕێگاکەی زۆر سەخت بوو بەولاخ بەرمیلە ئاویان بۆ ئەبردن پێشمەرگەو پرسگای ئێستگەکە لەوێ بوون بەشەو چاومان لەچراکانیان بوو ئێستگەکە ئێواران دەستی پێئەکردو ئەو ناوەی ئەهێنایە جۆشو دڵی هەموو پێشمەرگەو شۆڕشگێڕانی خۆش ئەکردو ورەی گوێگرانی بەرز ئەکردەوە کە گوێیان لەخوێندنی ئەو بەیانو نووسینانەی ئەبوو هەروەها گوێیان لەدەنگوباسی شەڕو پەلاماردانو تێکشکاندنی هێزی حکومەت ئەبوو هەروەها دوایش چەندەها گۆرانی هونەرمەندی دەنگخۆشی بەسۆزیان پەخش ئەکرد. هەموومانو هەموو ئەوانەی دەنگی ئێستگەکەیان بۆ ئەچوو کە لەناو شارەکانیش گوێیان لێ ئەبوو بەپەلەو لەسەر ئاگر چاوەڕێی ئەوکاتە ئەبوون کە ئێستگەی شۆڕش ئەکرایەوە.

لەوێ بەتەواوی دامەزراین ناردمان مانگایێکمان کڕی لەبەر شیر بۆ کوردەی کچم کە شیرەخۆر بوو هەروەها ئاسێ ماستیشی بۆ دروست ئەکردین هەر لەو شیرە. منالّەکانیش گیسکیان بۆ هات، گیسکەکە سپییێکی زۆر جوان بوو گوایە یەکێ بۆی ناردووین کە سەری بڕینو بۆ خواردن بەلاّم ئێمە چۆن دڵمان ئەهات سەری بڕین منالاّن هەر زوو بردیانە سەر پلوسكو حەوزی ئاوو شتیانو وشکیان کردەوەو مویان داهێناو قردێلەیەکی پەمەییان کردە ملیو سەر پەرچەمیان داهێناو ناویان نا (بێ بێ) . ئەوسا برجیت باردو لەوپەڕی

جوانیو هونەر ناسین دابوو بۆیە ناویان نا ب. ب. منالێ هەندێك سەریان قاڵ بووبە (ب. ب) وە بەڵام دوای ماوەیەکی کەم سەرەتای پایز بە درمو هەڵامەتو نەخۆشیەوە هەڵی کوتایە سەرمان. خۆ فڕۆکە هاتنو لەناکاو گەیشتنە سەرمان ئەوە هەر باس ناکرێت هەر بەوەدا ئەگەیشتن ڕاکەینە کونە تەیارەکەمانەوە دیارە منالان بەبێ (بێ بێ) نەئەچوونو ئەبوو (بێ بێ)شیان لەگەڵ بێت.

بەڵام لەهەمووی ناخۆشتر نەخۆشی مەلاریاش بڵاوبووەوە منالەکان هەمیشە یەك دووانێکیان لەجێیا کەوتبوون خوێنی لووتیان بەرئەبوو زۆر نەخۆش بوون بەسەزمانانە. کە مەکتەبی سیاسی هاتنە خەزێنە، ئەشکەوتی مالومە کرا بەخەستەخانەی شۆڕش. دکتۆر سەروەری حەمەی دەروێش کەریمی خزمان هەروەها دکتۆر ئەحمەد شاڵیو دکتۆری تریش لەوێ بوونو خەریکی بریندارو نەخۆش بوون دکتۆر سەروەرو دکتۆر ئەحمەد هێشتا بەتەواوی نەبووبوون بە دکتۆرو سنفێکیان مابوو کە هەڵهاتنو پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کرد کاتێ کە خەریك بوون بیانگرن لەبەغدا. بەڕاستی شۆڕشەکە شۆڕشێکی زۆر دەوڵەمەند بوو بە سەرکردەی ئازاو زیرەكو دڵسۆزی کە زۆریان لەگرتنی قەڵەمو باسی ئەدەبو عیلم زیاترو هەر نەیانئەزانی چەكو تفەنگو گوللەو شەڕ چیە! بەتایبەتی ئەوانەی وەکو مامۆستا برایم ئەحمەدی نەمر (باوکی هێرۆ) کە لە تەمەنی شانزە ساڵیدا (مەژی بۆ مردنو بمرە بۆ ژیان)ی گوتبوو. هەروەها لەتەمەنێکی زۆر کەمیشدا ڕۆمانی ئینگلیزی وەرگێڕابوو بۆ کوردی. هەروەها یەکێکی وەکو مام جەلال کە لە تەمەنی پانزە ساڵیەوە خەریکی چالاکیو کوردایەتی ناو تەلەبە بوو، بووبووبە پێشمەرگەیەکی دڵسۆزو قارەمانو لەپەنا ئەشکەوتەکانا سەرکردایەتی هێزەکانی پێشمەرگەی ئەکرد

زۆرجـار بەبرسـێتی کـە لـەناو تەنەکـە ڕۆنـی بـەتاڵ لەچـەمی ڕەزانو پـەنا ئەشکەوتەکان نیسکێنەیان لێئەناو ئەخوارد ئەگەر دەسـتیانکەوتایە هـەروەها خەباتکەرانی تریش وەکو کاك نووری شاوەیسی ڕەحمەتی کە کاتی خـۆی مـدیر عامیش بوو لەلای حکومـەت گیرفانەکانیو چەکمەچەی مێزی دائیرەکەی نامەو بەیانی وای تیا ئەبوو کە حکومەت زەلامی سـێ جـار لەسـەر هەڵەواسـی یـا یەکێکی وەکو سەید عەزیز شەمزینی پیاوو مەردو دڵسۆزو ئازا یا وەکو کـاك عومەر دەبابـەی نـەمر کـە کـاتێ تەلەبەیایـەتی سـنگی نـابوو بـە دەبابـەی حکومەتەوە لەبەغداو نـاو شۆڕشـیش بـە هەفتـە دەوری خـۆیو پێـشمەرگەی ئەگێڕا لەهەیبەت سوڵتانو شوێنانی تـر دوایـی قارەمانانـە لەدەوردانەکـەیان ئەشکاندو بەسەرو پۆتەلاکی شکاوەوە عەسکەریان ئەناردەوە دواوە کە چەندەها ئۆتۆمبێلی سوتاوو دەبابەی شکاویان لێبەجێ ئەما.

یاخود یەکێکی بلیمەتی زۆر زیرەکی وەکـو کـاك سمایـل سـەرهەنگ کـە هەمـوو شفرەی حکومـەتی وەرئەگرت بە هۆی بێ تەلەوەو دەسـتبەجێ ئەکەوتـە ئاشکراکردنی کە سبەینێ ئەدەن بەسەر کوێ داو ڕێی بەرەو کوێ ئەگرنو کوێ بۆردومان ئەکەن. ئیتر بەڕاستی نازانم باسی کێ بکەمو باسی کێ نەکەم ڕۆڵەی دڵسۆزو نەبەزو خەباتکەرو شۆرشگێڕو قارەمانی زۆر زۆر هەبوون کە هەمیشە میللەت ئەبێ لەناو دڵو چاویان جێگیریان بکەنو ئەوەش بزانن کـە ئـەم ڕۆژەی ئەوان ئەیبیننو پێی سەربەرزن ئەوە هەمووی ڕەنجی شانو بەری خوێنی گەشـی پێشمەرگەی قارەمـانو هـەوڵو تەقـەلا و زانـینو عـیلم فیـداکاری ئـەو جـۆرە سەرکردە نەبەزانەیە.

بەرەبەرە پێشمەرگەی قارەمان پڕچەك بوونو كاتێ كە عەسكەری حكومەت ئەشكانو هەڵهاتنو چەكەكانیان ئەكەوتە بەردەست پێشمەرگە. شۆڕش حاڵی بەرەو باشی ئەڕۆیشتو بەهێز ئەبوو لەدەرەوەی وڵات خەریك ئەبوون شۆڕشەكە ناوی دەرئەكردو ناسراو ئەبوو، تا ئەهاتیش پێشمەرگەی قارەمان زیرەیان ئەخستە ناو دڵی حكومەتەوە بەجۆرێك پێشمەرگەی قارەمان كەوتنە ڕێ پێگرتنی شەمەنەفەری بەینی كەركوكو بەغداش. تاوەكو جارێك بەسەركردەیی ڕەئیس كەمال موفتی شەمەندەنەفەرەكەیان گرت عەسكەری زۆری تیابوو هەموویانیان بەئەسیر گرت. حكومەت وای لێهات كە ئازوقەو مانگانەی ئەنارد بۆ هێزو مەئمورەكانی ناوشارەكان بە قەد لەشكری پەلاماردانێك هێزی لەگەڵ ئەو ئازوقەو پارەی مانگانەكانی ئەنارد.

شای ئێران كە ئەمەی زانیو لەسەركەوتنی شۆڕش ئاگادار بوو ئەویش كەوتە پشی پشی بۆ شۆڕشو سەركردەكانیو جوابی بۆ ناردن كە ئەتوانن بنێرن بۆ هێزەكانیان خواردنو هەموو جۆر كەلو پەلێك بكڕن هەروەها سەركردەكانیشی ئەتوانن بە ئێراندا بێنو بڕۆن بۆ دەرەوەی وڵاتو هەموو ڕێگایەكیان بۆ ئەكەینەوە. ئەمەش دیاربوو لەبەرخاتری چاوی ڕەشی كورد نەبوو ئەگینا ئەگەر باش ئەبوون لەگەڵ كورد با لەگەڵ كوردی ئێران باش بوایە هەر هیچ نەبێت بیهێشتایە بەزمانەكەی خۆیان بخوێننو زۆربەیان لەحەپسخانەكانیو لەژێر ئەشكەنجەدانا نەبونایە.

بەو ڕێكردنەوەیەی ئێران پێشمەرگەو شۆڕش بووژانەوەو كەوتنە ناردنی خەڵك بۆ شت كڕینو خواردنو كەلو پەل كڕین (كاك عبدالرحمن رووتە) هەر بەوەدا ئەگەیشت بچێت بۆ ئێرانو لەوسەر بێتەوە لەگەڵ ڕیزێكی درێژی

قەتارچیو ولاخی بارکراو لەبرنجی سەدری نایابو ڕۆنی شاپەسەندی بۆنخۆشو شەکرو هەموو پێویستییەکانی ژیان ئەگەرچی شۆڕش دەرامەتو پارەی کەم بوو حالێ باش نەبوو بەلام وردە وردە بەرەو باشی ئەچوون بەتایبەتی لەڕوی چەكو تەقەمەنیەوە چونکە هی عەسکەری حکومەتیان دەست ئەکەوت کاتێ ئەشکانو هەموو کەلوپەلیان بەجێئەهێشتو ڕایانئەکردە دواوە لەوکاتانە قاوێك بلاوببووەوە کە ئەیانگوت هەندێ عەسکەری داماوی معیدی کە زیرەیان ئەکردو لەو ڕێگاوبانو شاخو داخە هەندێکیان ئەیانقیڕاندو ئەیانگوت (یاالله انی وینو گوەیژە وین؟) خوایە من لەکوێو گۆیژە لەکوێ؟ مەبەستی شاخی گۆیژە بو،و کە نەشیئەزانی بەسەزمانە بلێت گۆیژە ئەیگوت (گوەیژە) دیارە ئەوکاتە سوپای عێراقی وا زۆر قایمو شارەزا نەبوو وەکو کاتی سەدامی خوێنڕێژ کە بەپێو لەسەر مۆدیلو چەشنی سوپای هیتلەر سوپای عێراقی دروست کردبوو کە وای لێکردن بە زەهری کوشندەو قەدەغەی جیهانی کوردو هەموو کەسێکی غیرە کوردیش بکوژێتو بەسەدان دێهات وێران بکات بێجگە لە ئەنفالکردنی هەزاران کەسی بێ خەتاو بێ دەسەلاتو بێ چەك، چونکە کورد بوون. هەزاران هەزار گوناهی تر کە لەژمار نایێن. بۆیە بۆردومانو لەشکر ناردنی حکومەتە پێشووەکانی عێراق لەچاو دڕندەیی کاتی حوکمی بەعسی سەدام هەر زەلاتەو خواردن بوون.

پایز گەیشتە سەرمان دونیا ساردی کردو باران خەریك بوو گوڕ بداتە خۆی. ئێمە هەر لەخەزێنە بووین لەژێر کەپر ماوەیەك لەوەوپێش ناردمان گەنمیان بۆکڕین کە ئاسێ بیکولێنێتو بیکات بە ساوەر ئەویکەش بۆ نان. گەنمی ساوەر کولاو وشك بوو کەوتنە ئەوەی خەلك پەیاکەن بیبەن بیکوتن،

ئاسیێ خۆی حازر کردو گوتی سبەینێ بەیانی زوو ئەڵێن زەلام دێن ساوەرەکەمان بۆ ئەکوتن، ناردیان دەسکەوانو کەلوپەلی ساوەرکوتانیان هێنا لەدێهاتی دەوربەرمانو لەژێر کەپری پێشمەرگەکان. کاك ساڵح مالوومە هەموو شتەکانی ئامادەکرد. ئێمەش لەژێر کەپری خۆمان هەستاینو خەریکی منالآن بووین بۆ بەرچایی خواردن منیش بەیانیان هەر زوو ڕادیۆکەم ئەکردەوە کە گوێم لەدەنگوباس بێت زۆرتری ئەمخستە سەر ڕادیۆی عەرەبی بەغدا تا بزانم چیمان پێ ئەڵێن. بەرنامەیەك هەبوو دروست کرابوو بۆ هاندانی عەسکەرو سوپاو جاشی حکومەت. جاشی عەرەب ناویان (فرسان الولید) بوو. جاشی کورد ناویان (فرسان صلاح الدین) بوو. عەسکەریش ئەوە بانگی ئەکردن یا قواتنا المسلحة الأبطال.

ڕادیۆ دەنگی بەرزبووەوەو کاتی ئەو بەرنامەیە بوو هەروەها دوو گۆرانیبێژیش کە یەکێکیان گۆج بوو بۆیە ناویان نابوو شەلەو گۆجە، شەلەو گۆجەش بەین بەین گۆرانییان ئەگوت کە ئەویش هەر پیاهەڵدان بوو سەیر ئەوە بوو شەلەو گۆجە پێکەوە گۆرانیان ئەگوت دیسان لەبەینی قسەکاندا بێژەری ڕادیۆ گوتی یا (فرسان الولید المغاویر یا فرسان صلاح الدین الشجعان یا قواتنا المسلحة الباسلة الأبطال) منیش لەوکاتە لەدەرێی کەپرەکە بووم کە گوێم لێ بوو دەنگێك لەژێر کەپری ساوەر کوتانەکە دێت دەنگەکە چەند کەسێك قسە ئەکەنو یەکێك ئەڵێت: (هەی کلب ابن الکلب قواتك المسلحة جاعدة تهبش) یەعنی (هەی سەگی کوڕی سەگ هێزی چەکدارت دانیشتوە ساوەر ئەکوتێت).

من سەرم سوڕماو گورج چوومە بەردەمی کەپرەکە کە سەیر ئەکەم چوار عەسکەری قوڕبەسەری ئەسیر دانیشتوون بە دیار ساوەرو دەستکەوانی گەورەی دارەوە خەریکی ساوەرکوتانن. سەلامم لێ کردن‌و بەعەرەبی قسەم لەگەڵ کردن دڵیان زۆر خۆش بوو کە قسەم لەگەڵ کردن بە عەرەبی‌و زۆر ناڕەزایی خۆیانیان دەربڕی بۆ ئەم شەڕەی حکومەت‌و کەوا بەدەستیان نیە کە نێرراون‌و زۆر مەدحی شۆڕشگێڕان‌و پێشمەرگەیان کرد کە زۆر باشن لەگەڵیان تەنیا یەکێك هەیە ناوی مشانە عەزیەتیان ئەدات منیش پێم گوتن دەست هەڵگرن‌و ئیتر هەستن وەرن دەستان بشۆن‌و بانگم کردە خولەو ئاسیێ‌و ئەحمەد هەورامی کوڕمان کە نانیان بۆ بێنن‌و چایان بدەنێ هێلکەو ڕۆنیان بۆ کردن بە کاك سالح مالوومەشم گوت کە بۆچی دیسان عەسکەری ئەسیریان هێناوە بڕۆ خەڵك بگرە بەکرێ عەسکەر لەخۆشیانا گوتیان بەخوا کەس نابێت بێت لەئێمە زیاترو ئێمەش حەزەکەین ئەم ئیشەیان بۆ بکەین ئیتر چەند ڕۆژە لەبەیانیەوە ئەهاتن‌و خەریکی ساوەر کوتان بوون هەڵۆی کوڕم کە ئەوکاتە هەر دەساڵ بوو هەر بەوەدا ئەگەیشت بچێت ناو جلەکانمان بگەڕێت‌و گۆرەوی‌و پاکەتە جگەرەو شتیان بۆ بێنێت. نان‌و چاو ئەوەی ئەمانخوارد بەشی ئەوانیشمان ئەدا.

عەسکەر ئیتر دڵیان کرایەوە کە ساوەریش تەواو بوو گوێیان هەڵەخست بۆ کارێك کە بیانێرین (بۆ بیت المامۆستا) بەتایبەتی کە لەویوەو لەشوێنی ئازوقەوە. تەنەکە نەوت‌و ئازوقەمان بۆ ئەهات.

زستان‌و سەرماو بارانی پەلە دەستی پێکرد ناچار ئەبوو بچین بۆ ناو دێ‌و ناو خانوو لەو کاتانە ماڵی کاك ئەحمەدی تەهاش گەیشتبوونە دێی (ئاوەکورتێ) باوکی هێرۆ نامەی بۆ ناردم کە بچم لەو دەورە شوێنێك ببینم کە

ئەگەر بە دڵم بوو بگوێزینەوە ئەوێ لەبەر زستان. یەکەم جار هاتن بەدواما کە بچم بۆ دێی (ئاوە کورتێ) بەتایبەتی کە ماڵی کاك ئەحمەد تەهای برادەرو ناسیاومان لەوێ بوون. کەوتینە ڕێ بەسواری وڵاخ خەزێنە زۆر دووریش نەبوو لەئاوەکورتێ ئاخری گەیشتینە لای نەجیبەخانی ژنی کاك ئەحمەد تەهاو دایکی کە ژنێکی زۆر ڕووخۆش‌و قسە خۆش بوو تا ئێوارە لەوێ ماینەوە نان‌و چێشتی خۆشیان داینێ‌و زۆر بەقسەکانی دایکی نەجیبە خانی قسە خۆش پێکەنین. هەستاین کە بگەڕینەوە خەزێنە دونیا خەریك بوو تاریك ئەبوو لەڕێگا بەسەر پشتی وڵاخەوە کە گەیشتبووینە ئاخری دێکەی ئاوەکورتێ سەرم هەڵبڕی کە سەیر ئەکەم شەوقی چرا لۆکسێك لەبەرزاییێکی ناوقەد شاخێکەوە دیارە دیمەنەکە زۆر جوان‌و دڵگیر بوو لەدڵی خۆما گوتم ئێرە کوێیەو ماڵی کێیە خۆزگەم بە خۆیان بۆ ئەو شوێنە خۆشە دوایی لەکاك ساڵح مالومەو پێشمەرگەکەی ترم پرسی‌و گوتم: ئەم چراو شوێنە هی کێیە بەڕاستی جوان‌و دڵگیر دیارە.

جوابیان دامەوەو گوتیان باجی ئەوە ماڵ‌و موڵکی عەلی ئاغایە ئەم شوێنە پێی ئەڵێن کانی حسێنی ئیتر قسەی بەسەردا هات‌و تا گەیشتینە شوێنەکەمان هەر بیریشم نەما باسی ئەو شوێنە خۆش‌و جوانە. چەند ڕۆژێکی ترمان پێچوو دیسان باوکی هێرۆ نامەیەکی تری بۆ ناردم‌و گوتی شوێنێکیان بۆ پەیا کردوون بڕۆ سەیرکە ئەگەر بە دڵت بێت بەڵام ئەڵێن بۆ زستان نسرمەو زوو هەتاوی لێ ئاوا ئەبێت لەبەر شاخەکانی دەوروپشتی.

دیسان هەستاین لەگەڵ یەك دوو مناڵ‌و کاك ساڵح‌و خەڵکی تر کەوتینە ڕێ بە وڵاخ بۆ شوێنەکە. سەیرئەکەم هەر بەرەو ئاوەکورتێمان ئەبەن گوتم ئەوە

دیسان بۆ ئەوێ ئەچـین گوتیـان نـەو شـوێنێکی تـرە بـەڵام ڕێگاکـەی بـەلای ئاوەکورتێ ئەچێت دیارە کاك ساڵح مالوومـەو ئەوانـەی خۆشمـان نەیانئـەزانی کوێیە خەڵکی کە هاتبوون بەدوامانا.

کە نزیك ئاوەکورتێ بووین سەیرم کرد قەتارچی سەری وڵاخەکانیان ڕاکێشا بەلای ڕێگایەکی باریك‌و بەرزەوە کە هەمووی دارستان‌و میـوەو بـاخ‌و ڕەز بـوو بەرە بەرە سەرکەوتین حەپەسام‌و گوتم ئەوە بۆ کوێ ئەچین‌و ئەوانەی هاتبوون بە دوامانا گوتیان ئەچین بۆ ئەو سەرە پێی ئەڵێن کـانی حـسێنی مـوڵکی عـەلی ئاغایە. عەلی ئاغا بە مامۆستای گوتووە ئێمە هاوینان لەم شوێنەین زسـتانان ئەچینەوە ناو دێیەکە ئەگەر ماڵەوەتان ئێرەیان پێخۆشە بابێنـە شـوێنەکەمان من زۆر زۆرم پێخۆش بوو هەر سەرم سوڕما لەم ڕێکەوتەو بۆ ئەو شوێنەی کـە ئاواتم پێ خواست بوو ئەو ڕۆژە چەند خۆزگەم بە خۆیانم گوتبوو لـەدڵی خۆمـا. لێرەدا ئەمەوێت شتێك بڵێم کە جاری پێشووش لەچواردەی تەموز کە چووین بۆ بەغداو لەوێ ماوەیەك بۆ خانوو گەڕاین دوایی بەبەردەمی خانووێکدا تێپەڕین‌و گوتم ئۆ خوایە خۆزگە کەلاوەیەکی وەکو ئەمەشمان دەسـتکەوتایە کەچـی دوای دووسێ ڕۆژ بردیانم سەیری کەم کەچی ئەو ماڵە دەرچوو کـە گوتبـووم خۆزگـە کەلاوەیەکی واشمان دەستکەوتایە. لەشوێنێی تر ئەم باسەم بـە تـەواوی کـردووە پێش ئەم لاپەڕانە زۆر ڕێکەوتەکە سەیرە لەژیانما سێ جار خۆزگـەم بەشـوێنێك خواستوە کەچی بۆم بووە. سێهەم شوێن لەناو تەیارەدا بووم ئەچووم بۆ شـام لـە لەندەنەوە شوێنەکەم ناوەڕاستی دووکەس بوو زۆرم پێ ناخۆش بوو لـەو لاشـەوە دوو ژن دانیشتبوون شوێنەکەیان زۆر خۆش بوو بەڵام دیسان کورسی ناوەڕاسـت چۆڵ بوو منیش زۆرم ڕق لەناوەڕاستە لەدڵی خۆما گوتم خۆزگەم بـەو دوو ژنـە

شوێنەکەیان چەند بێدەنگ‌و خۆشە کەچی دوای نیو سەعاتێك سەیر ئەکەم شوێنەکە چۆڵ بوو ئەو دوو ژنە چوونە شوێنێکی تر کە هیچی یەکیش نەبوون‌و هەر قسەشیان ئەوەندە لەگەڵ یەکتری نەئەکرد. کە دیم شوێنەکە چۆڵە هەر زوو بانگی میوانداری فڕۆکەکەم کردو گوتم ئەتوانم بچمە ئەو شوێنە ژنەکە گوتی ڕاوەستە بزانم ئەو ژنانە بۆ کوێ چوون چونکە ڕەنگە ئێستە بێنەوە گوتم جانتاکانیشیان برد تۆزێ ئەو لاچوو دوایی گەڕایەوەو گوتی: ئەتوانی بچیت ئەوانە هەرکەسە چوونە تەنیشت ئاشناو خزمی خۆی خەریك بوو باڵ بگرم لەخۆشیاناو هەستام‌و شتەکانم برد کورسیەکان بوون بەسێ چونکە یەکێکیان هی ناوەڕاست بەتاڵ بوو هەندێ لەپشتەوە بوو لەبەرئەوە زۆر خۆش بوو بۆ خۆم پاڵکەوتم تاوەکو شام ئەمە لەژیانما سێ جار وا ئاواتم هاتۆتە دی بۆ شوێنێکی حەزم کردبێ دیارە هەمووشی هەر ڕێکەوت بووە.

ئێستە بێینەوە سەرباسی ئاوەکورتێ‌و کانی حسینی مولّکی عەلی ئاغا بەڕاستی عەلی ئاغاو ئەو ئاغایانەی ئەو دەوروپشتە زۆر زۆر پیاو چاك‌و لەپشت شۆڕش بوون بۆ هەموو یارمەتیدانێك. گواستمانەوە کانی حسینی جاری پێشوو کە چووم سەیرم کرد زۆرم بە دڵ بوو ماڵی عەلی ئاغا هێشتا لەوێ بوون‌و ئەیانگواستەوە بۆ ناو دێ زۆر ماڵی باش‌و موحتەرەم‌و دڵسۆز بوون هەر هەموویان بەژن‌و پیاوەوە بەتایبەتی دایکە بەڕێزو خاتوون‌و موحتەرەمەکەی هەر ئەتگوت وەکو مەسەل گوتەنی شەکرو هەنگوین بوو باوەشی بۆ کردینەوەو هەر بەقوربان‌و حەیرانمان ئەبوو قەت چاکی ئەوانەم لەبیرناچێتەوە لەکاتی تەنگانەدا چۆن خۆیان ئەخستە مەترسیەوە لەبەر شۆڕش‌و شۆڕشگێڕانی.

ماڵی عەلی ئاغا لە کەپرێکی زۆر درێــژو گــەورەدابوون لــەولای تریــشەوە شوێنێکی خۆشی بەردەم فەرەحو کراوە خانووێکی ڕوخاوی لێبوو بۆیە هــەر زوو وەستاو کرێکار هاتن خانووەکەمان بــۆ ئــاوەدان کەنــەوە ســەر لــەنوێ چــونکە دیواری هەمووی نیوە بوو سەقفی نەبوو دەمێك بوو وابوو بۆیە ئێمە پێویستمان پێ بوو چونکە خۆ نەئەبوو لە کەپرا بین لەبەر بارانو سەرما هەرچــۆنێك بــوو پایز بەهەراو هوریاوە هەڵی کوتایە سەرمان کە هێشتا لەکەپرا بــووین بــارانی پەلە دایگرتین نیوەشەو بوو هەموومان بەڕیز نووستبووین وەکو گوتم کەپرەکــە زۆر درێژو گەورە بوو بەڵام ئەو شەوە چیمان بەسەرهات ئــەوە دەفتــەرو کتێبــی تایبەتی ئەوێت بەڵام من ئەمەوێت لەدووسێ دێڕدا باســی بکــەم بــە کــورتی. کەپرەکەمان پڕبوو لەئاوو هەر ئەتگوت هیچمان بەسەرەوە نیە. نــوێنو منــاڵو زەخــیرەو بــرنجو ئــاردو ڕۆنو شــەکرو ســاوەرەکەی پێــوە مانــدوبووین لەگــەڵ عەسکەری ئەسیر هەر هەمووی بوون بــە هــەویرو قــوڕ منــاڵ هــەر لەتــەپڵی سەریانەوە تــاوەکو قــاچو قــۆڵو پەنجــەی پێیــان ئــەتگوت بەجلــەوە خــەریکی مەلەکردنن. شەو زۆر درەنگ بوو ئەو کەسانەی لەلامان هەموو هەر خــەریکی مناڵەکان بوون چونکە شتی تر دەستی لێ شۆرابوو بارانیش بە لێــشاو ئــەباری بێجگە لە هەورە تریشقەو گرمو هۆڕ، هــەر ئەوەنــدەمان زانــی لــەناو دێیەکــە پێشمەرگە قارەمانەکان بە دەنگمانەوە هاتن بەو حاڵو بارانو بروسکەو هەڵایــە چونکە ئەیانزانی ئێستە چیمان بەسەر هــاتووەو ئاگــاداری هــەموو کارێکمــان بوون.

لــەناو دێیەکــە پێــشمەرگەی لێ بــوو چــونکە لەبــەینی ئێمــەو ئــەودیو کوردستانی ئێران چەمێك بوو بۆیە ئازوقەو کەلو پــەلی پێــشمەرگە هــەمووی

لەناو دێیەکە بوو لەودیووەوە دابەش ئەکرا بەسەر بنکەکانا هەروەها خانوویێکی چەند ژووری بەمەکینەی جل دروونەوە لەوێ کە جلی خاکیان بۆ پێشمەرگەکان ئەدروو هەمووشیان کوڕی باش‌و دڵسۆزی میللەت بوون هەروەها جلدرووش بوون لەشار بۆیە پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کردبوو لەوێ گردببوونەوەو جلیان ئەدروو هەروەها لەتیف یا وەکو ناسرابوو مشانی خزمیشمان لەوێ بوو لێپرسراوی دابەشکردنی ئازوقە بوو پێشمەرگە گەیشتنە سەرمان‌و بەو حاڵە پەلاماری مناڵەکانیان داو یارمەتی گەورەکانیان دا کە بمانگەیەننە ناو دێیەکە. من هەر لەمناڵیەوە لەهەورە تریشقە ئەترسام‌و تاوەکو ئێستەش هەر حەزی لێ ناکەم‌و پێی ناڕەحەتم‌و ئەترسم هەموو مناڵەکانیشم ئەوە ئەزانن بەڵام ئەو شەوە لەتاو مناڵەکانم‌و لەسامی ئەو شەوە تۆفانیە هیچ بەخەیاڵما نەئەهات‌و ئەمگوت تازە لەچی بترسم؟ لەم تۆفانە قەت خراپتر نابێت شوێنەکەمان زۆر بەرزبوو دووریش بوو لەناو دێیەکەو زۆر سەرەو لێژبوو بروسکەکان دونیایان ڕوناك ئەکردەوە هەرچۆنێك بە هەر حاڵێك بوو گەیشتینە ماڵی کاك نووری ئەحمەد تەها لەدێیەکە لەناو خانوویێکی لەچاو لەلادێدا خۆش‌و تۆکمە بوو کاتی خۆی مەکتەب بوو. دیارە فەقیرانە چاوەڕێیان ئەکردین‌و ئاگادار کرابوون کە ئەچینە لایان هەروەها خۆشیان بۆمان ناڕەحەت بووبوون چونکە ئەیانزانی کە ئێستە وامان لێهاتووە.

ماڵی کاك ئەحمەد تەها هەموو لەخەو هەستابوون‌و هاتن بە پیرمانەوە سۆپای داریان بۆ داگیرساندین تاوەکو وشك ببینەوە منال بەهەر حاڵێك بوو چارەسەرکران هی وایان هەبوو خاولی‌و سەرجێگایان پیادراو تێوەیان ئاڵاند تاوەکو بەیانی. بەیانی دونیا هەندێ خۆشی کردو هەتاو تۆزە تۆزە دەرکەوت.

ئاسیێو خولەشێتمانو کاك ساڵح مالوومـەو ئەحمـەد هـەورامی کوڕمـان کـە بەخێومان کردبوو لەمناڵییەوە، ئەوەندەش ئازابوو هەموو کاتێك کە ئـەمنارده ماوەت یاخود بەدزییەوە بۆ سلێمانی کە شتمان بـۆ بێنێـت بارەکـەی ئەخـسته سەر پشتیو کۆڵیو بـەو شـاخو داخانـەوە سـەری ئەخـستو ئـەیهێنا بۆمـان هەروەها لەئیشوکاردا زۆر ئازابوو جاری وا هەبوو کە باوکی هێرۆ سەری ئەداین زۆری کە سەر لەبەیانیان بوو لەگەڵ پێشمەرگەو ئەوانـەی لەگـەڵی لای ئێمـە بەرچاییان ئەکرد، ئەحمەد بە چاوتروکاندنێك بیستو سی کەسی ڕایـی ئـەکرد بەنانو چاو هێلکەو ڕۆنو هەموو شتێکەوە بەڵام ئەوەندە تووڕەو عەصەبی بـوو کە تووڕە ئەبوو یەکسەر تاوەی هێلکـەو ڕۆنـی قلـّپ ئـەکردە نـاو ئاگردانـەوە. ئاسیێو ئەو خەڵکـەی ماڵەکـەی بـردو سـەرکەوتنە سـەریێ بـۆ شـوێنەکەمان هەروەها دوو ژنی ناو دێیەکەش چوون یارمەتی بدەن یـەکێکیان نـاوی بووکـە حەبیێ بوو بووکە حەبیێ دانی لەدەما نەمابوو ئەوەندە پیربوو ئەو نانی تـیری بـۆ ئەکردین خولەشێتەکەمان زۆر بەزمی هەبوو لەگەڵی کە بانگی ئـەکرد نەنـە حەبیێ ئەویش تـووڕە ئـەبوو هەویرەکـەی بـەجێ ئەهێـشتو ئەڕۆیـشت بـەدەم جنێودانەوە بە خولە ئەیگوت دایکت نەنەیە باوکت نەنەیـە ئـیتر کـاك سـاڵح مالوومە بەهەڵەداوانەوە ئەچوو ئاشتی ئـەکردەوە ئـیتر ئەمـە هـەموو جارێـك بـەزمان بـوو لەگـەڵ خولـە شـێتو بووکەحـەبیێ. دوای ماوەیـەك کـە ئـەوان سەرکەوتنە شوێنەکەمان هـەر ئەوەنـدەمان زانـی تـەناف گرێـدرانو متیـلو چەرچەفو نوێن بە شۆراویو پاکی خرانـە سـەر تـەنافو بەرهـەتاو لـەدوورەوە ئەدرەوشانەوە چەند ڕۆژێك لەماڵی کاك ئەحمەد تەها ماینەوە بـەڵام لـەتۆفانو هەموو شتێك ناخۆش تر لەماڵی کاك ئەحمەد تـەها ئەسـپیێ تێمـان بـەربوون

منالْ هەموو لەشیان بوو بە زیپکەو سور هەڵگەڕا بەتایبەتی کوردەی کچم کە زۆر ناسكو سپی کەلانەبوو. ئەسپێیەکانیش هی خەڵكو ڕێبوارو لادێیی بوو ئەوەندە لەسەرەڕێگاوە ئەهاتنە ماڵی کاك ئەحمەدو لەوێ ئەنووستن بەسەزمانانە دائمو هەمیشە ماڵەکەیان پڕبوو ئیتر ئەوانە کە ئەهاتن ئەسپێیان بۆ ئەهێنان ئەوانیش فریا نەئەکەوتن کە چارەسەری کەن. زۆر شتێکی ئاسا بوو لەو زروفو کاتە خەڵك پێی خۆش بوایە یا پێی ناخۆش بوایە ئەبوو دالآوجێی خەڵكو ڕێبواریان بکردایە.

پەلەکرا لەوەستاو کرێکار کە خانووەکە زوو سەربگرن تاوەکو هەرچۆنێك بێت بچینە ناوی هەروەها مشانی خزمانو هاوڕێیەکانی ناردیان نایلۆنی زۆر گەورەیان کڕیو خەریکی خانووەکە بوون لەگەڵ وەستا کە پیاوێکی خەڵکی ئەو ناوە بوو زمانیشی پیس بوو زوو زووش ئەکەوتە خۆهەڵکێشانو ئەیگوت هەر ئێستە هەمووی جێبەجێ ئەکەم ئینجا پەنجەی هەڵەبڕیو ئەیگوت ئا ئەم لایە (پیواخ) سواخ دەکەمو ئەولای تر وا لێدەکەم ئیتر خانووەکە تەواو دەبێت. منالەکانم پێی فێر بووبوون لاساییان ئەکردەوە لەناو بەینی خۆیاناو بەیەکتریان ئەگوت واهات (پیواخی دەکەین).

ئەلبومی
بیرەوەرییە هەرگیز
لەبیرنەکراوەکانی من